ناوی کتێب: بیری نەتەوەیی لای شێخ نوری شێخ سالّح

نوسینی: مەجید سالّح

چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠١٦

دیزاینی ناوەوە: نۆڤین

بەرگ: ئەحمەدی خۆشنوس

تیراژ:١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردنی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان (١٤٢٠)ی ساڵی ٢٠١٦ پێدراوە.

مەجید سالّح

# بیری نەتەوەیی لای

# شێخ نوری شێخ سالّح

ئەم کتێبە................................................. 5
پێشەکی................................................. 9
**بەشی یەکەم**: سلێمانی لە فەلاکەتەوە بۆ ئازادی.................... 13
سلێمانی لە ناو گێژاوی جەنگدا........................................ 14
سلێمانی ژێر فەرماڕەوایی مەلیک مەحمودی ئەوەلدا................. 17
حکومەتی یەکەم................................................. 19
حکومەتی دوەم................................................. 34
سلێمانی و گێچەڵی جل خوارەکان........................................ 36
حکومەتی سێیەم................................................. 41
کۆتایی گەمەکە................................................. 43
**بەشی دووەم**: سەرەتای بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لە باشوری کوردستان................................................. 47
گەڕانەوەی ئەفسەر و تەکنۆکرات و منەوەران........................ 66
گوتاری نەتەوەیی لای نوخبەی رۆشنبیرانی کورد................... 68
**بەشی سێ یەم**: کاریگەری ئینگلیز لەسەر ژیانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی................................................. 83
تێگەیشتنی راستی؛ دروست کردنی نەتەوەیەک لە سەر کاغەز...... 85
سەردەمی راوێژکار و حاکمە سیاسییەکان........................ 89
مێجەر نوئێل، لۆرنسی کورد........................................ 95
مێجەر سۆن لە سلێمانی........................................ 107
مێجەر سۆن و ناسیۆنالیزمی کلتوری........................................ 115
**بەشی چوارەم** : بیری ناسیۆنالیزم لە وتارە رۆژنامەوانیەکانی شێخ نوری شێخ ساڵح................................................. 125
بیۆگرافی شێخ نوری شێخ ساڵح........................................ 128
هەنگاوی یەکەم: رۆژنامەی پێشکەوتن........................ 131
لە شاعیریەوە بۆ رۆژنامەنوسی........................................ 140
هەنگاوی دوەم : بانگی کوردستان ........................ 163
کوردایەتی بە زمانی فارسی........................................ 165
هەنگاوی سێیەم:رۆژی کوردستان........................ 173
لە شاعیریەوە بۆ ناسیۆنالیزمی رۆمانتیک........................ 176
خاوەن شێوازی رۆژنامەوانی تایبەت........................ 184
لە قانونی سروشتییەوە بۆ قانونی فیزیاو ماتماتیک........................ 188
شێخ نوری و "پاتریوتیزم " نیشتمان پەرەستی........................ 191
وتاری شیکاری لای (م.نوری)........................................ 196
شەڕە وتار لەگەڵ نەیارانی کورد........................................ 207
سلێمانی لە ئازادیەوە بۆ فەلاکەتێکی دیکە........................ 215
دابڕانێکی کاتی........................................ 219
هەنگاوی چوارەم: رۆژنامەی ژیانەوە........................ 221
هێرش بۆ سەر( جلخوارەکان)........................................ 222
هەنگاوی پێنجەم : رۆژنامەی ژیان........................ 231
(م.نوری) و کەرکوک........................................ 229
بێ ئومێدی........................................ 238
ساڵی ١٩٢٦........................................ 240
خەسڵەتەکانی بابەتە رۆژنامەوانیەکانی شێخ نوری شێخ ساڵح...... 244
سەرچاوەکان........................................ 246
پاشکۆی وتارەرکان ........................................ 256
وێنەکان........................................ 331

**ئەم کتێبە..**

راستییەک کە دەبێ بە هەموو بوێرییەکەوە ددانی پێدا بنرێ، ئەوەیە کە ئێمە مێژوومان، هێندێکی کەم وکورت، پچڕ پچڕ و ناتەواوی نەبێ، هێشتا بە تەواوی نەنوسراوەتەوە. نە هەوڵمان داوە بەشی هەرە زۆری بەڵگەنامەکانی سەبارەت بە چەند ساڵی بەروومان، کە گرنگترین دەستاوێژی مێژوو نووسییە، پەیدا و کۆ بکەینەوە و نە هەڵمەتێکی سەرتاسەریشمان دەست داوەتێ. بۆ تۆمار کردنی مێژووی زارەکی، کە کارێکی هەرە لە پێش و لە دواخستن نەهاتووی ئەم قۆناغەمانە. وەک هۆیەکەی ئەمە بێ دەوڵەتی و بێ دەرفەتی و بەو پێیە نەبوونی ئەرشیف و کتێبخانەی نیشتمانیی کوردی و سیاسەتی نامرۆڤانەی داگیرکەرانی وڵاتەکەمان بووە، هۆیەکی دیکەی گرنگتری مێژوو نادۆسیتی دەست بژاردەی سیاسی و رۆشنبیریی کورد و کەم تەرخەمی ئێستایەتی لە بواری مێژوو نووسیدا. ئەمە کارێکی کردوە، کە نە هەر مێژووی کۆنمان، تەنانەت مێژووی نوێشمان لە ئەندازەیەکی دیاری نادیاری و ناڕونیدا بمێنێتەوە و زۆربەی ئەڵقە و جومگەکانی هەر وا لە شاراوەییدا بن.

پرسیارەکان زۆرن؛ جێی داخە کە نەزانین - بۆ نمونە – کاروبار و هەلومەرجی شارێکی کەم تەمەنی وەک ئەم سلێمانی یە لە درێژایی دووسەد و چەند ساڵی پێشوودا چۆن بوە؟ سەران و خوێنەوارانی چۆن بیریان کردوەتەوە؟ پرۆژەی سیاسی و رۆشنبیریان – ئەگەر هەبوبێ- چی بوە؟



وردەکاری مەینەتەکانی پاش رووخانی میرایەتی بابان و دەورانی حوکمی عوسمانی و یەکەم جەنگی جیهانی چی بوە؟ زۆر پرسیاری دیکەش.

نیگەرانی هەر ئەوە نییە کە ئێمە لە رابردوودا نەکەوتووینە بەڵگەنامەسازی (توثیق)ی ئەم مێژووە و نەماننوسیوەتەوە، بەڵکو ئەوەیە کە پاش ئەم هەلە زێڕینەی راپەڕینی ١٩٩١ی کوردستانیش، بەجیدی بیر لەم لایەنە نەکراوەتەوە و نەخراوەتە چوارچێوەی پرۆژەیەکی هەمە لایەنەی نیشتمانی.

ئێمە بە تەواوی و بە وردی لێمان روون نییە رۆشنبیرانی زوومان، بە تایبەتی ناوە دیارەکانیان، جیهان بینی و هەڵوێست و باری سەرنجیان بەرامبەر بە رووداو و مەسەلەکان چی بووە؟ چونکە هەم هەمویان – بەگشتی – بیرەوەری خۆیان نەنووسیوەتەوە و هەم نزیکەکانیان و نووسەرانی پاش خۆیشیان لەو بارەیەوە وەکو پێویست لە سەریان نەنووسیون. رەنگە باشترین سەرچاوەیەکی بەردەست کە خۆشبەختانە لە پاش راپەرینەوە لێرە و لەوێ گەرمتر و بەرنامە کاری بۆ دەکرێ و پرۆژەیەکی بەردەوامی (بنکەی ژین)یشە، لە چاپدانەوەی رۆژنامەو گۆڤاری کۆنی کوردی بێ، کە بەدەر لە شیعر، توانایی عەقڵی و تێگەیشتنی رۆشنبیرانی لە رێی نووسین و وتاری جیاجیاوە تێدا نوینراوە. رۆژنامەوانی کوردی، بە تایبەتی لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا و بە پێچەوانەی ئەرکی یەکەمی رۆژنامەوە کە گەیاندنی هەواڵە، مەیدانی وتار نووسیی نوسەرانی کورد بووە، کە توانیویانە بیر و بۆچونەکانیان

سەبارەت بە پێشهات و مەسەلەکانی رۆژ بە وتار لەو پانتاییەدا بەرجەستە بکەن، بۆیە – هەر لەم روانگەوە – کۆ کردنەوە و دووبارە لە چاپدانەوەی ئەو وتارانە و کار لەسەر کردنیان، ئەرکێکی ئەم قۆناغەیە. (بنکەی ژین)یش بە لە بەرچاو گرتنی ئەم راستییە، ژیاندنەوەی سەرجەمی بەرهەمی نووسەران و رۆشنبیرانی گەورەی پێشووی کردوە بە پرۆژەیەکی خۆی و لەم رووەوە کۆمەڵێک کاری شایانی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردوە.

ئەم کارەی بەڕێز "مەجید ساڵح"یش لەم چوارچێوەیەدایە و هەوڵێکی زانستی و خوێندنەوەیەکی رەخنە گرانەی وتارە سیاسییەکانی ناوێکی دیاری نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوومانە، کە ئەویش بەهەشتی "شێخ نوری شێخ ساڵح"ە. ئەم پیاوە، رۆژنامەنووس و وتار نووسێکی هەڵکەوتووی رۆژگاری خۆی بوە و نووسینەکانی بەڵگەی خوێنەواری و شارەزایی و ئاگاداری زۆری ئەو زاتەن. لەبەر ئەوە کۆکردنەوە و زیندوو کردنەوەی وتارەکانی و بەشێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەیان، کارێکی شایستەی رێزلێنان و وەفاداری نواندنیشە بەرامبەر بە قەڵەمێکی بەبڕشت و بوێری سەردەمێکی ئەم وڵاتە.

ئەم کارە جێی دەستخۆشی لێ کردنە. هیوایە درێژە بە پرۆژەی لەم چەشنە بدرێ و نووسەرانی دیاری دیکەی هەموو سەردەمێک بە هەمان شێوە بەسەر بکرێنەوە و لەم رێیەشەوە وێنەیەکی روونتری رۆژگار و تێگەیشتنی رۆشنبیرە گەورەکانی بخرێتە بەرچاو.

سدیق ساڵح

**پێشەکی:**

عوسمانییەکان لە سلێمانی لە دوای خۆیان کۆمەڵگایەکی برسی، هەژار، داماو و پەرتەوازەیان بەجێ هێشت. بۆیە هاتنی ئینگلیزەکان بۆ سلێمانی بە تەنها گۆڕینی داگیرکەرێک نەبو بە داگیرکەرێکی دیکە، بەڵکو دەکرێت لەو گۆشەنیگایەوە تەماشا بکرێ کە بۆ یەکەم جار کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ دونیای مۆدێرندا بەریەک دەکەوێت و ئاشنای بیری نوێ و تەکنەلۆژیای نوێ و عەقڵی بەڕێوەبردنی نوێ دەبێت. هاتنی ئینگلیزەکان و رەوێنەوەی تەمی تاریکی فەرمانڕەوایی عوسمانی بومەلەرزەیەک بوو لە دوای خۆی دەیان کانی بەهرەی هەمەڕەنگی لە بوارەکانی رۆژنامەوانی و سیاسەتمەداری و شیعر و ئەدەبیاتدا لە سلێمانی تەقاندەوە، بووە هۆی گەڕانەوەی دەیان بەهرەی پەرتەوازەی ئەم شارە زیندوە، کە لە رابردوودا لە پانتایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا پەرش وبڵاو ببون.

چاپخانە بچکۆلانەکەی "مێجەر سۆن" کە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە هێنابوی بۆ سلێمانی، بناغەیەکی پتەوی بۆ وشەی نوسراوی کوردی دانا، تا ماوە دەبێ لە بواری زمانەوانی و رۆشنبیریدا خۆمان بە قەرزاری ئەم پیاوە ئینگلیزە بزانین، چونکە دیالتیکی باشوری لە دیالەتیکێکی لۆکاڵی و نوسراوەکانی سەر رەفەی حوجرە و مزگەوتەکانی بە تەکنەلۆژیایەکی نوێ و بە هەزاران نوسخە گواستەوە بۆ سەر پەڕەی کاغەز و هەر ئەو نوسینانەی سەر ئەو کاغەزانەش بوون بە سەرچاوەی سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لەم دەڤەرەدا.



بە هاتنی ئینگلیزەکان بۆ سلێمانی، شار لەو خامۆشی و داماویەی کە ساڵانێک بو بەدەستیەوە دەیناڵاند، دەربازی بو، ململانێ و جوڵانەوەیەکی سیاسی و کلتوری و کۆمەڵایەتی بەرفراوان سەری هەڵدا، جۆش و خرۆشێکی ئومێدبەخش لە ناو چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکاندا سەری هەڵدا.

لە ماوەیەکی کەمدا رۆژنامەکانی (پێشکەوتن، رۆژی کوردستان، بانگی حق، ئومێدی ئیستقلال، ژیانەوە و ژیان..) دەرچوون. لە رێگەی ئەم رۆژنامانەوە دەیان بەهرە و توانا لە بواری نوسینی رۆژنامەوانیدا دەرکەوتن، چەندین کەس کە ساڵانێک بو لە سلێمانی دور کەوتبونەوە، گەڕانەوە. لە شاریشدا ئەو شاعیر و منەوەرانەی کە دەمێک بو چاوەڕوانی دەرفەتێک بون، دەستەوەستان لێی دانەنیشتن و هاتنە کۆڕی خزمەتکردن.

ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنە سەر سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی لە باشوری کوردستان و سلێمانی بەشێوەیەکی تایبەت، لەو چوارچێوەیشەوە شێخ نوری شێخ ساڵح کە ئەو دەم گەنجێکی تەمەن ٢٦ ساڵان بو، وەک نمونە بۆ منەوەرەکانی ئەو قۆناغە دیاری دەکەم کە دەیویست لە رێگەی شیعرو نوسینە رۆژنامەکانیەوە مێژووی بکاتە کەرەستەیەک بۆ بونیاد نانی سبەینێیەک کە خەونی پێوە دەبینی.

ئەو کە پێی وابوو رۆژنامەوانی جۆرێکە لە ئەدەبیات، بەڵام بە رایەڵەیەکیشی دەزانی بۆ بەستنەوەی دوێنێ بە ئەمڕۆوە، هەروەها وەک کەرەستەیەک بەکاری دەهێنا بۆ گەیاندنی راستییەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک و بە ئاگا هێنانەوەی ئەوەی خۆی پێی دەوتن (زەمامدارانی ئوومور).

پێش ئەوەی رۆبچمە ناو شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو وتارانەی کە نوسیونی، بە پێویستم زانی لە سێ بەشی جیادا قسەیەک لە سەر ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیانە بکەم کە ئەو تێدا ژیاوە و کاری تێدا کردوە، چونکە بە بێ ئاگادار بوون لە رووداوەکانی ئەو قۆناغە تێگەیشتن لە وتارەکان قورس و بی کەڵک دەبێ. هەروەها وای بەباش دەزانم خوێنەر ئاشنا بکەم بە هەندێ لەو کاراکتەرە کورد و ئینگلیزیانەی کە لە رێگەی هەڵوێست و بیرۆ بۆچونەکانیانەوە جێ پەنجەیان بە رووداوەکانی ئەو سەردەمەوە دیارە؛ ئەوەش بە مەبەستی زیاتر تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی وتارەکانی شێخ نوری، چونکە هەموو وتارەکانی دەرهاویشتەی ئەو زەمین و زەمانەیە کە تێیدا نوسیویە، ئەو بە بیرێکی نەتەوەییەوە چاودێری رووداوەکانی کردوە و پێشبینی و بۆچونەکانی خۆی تۆمار کردوە.

هیوادارم بتوانم لە داهاتودا ئەم کارە نەک هەر بۆ (م.نوری)، بەڵکو بۆ هەموو ئەو منەوەرانەی کە پێشەنگی کاری رۆژنامەوانی بوون لە کوردستان ئەنجام بدەم.

***

# بەشی یەکەم

# سلێمانی لە فەلاکەتەوە بۆ ئازادی

## سلێمانی لە ناو گێژاوی جەنگدا

جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) کاولکاری وماڵوێرانی گەورەی لەگەڵ خۆیدا بۆ کورد هێنا، چونکە بەشی زۆری سنوری ململانێی عوسمانییەکان و روسەکان کەوتبوە خاکی کوردستانەوە، جگە لەوە، بە هەزاران گەنج و پیاوی کورد لە سەفەربەرلکدا بران بۆ جەنگ و کران بە سوتەمەنی ئەو جەنگەی کە کورد هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نەبوو.

بەهۆی ئەو جەنگەوە قات و قڕییەکی گەورە ناوچەکەی گرتەوە، بەپێی هەندێ لە ئامارەکان٧٠%ی خەڵکی سلێمانی لە برسا مردون، ئینگلیزەکان لە رێگەی ئەو سیخورانەوە کە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ناردبویانن بۆ سلێمانی، ئاشنایەتییان لەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و کلتوری شارەکە هەبو، هەروەها جۆرێک لە دۆستایەتیان لە گەڵ هەندێ لە سەرۆک هۆز و خێڵەکان دروست کردبو.

بە پێی راپۆرتێکی (مێجەر سۆن)" **پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤دا، ژمارەی دانیشوانی سلێمانی نزیکەی ٢٠ هەزار**

**کەس بوە، بەڵام کاتێک ئینگلیزەکان لە تشرینی دوەمی ١٩١٨دا گەیشونەتە سلێمانی، ژمارەکە کەم بوەتەوە بۆ ٢٥٠٠ کەس"**[1]

(ویڵسن) [2] حاکمی سیاسی بریتانیا، لە تەواوی عێراق لە کتێبەکەی خۆیدا "شۆڕشەکانی عێراق "باس لە کاریگەریی جوگرافیا بەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردەکانی باشوری کوردستانەوە دەکات و بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە:

**"کوردەکان لە دۆڵێکی قوڵدا دەژین و زنجیرە چیای بەرز لە جیرانەکانییان دایبڕیون. بەشێوەیەک تا ئەم سەردەمەی دواییش، بە تەواوەتی لە دونیای دەرەوە دابڕابون. جگە لە مامەڵەیەکی کەم، هیچ زانیارییەکیان بە دونیای دەرەوە نەبو. تا ئەم دواییانەش لە یەکگرتنی نەتەوەیی و دەستگرتن بە رەگەزەوە بە یەکجاری داشۆرابون. تاکە یاسایەک بیزانن، یاسای هۆزایەتی بوو، تاکە ملکەچییەک کە دەیانواند، بۆ سەرۆک تیرەکانیان بوو"**[3]

---

[1]. ودیع جویده، الحرکة القومیة الکردیة نشاتها وتطورها، دار الفارابی، بیروت- لبنان، ٢٠١٣، ص٣٠٩.

[2]. سێر ئارنۆڵد تالبوت ویڵسن، لە ١٨ی یولیو ١٨٨٤ لە دایک بوەو لە ٣ی مایو ١٩٤٠ کۆچی دوایی کردوە، حاکمی سیاسی عێراق و کوردستان بو لە ساڵی ١٩١٨ - ١٩٢٠، باوەڕی وابو کە گەلی عێراق توانای بەڕێوەبردنی خۆی نیەو دەبێ لەسەر چۆنێتی فەرمانڕەوایی رایان بهێنین.

[3]. سێر ئارنۆڵد ویڵسن، شۆڕشەکانی عێراق لە ماوەی داگیرکردنی بەریتانیا بۆ عێراق و کوردستان، وەرگێڕانی سەرمەد ئەحمەد، هەولێر، دەزگای موکریان، ٢٠١٢، ل ١٧٠.



ئەم قسانەی ویڵسن بۆ ئەو قۆناغە زۆر راستە، چونکە سلێمانی بە هۆی ئەو فەلاکەتەوە کە تێی کەوتبو، نەک هەر لە دونیای مۆدێرن دابڕابو، بەڵکو زۆر بە کەمی ئاگای لەو بزاوتە ناسیۆنالیستەش بو کە کوردەکانی باکور سەرقاڵی بوون.* ئەدمۆندزیش کە ماوەیەکی زۆر لە کوردستاندا ژیاوە، تێڕوانینێکی رەشبینانەی لەسەر دۆخی بیناسازی و عومرانی سلێمانی هەیە. وێنەیەکی تاریکی لەم شێوەیە لە سەر سلێمانی نەک لە سەردەمی خۆیدا، بەڵکو لە یاداشتی گەشتیارانی دیکەشدا دەکێشێ:

**"لە بیرەوەری هیچ یەک لەو نوسەرانەی کە سەردانی ئەم شارەیان کردوە بە بیرەوەریەکانی خۆشمەوە، هیچ وشەیەکی پیاهەڵدانم نەدۆزیەوە بۆ دیمەنی هەندەسی دەرەوەی شارەکە. شوێنێکە بێ هیوات دەکات، لە چۆڵی دەچێ، بەشی زۆری کەلاوەیە، بە گشتی لە کۆمەڵە کەپرێکی لە قوڕ دروستکراو پێکهاتوە..مزگەوتی کاکە ئەحمەد کە کەتوەتە دەرگای رۆژئاوای شارەکەوە، تاکە بینایەکە کە گرنگی پێدراوە"**.[4]

---

* لەو سەردەمەدا جولانەوەیەکی سیاسی و نەتەوەیی لە سلێمانیدا هەبوو، بە تایبەتی لە ناو نوخبەی رۆشنبیریدا، بەڵگەش ئەوەیە بەرلەوەی ئینگلیز بگاتە کوردستان پەیوەندیان پێوەکرا داوایان لێکرا بێنە کوردستان پشتیوانی دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی بن.

[4]. سي. جي. ادموندز, کرد و ترک و عرب، سیاسة ورحلات وبحوث عن شمال الشرقي من العراق، ترجمة جرجیس فتح الله, مطبعة التاخي, ص ٧٩.

### سلێمانی ژێر فەرمانڕەوایی مەلیک مەحمودی ئەوەلدا

پایزی ١٩١٨ **فەرماندەی بەناوبانگی تورک (عەلی ئیحسان پاشا) کە زانی ئینگلیز گەیشتوەتە کەرکوک، داوای لە فەرماندەی سوپای عوسمانی لە حامیەی سلێمانی کرد، بڕێک لیرەی ئاڵتونی بدات بە شێخ مەحمودی حەفید بۆ ئەوەی جەنگێکی پارتیزانی دژ بە سوپای ئینگلیز کە بەرەو باکور هەڵدەکشان، بەرێ بخات و سەرقاڵ و هەراسانیان بکات. کاتێکیش ئاگربەستی (میندروس) بەسترا و سوپای تورکیا تەسلیمی هاوپەیمانان بوو، عەلی ئیحسان داوای لە فەرماندەی حامیەکە کرد کاروباری حامیەکە و لیوای سلێمانی رادەستی شێخ مەحمود بکات، بۆ ئەوەی بە ناوی دەوڵەتی عوسمانیەوە فەرمانڕەوایی بکات.**[1] بەمجۆرە سلێمانی کەوتە دەستی شێخ مەحمود، ئەویش کە لە بارودۆخی سیاسی و سەربازی ئەو کاتە تێگەیشتبوو، زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی کرد و لە جیاتی گرەو کردن لە سەر ئەسپی دۆڕاو، نامەیەکی ئاراستەی بریتانیەکان کرد و داوای لێکردن "**کوردستان بخەنە لیستی گەلانی رزگاریخوازەوە**"[2]

ئەو گۆرانکارییە گەورەیە لە بۆچونی شێخ مەحمود کە تا چەند هەفتەیەک لەوەو پێش، سەربازێک بو لە پێناوی خەلیفەی موسڵمانانندا لە پێنجوێنەوە تاوەکو شوعیبە دەجەنگا، ئێستاش گەڵەکەڵەی سەربەخۆیی کوردستان داویە لە سەری، ئەوە دەردەخات کە شێخ مەحمود کەسێکی پراکماتیکی بوە.

ویڵسن حاکمی سیاسی بریتانیا لە عێراق بەم بڕیارەی شێخ مەحمود دڵخۆش بوو، لە تشرینی دوەمی ١٩١٨ داوای لە (مێجەر نوئێل)[3] کرد بە نوێنەرایەتی ئینگلیز بچێتە سلێمانی. سیاسەتی گشتی بریتانیا لەگەڵ کوردەکاندا بەم چەند دێرە بۆ نوئێل دەردەبڕێ:

**"پێویستە بۆ سەرۆک هۆزەکانی رون کەیتەوە کە ئێمە هیچ نیازێکمان نییە ئیدارەی نامۆ بە داب و نەریت و خواستەکانیان بچەسپێنین. پێویستە سەرۆکی عەشیرەتەکان بۆ پێکهێنانی یەکێتییەک هان بدەیت، بۆ ئەوەی کاروبارە گشتیەکان بە رێنمایی حاکمە سیاسیەکانی بریتانی یەکلا بکرێنەوە"**[4]

---

1. محمود الدرة، القضية الكردية، دار الطلية – بيروت،١٩٦٦، ص ١٣٣.
2. سي. جي. ادموندز، المصدر السابق، ص ٣٩٤.

3. میجەر نوئێل: ئەفسەرێکی ئینگلیزی چالاک و هێمن و شارەزا بوو، فارسی باش دەزانی باش پەی بردبوو بەباری دەروونی گەلانی ڕۆژهەڵات و سەرەک خێڵەکانی، لە سەرەتاوە لە ناو خێلی بەختیارییەکان کاری دەکرد، ملازم بوەو لە سوپای هیندستان ئیشی کردوە، پاشان بوە بە موقیمی سیاسی لە بوشهر لە ساڵەکانی دوای جەنگ نێردرا بۆ باکوری کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئیتنیکی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، دواتر دورخرایەوە بۆ ناوچەی قەفقاس، لە سەرەتای ١٩٢١ دیسانەوە هاتەوە بۆ بەغداد، لە کابینەی دوەمی شێخ مەحمودا وەک ئەفسەری سیاسی کرایەوە بە راوێژکاری شێخ، بەڵام پاش ماوەیەک لەبەر نزیک بونەوەی شێخ مەحمود لە تورکەکان بێ ئومێد دەبێ و دەستبەرداری پۆستەکەی دەبێ و بە دڵشکاوی سلێمانی بەجێ دێڵێ.
4. سێر ئارنۆڵد وڵسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢.

ئینگلیزەکان بە هۆی کەمی سەرباز و زۆریی خەرجیەکانیان، هەوڵیان دەدا هێزە سەربازییەکانی خۆیان لە کوردستاندا جێگیر نەکەن، بۆیە لە هەندێ قۆناغدا هێزێکی کەمیان بۆ ماوەیەکی کورت هێناوەتە سلێمانی و هەوڵیان داوە لە رێگەی شێخ مەحمودەوە فەرمانڕەوایی ئەم ناوچەیە بکەن.

**حکومەتی یەکەم:**

لە ١٦ی تشرینی دوەمی ١٩١٨ نوئێل کە راوێژکاری سیاسی شێخ بوو لە گەڵ مێجەر دانلیس کە راوێژکاری سەربازی بوو گەیشتنە سلێمانی و پێشوازییەکی فەرمی و بەرفراوانیان لێ کرا، رۆژی دوایی بە فەرمی شێخ مەحمودی وەک حوکمداری کوردستانی باشور ناساند.[1]

دواتر لە ماڵی شێخ مەحمود کۆبونەوەیەکی گەورە بۆ سەرۆک هۆزەکان و پیاوماقوڵانی سلێمانی رێکخرا، حکومەتێک پێکهێنرا کە زۆربەیان لە حەفیدزادەکان بون: (سەید عومەر بەرزنجی مامی کرا بە موتەسەڕیفی سلێمانی، شێخ حەسەن مامی دوەمی کرا بە قازی شەرع، شێخ قادری برای بو بە سوپا سالار)، رەفیق حیلمی لە سەر پێکهاتەی ئەو حکومەتە دەڵێ "**زۆربەی خزمەکانی حوکمدار و کەسە نزیکەکانی بنەماڵەکەی لە حکومەتدا دامەزران و موچەیان بۆ بڕایەوە**"[2]

---

1. عبدالرحمن ادریس صالح البیاتي، الشیخ محمود الحفید البرزنجي، بنکەی ژین، السلیمانیة- ٢٠٠٧، ص١٠٨.
2. رەفیق حیلمی، بیرەوەری، بەشی یەکەم، ل٦٧.



مێجەر نوئێل لە سەرەتای دەستبەکاربونیدا بۆ رزگاربونی خەڵکەکە لەو برسێتی و قات و قڕیەی کە لە سەردەمی تورکەکاندا بەسەریان هاتبو، پرۆسەی تێرکردنی خەڵک و بوژانەوەی ژێرخانی کشتوکاڵی دەست پێ کرد کە بە تەواوەتی داتەپیو بو:

"**بریتانیەکان لەگەڵ خۆیاندا پرۆسەیەکی فریاگوزاری گەورەیان ئەنجام دا، خواردنیان بە سەر برسیەکاندا دابەش کرد، تۆ و دانەوێڵەیان بەسەر جوتیارەکاندا بەخشیەوە، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر کشتوکاڵ کردن. ئەوە وای کرد پێشوازی کردنی کوردەکان لە بریتانیەکان وەک هێزێکی رزگارکەر بە شتێکی نامۆ لەقەڵەم نەدرێت**".[3]

مەکداوڵ سەبارەت بە کاریگەریەکانی ئەو پرۆسە فریاگوزاریەی نوئێل دەڵێ:

"**بارودۆخی ئابوری باش کرد، کشتوکاڵ بوژایەوە، زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ دار چێنران، بەرهەمی توتن سێ هێندە زیادی کرد، ژیان بەبەری سلێمانیدا کرایەوە و لەو ماوە کەمەدا چرپی دانیشوانەکەی ٥٠% لە جێگاکانی دیکەی عێراق زیاتر بوو**".[4]

کارەکانی نوئێل تەنها فریاگوزاری و رێکخستنەوەی کاروباری دەوڵەتمەداری نەبو، بەڵکو هاوکات لە گەڵ ئەو کارانەیدا سەروی خۆی

---

3. دیڤید مکدول، تاریخ الأکراد الحدیث، ترجمة راج آل محمد، دار الفارابي، بیروت لبنان،٢٠٠٤، ص ١٨٧.
4. دیڤید مکدول، المصدر السابق، ص٢٢٥.

ئاگاداركردۆتەوە، كە دەبێ بەخێرایی كار بكرێت بۆ ڕێكخستنی ئیدارەی سیاسی كوردستان و بۆ ئەو مەبەستە پڕۆژەیەكی گەڵاڵە كرد و داوای كرد بكرێتە بەرنامەی كاری بریتانیا، دكتۆر سەعد بەشیر ئیسكەندەر، پسپۆر لە مێژووی هاوچەرخی كوردستان، لەسەر ئەو لایەنە سیاسییەی پڕۆژەكەی نوئێل دەنوسێ:

**"لەو ماوەیەی كە حاكمی سیاسی بو لە سلێمانی، نوئێل پڕۆژەیەكی دروستكردنی كوردستانێكی جیا كە خاوەن ئۆتۆنۆمی بێت، خستەروو. خاڵە سەرەكییەكانی ئەو پڕۆژەیە بریتی بو لە كۆنفدرالییەتێكی كوردی كە لە سێ كانتۆن پێك هاتبێت و لە ژێر چاودێری و پاراستنی بریتانیادا بێت، سلێمانی سەنتەری ئیداریی كوردستانی باشور بێت. موصڵ هی ڕۆژئاوای كوردستان و دیاربەكریش هی كوردستانی مەركەزی. دەبوایست شێخ مەحمود و سەید تەها ڕۆڵی سەرەكی و دیار لەو كۆنفدراڵیەتەدا ببینن".**[1]

لە خوێندنەوەی بەڵگەنامە و بیرەوەری كەسە كاربەدەستەكانی ئەو سەردەمەدا دەردەكەوێت، هەندێ لە ئینگلیزەكان لەگەڵ بۆچونەكانی (نوئێل)دا زۆر كۆك نەبون. خاتو بێڵ كە نەیارێكی سەرسەختی كوردە، بە تەوسەوە باس لە پڕۆژەكەی نوئێل دەكات:

**"مێجەر نۆئێل، كە حاكمی سیاسییە، پێداگری دەكات لە پۆستەكەیدا بمێنێتەوە و وای بۆ دەچێت كە دەتوانێت خێڵەكانی كورد لە سەر ڕێگەی**

[1]. د.سعد بشير اسكندر، من التخطيط الى التجزئة - سياسة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان، بنكەی ژین- السليمانية، ٢٠٠٧، ص١٤٢.



**راست بهێڵێتەوە، وەک چۆن هەر كاتێک بیەوێت سواری ئەسپەكەی بێت و بە هەر لایەكدا بیهاوێژێ. ئەم ئەفسەرە كەسێكی لەڕادەبەدەر نائاسایییە و هیچ دوور نییە بتوانێت لە سلێمانی دەوڵەتێک بە سەرۆكایەتیی خۆی دروست بكات "**(2).

نوئێل لەگەڵ سەركردە كوردەكان هەوڵی زۆریدا، تاكو كەڵک لە دەرفەتەكە وەربگرن و لە نێوان خۆیاندا یەک بگرن و لە دەوری بەرنامەیەكی سیاسیدا كۆ ببنەوە، بەڵام هەوڵەكانی بێ ئەنجام بون. مەكداوڵ لەوبارەیەوە دەڵێ:

**"سەرنەكەوتنی كوردەكان لەوەی سەركردەیەک هەڵبژێرن كە جێگەی متمانە بێت، گورزێكی توند بو لە خواستی بریتانیا".**[3]

لە راستیدا گورزێكی گەورە بو لە بەرنامەكانی نوئێل، لە لایەكی دیكەوە ئەو بریتانیانەی كە لەگەڵ سەربەخۆیی كوردستاندا نەبون، هەستیان كرد شێخ مەحمود ئەو هێڵە سورانە دەبەزێنێ كە بۆیان دیاری كردوە، ئەوان دەیانویست دەسەڵاتەكانی حوكمدار سنوری نێوان زێی گەورە و روباری سیروان تێنەپەڕینێ، ئەمەش لەگەڵ خواستەكانی شێخدا یەكانگیر نەدەبو، كە دەیویست سنوری دەسەڵاتەكان لە خانەقینەوە بگاتە شەمدینان و لە

[2]. كـورد لە نامەكانی مـیـس بـێـڵدا، وەرگێڕانی مـحـەمـەد حـەمـە سـاڵـح تـۆفـیـق، كوردستانی نوێ ژمارە ٦٩٣٧، ل ٩.

[3]. دیڤید مكدول، المصدر السابق، ص ٢٢٣

چیای حەمرینەوە بگاتە سنوری ئێران.[1] بۆیە سەرەتای ناکۆکی لە نێوان شێخ مەحمود و بریتانیەکان سەری هەڵدا.

عەباس وەلی پسپۆر لە بواری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەشی زۆری شکست هێنانی ئەو هەوڵانە دەخاتە ئەستۆی شێخ مەحمود:

**"شێخ مەحمود بە هۆی سیاسەتە هەڵە و پەشۆکاوەکانیەوە، نەیتوانی ئەو هاوسەنگیەی کە دەیویست، لە نێوان دەسەڵاتەکانی عوسمانی و دواتر تورکیا و بریتانیادا دروست بکات، ئەو سیاسەتە هەڵانەش بونە هۆی لەناوچون و دورکەوتنەوەی"**[2]

(ویڵسن)یش قسەیەکی نزیک لەوەی وەلی دەکات و پێی وایە تۆماری شێخ مەحمود هی ئەوە نییە کە متمانەی پێ بکرێت و دەڵێ "**کاپتن نوئێل کە چەند هەفتەیەک سلێمانیی بەجێ هێشتبوو، کە گەڕایەوە بۆ سلێمانی بینی شێخ مەحمود دەسەڵاتی خۆی خراپ بەکار دەهێنێ**"[3]

1. عبدالرحمن ادریس، المصدر السابق، ص١٢١.
2. هدایت جان، ناسیونالیسم کردی و دیگران- گفت وگو با دکتر عباس ولی، استاد علوم سیاسی در استانبول:
https://rojpress.wordpress.com/2010/11/13/kurdish-nationalism-and-others/
3. سێر ئارنۆڵد ویڵسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.



بەڵام کۆرن پێچەوانەی ئەوان بیر دەکاتەوەو پێی وایە "**نوئێل کەوتبوە ژێر کاریگەری هەستی بەهێزی نەتەوایەتی کوردەکانی سلێمانی و خودی شێخ مەحمود**".[4]

نوئێل کە خۆی لە نزیکەوە کاری لە گەڵ شێخ مەحموددا کردوە و ئاشنای کۆمەڵگای کوردی بووە، وێنەیەکی رونتر لەوەی ئەوان لەسەر دۆخی پاش دانانی شێخ مەحمود وەک حوکمدار دەخاتەڕو:

**"دەکرێت بڵێین دیاری کردنی شێخ مەحمود وەک نوێنەری بریتانیا لە باشوری کوردستان، جۆرێک لە هەڵە تێگەیشتنی لە سەر ئیدارەی عەشائیری راستەوخۆی دروست کرد، بۆیە بڕیارەکان پەشۆکاوییان پێوە دیاربو، بەڵام کاتێک رون بوەوە ئەفسەرانی سیاسی بریتانی ئاراستەی دۆخەکە دەکەن، هەڵە تێگەیشتنەکەی خەڵک رەویەوە. راستە کوردەکان پێیان باشە ئەفسەرە بریتانیەکان فەرمانڕەواییان بکەن، نەک شێخ مەحمود، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا پێیان باشە لە ژێر دەسەڵاتی ئەفسەرێکی سیاسی بریتانیدا بن کە کورد ئاراستەی بکات، نەک ژیان لە ژێر سایەی بیری عەرەبەبیدا"**.[5]

تورکەکان کە بینیان رۆژ لە دوای رۆژ پێگەی ئینگلیز لە باشوری کوردستان بەهێزتر دەبێ و خەریکە لە باشورەوە کوردستانێکی سەربەخۆ

4. دیڤید کۆرن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.
5. الف.دی ل.رش، العراق في سجلات الوثائق البريطانية ١٩١٤-١٩٦٦، ترجمة كاظم سعدالدين، المجلد الثاني، ص ٢٠٥.

دەبێتە دراوسێیان، ئەم مەسەلەیان پێ هەزم نەدەکرا، هەمو تەقالاکانیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی خەڵکی ویلایەتی موسڵ تێگەیەنن کە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، بەهای ئەو کاغەزەی نابێ کە ئیمزای لە سەر دەکرێ.

تەنها بە هەڕەشەو گورەشەوە نەوەستان و دەستیان کرد بە پەیوەندی کردن بە خێڵە ناڕازیەکانەوە، خەڵکیان بۆ شۆڕش هان دەدا. هەڕەشەی کوشتنیان لە خیانەتکارەکان دەکرد، داوایان لە خەڵک دەکرد وەفایان بۆ خەلیفەی موسڵمانان هەبێ. لە پاڵ ئەوەشدا، دەستیان دایە پڕوپاگەندەیەکی بەرفراوانی ئاینی. ویڵسن لە سەر ئەو پڕوپاگەندانە دەنوسێ:

"**تورکەکان وایان بە ناو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە کە بەم نزیکانە دەنگی زەنگی کڵێسەکان گوێتان کەڕ دەکات و بە هیچ شێوەیەک بانگی مەلای مزگەوت بەر گوێتان ناکەوێ. فەرمانبەرە مەسیحیەکان بە هەمان شێوە مامەڵەتان لە گەڵدا دەکەن کە پێشتر روسەکان کردیان، ناچارتان دەکەن قاچی عەرەب و کلدانەکان ماچ بکەن**".[1]

رووی ئەو پڕوپاگەندانە بەشێوەیەکی سەرەکی لە کوردەکان بو، لە راستیدا ئەم پڕوپاگەندانە کاریگەری زۆری لە سەر کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و مەلا و پیاوانی ئاینی کورد دانا. ئەدمۆنز کە باس لە کاریگەرییەکانی ئەو پڕوپاگەندانە دەکات، دەڵێ:

1. سێر ئارنۆڵد ویڵسن، سەرچاوەی پێشو، ل ٦٥ .



"**کوردەکان لە ناوخۆیاندا دابەش ببون، لە لایەک وەفاداریان بۆ ئاین و رێزگرتن لە فەرمانڕەواکانی پێشویان و ترس لێیان، لەولاشەوە خەونی سەربەخۆیی کە تەنها بە ئینگلیزەکان دەهاتە دی و دیاربو بریتانیاش مەیلی بەو مەسەلەیە نەبو. لەو لاشەوە دەیانزانی گەر بلکێنرێن بە عێراقەوە، لە روی ئابوریەوە دەست و پێیان دەبەستێتەوە، بۆیە بەوەش رازی نەدەبون**".[2]

مارسی ١٩١٩ ویڵسن حاکمی عەسکەریی بریتانیا لە عێراق، بۆ کۆنترۆڵ کردنی دۆخەکە، بە بیانوی "**گەڕان بە درێژی و پانی کوردستان بۆ ئەوەی لە مەودای جێبەجێکردنی ئەو ئۆتۆنۆمیە داهێنراوە دڵنیا بێت**"[3] مێجەر نوئێل لە شێخ مەحمود دورخرایەوە. لە هەل و مەرجێکی وادا دەبو بریتانیا بە پەلە بڕیارێک بدات. ئەدمۆندز دەڵێ:

"**ئینگلیز لەم دۆخەدا دوو جۆر سیاسەتی لەبەردەمدا بو، یەکەمیان ئەوەبو بڕیارێکی یەکلایەنە بدەین و خەڵکەکەی پێیان خۆش بێت، یان ناخۆش، کەرکوک و سلێمانی بخەینە سەر حکومەتی عێراق. بەڵام ئەم هەنگاوە پێشێل کردنێکی ئاشکرای ئەو بەڵێنانە بو کە لە پەرلەمانی بریتانیا بە کوردەکان درابو کە کوردەکان ناچار ناکرێن بچنە ژێر رکێفی دەوڵەتێکی عەرەبییەوە.**

2. سیسیل جی ئەدموندز، سەرچاوەی سەرچاوەی پێشوو، ١٢٩.

3. سێر ئارنۆڵد ویڵسن، سەرچاوەی پێشو، ل ١٨٥

**ڕێگای دوەمیش دانانی حکومەتێکی ڕاستەوخۆ لە جێگەی حکومەتێکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کەسایەتییەکی دیاری کورد کە بتوانێ پشتیوانی زۆرینەی خەڵک بۆ خۆی دابین بکات".**[1]

دیارە ئینگلیزەکان لە سەر سیاسەتی دوەم گیرساونەتەوە، بۆیە بۆ پراکتیزە کردنی ئەو سیاسەتە لە سەرەتادا ویستیان حەمدی بەگی بابان لە بەغداوە بهێننەوە و ئەو ئەرکەی پێ بسپێرن، بەڵام ناوبراو تەنانەت زمانی کوردیشی نەدەزانی، چ جای ئەوەی بتوانێ خەڵک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. دواتر چوونە سەر سەید تەهای کوری محەمەد سدیق نەوەی شێخ عوبیدوڵڵای نەهری، بەڵام مێجەر نوئێل لەسەر دانانی ڕازی نەبو.

ویڵسن بۆ ڕاستکردنەوەی دۆخەکە، (مێجەر سۆن)ی لە جێگەی نوئێل کرد بە حاکمی سیاسی سلێمانی. سۆن پێشتر بە شێوەی نهێنی لە سلێمانی و هەڵەبجەدا ژیابو، بەوە بەناوبانگ بو کە دژی بنەماڵەی بەرزنجییەکان و خودی شێخ مەحمود بو.[2]

لەبەر ئەوەی ئەم کاراکتەرە بە جیا لە حاکمە سیاسیەکانی دیکەی ئینگلیز ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوە لەو قۆناغەی کە بریتانیا سلێمانی داگیر کردوە، هەروەها لە بەر جیاوازی تێڕوانینی ئەو کەسانەی لە گەڵیدا بوون، بۆیە نەختێک لە سەر کەسایەتییەکەی دەوەستین.

---

1. سیسیل جی ئەدموندز، سەرچاوەی سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.
2. المصدر السابق، ص ٤٢٤.



(کابتن لاین) یەکێک لەو ئەفسەرانەی کاری لە گەڵدا کردوە بەم شێوەیە باسی ئەو دەکات

**"ئەفسەرێکی بەتوانا بو، شارەزایەکی باشی زمانی فارسی بو، پشتگیرییەکی بەهێزی ئەوانە بو کە سەربەخۆیی کوردستانیان لا پەسەند بو".**[3]

ناوەڕاستی مارسی ١٩١٩ سۆن گەیشتە سلێمانی. بە هاتنی سۆن پەیوەندی نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان ئاڵۆزی زیاتری بە خۆوە بینی و ناکۆکییەکان زیاتر قوڵ بونەوە.

مەکداوڵ هۆکاری ناکۆکییەکانی شێخ مەحمود و مێجەر سۆن بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە شێخ مەحمود بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەماندا بمێنێتەوە، دەبو لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا پشت بە کەسە نزیک و باوەڕپێکراوەکانی خۆی ببەستێ، ئەمەش دژی بۆچونەکانی سۆن بو کە دەیوسیت پشت بە خەڵکانی شارەزا و تەکنۆکرات ببەستێ:

**"لەلایەک ململانێ هەبو لە نێوان حکومەتی موئەسەساتی کە فەرمانبەران لەسەر ئەساسی توانا و شارەزایی و لێهاتوییان دامەزرێن و تەنها ملکەچی دەوڵەت یان تاج بن، لەولاکەی ترەوە شێوازی ئەوپەڕی حکومەتی تاکڕەوی کە پشتی بە مەحسوبیەت دەبەست، هێشتا لە ناو**

---

3. بیرەوەریەکانی کابتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشوری کوردستان، وەرگێڕانی یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٧، کورد عەرەب بریتانیەکان، ل٦٣.

**چینی ئاینی و خێڵەکی کۆمەڵگای کوردیدا ئەو جۆرە ملکەچیە بەرقەرارە**".[1]

(سۆن) هەوڵیدا بەشێک لە سەرۆک هۆزەکان قەناعەت پێ بهێنێ پشت لە شێخ مەحمود بکەن. لەوەشدا تا رادەیەک سەرکەوتو بو، بەڵام هەر نەیتوانی مەرامەکەی خۆی کە بەرکەنارکردنی شێخ مەحمودە بێنێتە دی، ویڵسن دان بەوەدا دەنێ: "**سەرەڕای هەمو هەوڵدانێکی شێخ مەحمود، بەڵام هێشتا شوێنکەوتوانی لەو کاتەدا زۆر بون. لەوێ لە کوردستانی باشور بەرامبەر بە هەر کەسێک کە دژی دانانی شێخ بو بە سەرۆکی حکومەت، چوار کەسی دیکە هەبون دانیان بە سەرۆکایەتی ئەودا دەناو پێشوازییان لێ دەکرد**".[2]

(شێخ) هەستی کرد سۆن هاتوە دەسەڵاتەکانی لێ داماڵێ، بۆیە دەستەوەستان دانەنیشت لە ٢٣ی ئایاری ١٩١٩ لە ڕێگەی هێنانی مەحمود خانی دزڵیەوە بە بیانوی سەردانی مەرقەدی کاک ئەحمەد لەشکرەکەی دەستی بەسەر سلێمانیدا گرت و ئینگلیزەکانی بە دیل گرت. بە ڕێکەوت (مێجەر سۆن) لەو کاتەدا لە کەرکوک بوو. شێخ مەحمود ئاڵای ئینگلیزەکانی داگرت و ئاڵای کوردستانی هەڵکرد کە هیلالێکی سور بو لە ناو لاکێشەیەکی سەوزدا.

1. دیفید مکدول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥١.
2. سێر ئارنۆڵد ویڵسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤.



بەڵام زۆری نەبرد دوای نزیکەی مانگێک لە ئازادکردنی سلێمانی، ئینگلیزەکان بە هاوکاری بەشێک لەو هۆزانەی کە ئامادە نەبون بچنە ژێر ڕکێفی حوکمداری کوردستانەوە، لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩ لە جەنگە بەناوبانگەکەی دەربەندی بازیاندا هێزەکانی شێخ مەحمودیان تێکشکاند و خۆشیان بەدیل گرت و ڕەوانەی بەغدایان کرد، دوای دادگایی کردن فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرکرد، دواتر حوکمەکە گۆڕا بۆ دورخستنەوە بۆ هیندوستان. بەمجۆرە کۆتاییان بە یەکەم حوکمدارێتی ئەو هێنا.

مێجەر سۆن کە لەو ماوەیەدا لە کەرکوک بو، گەڕایەوە بۆ سلێمانی، بۆ دڵنەوایی و ئارام کردنەوەی خەڵکی شارەکە هەندێ هەنگاوی هەڵنا. رۆژنامەی "پێشکەوتن"ی بە زمانی کوردی دەرکرد و دەستی دایە دروستکردنی ڕێگەوبان و کردنەوەی قوتابخانەو دروستکردنی خەستەخانە و چەند قەزا و ناحیەیەکی تازەی دروست کرد. لە روی کلتوریشەوە، دەستی کرد بە هاندانی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە فەرمانگە فەرمیەکان و قوتابخانەکان. لە ڕێگەی دامەزراندنی پۆلیسەوە ئەمن و ئاسایشی بەرپا کرد.[3]

ویڵسن کە باس لەم قۆناغە دەکات، دەڵێ: "**سلێمانی لە ناو دەستە بەهێزەکانی (میستەر سۆن)دا هێمن بو، ئەو پێی ڕاگەیاندبون کە کاتی تەنگانە بەسەرچوە**"[4]

3. عبد الرحمن ادريس، المصدر السابق، ص١٦٠.
4. سێر ئارنۆڵد ویڵسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨

بەڵام ئەو دەستە ئاسنینە و چاکسازییەکانی کاریان نەکردە سەر لایەنگرانی شێخ مەحمود و داوای گەڕانەوەیان دەکرد. کەمال مەزهەر لەو بارەوە دەنوسێ "**ئینگلیزەکان بەوردی ئاگاداری ئەوەش بون کە هەست ونەستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەلای شێخ و دروشمەکانیدایە**"[1]

بارودۆخی سلێمانی رۆژ لە دوای رۆژ لە کۆنترۆڵی ئینگلیزەکان دەردەچو. تا دەهات تورکەکانیش لە ناوچە کوردیەکاندا لایەنگری زیاتریان پەیدا دەکرد. مێجەر سۆن کە بینی بارودۆخەکە بە ویستی ئەو ناچێتە پێشەوە، داوای مۆڵەتێکی شەش مانگی کرد، دوای رەزامەندی سەروی خۆی **١٩٢١/٣/٥ سلێمانی جێهێشت.** رۆژنامەی (پێشکەوتن) هەواڵی دەرچوونی سۆن و هاتنی "گۆڵد سمیس"ی بەم جۆرە بڵاو کردوەتەوە:

**"جەنابی میجەر سۆن دوو ساڵ زیاترە کە خەریکی خنمەتی ئەم وڵاتە بوو، رۆژی شەمە، پێنجی ئەم مانگە بە ئیزنی شەش مانگ لە سلێمانی بزووت، تەشریفی فەرموو بۆ لۆندەرە. هەموو کەس ئەزانی بۆ بەرز بونەوەی ئێمە و وڵاتمان، چەند هەوڵی دا و چۆن تێکۆشا (لەم سەفەرە درێژە هەمومان ساغی و سەلامەتی خۆشی ئەو صاحیبەمان دەوێت) لە جێگای جەنابی میجەر سۆن – جەنابی "گۆڵد سمیس" بۆ حاکمی لیوای سلێمانی تەشریفی هێناوە لە هەوەڵی ئەم مانگی مارتەوە دەستی کردوە بە**

---

[1]. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دوەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەلێر.٢٠٠١، ل٨٤.



**ئیش- جەنابی "گۆڵد سمیس لەمەو پێش حاکمی حیلە و خانەقین و هەنێ جێگای تر بووە".**[2]

سۆن لەوە تێگەیشتبوو کە بریتانیا بۆ کۆنترۆڵ کردنەوەی سلێمانی، ناچارە شێخ مەحمود بگەڕێنێتەوە، بە هۆی ئەو ناکۆکیە قوڵەی کە لە نێوان هەردوکیاندا هەبوو، نەدەکرا دوو پادشا لە یەک شاردا فەرمانڕەوا بن. بۆیە بە ناچاری پرۆژەکانی بە نیوە ناچڵی بە جێ دەهێڵێ و دەستبەرداری سلێمانی دەبێ و بەرەو وڵاتەکەی دەگەڕێتەوە، لەو کاتەی کە لە بریتانیا دەبێ فەرهەنگێکی زمانی کوردی دادەنێت. بە هۆی قورس بونی نەخۆشیەکەیەوە دکتۆرەکانی پێی دەڵێن بۆ چارەسەر سەردانی شاری "بنزرت"ی تونس بکات، بەڵام لە کاتی گەڕانەوە لە ١٩٢٣/٢/٢٤ لە ناو دەریای سپی ناوەڕاست، بە هۆی نەخۆشی سیل کۆچی دوایی دەکات. ژۆناڵ سێزال بەم جۆرە باسی مردنەکەی دەگەڕێتەوە: "**مێجەر سۆن گەلێک حەزی لە کوردستان دەکرد، کوردی زۆر خۆش دەویست، لەبەر جوێبونەوەی لە کوردستان، دوچاری نەخۆشی دیق و سیل بوو، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٣دا بەدەردی فیراقی کوردستانەوە مرد**".[3]

---

[2]. پێشەکەوتن، ژمارە ٤٦ ١٠ مارتچ ١٩٢١، ل ٣.

[3]. حوسێن حوزنی موکریانی سەرجەم بەرهەمی، بەرگی دووەم، مێژووی دوو ساڵەی کوردستانی جنوبی، ژونراڵ سێزاڵ، دقتۆر ج.م. لیز، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، هەرێمی کوردستان، چاپی دووەم ٢٠١١، ل ٥٣٨

سمیس پێشنیاری کرد بۆ ئارام کردنەوەی دۆخەکە و ڕێگری لە هاتنەوەی تورکەکان، شێخ مەحمود بگەڕێنرێتەوە بۆ سلێمانی و دۆخەکە وەک جارانی لێ بکرێتەوە.[1]

پێش ئەوەی شێخ مەحمود بگەڕێتەوە منەوەرانی سلێمانی، کەسایەتییە دیارەکانی بیریان لە دامەزراندنی جەمعیەتێک کردەوە بۆ ڕێکخستنی کاروباری سلێمانی و یەکخستنی داواکارییەکانی کورد. ئەوە بوو لە ١٩٢٢/٧/٢١دا لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا لە مزگەوتی "سەید حەسەنی موفتی" بە سەرۆکایەتی مستەفا پاشا یامولکی بڕیار لە سەر دامەزراندنی "جەمعیەتی کوردستان درا. **ئەمانەش دەستەی بەڕێوەبەرانی جەمعیەتەکە بوون: "مامۆستا ڕەفیق حیلمی، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، ساڵح قەفتان، فایەق بەگی مارف بەگ، حاجی ئاغا فەتحوڵڵا، عیزەت بەگی عوسمان پاشا، ئەدهەم ئەفەندی، ئەحمەد بەهجەت، شێخ محەمەدی گولانی، شێخ عەلیی سەرکار، عەلیی باپیر ئاغا، عەبدوڵڵا ئەفەندیی محەمەد ئەفەندی و شوکری ئەلەکە"**. [2].

بۆیە ئەم گۆڕانکارییە "**هەلێکی باش بو بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی باش کە لە حکومەت نەبێت، حاجی مستەفا پاشا ئەم هەلەی بەباش زانی،**

[1]. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.
[2]. هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٦.



**داوای ڕۆژنامەیەکی سیاسی لە گۆڵد سمس کرد، زۆر بە ئاسانی ڕێگەی بە پاشادا بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی تازەی سیاسی لە جێگای پێشکەوتن**".[3]

**حکومەتی دوەم:**

٣٠ ئەیلولی ١٩٢٢ شێخ مەحمود گەیشتەوە سلێمانی، جارێکی دی (مێجەر نوئێل)ی هاوڕێی دێرینی وەک ڕاوێژکار لە گەڵیدا گەڕایەوە بۆ کوردستان، لە دوای ئەو گەڕانەوە سەرکەوتوە لە ١٠ تشرینی دوەمی ١٩٢٢دا شێخ مەحمود خۆی وەکو مەلیکی کوردستان ناساند و ئاڵای کوردستانی سەربەخۆی هەڵکرد، کابینەی دوەمی خۆی کە لە هەشت کەس پێکهاتبو، ڕاگەیاند، ئەمجارەش بەشی زۆری ڕەئیسەکان لە خزمەکانی خۆی پێک هاتبو.

حەمدی[4] شاعیر کە یەکێک لە منەوەرەکانی ئەو قۆناغە بوە و ماوەیەک یەکێک لە کەسە نزیکەکانی شێخ مەحمود بوە، تەنانەت بوەتە وەزیری گومرگ، بە شیعرێک ڕەخنە لە کارەکانی حکومەتی شێخ و کابینەی دوەم و هەندێ کەسی بەرپرس و پلەداری نێو حکومەتەکەی دەگرێت و دەڵێت:

[3]. ئەحمەد خواجە، چیم دی، وزارة الثقافة والاعلام، چاپخانەی شفق، ١٩٦٨، ل٩١.
[4]. حەمدی ناوی ئەحمەد کوڕی فەتاح بەگ کوڕی حاجی ئیبراهیم بەگ کوڕی مەحموود بەگی ساحێبقرانە، لە ساڵی ١٨٧٨ لە سلێمانی لەدایکبووە، سەرەتای خوێندنی لە حوجرە و مزگەوتدا بوە، دواتر چۆتە قوتابخانەی ڕوشدییە، پاشان لەگەڵ پێکهێنانی حوکمداریەتی کوردستان لەلایەن شێخ مەحموود، دەچێتە نێو حکومەت و پلەی وەزیر وەردەگرێ، تا لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦ بەهۆی وەستانی دڵ ماڵئاوایی کردو لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژراوە،

**باسی تەشکیلاتی ثانی هەر ئەکەم بۆ پێکەنین**

**کەمترین بوو گەورەتر، هەم گەورەتر بوو کەمترین**

**ناعیلاجم ئیسم و شوهرەت باس نەکەم، عاجز مەبن**

**تا ببینن شکلی وەزعیەت بە جارێ قاریئین**

**"کۆیلی مولازم"، وەزیری خاسسەی قۆڵی یەسار**

**ئیینی سەر مزگەوت، وەزیری موشفیقی قۆڵی یەمین**

**کاتبی مابەین بوو تاهیر، تەرجەمەی حاڵی بکەم**

**پیس ئەبێ دیوان لە پاشا، موستەحەققە بۆ دڕین**

بەڵام لە کابینەکەدا خەڵکانی شارەزای وەک مەستەفا پاشای یامولکی کردە رەئیسی مەعاریف و ئەویش خزمەتێکی زۆری پرۆسەی پەروەردەی کرد لە کوردستان، چەند قوتابخانەیەکی تازەی کردەوە. کەریمی عەلەکە کە (مەسیحی) بو کرا بە رەئیسی مالیە، لیوا صدیق قادری[1].دوایی بە فەرمانێکی ملوکانە ڕۆژنامەی بانگی کوردستان گۆڕا بۆ(ڕۆژی کوردستان)، شێخ نوری شێخ ساڵح بو بە خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەری.

شێخ مەحمود پێچەوانەی خواستی ئینگلیزەکان جوڵایەوە، کە دەیانویست بیکەن بە گژ تورکەکاندا، بەڵام ئەو بەرنامەیەکی دیکەی هەبو،

[1]. احمد قاضی، خلاصە تاریخ کردستان، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ص٣٠٤.



هەر زۆر زوو دەستی لەگەڵ تورکەکاندا تێکەڵ کرد، لەوبارەوە کەمال مەزهەر دەڵێ "**مێژووی پەیوەندی نێوان شێخ مەحمود و کەمالییەکان لە ئەیلولی ١٩٢٢ دەست پێدەکات، واتە لەو رۆژەوەی شێخ مەحمود پێی نایەوە خاکی کوردستانەوە، دوای ئەوەی لە هیندستان ئازاد کرا**".[2]

مێجەر نوئێل کە زانی شێخ مەحمود زیاتر بەلای تورکەکاندا دەیشکێنێتەوە "**نامەیەک بۆ مەندوبی سامی لە بەغدا دەنوسێ و رایدەگەیەنێت کە مەحاڵە سود لە شێخ مەحمود ببینین**"[3] و ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ سلێمانی جێهێشت. (کابتن چاپمان)ی لە جێگەی خۆی دانا، دوای مودەتێک ئەویش لەبەر هەمان هۆکار بە دوایدا دەڕوات و سلێمانی جێدەهێڵێت.

**سلێمانی و گێچەڵی جل خوارەکان:**

لەم قۆناغەدا ململانێیەکی توند لە نێوان سێ رەوتی دژ بە یەک لە سلێمانی سەری هەڵدا:

**یەکەم:** (خزمانی شێخ مەحمود)، ئەمانە لە خزم و کەس و کارەکانی خودی شێخ بون کە لە یەکەم حکومەتدا کاربەدەست و کۆڵەکەی فەرمانڕەوایەتییەکەی بون و لە دوای روخانی حکومەتەکەشی گوشاری زۆریان دەکرد بۆ گەڕانەوەی، جگە لە شێخ قادری برای شێخ مەحمود،

[2]. کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩

[3]. عبدالرحمن ادریس صالح البیاتي، المصدر السابق، ص ٢٢٠.

زۆربەی ئەم ڕەوتە دژی ئینگلیز بون. زۆرجار بیروڕاکانی خۆیان بە زۆر بەسەر خەڵدا دەسەپاند و پاڵیان بە شێخ مەحمودەوە دەنا لە ئینگلیزەکان دورکەوێتەوە و خۆی لە تورکەکان نزیک بکاتەوە.

**دوەم: (تورکخوازەکان- جل خوارەکان)،** ئەمانەش داوایان دەکرد کوردستان بگەڕێتەوە بۆ ژێر ڕکێفی تورکەکان. بە زۆری ئەو فەرمانبەرانە بون کە پێشتر لە حکومەتی عوسمانیدا فەرمانبەر بون و بە هاتنی ئینگلیز لە کارەکانیان دور خرابونەوە. ناودارترینیان تاهیر ئەمین ئەفەندی بو کە زۆر خۆی لە شێخ مەحمود نزیک کردبوەوە و کاریگەری هەبو لەسەری.

**سێیەم: (ئەفسەرەکانی پێشوی سوپای عوسمانی)** ئەمانە پێکهاتبون لە زۆربەی ئەو ئەفسەر و روناکبیرانەی کە لە سوپای عوسمانیدا پلەدار بوون. شارەزای سیاسەت و ڕووداوە سیاسیەکان بون و ئەزمونیان هەبو لەگەڵ تورکەکاندا و دەیانزانی چۆن لە پەیمان شکاندندا کەس شان لە شانیان نادات. داوایان لە شێخ دەکرد سیاسەتێکی هاوسەنگ و واقعیانە بگرێتەبەر و لەگەڵ سەردەمدا خۆی بگونجێنێ و لەگەڵ ئینگلیزەکاندا تێکی نەدا، چونکە ئەمانە لە چاو تورکەکاندا هێزێکی نوێ و پێشکەوتوخوازن.

لە کۆتاییدا شێخ مەحمود لە ژێر کاریگەری دوو ڕەوتە تورکخوازەکە و ئەو ئەزمونەی کە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا هەیبوو، خۆی بە لای تورکەکاندا شکاندەوە، پشتی لە بریتانیەکان کرد. ئۆزدەمیر کە لە حوزەیرانی ١٩٢٢ لە ڕەواندوز جێگیر ببوو، ئەم هەلەی لە دەست نەداو دەستی کرد بە پەیوەندی کردن بە شێخ مەحمود و چەندین سەرۆک خێڵی دیکەوە. لەو نامە



گۆڕینەوانەی کە لە نێوان هەردوکیاندا ئەنجام درا، ئۆزدەمیر توانی قەناعەت بە شێخ بهێنێ کە سیاسەتی مستەفا کەمال ئەتاتورک جیاوازە لە گەڵ عوسمانیەکاندا و باوەڕی بە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەیە.

**"تورکەکان سادەیی بیرکردنەوە و دڵسافی و شەهامەت و پیاوەتی کوردەکانیان ئیستغلال کرد و وەک گولەی تۆپەکانیان لە هەمو بەرەکانی جەنگە دوڕاوەکەیاندا بەکاریان هێنان".**[1]

٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ ئینگلیزەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد و ڕایانگەیاند کە "**هەردولایان دان بە حکومەتێکی کوردیدا دەنێن لە چوارچێوەی سنورەکانی عێراق**"دا[2] بەڵام ئەمانە هیچ کاریان نەکردە سەر شێخ مەحمود و تا دەهات پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەمالیەکاندا توندوتۆڵ تر دەکرد و ئەوەش وای کرد بەرێوەبەری هەواڵگری بریتانیا لەو ڕاپۆرتەی کە بۆ حکومەتی بەرز کردوەتەوە بڵێت: "**ئێستا کوردەکان لە گیرفانی ناسیۆنالیستەکانی تورکدان، پشت بەستن بە کوردەکان بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر تورکەکان خەونێکە و نایەتەدی**"[3]

---

1. ارشاك سافرستان، المصدر السابق، ص ١٠٧
2. عبدالرحمن ادريس صالح البياتي، المصد السابق، ص ٢٧١
3. روبرت اولسون، تاريخ الكفاح القومي الكردي ١٨٨٠-١٩٢٥، ترجمة احمد محمود الخليل، دار اراس- فارابى، اربيل، ٢٠١٣، ص ١٧٧.

دوای ئەم ڕاپۆرتە "رید پوللار" کە ڕاوێژکاری کاروباری عەرەبی بوو لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەزارەتی دەرەوە داوای کرد کە **"دەبێ ونستۆن چرچل ئاگاداری سێر پرسی کۆکس بکاتەوە لەبەر ئەوەی لە داهاتویەکی نزیکدا هیچ هەلێک بۆ پشتیوانی کردنی شۆڕشی کوردەکان نەماوە، کەواتە هیچ پێویستیمان بە مانەوەی نوئیل و خەلیل بەگی بەدرخان نەماوە**".[1]

بریتانییەکان بەم کەین و بەینەی نێوان شێخ مەحمود و ئۆزدەمیریان دەزانی، بۆیە کەوتنە خۆیان و بۆ ڕێگرتن لە کەمالیەکان. لە کۆنگری قاهیرە بڕیاری ئەوە درابوو فەرماندەیی هێزەکانی بریتانیا لە عێراق لە سوپاوە بگوازرێتەوە بۆ هێزی ئاسمانی. ئەو فڕۆکانەی لە عێراق بوون وەک هێزی ئاسمانی عێراق وابوون، لە مانگی ئازاری ١٩٢٣ بریتانیا بڕیاری دابوو کۆتایی بە ڕۆڵی ئۆزدەمیر لە کوردستان بهێنێت. بۆیە لە ڕێگەی فرۆکەکانیەوە کەوتنە وێزەی و **"لە دوای ٢٢ نیسانی ١٩٢٣ کەس ناوی ئەوی لە کوردستان نەبیست"**[2]. بەمجۆرە شێخ مەحمود یەکێک لە پشتیوانە گرنگەکانی لەدەستدا.

دوابەدوای ئەوە ئینگلیزەکان کەوتنە کێچەڵ کردن بە شێخ مەحمود، ٢١ی شوباتی ١٩٢٣ ئەدمۆندز بە بروسکەیەک شێخ مەحمودی ئاگادار کردەوە کە بچێت بۆ بەغدا، گەر ئەوە نەکات لەکارەکەی بەرکەناری دەکەن،

[1]. روبرت اولسون، المصدر السابق، ص١٧٧.
[2]. وديع جويده، المصدر السابق، ص٤٧٦.



بەڵام شێخ مەحمود ئامادە نەبو بچێ. ئەحمەد خواجە دەڵێ: **"فڕۆکەکانی بریتانیا بەیاننامەیەکیان بەسەر سلێمانیدا بەردایەوە، ٢٥ شوباتیان وەک دوا مۆڵەت بۆ تەسلیم بونی شێخ دیاری کرد"**[3] شێخ مەحمود گوێی بە هەڕەشەکانی بریتانیا نەدا، لە ٢ی ئازاری ١٩٢٣ بۆمباران کردنی سلێمانی دەستی پێکرد و دوای دوو ڕۆژ شێخ مەحمود پاشەکشەی کرد بۆ دەرەوەی سلێمانی. بەمجۆرە کۆتایی بە حکومەتی دوەمی شێخ مەحمود هات و شێخ جەنگی پارتیزانی دەست پێکرد.

دوای پاشەکشە کردنی شێخ مەحمود بۆ دەرەوەی سلێمانی، دواجار ئەشکەوتی جاسەنەی کردە بارەگای سەرەکی خۆیی و دەستی کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەی "بانگی حەق". پەیوەندی خۆی لەگەڵ تورکەکاندا بەهێزتر کرد و خودی ئۆزدەمیریشی بانگ کرد بۆ لای خۆی، ئەدمۆندز کە حاکمی موتڵەقی ناوچەکە بو، بەم کارانەی شێخ مەحمود زۆر بێزارو توڕە بو، زۆر بە چڕی و توندی دەستی دایە بۆمباران کردنی بارەگای شێخ و ئەو گوند و ناوچانەی کە تێیدا هاتوچۆی تێدا دەکردن.

ئەو بۆمبارانە کاریگەریی زۆری لە سەر جوڵانەوە پارتیزانەکەی شێخ مەحمود هەبوو، جگە لە کوژران و بریندابونی بەشێکی زۆر لە چەکدارەکانی، کۆمەڵێک لەو ئەفسەر و فەرماندانەشی کە لە گەڵیدا مابونەوە، بێهودە بون و گەڕانەوە بۆ سلێمانی و تەسلیم بون.

[3]. ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی دووەم، ل٥٨.

لەولاشەوە حکومەتی عێراق و بریتانیا لە هەوڵی ئەوەدا بون کوردەکان لە ئەنجومەنی تەئسیسی عێراق بەشداری پێ بکەن و شێخ قادری برای شێخ مەحمودیشیان بۆ ئەو مەبەستە بردە ناو ئەنجومەنەکەوە.

**حکومەتی سێیەم:**

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو گوشارە سەربازی و سیاسییانە، شێخ مەحمود کۆڵی نەدا و دوای ئەوەی هێزەکانی بریتانیا لە سلێمانی پاشەکشەیان کرد، بۆ جاری سێیەم، ١١ی تەموزی ١٩٢٣ گەڕایەوە و دەستی بەسەر سلێمانیدا گرتەوە.

شێخ مەحمود دەزگایەکی نوێی بەڕێوەبەرایەتی حکومەتی کوردستانی پێکهێنا، کە بریتی بوون لە:

رەئیسی داخلیە شێخ محەمەد غەریب، رەئیسی مالیە و گومرک سەید ئەحمەد ئەفەندی، رەئیسی مەحکەمە مەعروف ئەفەندی، رەئیسی تیجارەت و مەعارف و نافیعە حاجی مەلا سەید ئەفەندی، قۆماندانی عەسکەر رەزا بەگ.

سەید ئەحمەد ئەفەندی کرا بە یاوەر و سەرکاتبی ملوکانە وئەحمەد سەبری ئەفەندی کرا بە کاتیب و ماجید مستەفا زابتی ئامر و محەمەد ئەفەندیش کرا بە قماندانی بلۆکی مەعیەت

دوای ئەو گەڕانەوەیە، رۆژنامەی "**ئومێدی ئیستقلال**"ی دەرکرد، سەرەتا ئەحمەد خواجەو دواتر رەفیق حیلمی و پاشان حسێن نازم بوون بە



سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەکە.[1] ئەم هەنگاوانەی شێخ مەحمود بە هیچ شێوەیەک بە دڵی حکومەتە تازە دامەزراوەکەی عێراق و بریتانیا نەبو، بۆیە هێزێکی زۆریان کۆکردەوە بۆ داگیرکردنی سلێمانی و دوای بۆمبارانکردن و پەلاماری سەربازی توانییان لە ١٩ی تەموزی ١٩٢٤دا داگیری بکەنەوە.

(مس بێڵ) و ئەو ئینگلیزانەی کە هاوڕای ئەو بون، لەگەڵ ئەوەدا بون کورد هیچ مافێکی پێ نەدرێ، ئاواتەکەیان هاتەدی. ئەوەتا بێڵ لەو نامەیەی لە ٣٠ی تەموزی ١٩٢٤دا نوسیویەتی، بەم شێوەیە وێنەی ئەو کاتانە باس دەکات کە سلێمانی داگیر دەکەنەوە:

**"کێشەی سلێمانی ئێستا لە دۆخێکی زۆر باشدایە و پێم وایە شێخ مەحمود شکستی هێنا و دواجار چوو بۆ دەرەوەی وڵات. سوارەی عێراقی بێ هیچ بەرگرییەک چونە سلێمانییەوەو شێخ مەحمود نزیکەی دووسەد سواری لەگەڵدایە و هەڵاتووە بۆ چیاکان، بەڵام چەند تفەنگ چیەک لە پیاوەکانی هەموو شەوێک شارەکە بەر گوللە دەدەن و تەنگیان بەهێزی سوارە هەڵچنیوە و نایەڵن بە شەودا بخەون و بە رۆژیش پاسەوانی دەکەن، بەڵام کاری باش ئەنجامدەدەن و ئەمانە هەواڵی باشن دەیبیستین. وا چاوەڕوان دەکەم شێخ مەحمود رێگەی تورکیای گرتبێتە بەر و رەنگە بەم زوانە بگاتە ئەوێ. ئەڵبەتە لەو چیا سەختانەدا زەحمەتە کەسێک دەسگیر**

---

[1]. هەرچەندە رەفیق حیلمی لە لاپەرە ١٠٦ یاداشتەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە بوێژی ناودار "شێخ نوری شێخ ساڵح"ی لە گەڵدا بوە، بەڵام لە هیچ ژمارەیەکی ئەو رۆژنامەیەدا بابەت بە ناوی ئەوەوە بڵاو نەکراوەتەوە.

**بکرێت و ئەمەش لە دید و بۆچونی ئێمەوە بە شێوەیەکی گشتی باشترین کارە کە ئەو بیکات، یان ئەوەیە کە خۆی بمرێت، چونکە تۆ بە هیچ شێوەیەک نازانی چی بکەیت لە پیاوێکی لەم چەشنە کاتێ کە دەسگیری دەکەیت و پاشان بە داواکاری و عەرز و حاڵ تەنگت پێهەڵدەچنن بۆ بەربانی و تەنانەت ئەوانەش کە ڕقیان لێیەتی لە ترسا لەگەڵ ئەوانی تر داواکاری و عەرز و حاڵەکان ئیمزا دەکەن بۆ ئەوەی ئازاریان نەدات ئەگەر ڕۆژێک هات و بەربدرێت بەهۆی بەشدار نەبوونیان لە پێشکەش کردنی داواکاریی بەربانیدا**".[1]

**کۆتایی گەمەکە:**

١٦ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٥ کۆمەڵەی گەلان بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە دەرکرد، بریتانیا کاری زۆری کرد بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە بەو شێوەیە دەرچێت، بەوەشەوە نەوەستاو هاوکاری ڕژێمی پادشایی تازە هاتوە سەرکاری عێراقی کرد، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو کوردستاندا بسەپێنێت. فڕۆکەکانی ئینگلیز بۆ ماوەی دوو ساڵ بە هەموو توانایەکیانەوە پشتیوانیی سوپای عێراقیان کرد بۆ لێدانی سلێمانی و تەفروتونا کردنی شۆڕشگێڕە کوردەکان بە فەرماندەیی شێخ مەحمود.

1. کـورد لە نامەکانی مـیـس بـێـڵ دا کوردستانی نوێ سەرچاوەی پێشوو.



لەبەر دوو هۆکار ستراتیژ و سیاسەتی ئینگلیزەکان بەرامبەر بە کوردەکان بە تەواوەتی گۆڕا:

**یەکەم:** لەو ماوەیەدا نەیانتوانی سەرکردەیەکی کورد بدۆزنەوە جێگەی متمانەیان بێت و بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا بپارێزێت.

**دوەم:** توانییان مەسەلەی موسڵ لە کۆمەڵەی گەلان بەو شێوەی لە بەرژەوەندی خۆیاندا بۆ یەکلایی بکەنەوە و دەستی تورک و هەڕەشە و گوڕەشەکانیان لە سەر سنور نەهێڵن، بەم جۆرە ترسی ئەوەیان نەما تورەکان پشتیوانی لە کورد بکەن، بەو واتایە پێویستییەکی ئەوتۆیان بە کورد نەما.

بۆ دڵنەوایی کورد، بریتانیا دەستی دایە یارییەکی سیاسی و باسی لەوە دەکرد کە کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، ئێستا و داهاتویان پارێزراو دەبێ و بریتانیاش بە پێی مادەکانی سێ و چواری بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلان ئەو مافە بۆ کورد دابین دەکات،

لە بەندی (٣)دا داوا لە حکومەتی بریتانیا کراوە "**دەبێ لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیدا وەک دەوڵەتی ئینتداب، ئاسایشی کوردەکان بپارێزێ و شێوەیەک لە ئیدارەی لۆکاڵیان بۆ دروست بکات**"

لە بەندی (٤)یشدا هاتوە: "**دەبێ بریتانیا کار ئاسانی بکات بۆ یەکسانی لە نێوان هەموو پێکهاتەکاندا**".

ئەوە بو لە ٢١ی کانونی دوەمی ساڵی ١٩٢٦دا سەرۆک وەزیرانی عێراق لە وتارێکدا لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا رایگەیاند (**ئەم وڵاتە ناتوانێ بژی گەر هەموو پێکهاتەکانی مافەکانی بەدەست نەهێنێ، دەبێ مافی گەلی کورد بدرێت. دەبێ فەرمانبەران لە خۆیان بن، دەبێ دان بە زمانی کوردیدا بنرێت و منداڵان لە قوتابخانەکاندا بە زمانی خۆیان بخوێنن**)[1]

لەم کاتەوە خواستە نەتەوەییەکانی کورد و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئینگلیز بە دوو ئاراستەی زۆر جیاوازدا دەچون. ئیتر ئەو سەردەمە بەسەرچو کە ئینگلیزەکان لە ماوەی ساڵانی ١٩١٨- ١٩٢٣دا کار بۆ بوژانەوەی هەستی نەتەوەیی کورد بکەن، بەڵکو ستراتیژێکی نوێ سەری هەڵدا کە توانەوەی کورد بوو لە ناو ئەو گەلە نوێیەی کە دەیانویست لە جوگرافیای دەستکردی بە ناو عێراقدا دروستی بکەن. بریتانیەکان بۆ بە زۆر لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە، تەنها بە کۆمەک کردنی سەربازییەوە نەوەستان، بەڵکو لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیش هەموو رێوشوێنێکیان گرتەبەر بۆ ئەوەی چیتر مەسەلەی کورد باس نەکرێت.

د.سەعد بەشیر ئەسکەندەر، دروست نەبونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و گۆڕینی ستراتیژی بریتانیا لە بەرامبەر کوردستان بە تەنها ناخاتە ئەستۆی ئینگلیزەکان، بەڵکو بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیش بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنێت و لای وایە "**پەرت و بڵاویی بۆچونە سیاسیەکان و هەژمونی پەیوەندییە خێڵەکیەکان بەسەر کۆمەڵگای کوردییەوە، رۆڵیان هەبو لەوەی کە کورد نەگاتە خواستەکانی**".[2]

1. کمال رؤوف محمد، باقة دراسات كردية، منشورات اراس، اربيل، ٢٠٠٦، ص ١٤٥



بەڵام سەرەڕای ئەو هەل و مەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەی کە لە کوردستاندا باڵا دەست بو، نکۆڵی لەوە ناکرێت کە کار و چالاکیی سیاسی و کلتوریی نوخبە رۆشنبیر و سیاسی و سەربازییەکانی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩١٨- ١٩٢٦دا، بوون بە بناغە بۆ هەموو ئەو چالاکییە سیاسی و کلتورییانەی کە لە ساڵانی دواییدا لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە باشوری کوردستان سەریان هەڵدا.

2. سعد بشير اسكندر، المصدر السابق، ص ٢٦٨.

داریوش ئاشوری لە کتێبی "دانشنامە سیاسی"دا بەم جۆرە ناسیونالیزم پێناسە دەکات "**ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایەکە دەوڵەتی نەتەوەیی بە باڵاترین شێوازی رێکخستنی سیاسی دەزانێت، خەباتی نەتەوەیی لە دژی داگیرکاری و هەژمەی بێگانە لە پێناوی دروستکردن یان پاراستنی ئەو جۆرە دەوڵەتەدایە**"[(1)]

لەم بەشەدا ئەو پێناسەیەی سەرەوە وەک بنەمایەک بۆ شیکردنەوە و راڤەکردنی بۆچونەکان لەسەر ناسیۆنالیزم بەکار دەهێنم، چونکە لەگەڵ ئەو هەوڵ و تەقالایانەدا دەگونجێ کە منەوەر و دۆستانی کورد داویانە بۆ بوژانەوەی هەستی ناسیۆنالیزم لە کوردستانی جنوبی (سلێمانی).

---

[1]. داریوش آشوری ، دانشنامه ی سیاسی ، انتشارات مروارید ، 1381.



## بەشی دووەم:

### سەرەتای بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لە باشوری کوردستان

زۆربەی توێژەران پێیان وایە سەرەتای دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لە جیهانی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ تورکیا و ئێران و دواتر ولأتانی عەرەبی وەک میسر و عێراق. ناسیۆنالیزمی کوردیش سەرەتا لە ئەستەمبوڵ لە ژێر کاریگەری ناسیۆنالیزمی تورکیدا سەری هەڵدا. دواتر لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە رێگەی ئەفسەر و تەکنۆکراتەکانی کوردەوە گەیشتە سلێمانی،لێرەشەوە شەپۆلی ئەم دیاردەیە دەگاتە رۆژهەلأتی کوردستان.

عەباس وەلی لای وایە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و تورکی دەرهاویشتەی بەربەرەکانیانە لەگەڵ داگیرکەران و کاتێکیش سەربەخۆ دەبن بۆ چەسپاندنی ناسیۆنالیزمی خۆیان دەست بە چەوسانەوەی نەتەوەکانی دیکەی وەک کورد و ئەرمەن و بەلوچ دەکەن. بەو مانایەی ناسیۆنالیزمی کوردیش دەرهاویشتەی ئەو زوڵم و زۆرەیە کە عەرەب و فارس لەو نەتەوانەی کردوە.

**"ناسیۆنالیزم لە رۆژهەلأتی ناوەڕاست دوو جۆر بوە، یەکەم ناسیۆنالیزمێک کە پاش گرتنەدەستی دەسەلأت خۆی ناساند، وەک ناسیۆنالیزمی تورک و فارس و ولأتانی عەرەبی. دوەم ناسیۆنالیزمی کورد و ئەرمەنی و بەلوچ کە لە دیمەنێکی جیاوە هاتنە مەیدان. ئەو کاتەی کە دەوڵەتی تورکیا و ولأتانی عەرەبی و لە ئێران دەوڵەتی مۆدێرنیان راگەیاند، ئەمانە بۆ ناساندنی دەسەلأتی خۆیان، دەبوایە ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەکانی وەکو کورد و بەلوچ و... نادیدە بگرن بۆ ئەوەی خۆیان وەک گەلێکی یەکپارچە دروست بکەن".**[1]

لە راستیدا ئەو تێزە دەکرێ بۆ ناسیۆنالیزمی تورکی تا رادەیەکی زۆر راست بێ، بەلأم ناسیۆنالیزمی عەرەبی تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ هاتنی ئینگلیز و فەرەنسیەکاندا دەردەکەوێت، بگرە عەرەبەکانی رۆژهەلأت خۆیان زەمینەیان خۆش کرد بۆ ئەوەی خاکی ولأتەکانیان ببێتە مەیدانی جەنگی ئینگلیز و عوسمانی، بەشی هەرە زۆریشیان چونە سەنگەری ئینگلیزەکان دژ بە عوسمانی.

بەر لە هاتنی ئینگلیزەکان، هەندێ لە منەوەرەکانی نیشتەجێی سلێمانی ئاگاداری ئەو بزوتنەوە رۆشنبیری و کوردایەتیە بون کە لە ئەستەمبوڵ سەری هەڵدابو، چونکە هەندێک لە سەرانی "جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورد" خەڵکی سلێمانی بون، تەنانەت کەسێکی وەک پیرەمێر سەرنوسەر، خاوەن ئیمتیاز، بەڕێوەبەر و نوسەری رۆژنامەی "کورد تعاون و تەرەقی غەزەتەسی" بو کە لە نێوان سالأنی ١٩٠٨- ١٩٠٩ دەرچوە.[2] بەلأم لە سلێمانی تا هاتنی ئینگلیزەکان هیچ پرۆژەیەکی نوسراوی سیاسی کە داوای خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە عوسمانیەکان بکات، لە ئارادا نەبو. لەو کاتەدا کە گلۆڵەی دەوڵەتی عوسمانی سەرەولێژ ببوەوە؛ پێچەوانەی عەرەبەکان کە خۆیان ئامادەکردبو بۆ هاوکاریکردنی ئینگلیز و دەرکردنی

---

1. هدایت جان، سەرچاوەی پێشوو.
2. نەوشیروان مستەفا، بەدەم رێگاوە کوڵچنین- چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی رۆژنامەوانی کوردی، کتێبی دوەم- بەرگی یەکەم، الدار العربیە للعلوم ناشرون، بیروت- لبنان، ٢٠١٣، ل٦١.

تورک لە وڵاتەکەیان، لەو سەردەمەدا شێخ مەحمودی حەفید کە دیارترین کەسایەتی ئاینی و سیاسی کوردی بو لە سلێمانی، ساڵی ١٩١٦ بە هێزێکەوە بەرەو شوعیبەی باشوری عێراق دەکەوێتەڕێ و لە دژی ئینگلیز جیهاد رادەگەیەنێت دواتر بۆ پشتیوانی لە عوسمانیەکان لە پێنجوێن لە دژی روسەکان دەجەنگێ.

لە روی کلتوریشەوە زمانی تورکی و فارسی ببون بە زمانی نوسین، تەنانەت نامەنوسین لە نێوان کەسایەتییەکان و شاعیرەکانیشدا هەر بەو دوو زمانە دبوو، لە قوتابخانەکاندا تورکی و لە حوجرەکانیشدا عەرەبی و فارسی زمانی فەرمی بون. پیرەمێرد لەوبارەوە دەنوسێ:

**"ئیمە لە کاتێکەوە کە ئیدریسی بەدلیسی خستینیە ژێر زەنجیرەی عوسمانیەوە تا ئەم دواییە کە ئینگلیز هات، ناوونیشان و دەرەتان و سەر و ژیانمان نەبو، بێ زبان بەستەزمان بوین، ئەمە سێسەد ساڵ زیاتری پێ چو. ئەوەی لە کارابو، ئەبو ناچار بە هۆی ئیش و کاری دیوانییەوە تورکی و ئەوی تریش چونکو خەرید و فرۆختمان وەها و بنیچەمان لە گەڵ ئیراندا بو، فارسی ئەمان نوسی و ئەم دوو زبانەیش هیچیان لەسەر شێوە و بناغەی خۆی نەمابوو، چونکو هەردو لایان بە هۆی ئاینی ئیسلامەوە کە نوێژ و قورئان و خوێندنمان بە عەرەبی بو، زۆر زۆر عەرەبی تێکەڵ بوو، خوێندنی فەقێ و مەلا لە مزگەوتاندا عەرەبی بو، خۆیشمان لە حوجرەی خۆماڵیدا فارسیمان ئەخوێندەوە، نوسینیشمان هەر بە فارسی بو. ئەنجا بەم زوانە کە هێشتا لە بیرمان ماوە (مێجەر سۆن) کوردیی بۆ خستینە مەیدان. لە زەمانی ئەودا کە شارەزای هەمو شێوە و شوێنی نوسین و ئیملا بو، هەر لەسەر ئیملای عەرەبی و فارسی ئەڕۆیشتین"**[1]

پێش هاتنی ئینگلیزەکانیش سەرەڕای جیاوازی لەهجە و خێڵ و جوگرافیا، هەموو کوردەکان لە رووی نەژادەوە وەک (T.O.shea) دەڵێ خۆیان بە کورد دەزانن: "**سەرەڕای هەمو گۆڕانکاریەکان خۆیان بە کورد دەزانن، خاوەن بۆچونی دیاریکراون سەبارت بە مێژوو و نەژاد خۆیان و بە زمانێکی هاوبەش کە بەسەر چەند لەهجەیەکدا دابەش بوە، قسە دەکەن**"[2]. بەڵام بە هۆی لاوازی پەیوەندی کردنەوە، کلتوری ئاینی و خێڵەکی زاڵتر دەردەکەوت.

بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە باس لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن، هەمان ئەو پێناسەی بەسەردا دادەبڕن کە بۆ ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایی بەگشتی و ئۆرۆپی بە دیاریکراوی دانراوە، بەبێ ئەوەی ئەو راستیە لەبەرچاو بگرن کە تەنانەت سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە وڵاتێکی ئۆرۆپیەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت. بۆیە کاتێک باس لە ناسیۆنالیزمی کوردیش دەکرێت دەبێ ئەو هەل و مەرج و زەمین و زەمانە لە بەرچاو بگرین کە

---

1. ژین، ژمارە ٨٦٨، ٢٤ نیسان ١٩٤٧، ل ١.

2. Maria T.O"Shea, Between the Map and Reality.Some Fundemental Myths of Kurdish Nationalism. دراسة منشورة في المجلة الفصلية (Peuples Mediterranees) العدد المزدوج: 68-69، باريس 1994، ص 165-184 (ص 168)

تێیدا دەردەکەوێت. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە هۆکاری هاوبەش نییە لەو نێوەندەدا.

بیری نەتەوەیی لە لای کوردەکانی باشوری کوردستان، لە ئەنجامی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی لە رووەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتیەوە سەری هەڵنەداوە، وەک ئەوەی لە زۆربەی ولاتانی ئۆرۆپپیدا لە سەدەی نۆزدەیەم دروست بوو. تەنانەت وەک کوردەکانی باکوری کوردستانیش لە ئەنجامی کاردانەوە لە بەرامبەر زوڵم و زۆری تورکەکان و پێشێل کردنی مافە نەتەوەیی و سیاسیەکانیان دروست نەبوە، بەڵکو ئەوەی لەم بەشەی کوردستاندا روویدا تەواو پێچەوانە بو، پرۆسەی دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی لە باشوری کوردستان لە ئەنجامی بەرکەوتنی بەرژەوەندیەکانی کۆڵۆنالیزمی ئینگلیزی و خواستی هەندێ لە کەسە ناودارەکانی کورد و بەشێک لە نوخبەی رۆشنبیری کورد سەری هەڵدا.

قسەکردن لەسەر ئەوەی کۆڵۆنالیزمی بریتانی چ رۆڵێکی هەبوە لە گەشەسەندنی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لە باشوری کوردستان، مەسەلەیەکی گرنگە و دواتر لە بەشەکانی دیکەدا قسەی لەسەر دەکەم.

مێژونوسی بەناوبانگی ئەمریکی کارل تون جوزیف هانتلی هایز[1]. بۆچونێکی تایبەتی هەیە سەبارەت بە گواستنەوەی کۆمەڵگەی خێڵەکی بۆ

1. کارلتون جوزیف هنتلي هایز، لە ١٦ مایو ١٨٨٢ لە ئەمریکا لەدایک بوە لە ٢ سپتەمبەر ١٩٦٤ کۆچی دوایی کردوە. پسپۆر بو لە بواری مێژوو، و پرسی ناسیۆنالیزم ، لە ساڵی ١٩٤٢ لە کاتی جەنگی جیهانی دوەمدا ماوەیەک باڵوێزی ئەمریکا بوە لە ئیسپانیا.



نەتەوە؛ هایز پێی وایە ئەو پرۆسەیە بە یەکێک لەم رێگایانە یان چەند دانەیەکیان پێکەوە، روو دەدات:

**١. ملکەچ پێکردنی هەندێ لە خێڵەکان لە لایەن فەرماندەیەکی بەهێزی سەربازی و ناچارکردنیان بەوەی لە کۆنفیدرالیەتێکی سیاسیدا یەکبگرن، لەو یەکگرتنەدا شانشین یان ئیمپراتۆریەتێکی سەربازی دروست دەبێ.**

**٢. سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی ئاینی لە ناو خێڵێکی دیاریکراودا و دواتر بڵاوبونەوەی ئەو ئاینە لە ناو خێڵەکانی دیکەدا، بەمە خێڵەکان دەبنە خاوەنی بیروباوەڕ، عیبادەت، نەریت ، یاسا، سیستم، لە کۆتاییدا کلتوری هاوبەشی یەکگرتو دروست دەبێ.**

**٣. سەرهەڵدانی نوسین یان زمانی نوسین، ئەم شێوازەیان گرنگترین روداوی مێژوییە. بەکارهێنانی شێوەیەک لە شێوەکانی نوسین بە واتای سەرهەڵدانی مێژووی نوێ و دابڕان لە پێش مێژووی، لەم رێگەوە یەکێتی بیروباوەڕ لە نێوان رۆشنبیران و خوێنەوارانا دروست دەبێ و لە سنوری خێڵەکاندا یەک کلتوری هاوبەش پەیدا دەبێ.**

**٤. هۆکاری ئابوری، خێڵ بۆ خۆی یەکەیەکی ئابوری سەربەخۆیە، پێداویستیەکانی خۆشی لە رێگەی ئاڵوگۆڕی شمەکەوە دەست دەکەوێت یان لە رێگەی پەلاماردان و شەڕەوە. بەڵام بە هۆی پێشکەوتن و داهێنانی**

**کەرەستەکانی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی، بارودۆخی ئابوری پەرە دەسێنێت و سنوری خێڵەکانی دەبڕی، بەمەش ئیمپراتۆرییەکان سەریان هەڵدا**.[1]

هەرچیەک بێت کۆمەڵگای کوردی تا ئەو کاتەی ئینگلیزەکان دەگەنە کەرکوک و سلێمانی، کۆمەڵگایەکە بە دەگمەن بەرکەوتەی لە گەڵ دونیای مۆدێرندا هەبوە، لەو تاک و تەرا ئەفسەر و تەکنۆکراتانە بترازێ کە لە ئەستەمبوڵ و تورکیای عوسمانیدا ژیاون، کۆمەڵگاکە لە دابڕانێکی رەهادا ژیاوە. سەرۆک خێڵێک وەک رانەمەڕ خێڵەکەی کۆنترۆڵ کردوە، بەوە هەم ژیانی خۆی لای (باب العالی) مسۆگەر کردوە و هەمیش درێژەی بە دەسەڵاتەکانی خۆی داوە، پیرەمێرد لە شانۆگەری "**نمایشێکی تەمسیلی راستی تەئریخی لەم وڵاتەی خۆماندا روویداوە**" کە لە ساڵی ١٩٤٣دا نوسیویەتی، لە زاری مەحمود ئاغا، یەکێک لەو سەرۆک خێڵانەوە کە بە حساب لە هەمویان رۆشنبیر تر و دونیا دیدە ترە، دەڵێ:

**"ئێستا من کە مەوقعێکی بڵندی عەشیرەتی و حوکومەتیم هەیە، پێم ناکرێ هەوڵی ئیسڵاحی ئەم قەومە بدەم و ئەگەر راستیشت دەوێ، بۆ ئێشم دەست نادا، چونکە ئەم خەڵکە ئەگەر تێگەیشتوو بن، بۆ من دەست نادەنە تفەنگ و بۆم بچن بە گژ لەشکری دوژمنی مندا و ئەم خاکەی ئێمەش خوا ئاوەکەی وا بۆ ڕشتوە هەمو عەشایر دوژمنی یەکین. لەبەر**

1. نديم البيطار، من التجزئة الى الوحدة، مركز دراسات الوحدة العربية، ص ١٢-١٣



**ئەوە بۆمان ناکرێ ئەم ئەهالیە سەوقی سەر خوێنەواری بکەین و لە دەست خۆمانی بکەینەوە"**.[2]

(لازاریف)یش پێی وایە لە سەرەتای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ کوردستانی جنوبی، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، جگە لە لایەنە مێژوویەکەی، لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابوری کۆمەڵگای کوردیش وەک پێویست نەڕەسکابوو. تەنانەت ئەو کارەکتەرە سەرەکیانەی کە دەبوو رۆڵی بەرچاو بگێڕن بە پێی پێویست بونیان نەبوە:

**لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، رێبەرایەتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و خواستەکانی گەلی کورد بە دەستی دەرەبەگە عەشایرییەکانەوە بوو، بورژوایی کوردیش لەو سەردەمەدا تازە دەردەکەوت و لە بازرگانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەچوون و هیچ رۆڵێکی سیاسی بەرچاویان نەبوو، لە هەمانکاتدا ئەو رۆشنبیرانەی کە دەبوو لە کوردستانی جنوبی و رۆژهەڵاتدا کاری سیاسی بکەن بە پیشە، لە ریزی نەبووواندا بوون**.[3]

بە هاتنی ئینگلیز بۆ ناوچەکە و نەمانی هەژمونی عوسمانی لە باشوری کوردستان سەرۆک خێڵەکانی کورد توشی جۆرێک لە شڵەژان و ترسی لەدەستدانی نفوزی کۆمەڵایەتی و سیاسی بون، تەنانەت لە ناو

2. محەمەد مەلا کەریم، بیری کۆمەڵایەتی و سیاسی پیرەمێرد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، کوردستان- هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٧٣.

3. م.س. لازاريف، الامبريالية والمسالة الكردية، ترجمة د. عبدي حاجي، دار موكرياني للبحوث والنشر، اربيل،١٩١٢، ص٨١

خێڵەکانیشیاندا وەک جاران دەست ڕۆیشتو نەبون. سافرستان کە بەوردی توێژینەوەی لە سەر کۆمەڵگای کوردیی کردوە، لەو بارەوە دەڵێ:

**"سەرکردەی کوردەکان بینییان دونیا بەرەو سەنترالیزمی نیشتمانی دەچێ و پەشێوییەکی زۆر جیهانی گرتوەتەوە، لەوە تێگەیشتن چیتر سیستمی خێڵایەتی پەسەند نییە و گەر ئەو سیستمە کۆنە بەردەوام بێت، ئەوا هەموویان دەفەوتێن"**[1]

کاتێک مێجەر نوئێل دەکرێتە حاکمی سیاسی کوردستان، لە گرنگی ڕۆڵی سەرۆک خێڵەکان تێدەگات بۆ ئەوەی پرۆژەکەی جێبەجێ بکات، بە گەیشتنی پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی سەرۆک خێڵەکاندا دروست دەکات و دڵنیایان دەکاتەوە کە بە هیچ جۆرێک نایەوێت بێگانەیان بەسەردا بسەپێنێت و هانیاندەدا لە نێو خۆیاندا یەکێتییەک دروست بکەن. نوئێل جگە لەوە هەمو فەرمانبەرە تورک و عەرەبەکانی دەرکرد و لە جێگەیاندا کوردی دامەزراند، بڕیاریدا هەر سەرۆک خێڵێک بەرپرس بێت لە خێڵەکەی خۆی و سەرۆک خێڵەکەش وەک فەرمانبەری حکومی لە قەڵەم بدرێت. هەموشیانی لە ژێر چاودێری ئەفسەرێکی بریتانیدا دانا. دواتر دروشمی "کوردستان بۆ کوردە"ی کرد بە بەرنامەی خۆی.[2] ئەم دروشمە جێگەی دڵخۆشی هەموان بو ئاهێکی بەبەردا هێنانەوە. دواتر بۆ ڕزگار کردنیان لە برسێتی، خۆراک و دانەوێڵەی بەسەر خەڵکدا دابەش کرد. ئەم کارانەی

[1].ارشاك سافرستان، الكرد والكردستان، ترجمة احمد خليل، منشورای عفرين نيت، ٢٠٠٥، ص ١٣١

[2]. د. وليد حمدي، المصدر السابق، ص ٤٩.



مێجەر نوئێل وای کرد سەرۆک هۆزەکانی کورد هان بدرێن بۆ چونە ناو ئەو یەکێتییەی کە ئەو دەیویست لە نێو خێڵە کوردەکاندا دروستی بکات. دوای دڵنیا بوون لەوەی پشتیوانی بەشی زۆری سەرۆک خێڵەکانی بەدەست هێناوە، نوئێل داوای لە حاکمی سیاسی عێراق کرد سەردانی سلێمانی بکات، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە سەرپەرشتی کۆبونەوە گرنگەکەی ماڵی شێخ مەحمود بکات کە تێیدا سەرۆک خێڵەکان بەیعەتیان بە شێخ مەحمود دا:

**"لە ١ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٩ ویڵسن حاکمی مەدەنی بریتانیا لەگەڵ مێجەر نوئێل حاکمی سیاسی بریتانیا لە سلێمانی لە ماڵی شێخ مەحمود بە ئامادە بونی زیاتر لە ٦٠ سەرۆک خێڵی کوردستانی باشور، کە لە نێویاندا نوێنەری خێڵە کوردەکانی کوردستانی ئێران لە سنە و سەقز و هەورامان هەبون، کۆبونەوەیەکیان ئەنجامدا. سەرجەمیان وەک حوکمداری کوردستان پشتیوانیان لە شێخ مەحمود کرد و لە سەر کۆنفدرالیەتی خێڵەکان ڕێک کەوتن. حاکمی مەدەنی بریتانیا وتووێژێکی دوورودرێژی لەگەڵ شێخ مەحمودا کرد و هەڵوێستی بریتانیای سەبارەت بە سەرۆک خێڵە کوردەکان بۆ شی کردەوە، بۆی دەرکەوت هەستی نیشتمانی لە لای کوردەکان زۆر بەهێزە، کوردەکان بە دەست تورک و روسەکانەوە ئازاری زۆریان چەشتوە و هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی ڕێگری بکەن لە هەر هەوڵێک کە ڕێگە بە گەڕانەوەی تورکەکان بدات".**[3]

[3]. د. وليد حمدي، الكرد والكردستان في الوثائق البريطانية دراسة تاريخية وثائقية، مطابع سجل العرب،١٩٩٢، ص ٤٩.

ئەو هەنگاوەی ئەو سەرۆک خێڵانەی کورد لەو کاتەدا، ئاستی ململانێی خێڵەکان و دابەشبونی کۆمەڵگا لە سەر ئەساسی عەشیرەتگەری گواستەوە بۆ ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی و هەمبەستەگی نەتەوەیی، کە نەوەی پێش خۆیان نەیانبو، لەو کاتە بەدواوە هەر بانگەوازێکی نەتەوەیی لە لایەن هەر نوێنەرێکی کوردەوە بهاتبایە، وەڵامدانەوەیەکی ئیجابی خێرای بەدوادا دەهات، هەرچەندە لە رووی شکڵەوە هێشتا بزوتنەوەی کوردایەتی وەک پێویست بە یەکگرتویی دەرنەدەکەوت، بەڵام نەدەکرا ئەو گوڕ و تینە شاراوەیەی لە خۆیدا هەڵی گرتبو، لەبەرچاو نەگیرێت.[1]

بەڵام ئەو تێڕاوانینە گەش بینیەی نوئێل چەند کۆسپ و تەگەرەی هاتە پێش و رێگر بوون لەوەی پێشکەوتنی سیاسی لە ناو کۆمەڵگەی کوردی بەو شێوە خێرایەی کە ئەو دەیویست، بەردەوام بێت، زاڵ بونی کلتوری خێڵەکی و پێکەوە هەڵنەکردنیان لە گەڵ یەک وای کردبوو ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی زۆر لاواز بێت. **ئەرشاک** هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ:

**"نەبونی رایەڵەیەکی گشتی بۆ گشاندنی کلتوری نیشتمان پەروەری لە ناو خەڵکدا، نەبونی کەرەستەی پێویست بۆ دەربڕینی سۆزی نەتەوەیی. ناکۆکی لەسەر شتی پڕوپوچ بەشێکی دانەبڕاو بو لە ژیانی کوردەواری، هەندێ جار ئەو ناکۆکیە بە دیدارێکی رووبەڕووی چەند دەقەیی چارەسەر**

1. ارشاک سافرستان، المصدر السابق، ص ١٥٨.



**دەکرا، بەڵام هەندێ جاریش خوێن دەڕژا و دوژمنایەتی درێژخایەن دەکەوتە نێوانیان و لە نەوەیەکەوە دەگوازرایەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.."**[2]

مستەفا پاشا یامولکی لەسەر ئەم مەسەلەیە وەستاوە و وێنەیەکی کەم تەرخەمی و گوێنەدانی خەڵک و ئەم جۆرە ناکۆکیانەی ئەو سەردەمەمان بۆ دەخاتەڕو، ئەو روو دەکاتە خەڵکەکە و بەم شێوەیە رەخنەیان لێ دەگرێ :

**"ئەی ناس، ئەی برادەرانی کوردانم، لە ئەوەڵ نوسخەی (بانگی کوردستان)دا لە پاش سەلام بەعضێ قسە بۆ ئینتباهتان جەسارەتم کردبو، وام دەزانی کە لە ئەو قسانە، کە لە ئەو رموزانە ئینتباهێکتان بۆ حاصڵ بوە. وا ئەسەف هیچ تاثیری پەیدا نەبوە حیرصی جاە و حەسودی، سەعی و کۆشش تەنها بۆ مەنفەعەت ذاتی هەر دەوام دەکا. ئایا مەحبەت و قەومی و وەطەنی وا دەبێ؟ لە پاش خۆتان بۆ ئەولاد و ئەحفاتان تیذکارێکی چاک بەجێ بێنن، لە پاش مردنتان فەرزەندان وەطەن رەحمەتێکتان بۆ بنێرن، لە سەر قەبرەکانتاندا بە ئەسپایی و بە سەلام و تەعظیم پێ هەڵبنێن، ئەولادەکانتان بە عەزم و کرداری ئێوە خۆشحاڵ خۆ بەرزی بنوێنن، ئەوانیش هەر ماڵ و ئەو ماڵ نەگەڕێن، هەر بە توتن کێشان و نۆشینی چای خاوەن مردو مەشغوڵ نەبن، فیکری تەحصیلی علم بکەن. دونیا تێ بگەن تا لە مەجالیسی مەدەنییەتدا ئثپات مەوجودیەت و مەدەنییەت و بە سەربەستی ئیظهار ئەفکار و مەعنەوییات بکەن. تاکەی بۆ چاکی و تەرەقی وەطەن دەنگ نەکرێ؛ هەر بەحثی لیرە و کولێرە، هەر**

2. ارشاک سافرستان، المصدر السابق، ص ١٠٤.

**قصەی توتن و کەتیرە بکرێ. هەر دەفتەری  خصومەت و جەهالەتی پێشومان بخوێنرێ"**(1)

شان بەشانی ئەم هەنگاوانەی کە سەرۆک خێڵەکان ئەنجامیان دەدا، نوخبەی رۆشنبیری کوردیش دەستەوەستان دانەنیشتبون، ئەوانیش لە ژێر کاریگەری ئەو بزوتنەوە نەتەوەییە چالاکەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە باکوری کوردستان و ئەستەمبوڵی پایتەختی عوسمانی سەری هەڵدابو، لە هەوڵ و تەقەلاکانیان بەردەوام بون.

عەباس وەلی، وێڕای ئەوەی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە باشوری کوردستان دیاردەیەکی نوێیە، بەڵام پێی وایە لەو کاتەدا کە ئینگلیزەکان دەگەنە باشوری کوردستان، لە ناو منەورەکانی کوردا وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەو دۆخە نوێیەی کە دروست ببو، بیری ناسیۆنالیزمی چەکەرە دەکات:

**"لە عێراق ناسیۆنالیزمی کورد تەنها پاش جەنگی یەکەمی جیهانی وەک بەدەنگ هاتنێک لە بەرامبەر هەوڵەکانی ئینگلیز بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی مودێرنی عەرەب دەستی بە گەشەسەندن کرد"**(2)

1. مستەفا پاشای یامولکی، بانگ کردستان ژمارە ٣، ٢١ ئابی ١٩٢٢ مستەفا پاشای یامولکی، بانگ کردستان ژمارە ٣، ٢١ ئابی ١٩٢٢

2. مارتن ڤان بروینسێن و ئەوانی دیکە، وەرگێڕانی وریا رەحمانی، ناسیۆنالیزمی کورد لە روانگەی رۆژئاو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٢ ل ٨٢



سەرەتا دەبێ بڵێم بۆچونەکەی وەلی لەوەدا نەپێکاوە کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە باشوری کوردستان کاردانەوە نەبوە لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بەلای کەمەوە لە سەرەتاکانی ئەم دەرکەوتنە، چونکە عەرەبی عێراق خۆیان هێشتا نەیانتوانی بو پڕۆژەیەکی نەتەوەیی بەرهەم بهێنن. وەلی ئەو کەسانەی کە ناسیۆنالیزمیان هێنایە ناو فەزای کۆمەڵگای کوردییەوە، دەکات بە دوو دەستەوە:

**یەکەمیان: ئەو دەستەبژێرانەن کە بیروڕای، تێڕوانینەکانیان ئاوێتەی ئاین ببو، هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین ئەدەبیات و ئاین تێکەڵەیەکە لە بیروڕای ئاینی و نەتەوایەتی، واتە بیروڕای ناسیۆنالیزمی بە شێوەی سەربەخۆ نەبوە، بەڵکو ئەو دەستەبژێرەی کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگا و بیروباوەی ئاینییە، باسیان لێوە کردوە.**

**دوەم: ئەو دەستەبژێرانە کە هەڵگری بیروباوەڕێکی عەقلانی تر بوون، ئەمانە یان کەسانی بیرۆکرات بون یان لە سوپای عوسمانیدا ئەفسەربون. وەک محەمەد ئەمین زەکی کە بۆ یەکەم جار مێژووی کوردەکانی نوسیەوە.**

دوای ئەوەی ئینگلیزەکان دەگەنە ناوەندی سلێمانی (کە بابەتی توێژینەوەکەمانە) هەردوو جۆرە دەستەبژێرەکە بە شێوەیەکی چالاکانە دەکەونە چالاکی بۆ بوژانەوەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی. روجر ئەوین(3)

3. ادوارد روجر أوین سالّی ١٩٣٥ لە دایک بووە، مێژوو نوسی بریتانیە پسپۆرە لە کاروباری ئابوری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ناسیۆنالیستەکانی هەر کۆمەڵگایەک دەکات بە دوو بەشەوە، لەوبارەوە دەڵێ:

**"دەبێ جیاوازی لە نێوان دوو جۆر لە ناسیۆنالیزمدا بکرێت، ناسیۆنالیزم وەک ئایدۆلۆژیا و ناسیۆنالیزم وەک بزوتنەوە یان جوڵانەوە. مەبەست لە ناسیۆنالیزمی ئایدۆلۆژی بانگەوازە بۆ چەک هەڵگرتن و زیاتر لە شیعر دەچێ تا ئەوەی فەلسەفەیەک بێت بە باشی داڕێژرابێ. بە مانایەکی دیکە داخوازیەکە دەبێ دروست بکرێت لە بەرامبەر داخوازی رکابەرەکاندا .بەڵام ناسیۆنالیزم وەک بزوتنەوە، واتە رێکخستنێکی سیاسی کە خاوەن پرۆژەیەکی گشتییە و لە رووی کۆمەڵایەتیەوە هێزی راکێشانی خۆی هەیە.**[1]

نوخبەکانی سلێمانیش بەبێ ئەوەی پێی بزانن بەسەر ئەو دوو شێوازدا دابەش ببون، بەشێکیان رۆڵی کاریگەریان هەبو لە ناسیۆنالیزمی ئایدۆلۆژی و بەشەکەی دیکەشیان لە ناسیۆنالیزمی پراکتیکیدا یان ئەوەی "ئەوین" ناوی ناوە ناسیۆنالیزمی رێکخراو.

لە دەستەی یەکەمدا دەکرێت ئاماژە بە ناوەکانی زێوەر، عەلی کەمال، حەمدی، شێخ نوری شێخ ساڵح بکەین، ئەمانە زۆر دژی داگیرکەری تورکی بون و پشتیوانیەکی زۆری دەسەڵاتێکی کوردی خۆماڵی، یان راستر بڵێین

[1]. روجر اوين، مواقف القوميين العرب خلال الفتره الكولونياليه في العراق فى العشرينات والثلاثينات، القومية مرض العصر ام خلاصه، اعداد للنشر فالح عبدالجبار، دار الساقي، ط1، ١٩٩٥، ص ١٣٨



شێخ مەحمودی حەفید بون، لەسەرەتادا زۆر گوێیان بە شێوازی فەرمانڕەوایەتیەکە نەدەدا، بەڵام بە تێپەڕبونی کات ئەمانیش کەوتنە ڕەخنەگرتن بە شێوازی خۆیان.

لە کەسە دیارەکانی دەستەی دوەمیش کۆمەڵێک ئەفسەری سوپای عوسمانی گەڕانەوە بۆ سلێمانی و رۆڵی بەرچاویان هەبو. لەوانە مستەفا پاشا یامولکی، تۆفیق وەهبی بەگ، جەمال عیرفان. عیرفان صائیب، ساڵح بەگی ساحیبقران، بەڵام ئەمانە سەرەڕای ئەوەی رۆڵیان لە ناسیۆنالیزمی ئایدۆلۆژیشدا هەبو، لە روی پراکتیکیەوە کاریان دەکردو باوەڕیان وابو کە ئینگلیز دەتوانێ رۆڵی گەورە لە دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردیدا بگێڕێ، دروستکردنی "جەمعیەتی کوردستان" پرۆژەیەکی گرنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی بو بۆ ئەوەی لە رێگەیەوە کۆمەڵگای کوردی لە باشور یەکبخرێت، بەڵام هاتنەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان و پشتگیری نەکردنی لەو پرۆژەیە، ئەو هەوڵەی لە جێگەی خۆی پوکاندەوە.

(مەریوان وریا قانع)یش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناسیۆنالیزمی کوردی سەرەڕای بونی کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و ناوچەگەری لەسەر دەستی نوخبەی نوێ و خوێنەواری کوردی بڵاو بوەتەوە:

**"لە کوردستاندا کۆتایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و کۆتایی سیستمی خەلافەت هاوشان نەبون بە کۆتایی هاتنی سیستمی خێڵ، خەیاڵ و عەقڵیەتی ناوچەگەرایی، بەڵکو بە پێچەوانەوە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرەیەتەکە هەم خێڵ و هەم ناوچەگەرایی بەهێزتر بون، بەڵام ئەم**

**بەهێزیانەش ڕێگر نەبون لە بەردەم بڵاوبونەوەی ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا بە تایبەتی لە ڕێگای نوخبەی نوێ و خوێنەواری کوردییەوە"**[1]

سەبارەت بە کارە کلتوریەکانی ئەو نوخبەیە ئەمیری حەسەنپور دەڵێت:

**"ئەو ڕۆشنبیرانە هەوڵیاندا لە ڕێگای ستاندارد کردنی زمانی کوردییەوە ئەم زمانە پێشبخەن و بیکەن بە ئامرازێک بۆ پەروەردەیەکی مۆدێرن وپێکهێنانی میدیاکان، ئەدەبیات و کلتور"**[2]

❋❋❋

1. مەریوان وریا قانع، ناسیۆنالیزم و سەفەر، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند، ٢٠٠٥، ل ٥٦.
2. مارتن ڤان بروینسێن، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٠٨



**گەڕانەوەی ئەفسەر و تەکنۆکرات و منەوەران**

لە دوای سەقامگیری سلێمانی لەسەر دەستی مێجەر نوئێل و بوژانەوەی کلتوری کوردی لەسەر دەستی مێجەر سۆن، پەیتا پەیتا ئەو ئەفسەر و تەکنۆکراتانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانیدا پلە و پۆستیان هەبو، دەگەڕانەوە بۆ سلێمانی، ڕۆژنامەی "**بانگی کوردستان**" هەواڵی گەڕانەوەی پۆلێک لەو ئەفسەرانە لە ژمارە (٨)ی ٢٩ی ئەیلوی ١٩٢٢ بەم شێوەیە بڵاو کردوەتەوە:

**"لە وەطەن پەروەران کوردستان جەناب سەعادەت مەئاب میر لیوا جەناب صدیق پاشا کە بەینێکە لە بەغدا بوە، ئەمجارە بۆ خنمەتی وەطەن و میللەت تەشریفی هاتوەتەوە بۆ سلێمانی، عەرض بەخێرهاتن و دۆعای موەففەقییەتیان بۆ ئەکەین".**

**"بێکباشی ئەرکانی حەرب جەنابی توفیق وەهبی بەگ و بێگباشی خالید سەعید بەگ، یوزباشی ڕەشید ئەفەندی و مەلازم ئەمین ئەفەندی، مولازم**

**عەزیز حیکمەت ئەفەندی، مولازم عەبدولعزیز ئەفەندی و مولازم ڕەواندزلی ئەمین ئەفەندی لە بەغداوە ڕۆژی دووشەمە ٢٥ی ئەیلول ١٩٢٢ تەشریفیان هێناوە بۆ سلێمانی، عەرضی بەخێرهاتنیان ئەکەین".**

**"لە ئەشراف و موعتەبەرانی سلێمانی جەناب محەمەد ئاغای عەبدولڕحمان ئاغا و ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ، عزەت بەگ عوسمان پاشا و ئیبراهیم ئەفەندی و مولازم عەسکەری کە بە ئەمری حەضرەتی حوکمداری کوردستان طەڵەب کرابون بۆ صلاحیە، ڕۆژی دووشەمە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٢٢ تەشریفیان گەڕایەوە بۆ سلێمانی"**

لە ڕاستیدا هەموو ئەو بزوتنەوە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیانەی کە لە دوای سییەکانی سەدەی بیستەم و تاوەکو ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەرکەوتون، ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بناغەیەی کە منەوەرەکانی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم دایانڕشت، ئەوان لە ڕێگەی دروست کردنی جەمعییەت و کۆمەڵەی جیاجیا و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەوە کاریان دەکرد بۆ زیندو ڕاگرتنی مێژووی کورد و دەرخستنی خاڵە هاوبەشەکانی کلتور و داب و نەریتی هاوبەش و گرنگی پاراستنی زمانی کوردی.

***



**گوتاری نەتەوەیی لای نوخبەی ڕۆشنبیرانی کورد:**

ڕووداوەکانی دوای هاتنی ئینگلیز بۆ سلێمانی، هەلی ئەوەی بۆ روناکبیرانی سلێمانی رەخساند تاوەکو شێوەی تێڕامانیان بۆ ئینتما و شوناسی خۆیان و ئەو کۆمەڵگایەی کە تێدا دەژیان، بە تەواوەتی بگۆڕن. کوردایەتی و کورد بون، جێگەی بە رەعیەت بون لە چوارچێوەی عوسمانیەتدا لەق کرد.

دام و دەزگای بەڕێوەبردنی خۆماڵی، پۆلیس و لەشکری کوردی، ڕۆژنامە و قوتابخانە و خوێندن بە زمانی کوردی، هەموو ئەوانە کاریگەرییان هەبو لە سەر ئەوەی نوخبەیەکی کوردی وا دەرکەوێت کە کوردایەتی لە هەست وسۆزێکی لاوازەوە بگۆڕێ بە گوتاری کارای سیاسی و ڕۆشنبیری.

ئەوان لە گوتارەکانیاندا باسیان لە سەربەخۆیی و سیاسەت و نیشتمان و نەتەوە و کلتور و مەدەنیەت و فەن و سەنعەت دەکرد، بۆ کۆمەڵگای کوردی

ئەو سەردەمە ئەم چەمکانە نەک هەر نوێ بون، بەڵکو لە ڕێگەیانەوە ئەو بیروباوەڕە کۆن و ژەنگاویەیان تێک دەشکاند کە ساڵانێک بو هەژمونی بەسەر کوردەواریدا هەبو.

عەتا قەرەداغی سەبارەت بە گوتاری نەتەوەیی کوردی دەڵێت:

**"بریتییە لەو گوتارە گشتگیرەی کە سەرجەم ویست و ئامانج و داواکارییە کلتوری و سیاسی و مێژوویی و شارستانی و ژیاری و ستراتیژییەکانی ئینسانی کورد وەکو نەتەوە و وەکو تاکی نەتەوەیش لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە. گەوهەری ئەم گوتارە لەسەر بنەمای ڕوانین بۆ کورد وەکو نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو و زمان و داب و نەریتی هاوبەش و سەرجەم ڕەگەزە پێویستەکانی تر بۆ بون بە نەتەوە پێک دێت".**[1]

لە خوێندنەوە بۆ ئەو وتارە ڕۆژنامەوانیانەی کە ڕۆشنبیرانی کورد لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابوردودا نوسیویانە، دەردەکەوێت ئەوان کاریان کردوە بۆ ئەوەی گوتاری نەتەوەیی کوردی لە سۆزێکی ویژدان بزوێنەرەوە بگۆڕن بۆ پرۆژە و ئایدۆلۆژیای سیاسی، تاکو لە ڕێگەیەوە کۆمەڵگای کوردی کە خێڵ و عەشرەتگەری ببوە ناسنامەی؛ تەیار و ئامادە بکەن بۆ بون بە نەتەوە، ئەو نەتەوەیەش دەبێ لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا بەرقەرار بێت.

---

[1]. عەتا قەرەداخی، ستراتیژ و کەسێتی نەتەوەی کورد، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری مرۆڤایەتی، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٤١.



ئەوان لەوەدا ناکۆک نەبون کە پێکهێنەرەکانی نەتەوەیی کورد جگە لە پەیوەندی نەژاد و خوێن، زمان و کلتوریش دەگرێتەوە.

نەوەی یەکەمی ناسیۆنالیستە کوردەکان لە سلێمانی تەنها زمان و مێژوو و پەیوەندی نەژادیان نەکردبوە ئامانج بۆ خۆیان، بگرە تەنانەت سەربەخۆیی کوردستانیان لەوەدا نەدەبینی کە کورد خۆی لەوانی دی جیا بکاتەوە، خۆی لە جوگرافیایەکی بەرتەسکدا زیندانی بکات، بەڵکو دەیانویست لە ڕێگەی دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆوە کار بۆ باشکردنی دۆخی ئابوری و کلتوری و کۆمەڵایەتی کورد بکەن و لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوی بەکاربەری کشتوکاڵییەوە بیگوازنەوە بۆ کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوی بەرهەمهێن کە هونەر و سەنعەت تێیدا باڵا دەست بێ.

فردریک هرتز ئامانجەکانی ناسیۆنالیزمی لە چوار ڕەگەزی سەرەکیدا کۆکردوەتەوە:[2]

١. هەوڵدان لە پێناوی یەکێتی نەتەوەیی، کە پێک دێت لە یەکێتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و کلتوری و هاوبەشی و هاوکاریکردنی یەکتری.

٢. هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی نیشتمانی، کە پێک دێت لە سەربەخۆ یی و سەربەستی لە دەستێوەردانی بێگانە و ئازاد بوون لە هێزە نا نەتەوەییە ناوخۆییەکان.

---

[2]. فردريک هرتز، القومية في السياسة والتاريخ، ترجمة عبد الكريم احمد، مطبوعات الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة-٢٠١١، ص ٢٨-٢٩

٣. هەوڵدان بۆ جیابونەوە یان جیاوازی و یاخود پابەند بون بە سیفەتی جیاکەرەوە، وەک جیاکردنەوەی زمانی نەتەوەیی و پێدانی بەها و نرخ بەو زمانە.

٤. هەوڵدان بۆ سەرکەوتن لە نێو نەتەوەکاندا لە رووی شەرەف و کەرامەت و هەیبەت و کاریگەریەوە.

مستەفا پاشا یامولکی لە سەروتاری رۆژنامەی (بانگی کوردستان)دا، وێنەیەکی روونی دۆخی دواکەوتوی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەو دەمەی کوردستان دەکێشێ و دواتر پەنجە لەسەر هۆکارەکەی ئەو دۆخە دادەنێت، و لە کۆتایی وتارەکەشدا پرۆژە نەتەوەییەکەی خۆی و هاوەڵەکانی دەخاتە روو:

**"ئەی قەومی قەدیمی پەهلەوی، گوێ بگرن لە (بانگی کوردستان)، ئەم بانگە بۆ خەبەرداری هەموو کوردانە، بۆ هۆشیاری شێرانە، بۆ بیستن باوک و دایکانە، گوێ بگرن ئەم بانگە چی تێدایە؟ .. قسەی پڕوپوچی کۆڵانان، درۆ هەڵبەستنی رێژگاوان بەسیە. تەماشای عالەم بکەن لە صەنعەت و مەعریفەت دا لە ئێمە پاشکۆتر کێ هەیە؟ کاڵایەکمان نییە بۆ سەتری عەورەتمان کافی بێ، دەرزی و دەزویەکمان نییە کە دەسکردی وڵاتمان بێ، نیشانەی عەزەمەت و خانەدانی کە ئێستا عیبارەتە لە شەکر و چای ئەوانیش هی کوردستان نییە، لە جێگای تر دێن. پارچە کاغەزێک کە بۆ نوشتەی چەور و شیرینی بێ، ئەویش لە فەرەنگستانەوە دێ، لە سەدا چوارمان تیا نیە کە کاغەزێ بۆ کەس و کاری و سرێکی مەحرەمی بۆ**



**عائیلەی خۆی بنوسێ. مشکی و مێزەرمان لە ئێران و فەرەنگستان، گورونی گوڵ ئۆقیەییمان لە هیندوستان. عەبای گەورە گەورەی نازدارانمان لە عەرەبستان، کفنی مردومان لە ئەوروپاوە، مەلۆتکەی منداڵمان لە ئەمریقاوە دێت.**

**وەلحاصڵ لە هەموو چشتێک مەحرومین، لە حوادیث عالم بێ خەبەرین. ئەمە هەموی سەبەبی بێ عیلمییە، لە فنونی جیهان بێ بەهرەییە، لەگەڵ ئەمەیش هەر یەکتری تەنقید و هەرکەس ئیش بکا، لە پێش بینی نەتیجە، لەبەر جەهل و حەسودی ئەو ئیشە بە خراپی تەئویل دەکەین".**

مستەفا، پاشا رۆژنامەی بانگی کوردستان بەو کەرەستەیە دەزانێت کە لە رێگەیەوە کورد سەرفرازی دەست دەکەوێت و لە دوبەرەکی و نیفاق دوری دەخاتەوە، بۆیە داوا لە کوردان دەکات گوێ لە پەیامەکانی بگرن، لەم وتارەدا دەردەکەوێت کە یامولکی باوەڕی بە خەباتی چەکداری نەماوە بۆ رزگاری و تەنها زانست و پیشەسازی و ئەدەب بە گرنگ دەزانێت:

**"ئەی برادرانی کوردان، وەرن گوێ لە بانگی کوردستان بگرن، بزانن چی لێ حاصڵ دەبێ، چ ثەمەرەیەک دەدا حوسنی نییەت و برادەری سەبەبی سەرفرازییە، نیفاق، غەیبەت، باعث پەرێشانی و سیاهییە، زەمانە گۆڕاوە عیلم و دانش بەسەر هەموو کارێکا حاکمە، گوێ بگرن لە بانگی کوردستان دەڵێ (گورز و رم رابورد، ئێستا پاڵەوان عیلمە، سیلاحی دەست سەنعەت و باریقەی تیغ و سیتان عیلمە. هەر کەسێ فیکرێکی چاکی هەیە، بۆ ئەولات وەطەن و میللەت بە خێری دەزانێ، بە پیاوەتی ئاشکرای بکا، تا**

**لە دائیرەی عیلم و ئەدەبدا بخوێنرێتەوە، قسەی پڕوپوچی شەوان ببڕێتەوە، ئەوە بانگی کوردستان دەستی پێ کرا"**

گەر بە چاوێکی رەخنەگرانەوە بڕوانینە ئەو وتارانەی کە پێشەنگەکانی بیری نەتەوەیی کوردی لە باشوری کوردستان نوسیویانە، دەردەکەوێت ئەوان کوردایەتیان لە قاڵبێکی وشکی دابڕاو لە پرەنسیپە مرۆڤایەتییەکان وەرنەگرتوە، بە پێچەوانەوە هەڵوێستیان سەبارەت بە ئاین و کلتور و مێژوو و شارستانێتی هەڵوێستێکی پێشکەوتوخوازانەیە، پێشکەوتنی کورد و دوانەکەوتنی لە کاروانی پێشکەوتنەکان بە خزمەت بۆ مرۆڤایەتی دەزانن:

عارف صائیب لە بارەی پڕۆژەکەیانەوە دەڵێ:

**"شکوری خودا بۆ عمومی میللەتی کورد، ئێمە بوینە پێشوایی ئازادی و سەرچاوەی سیاسەت و سەعادەتی کورد، هەر لێرەوە لەبەر ئەوەی هەموو قەومەکانمان چاوەڕوانی خێر و خۆشی لە ئێمە ئەکەن، دۆست و دوژمن چاوەڕوانی ئەوضاع و جەریانی سیاسی و ئەساسی ئەم حاڵەی ئەمڕۆمان ئەکەن. ئەگەر ئێمەش وەکو سایری ئەقوام ئیتفاقێکی پاک و چاک بکەین، دەستی مەحەبەت و برایەتی بدەینە دەست یەک، بە حوسنی نییەت و بە کۆمەڵێکی رێکوپێکەوە لە شاهراهی ئازادی و ئینسانیەتدا تۆزێ بچینە بەرەوە، بە بیداری حقوقی مەشروعەی خۆمان شاد ئەبین، بە سەعادەتی دین و دونیا ئەگەین. بەم نەوعە صەحیفەیەکی تەئریخ بە ناونیشانی خۆمان رەنگین و زیوین ئەکەین، ئەو وەختە بە کەمالی سەربڵندی و ئیفتخارەوە لە ناو ئەقوام و کورەی ئەرض دا ئەژین. ئەمین بن ئەو حەلە**



**بۆ ئەوەی لە مەوجودیەت و سیاسەت و ئێمە ئیستفادە بکات، هەمو حکومەتێ بە گیان و دڵ حەز بە دۆستی وئاشنایەتی و معاوەنەت و هەمراهیمان ئەکات"**

نوسەرانی ئەم قۆناغە هەمیشە هەوڵیان داوە بەراوردێک بکەن لە نێوان بارودۆخی دواکەوتویی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان و ئەزمونی گەلانی دیکەدا، کە لەبەر یەککگرتوویی و پشت بەستن بە خۆیان توانیویانە وڵاتەکانیان یەک بخەن. ئەوان لە وتارەکانیاندا وێنایەکی جوانی ئەو داهاتوە چاوەڕوان کراوە دەکێشن کە کوردەواری پێی دەگات، گەر هاتوو ئەو مەرجانەوە لە خۆیاندا جێبەجێ بکەن. لە سەروی ئەو مەرجانەوە کە دەیانخستنە ڕوو "یەکێتی"، "صەنعەت"، "مەعریفەت" و "مەدەنیەت". عارف صائیب زۆر بە ڕوونی ئەو مەسەلەیە دەردەبڕێ:

**"بە تەئریخ و تەجروبە دەرکەوتوە ئەو قەومەی لە دەست درێژی و خەفای خەڵقی ئازاد و دڵشاد بکات، هەر ئیتحادە. لە سایەی فەیض و بەرەکەتی ئیتحادەوەیە کە ئەم میللەتە بچکۆلانەی سەر روی زەمین، لە دوای ئەسارەت و زەبونی، رزگار و بەختیار بون. هەر لە سایەی ئیتحاد و ئیتیفاقەوەیە ئەم حکومەتە گەورانە کە هەر یەک لە چەند میللەت و چەند قەطعە ئەراضی جیاواز تەشکیلیان کردوە. موحافەظەتی مەوجودیەت خۆیان ئەکەن، بە کەماڵی حورمەت و عیزەتەوە ئەژین، هەریەکە حاکمی بەڕ و بەحرن".[1]**

1. عارف صائب، یەک بون، رۆژی کوردستان ژمارە ٦،٢٧کانونی اول١٣٣٨، ل ٢-٣.

"م.نوری"یش وەک منەوەرێکی شارەزا و دیاری ئەو قۆناغە، وەک شارەزایەکی مێژوویی، لە رێگەی هێناوەی نمونەی ئەو پرۆسەی ریفۆرمخوازییەی کە سەدەی هەژدەیەم لە سەر دەستی "کارل هاردنبێرگ"[1]"گێرهارد فۆن شارنهۆرست"ی ئەدیب و شاعیرەکان لە پروسیا رویدا، هیوا دەخوازێت کوردیش بێ هیوایی بەلاوە بنێت و لە رێگەی چەند نیشتمان پەروەرێکەوە لە دوای ئەو فەلاکەتەی کە تێیدا ژیاوە، داهاتو بۆ خۆی تۆمار بکات:

"**میللەتێکی فەلاکەت دیدە کە صاحیبی سێ چوار وەطەن پەروەر بێت، ئیستقبال تەئمینی دەکاتەوە. وەکو ئەم زاتانە کە حکومەتی پروسەیان تامین کرد. لە زەمانی ئەم فەلاکەتەدا و لە رەئسی کاردا (شتاین) مالییە (هاردن بێرغ) وەرگت و ژەندرمەی ئیصلاح کرد، (شارنهرۆست) تەعلیم وتەربیەی ئۆردووی دەرعوهدە کرد. لەولاشەوە شاعیران، ئەدیبان، وەطەن پەروەرانی فیکری میللەتیان تەنویر کردەوە، حیسی وەطەنییان زیاد کرد و لە تەئریخی (١٨١٢-١٨١٣) ئەڵمان حوریەت و ئیستیقلالیەتی خۆی ئیستیرداد کردەوە.. ئیمڕۆ ئێمەش لەم دەرسانە عیبرەت وەرگرین، بە یەئس و کەدورەوە خۆمان مەحو نەکینەوە و عاقیبەتمان روناک بکەینەوە، مەعارف ئیصلاح بکەین، ئوردو تەنسیق و تەقویە بکەین..** ".[2]

بەکارهێنانی ناوی ئەو ناودارانە وەک نمونە، خۆی لە خۆیدا نیشانەن بۆ بەربڵاوی فیکری و شارەزایی شێخ نوری شێخ ساڵح، ئەو لە روانگەیەکی نەتەوەیی واقعبینانەوە دەڕوانێتە مێژووی گەلان. ئەو دەزانێت هەستی نەتەوەیی لەلای کورد هێشتا ساوایە، بۆیە لە هێنانەوەی نمونەکانیدا پشت بە ئەزمونە سەرکەوتەکان لەلای گەلانی دیکە دەبەستێ، دوو مەرجیش بۆ دەرچوون لەو دۆخە دادەنێت، ریفۆرم کردن لە پەروەردە و فێرکردن، لەگەڵ دروستکردن و بەهێز کردنی سوپایەکی نیشتمانی.

زێوەری شاعیریش، بۆچونە نەتەوەییەکانی خۆی بەم شێوەیە لە رۆژنامەی "رۆژی کوردستان"دا دەخاتەڕوو:

"**قاعیدەی موسەللەمەی مەنتیقە کوللی ئینسانێ قابیلول عیلمە، عیلم بێ قابیلی تەرەقیە. مەگەر کورد ئینسان نییە؟ بەشەر نییە؟ جێگای نییە؟ رێگای نییە؟ حاشا هەموی هەیە. ئینسانی عالم و کامیلی زۆرە، منەوەرانی کورد ئەمڕۆ لە شەرق و غەرب مەوجودە. ئێمە لەسەر جێگا لەوەرێ قەبوڵ ناکەین غەیری صاحێبی خۆی حەیوانی لێ بدا، بۆ ئەم هەموو باغ و باغاتە و شاخ و شاخاتە، ئەم مێرگە رەنگینانە، ئەم مێرگوزارە نەخشینانە، چۆن قەبوڵ بکەین غەیرە رووی تێکا و بە هەوەسی خۆی جێگامان پێ**

---

[1]. کارل هاردنبرگ ١٧٥٠- ١٨٢٢، سیاسەتمەدارێکی ناوداری پرۆسیا بو لە جەنگی نێوان پروسیاو فەرەنسادا لە نێوان ١٧٩٢-١٧٩٥ناوبانگی دەکرد. دوای جەنگی سەربەخۆی یەکێک بو لەو کەسانەی کە وەک وەزیری جەنگ تاوەکو ساڵی ١٨٠٦ خزمەتی کرد و رۆڵی گەورەی هەبو لە رێکخستنی سوپای وڵاتەکەی و هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتی و رێکخستنی پەروەردەو فێرکردن، نازناوی ئەمیری پێ بەخشرا.

[2]. م.نوری، رۆژی کوردستان، ژمارە ١٣ ، ١٧ شباط ١٩٢٢، ل ١-٢.

**ئیحسان بفەرمێ. حاشا ئەوە هۆشی بێ، ئەمە قەبوڵ ناکا و دەڵێ: کوردستان ماڵی کوردانە چونکە ئەم موحیطەی کوردە کە بەقەد دەوڵەتی ئیسپانیا ئەبێ، هەموو میلەتێکی یەک زبانن، یەک دینن، یەک مەزهەبن، تەشەکولاتی صورەتیشیان یەکە، ئیدعای حیمایەی ئەقەلیات ناکەین، ئیدیعای مەوجودییەتی کیتلەیەکی عەزیم لە ئیسلام ئەکەین.**

**ئێمە وەک هیچ قەومێک نین، لە هەمو شتێکدا یەکین و فەرێکی غەیرەمان لە ناوا نییە. تاق و لۆقە جولەکە یان کلدانیەک بێ لە ئێمە کورد ترە، لە ئێمە زیاتر ئیستقلالیەتی حکومەتی وەتەنیەیان ئەوێ، کە وابێ، کەس حەقی نییە تەجاوزی حەقی مەشروعەمان بکات، (کوردستان ماڵی کوردانە صاحێب وجدانیش هەموی لە لۆزانە)، وەک دین و مەزهەب، ئاین و زبانمان یەکە، قسەشمان هەموی وایە (کوردستان ماڵی کوردانە، حەرامە لە بێگانە).**[1]

رەفیق حیلمی لە بابەتێکدا لە ژێر ناوی "حکومەتی میللیە فائیدەی چییە؟" باس لە گرنگی حکومەتی نەتەوەیی بۆ گەلێکی ژێردەستەی وەک کورد دەکات و دەڵێ:

**"عەجەبا حکومەت میللیە فائیدەی چییە؟ ئەوەڵەن ئەگەر حکومەت میلیە بەردەوام و ئیستقبالی تامین کرابێ، فائیدەی یەکجار عەظیمە، ئەمە ئەصڵەن ئینکار ناکرێ، ئیحتیاج بە ئیضاحیش نیە. ثانیەن فەرظەن حکومەتی ئاتی**

1. زێوەر، کوردستان ماڵی کوردانە، رۆژی کوردستان، ژمارە ٩، ١٧ کانونت دوەم ١٩٢٣، ل١.



**تەئمین نەکرابێ وە یا موەقەت بێ. ئیسان بونی و رۆژێک زیاتر دەوامی لە مەنفەعەت خاڵی نییە، بەشەرطێک ئەولیائی ئمور دورئەندێش بێ، ئیستقبال بێنێتە بەرچاو. چونکە فائیدەی لەوەدایە کە نەسڵی حاضر بە فیکری موجادەلە پێ بگا...**

ئەو داوا دەکات دەبێ لە سایەی فەرمانڕەوایەتی مەلیک مەحموددا ئازادی رۆژنامەوانی بێ قەید و شەرت بەرقەرار بکرێت، بۆ ئەوەی خەڵک بە ئازادی بیروڕای خۆیان دەربڕن و دەسەڵاتی دیکتاتۆری دروست نەبێت و دەڵێ:

**"لازمە ئەمڕۆ لە سلێمانیدا مەطبوعات و ئەفکار فوقەلعادە سەربەست بێ و هەمو تێگەیشتوانی میللەت بلا قەید و شەرت سەربەستیان تامین بکرێ، حەتا لە تەحتی ریئاسەتی جەنابی مەلیکدا بە پرۆغرامێکی قەتعی و فائیدەبەخش جەمعیەتێکی ئەحرار تەشەکول بکا بۆ خاتری ئەمەی کە هەم بۆ صەڵاح مودافەعەمان بێ و هەم ئیدارەی مطلقە و موستەبیدانە لە مەملەکەتمانا غەیری قابیلی تەشەکول بێت و ئیلا فڵان هات و فیسار رۆیی هەموو بە نەتیجە بۆ ئێمە فەلاکەت تەولید دەکات".**[2]

حسین نازم کە یەکێکە لە رۆژنامەنوسە دیارەکانی سەردەمی شێخ مەحمود و ماوەیەک سەرنوسەری رۆژنامەی "امید استقلال" بووە، لە وتارێکدا لە ژێر

2. رەفیق حیلمی، حکومەت میلیە فائیدەی چیە؟ امید استقلال،١٥ تشرینی دوەم ١٩٢٣، ژمارە ٩، ل ٤.

**ئیستحقاق، یاخود مەنفەعەتی شەخصی بۆ فەلاکەت و موصیبەتی یەکتری چاوەڕێی فرسەتین..**

**مع مافیه هیچ فەلاکەت و موصیبەتێک هۆشیار و تەنبیه خواردوی نەکردوین، بیلعەکس له جەلبی مەصائیب ماهر تری کردوین، چونکه ئەوەندەی که فەسادی ئەخلاقیمان هەیه، له مەحاسینی و ویجدانییه چوینەته دەرەوە، بون به موطلەق خراپی، له بەر ئەمه به فەلاکەتی خۆولاتی موتەلذیذ ئەبین.**

نوسەر پێی وایه ئەو دۆخه خیانەتکاری دروست کردوه و خیانەتی ئەوانەش بوەته هۆی ئەوەی وڵات له دۆخێکی زۆر نالەباردا بژی، له کۆتایی وتارەکەیشدا داوا دەکات ئەو کەسانه دەستبەرداری ئەم کردەوەیان بین:

**ئەمرۆ به واسیطەی ئەم تەزویر و ئیفترای ئەم موفسیدانه، مەملەکەت له چ حاڵێکدایه! عەجەبا دڵ و ویجدانی ئەم موزەویرانه به گریه و ناڵەی ژنانی بێچارە و طیفیلی نەوزاد و مەعصومی شیره خواردە جگەر بوریان نابن؟ وەرن بۆ خاتری خودا با لەم ئەخلاقی جانەوەریه وازبێنین بهێنین رەحم به ئەحواڵی یەکتری بکەین به ناحەق هەر به خاتری ئارەزوو، مەملەکەتەکەمان خراپ، مەملەکەتەکەمان مەحو نەکەینەوە، ئیتر بەسه."**[2]
هەرچۆنێک بێت، منەوورەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزم له سلێمانی، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەیان له ژێر دوو گوشاردا بوون، له ناوی "هاوار له دەست ئەخلاقی بەدگۆیان و مزەوویران" رەخنەی توند له کۆمەڵگای کوردی و سیاسەتمەدارەکانی ئەو سەردەمه دەگرێت و دەڵێ:

**ئێمەش به ئیعتباری قەومیەت و خوصوصیەتێکی ئیجتماعییەمان هەیه، فەقەت ئەم خوصوصییەتەمان سوئی ئیستعمال کردوە.**

**واقعەن عەنعەنات ئەجدابییەمان عالیه، تەئریخ شاهیدی مەفاخیرمانه چ فائیدەیه که ئێمه خۆمان له سەوییەی ئەم مەفاخیره بێ مایهماینەوە. هەمو قەومێک له عالەمی مەدەنییەتدا تەعالی کرد، زەمان بۆ ئێمه قابلیەتی تەرەقی و ئیستعدادی تەفیضی نەنواند، جەوهەری فطرییەیمان له حاڵ مەتروکییا مایەوە. غوبار ئالود بوو و بەم غوبارەوە تەفەسوخی کرد، مەزییەتی فاضیلەمان وەرگەڕایه سەر رەدائەت، ئەم رەدائەتەش هەر مەخصوصی یەکترییه.**

نازم باسی شێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و نەخۆشی لەزەت بردن له **"ئازاردانی خود"**[1] له لای کورد دەکات، پێی وایه له جیاتی ئەوەی کارەساتەکان یەکمان خات، کەچی شارەزاتری کردوین له ئازاردانی یەکتریدا: **دەرحەق به یەک رەحم و شەفاعەتمان نییه، بۆ فەلاکەت و مەضەڕەتی خۆ به خۆ دائیمەن داوێن هەڵکراوین، به بێ ملاحظەی**

---

[2]. حسین نازم، هاوار له دەست ئەخلاق بەدگویان و مزوران، امید استقلال،١٥ کانونی دوم ١٩٢٣، ژمارە١٤، ل ٣.

[1]. نەخۆشیەکه له کاتی تێکشکان و داڕماندا توشی مرۆڤ و نەتەوەکان دەبێ و کەسەکان یان نەتەوەکان هەستێکی نێگەتیڤ سەبارەت به خۆیان دایان دەگرێ، بیر له سەرکەوتن و هەڵسانەوە ناکەن، له جیاتی رووبەڕوبونەوەی گرفتەکان هەڵدێن و لۆمەی خۆیان دەکەن.

لایەک پێکهاتەی خێڵەکی کوردەواری و ئاستی پێگەیشتنی تاکەکانی، لە لایەکی دیکەشەوە دونیا بینی و مامەڵە کردنی نالۆژیکیانەی سەرکردە سیاسیەکان لە گەڵ رووداوەکاندا، ئەوانە وای لێکردبوون ئەو ریفۆرمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی ئەوان دەیانویست تەنها لەسەر دوو توێی ئەو لاپەڕانەدا بمێنێتەوە کە دەیانوسی.

***

## بەشی سێ یەم

## کاریگەری ئینگلیز لەسەر ژیانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی

لە لاپەڕەکانی پێشودا باسمان لەوە کرد کە ئینگلیز بڕیاریدا ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی ئەو ئەفسەرانەوە کوردستان بەڕێوە ببات کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دۆستی کورد و ئاشنای کۆمەڵگای کوردستان بون. (مێجەر نوئێل) و (مێجەر سۆن) دوو لەو ئینگلیزانەن کە ساڵانی نێوان ١٩١٨ - ١٩٢٢ وەک حاکمی سیاسی ئینگلیز لە سلێمانی کاریان کرد.

بەڵام ئایا ئەمانە ئەرکیان هەر ئەوە بو کاروباری وڵاتێکی داگیرکراو بۆ وڵاتێکی داگیرکەر رێکبخەن؟ یان ئەرکەکەیان لەوە بەرفراوانتر بو؟

پێش ئەوەی قسە لە سەر رۆڵی ئینگلیز لە بوژانەوەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی بکەین، دەبێ ئەوە بخەینەڕوو کە سیاسەتی ئینگلیزەکان لە کوردستان بەگشتی و باشوری کوردستان و سلێمانی بە تایبەتی، بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە:

سەرباز و فەرمانبەرەکانی ئینگلیز  پەیامەکانی (ویڵسن)ی گەیاند بە گوێی کوردەکاندا.

دەوڵەتی عوسمانی بە درێژایی مێژووی داگیرکردنی کوردستان کاری لەسەر ئەوە دەکرد لە رێگەی ئاین و باڵادەستی سیستمی خێڵەکییەوە کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی کوردی بکات، بۆیە کاتێک کە سلێمانیش بەجێ دەهێڵن، هێشتا بەشێک لە کوردەکان، بە تایبەت هەندێ لە مەلا و سەرۆک خێڵەکان حەسرەتیان بۆ ئەو رۆژگارە دەخواست کە تورکەکان فەرمانڕەوا بون. لەسەر بناغەی ئەو بنەمایەی سەرەوە، بریتانیای کۆلۆنالیست کە ئەو دەم لیبرالیزمی کلاسیک فەلسەفەی فەرمانرەوایەتیان بو، هەوڵیاندا لە رێگەی بوژاندنەوەی ناسنامەی نەتەوەییەوە، عەرەبەکان و کوردەکان لە هەژمونی ناسنامەی ئاینی و خێڵەکی دور بخەنەوە. بەم شێوەیە جۆرێک لە ناکۆکی دروست دەبێت لە نێوان کۆلۆنالیزمی تورکی و کۆمەڵگای نوێی عەرەبی و کوردیدا، چونکە گەر ئەو نەتەوانە هەست بە ناسنامە نوێیە نەژادیەکەی خۆیان بکەن، ئەوا ئامادە نین جارێکی دیکە بچنەوە رکێفی تورکەکان.

رەنگە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە چ پەیوەندیەک هەیە لە نێوان بوژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی کورد و دەوڵەتێکی زلهێزی کۆلۆنیالی وەک ئینگلیزدا؟

وەڵامی ئەو پرسیارە لەم بۆچونەی لیندا مارتین دا بە رونی دەردەکەوێت:



**قۆناغی یەکەم:** لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨ تاوەکو ٢٤ تەموزی ١٩٢٣. لەم قۆناغەدا بریتانییەکان لە هەوڵی دامەزراندنی چەند قەوارەیەکی کوردیدا بوون. رۆبرت ئۆلسون بەم قۆناغە دەڵێت "**سەردەمی سیاسەتی نوئیل**".[1]

لەم ماوەیەدا ئینگلیزەکان بە دوو شێوە هەڵسوکەوتیان لە گەڵ کوردەکاندا کرد:

**یەکەم: تێگەیشتنی راستی؛ دروست کردنی نەتەوەیەک لە سەر کاغەز:** ویڵسن حاکمی سیاسی بریتانیا لە عێراق دەڵێ: "ئێمە بۆ **پارێزگاری کردن لە مافەکانی نەتەوە بچوکەکان، چوبووینە جەنگەوە**"[2]هەرچەندە ئەم وتەیە لە پڕوپاگەندەیەکی سیاسی نزیکترە وەک لەوەی حەقیقەت بێت، بەڵام کاتێک ئینگلیزەکان دەگەنە دەرگاکانی کەرکوک و لە سلێمانی نزیک دەبنەوە، هێشتا ئەو نوخبە سەربازی و تەکنۆکراتەی سلێمانی کە لە تورکیا بوون نەگەڕابونەوە بۆ باشوری کوردستان، بۆیە ئینگلیزەکان هەوڵیاندا پێش ئەوەی خۆیان بە فەرمی بگەنە کوردستان، کار لەسەر بوژاندنەوەی هەستی ناسیۆنالیستی کوردەکانی باشوری کوردستان بکەن، کە لەو کاتەدا خاکەکەیان کەوتبوە سەر هێڵی بەریەک کەوتن لە نێوان تورک و ئینگلیز. باشترین کەرەستەش بۆ بەریەک کەوتنێکی ئاشتیانە بە کۆمەڵگای کوردی بریتی بوو لە دەرکردنی رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) ئەم رۆژنامەیە پێش

1. روبرت اولسون، المصدر السابق، ص ١٢٠.
2. سێر ئارنۆڵد ویڵسن، سەرچاوەی پێشو، ل ١٦٢.

**" هاوکاریەکی گەورە لە نیوان دروستکردنی ناسنامەی نەژادی و لیبرالیزمی کلاسیک و مۆدێرنیزمدا، هەیە. بە نەژادی کردنی ناسنامە لە گەورەترین قۆناغەکانی کۆلۆنیالیزم و جینۆسایددا، پەرەی پێدراوە"**[1]

مارتین بە روونی دان بەو راستیەدا دەنێت کە هاتنە گۆڕی پرسی نەژاد وەک ناسنامە بۆ گروپە کۆمەلایەتییەکان، پەیوەندیی بە فەلسەفەی لیبرالیزمەوە هەیە کە ئەو کات ولاتە کۆلۆنالیستەکان پەیرەویان دەکرد.

ئەگەر ئەو بۆچونە بەسەر حالەتی باشوری کوردستاندا داسەپێنین، بریتانیەکان دەیانویست لە ڕێگەی دروستکردنی هێزێکی نوێی لۆکالییەوە کە ناسیۆنالیزمی کوردییە، رێگە لە گەڕانەوەی داگیرکەری پێشوو کە تورکەکان بوو، بگرن. هەر ئەم هێزەش لە جیاتی ئەوان ململانێکە بکات.

لە یەکی کانونی دووەمی سالی ١٩١٨ یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) لە بەغداوە دەرچوو، دوا ژمارەشی لە ٢٧ کانونی دوەمی سالی ١٩١٩ دەرچوو، ئەم رۆژنامە بە سەر یەکەوە ٦٧ ژمارەی لێدەرچوو. رۆژنامەکە ئامانجی خۆی بەم شێوەیە دیاری کردوە: **"تێگەیشتنی راستی خزمەتی یەکبوون و سەربەستی و سەرکەوتنی کوردان ئەکا. ئەمڕۆ هەموو ئەقوامی عالەم خەریکی بەجێ هێنانی ئەم ئومێدە موبارەکەن و گەلێکیان لە پاش کۆششێکی پیاوانە پێی گەیشتن. هەر فکرێ**

[1] . مارتین بالمر و جان سولوموز، ترجمە پرویز دلیر پور و سید محمد کمال سروریان، مطالعات قومی و نژادی در قرن بیستم، پژوهشکدە مطالعات راهبردی غیر انتفاعی، ١٣٨١، ص ٧٣.



**کە بە تەرازوی عیلم و عەقڵ نەپێورابێ عەرزی ناکەین، هەر ئیشێ کە بە تاقی کردنەوە چاک دەرنەچوبێ کردنی رەوا نابینین"**[2]

هەرچەندە رۆژنامەکە ناوی هیچ نوسەرێکی لەسەر نییە، بەڵام دکتۆر کەمال مەزهەر پێی وایە **"وردبونەوە لە چەند راستیەک و بەراوردیان، گومان لە بەشداری دوو کەس ناهێڵێ: یەکەمیان مێجەر سۆن و دوەمیان شوکری فەضڵی‌یە، لەوانەیە هەر ئەو دوانەش بە جوتە دەستەی نوسەر و کارگێڕی تێگەیشتنی راستی بوبن"**.[3]

حەمدی بابان یەکێک بووە لەو کوردانەی ئینگلیز ماوەیەک بە نیاز بوون بیکەن بە فەرمانڕەوای کوردستان، لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە ژمارە (٢٠) ١١ ئازاری سالی ١٩١٨ بلاو بوەتەوە، سەبارەت بەو رۆژنامەیە دەلێ **"ئەم رۆژنامەیە لای من وایە کە فکری کوردان رۆشنا دەکا و بە ئەوان رێی راست نیشان ئەدا و بۆ یەک بونی کورد و رێکخستنی ئەفکاری کوردان واسیطەیەکی گەورەو زۆر چاکە، هەمو کوردێکی عالی جەناب بە دڵێکی خۆش دەیخوێنێ. حەتا ئەو کوردانەی کە خوێندن و نوسین نازانن لە بەر ئەمەی کە رۆژنامەیەکی وا بەزمانی ئەوان نەشر دەکرێ خۆشییان تێ کەوتوە"**

[2] .. تێگەیشتنی راستی، ژمارە یەک، ١ کانونی دووەمی ١٩١٨.

[3] .د. کمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی شوێنی لە رۆژنامەگەری کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٨، ل ١٠٣.

شەعبان مزیری سەبارەت بە ئامانجەکانی دەرکردنی "تێگەیشتنی راستی" دەڵێ:

**"ئامانجی ئینگلیز لە دەرکردنی ئەو رۆژنامەیە پێکـانی ئەو ئاڕاسـتەیە بوو بۆ تێکوپێک شکاندنی بۆچوون و قسە و باسی سیاسەتەکانی تورکە عوسمانییەکان... زۆربەی سەروتاری رۆژنامەکە هەوڵی راکێشانی سـۆزی کوردی دەدا و تێی دەگەیاندن کە تورک هیچ خێرێکیان بۆ کورد ناوێ".** [1]

ئینگلیزەکان لە رێگەی رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی)یەوە هەستی نەتەوەیی‌کوردەکانیان دەوروژاند تا وایان لێبکەن بیر لە گەڕانەوە بۆ ژێر دەستەیی تورکەکان نەکەنەوە، هەر لە بەر ئەوەیە چەندین سەر وتار و وتاری تایبەتیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردوە، وەک "**کوردستان چ خێرێکی لە رۆمیان یەعنی تورکان دی؟**"[2]، "**تورک بە عەمەلی کورد و ئەقوامی تر نایە**"(3)، "**تورکە ئیتحادییەکان موضرِی ئیسلامەتین**"[4]

ئەمەی خوارەوە سەروتاری ژمارە ٢٥ رۆژنامەکەیە کە لە ٢٢ نیسانی ساڵی ١٩١٨ بڵاو بوەتەوە و دەکرێت وەک نمونەیەک بۆ پڕوپاگەندە و هاندانی کوردان لە لایەن ئینگلیزەوە تەماشا بکرێت:

1. د. شەعبان مزیری، رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی لە ساڵانی (1918-1919)، وەرگێڕانی ئەسعەد جەباری:
http://knwe.org/Direje.aspx?Jimare=6342&Cor=9&Besh=Araste
2. تێگەیشتنی راستی ژمارە ٢، ٥ کانونی دووەمی ١٩١٨.
3. تێگەیشتنی راستی ژمارە ٢٨، ١٣ مایسی ١٩١٨.
4. تێگەیشتنی راستی ژمارە ٢٨، ٢١ مارسی ١٩١٨.



**"مەوجودیەتی ئوردویەکی ئینگلترە لە ئێراندا فائیدەیەکی عەظیمە بۆ کوردستان، وەقتێکی لەمە چاکتریان دەست ناکەوێ، چەند دەفعە وتمان سیاسەت جیایە و دیانەت جیایە، ئەمڕۆ لە گەڵ ئەوەی نەصاران هەموو بە گژ یەکدا چوون، لەسەر قەومی کوردی لازمە وەکو عەرەب چۆن قطعی عیلاقەیان لە گەڵ تورکدا کرد، ئەوانیش بیکەن بۆ خۆیان ئیدارەیەکی جیا تەشکیل بکەن. ئینگلترە چونکە طەرفداری حوڕیەتی ئەقوامە. عند ئەلیجاب معاونەتیان ئەکا.**

**قەومی کورد دەبێ بە قصەی پڕوپوچی ئەڵمان و تورکەکان لە رێ دەرنەچێ، چونکە تورکەکان خۆشیان و ئەوانیشیان بە ئەڵمانیەکان فرۆتوە. کەسێک کە بە تەنگی خۆیەوە نەبێ، چۆن بە تەنگ یەکێکی تر دەبێ، ئەم شەڕە گەورەیە لە بەینی حوڕیەتی ئەقوام و ئەسارەتیان، حەدێکی فاصیلەی ئەوێ، لەم شەڕەدا خۆی نەنوێنێ و شتێ بە شتێ نەکا و ئەوەی لەسەری لازمە جێبەجێی نەهێنێ، بێ نام و نیشان دەمێنێتەوە، دەبێ عەبدایەتی خەڵقی تر بکا، ئەمەش رەوای حەق نییە،، کاربەدەست و گەورەی کورد دەبێ چاک تێ بفکرن و ئەو مەسەلەیە ظەریف تەدقیق بکەن، چونکە مردن و ژیانیان بەوە مەتەعەلیقە، دەبێ چاک مونتەظری فورسەت و بۆ حەیاتی کوردستان هەرچی لازمە بیکەن، رۆژێکەو ئەمڕۆ، دەبێ دەست وبازوی هیمەتی کوردی تێدا دەرکەوێ و نامی باوک و باپیری خۆیان کە هەمووی بە شان و باهۆی خۆیان بڕیوە چۆن بەندەگی کەسیان قەبوڵ نەکردوە، زیندوو بکەن و خۆیان لە مسکێنی و ظوڵمی ئەم و ئەو نەجات بەدەن...لەو رۆژەوەی کە کوردستان بە حوسن و رەزای خۆی تەبیعەتی حکومەتی**

داهاتودا بەکاریان بهێنن و گەمەکەیان لێ تێک بدەن و نەخشەکەیان پێ هەڵوەشێننەوە.

شاری (سلێمانی)یان کە بە "ناوەندی گەردەلولە تۆقێنەرەکان" ناودەبرد[1] لەبەر دوو هۆکار هەڵبژارد بۆ ئەوەی لە رێگەیەوە ناسیونالیزمی کوردی دژ بە دەوڵەتی عوسمانی بوروژێنین و کار بۆ دروستکردنی کۆنفیدرالیەتی کوردستان بکەن:

**یەکەم**: پێگە و مێژووی شاری سلێمانی و جۆش و خرۆشی خەڵکەکەی بۆ گەڕانەوەی سەردەمی شکۆداری بابانییەکان. ئەدمۆنز لەبارەی سلێمانی و خەڵکەکەیەوە دەڵێ:

"**خەڵکی شاری سلێمانی بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە باوەڕێکی پتەویان هەیە کە هەڵقوڵاوی مێژوویانە، پێیان وایە ئەم شارە تۆوی ژیانەوەی نەتەوەیی و بناغەی دەوڵەتی بەرفراوانی کوردی لە خۆدا هەڵگرتوە و سلێمانیش پایتەختەکەی دەبێ. هەرچەندە لە رووی شێوە و دیزاین و گرنگی ئابوری و بازرگانی و پێگەی زانستی و ئەزمونی سیاسی خەڵکەکەیەوە، هیچ پاساوێک بۆ ئەم باوەڕە نیە، بەڵام ئەم ئاواتە هێشتا وەکو خۆی ماوە و نەفەوتاوە و پەرش و بڵاو نەبوەتەوە، هەرچەندە لە گوندێکی بچوکی دابڕاو دەچێ، بەڵام ناتوانم بە "کەسایەتی" لە قەڵەمی نەدەم، بەجۆرێک کە بە دەگمەن کوردێک دەبینی نەکەوێتە ژێر**

[1]. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردی سلێمانی و بەغدا لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە ٩، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢١١.



**تورکی کرد تا ئەمڕۆ چە خێرێکی لێ چاو پێکەوت، ئەو حاکمیەتە عەزیزەی خۆی بۆ بەخشی و عەبدایەتی قەبوڵ کرد، چ پاداشتێکی درایێ..**"

**دوەم**: **سەردەمی راوێژکار و حاکمە سیاسییەکان:**

پێش ئەوەی ئینگلیزەکان بگەنە باشوری کوردستان، لە سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستاندا گرایشێکی نەتەوەیی رۆمانسیانەی سنوردار لە نێوان نوخبەیەکی خوێنەواردا هەبو، بەڵام نەیتوانی لە چەند پارچە شیعرێکی دەستنوسی (تداول محدود) تێپەڕێت. تا ئەو کاتەی ئینگلیز هاتن و لەگەڵ (گروپە سیاسییە زیندوەکان)ی سلێمانیدا یەکانگیر بون و لە ماوەی کارکردنیاندا توانییان خەیاڵی نەتەوەیی بکەن بە پرۆژە و کەڵکەڵەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بکەن بە پرۆژەی نوسراو و لە مەحافلی دیپلۆماسی و سیاسیدا قسەی لەسەر بکەن.

هەم ئینگلیزەکان و ئەو نوخبەی رۆشنبیرە کوردانەی کە دواتر لە تورکیاوە گەڕانەوە بۆ سلێمانی، هەم ئەوانەشی کە لە سلێمانیدا بون، یەک ئامانجی هاوبەش کە ژیانەوەی گیانی کوردایەتی بو، کۆی کردنەوە. باشترین کارێکیش کە لەو سەردەمەدا بکرایە، پرۆژەی ناساندنی کورد بوو وەک گروپێکی ئیتنیکی جیاواز لە عەرەب و تورک.

ئینگلیزەکان دەیانزانی بەشێکی زۆر لە کوردەکان هێشتا لە ژێر کاریگەری پروپاگەندەی تورکەکاندان، بۆیە لەوە دەترسان تورکەکان لە

**گاریگەریەوە، چی کوردی دەرەوەی شارەکە بێت، یان ئەوانەی لە تاراوگە دەگەڕێنەوە، بۆیە بەلایانەوە زۆر سەختە لێی دابڕێن و هیچ هەست بە سەخڵەتیش ناکەن کاتێک بۆ ماوەیەکی دورودرێژ تێیدا دەمێننەوە".**[1]

**دوەم:** بونی چەندین رۆشنبیر و منەوەری ناودار لە شارەکە و هاتنەوەی کۆمەڵێک ئەفسەر و تەکنۆکراتی سەردەمی عوسمانی و کۆبونەوەیان لە دەوری شێخ مەحمود.

**قۆناغی دوەم: کوتەک و گێزەر:** لە ١٩٢٣ دوای رێکەوتنامەی لۆزان تاوەکو ٣٠ حوزەیرانی ١٩٣٠ هەڵگرتنی ئینتداب لە سەر عێراق. لەم قۆناغەدا ئینگلیزەکان توانیان سەر ئێشەی تورکەکان لە کۆڵی خۆیان بکەنەوە و لەبەرامبەر دروست نەکردنی هیچ قەوارەیەک بۆ کورد، رازیان بکەن ولایەتی موصڵ بلکێنرێت بە عێراقەوە.

ئینگلیزەکان هەوڵیان دەدا کەڵک لەو دووبەرەکیە ببینن کە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا سەری هەڵدابوو، لە رێگەی رۆژنامەکانی (ژیان و ژیانەوە)وە دڵنەوایی کوردیان دەدایەوە کە لە لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە مافەکانیان پارێزراو دەبێ، لە هەمان کاتدا لە زەوی و ئاسمانەوە بەربونە گیانی شۆڕشگێڕە کوردەکان.

[1]. سي. جي. ادموندز, المصدر السابق, ص٦٠.



دوابەدوای مۆرکردنی رێکەوتن نامەکەی عێراق و بریتانیا لە ٣٠ حوزەیرانی ١٩٣٠، ئینگلیزەکان بە تەواوەتی پشتیان کردە کوردەکان و چارەنوسی وڵاتەکەیان تەسلیم بە دەستی عەرەبی عێراق کرد.

لە خوارەوە هەوڵ ئەدەم تیشک بخەمە سەر کار و چالاکیە سیاسی و کلتوری و ئابوریەکانی دوو لە ناودارترین ئەو ئەفسەرە ئینگلیزانەی کە بە دڵسۆزییەوە خزمەتی وڵاتەکەی خۆیان کرد و رۆڵی بەرچاویان هەبو لە گواستنەوەی هەستی نەتەوەیی لەلای کورد لە دوو توێی کاغەز و رۆژنامەکانەوە بۆ کاری پراکتیکی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی کە دوا ئامانجی ناسیۆنالیزمە لە ناو هەر نەتەوەیەکدا.

**مێجەر نوئێل، لۆرنسی کورد:**

ئێدوارد چارڵس ولیام نوئێل (مێجەر نوئێل)، یەکەم کەس بو کە بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە وەک راوێژکار نێردرا بۆ لای شێخ مەحمود. ئەو پێشتریش ئاشنایی لەگەڵ کورد و کۆمەڵگای کوردیدا هەبو. بۆیە کاتێک نوئێل وەک راوێژاکاری سیاسی و سەربازی هات بۆ سلێمانی، پێشینەیەکی گرنگی لەگەڵ کوردەکاندا هەبو.

مێجەر نوئێل لە بواری پراکتیکدا هەوڵی زۆری داوە بۆ یەکخستنی سەرکردەکانی کورد لە دەوری یەک ئامانجی هاوبەشی نەتەوەیی. تەنانەت خەلیل بەدرخان، سەرۆکی کوردەکانی باکوری کوردستان داوا لە بریتانیەکان دەکات "**دوو تۆپ و چەند ئەفسەرێکی هاوشێوەی (میجەر نوئێل)ی پێ بدەن، بۆ ئەوەی شۆڕش هەڵگیرسێنێت**".[1]

رەفیق حیلمی کە بۆ ماوەیەک وەرگێڕ و مامۆستای فێرکردنی زمانی کوردی ئەو بوە، کاتێ باس لە نوئێل دەکات، حەسرەت بۆ رۆژگارەکانی ئەو دەکێشێ و زۆر بە رێزەوە لێی دەدوێ:

**"میجەر نوئێل بۆ رێکخستنی کاروباری شارەکانی ترو بڵاوکردنەوەی نفوزی شێخ مەحمود تا ڕەواندوز چوو، بۆ یەکخستنی ئەم شارانە لەگەڵ حکومەتی سلێمانی (کوردستان) تەقالایەکی زۆری دا. بەڵام کە گەڕایەوە سلێمانی شێخ مەحمودی لە وێنەیەکی تازەدا هاتە بەرچاو. وای بۆ**

1. دیڤید مالدول، المصدر السابق، ص ٢٣٠.



**دەرکەوت کە لە هەوایەکی ترایە و خەریکە لە ڕێ لائەدا، لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەدا بە روویدا. ئینگلیزێکی زۆر شارەزا بە هەواڵی کورد بو. تا لە سلێمانی مایەوە ماوەی دەرکەوتنی کەم و کورتیی نەئەدا، هەوڵی ئەوەی ئەدا کە چەوتی کرا، راستی بکاتەوە. مەبەستی بیانوگرتن نەبو، بەڵکو ئەو ئەیویست شێخ مەحمود پێ بگەیەنێت بۆ حوکمداری، زەمان بە دڵی نوئێل بچوایە بەڕێوە، شکم لەوەدا نییە کە بناغەی کوردستانی گەورەی دائەمەزراند".**[2]

تەنانەت باس لەوە دەکات کە "**لەو ماوەیەی لە سلێمانیدا بوە، نەخشەی ئەوەی هەبوە سەردانی باکوری کوردستان بکات و لە گەڵ بنەماڵەی بەدرخانی و بابانیەکاندا کۆبێتەوە و پشتیوانی ئەوان بۆ حکومەتەکەی شێخ مەحمود کۆ بکاتەوە، ئەو لەسەر باکوری کوردستان لە من شارەزاتر. بوو. بە سیاسەتە نەرمەکانی توانی تا ماوەیەکی باش ویڵسن حاکمی سیاسی ئینگلیز لە شێخ مەحمود نەتۆرێنێ**".[3]

سی. جی. ئەدموندز، سەبارەت بە هەڵوێستەکانی مێجەر نوئێل لەسەر یەکخستنی سەرکردە کوردەکان دەڵێ:

**"میجەر نوئێل پشتیوانی لە مەسەلەی کوردی دەکرد و لایەنگری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بوو، تێدەکۆشا سەید تەها و سمکۆ و**

2. رەفیق حیلمی، یاداشت، بەشی یەکەم، مطبعەی معارف، بغداد- ١٩٥٦، ل ٦٩.
3. رەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

**شێخ مەحمود کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی پێکەوە کار بکەن، بەڵام هەوڵەکانی سەریان نەگرت"**(1)

لەو دوو نامەیەی کە لە نێوان سەید تەها و شێخ مەحمودا ئاڵوگۆڕکراوە، هەروەها لە سەردانە مێژووییەکەی سمکۆدا بۆ سلێمانی و دیداری لەگەڵ مەلیکی کوردستان، دەردەکەوێت تا رادەیەکی زۆر رەنجەکانی مێجەر نوئێل بێ ئەنجام نەبون. سەید تەها بە سمکۆی شکاکدا نامەیەکی بۆ شێخ مەحمود ناردوە، لە نامەکەدا دەردەکەوێت ئامادەیی تێدا بوە هاوکاری شێخ بکات. لە ژمارە (٧)ی رۆژنامەی (رۆژی کوردستان)دا دەقی نامەکەی سەید تەها کە بۆ شێخی ناردوە بڵاوکراوەتەوە. هەر لەو ژمارەیەدا وەڵامی نامەکەی شێخ بۆ سەید تەها بڵاوکراوەتەوە:

**"سلێمانی بۆ حضوری عالی حوکمدار**

**دەستان ماچ ئەکەم، ئەگەر مەظهەر تەوەجوهتان بم، خۆم بە بەختیار ئەزانم، مەعروضاتم بە حەضرەتی ئیسماعیل ئاغا تەرک کرد، ئەفەندم.**

**سەید تەها"**

**"ئەربیل، بۆ حەضرەتی برای موحتەرم خۆم سەید تەها ئەفەندی**

**بێ قەید و شەرت تەشەکوری ئەو لوطف و تەوەجهاتی وداعی نەوازانەتان ئەکەم کە لە حەقم رەوا بینراوە. جواب ئەمرەکانی ئیسماعیل**

1. سیسیل جی. ئەدمۆنز، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٠.



**ئاغام تەقدیم کردوە. من کوردم چونکە بە کوردی ژیان بە سەعادەت ئەزانم مەفتونی سەوییەی میللییەت پەروەرانەی هەمو قەهرەمانێکی کوردم.**

**مەحمود"**

جي بي هولر راوێژکاری سیاسی ئینگلیز لە ئەستەمبوڵ سەبارەت بە نوئێل دەڵێ: (**کەللەڕەقە، دەترسم نوئێل ببێتە لۆرانسی کوردەکان، ئەو پێغەمبەری کوردەکانە**".(2)

کۆرن سەبارەت بە خۆشەویستی مێجەر نوئێل بۆ کورد دەنوسێ:

"**یەکێک لەو ئەفسەرە بریتانیانەی کە بۆ یارمەتیدانی ویڵسن رەوانە کرابو، بۆچونێکی زۆر جیاوازی لەسەر کورد هەبوو، ئەویش (مێجەر ئیدوارد ولیام چارڵز نوئێل)ە کە بۆچونی لە سەر کورد بەقەد جیاوازی رۆژ و شەو لە بۆچونەکەی ویڵسن و لۆنگریگەوە دوورە.. نوئێل هیچ گومانی لەوەدا نەبو کە کوردەکان توانای خۆبەڕێوەبردنیان هەیە**". (3)

کۆرن لە زاری (نوئێل)ەوە دەگێڕێتەوە کە:

2. فؤاد حمه خورشید، میجر نوئیل: لورانس الکورد المجهول، الحوار المتمدن-العدد: 4525 - 27/7/2014.

3. دیڤید کۆرن، ئەو دوو پیاوەی کوردیان لکان بە عێراقەوە، وەرگێڕانی ئاوات عەبدوڵڵا، ناوەندی چاپ و راگەیاندنی خاک، ٢٠٠٧، ل ٢١-٢٢

**"لە ناو سەرجەم نەتەوەکانی خۆرهەڵاتدا، کورد لە هەموویان زیاتر توانای ئەوەی هەیە لە وڵاتی خۆیدا سود لە دامەزراندنی حکومەتێکی جێگیر و پەرەسەندو وەرگرێ** ".[1]

ئەگەرچی نوئێل لە لایەن (ویڵسن)ەوە بە ئەرکێکی فەرمی هاتبو بۆ کوردستان، بەڵام بۆچونەکانیان زۆر لەیەک جیاواز بو. ئەسکەندەر لەو باوەڕەدایە کە (نوئێل)یش "**وەک هەموو فەرمانبەرە ئیمپریالییە تەقلیدییەکانی دیکەی بریتانیا باوەڕی تەواوی بەوە هەبو کە باشترین کار بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا، ئەوەیە هاوکاری بزوتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی کورد بکات لە هەر بەشێکی کوردستاندا بێت**".[2]

مێجەر نوئێل پێچەوانەی بەشێکی زۆر لە ئینگلیزەکان پێی وابو: "**هەستی نەتەوایەتی لای کوردەکانی سلێمانی ئەوەندە پێگەیشتوە کە توانای بەڕێوەبردنی خۆیان هەبێ، بۆیە پێویستە بریتانیا زۆر بەپەلە و عەزمەوە دەوڵەتی کوردی دامەزرێنێت**".[3]

ئەم بۆچونانەی نوئێل لە گەڵ خواستی ناسیۆنالیستەکانی کوردا یەکیان دەگرتەوە، یەکێک لە ئەرکەکانی خەڵکانی ناسیۆنالیزم دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییە وەک دوا ئامانج، لەو بارەوە دکتۆر ڕەفیق سابیر دەڵێ:

---

[1]. دیڤید کۆرن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

[2]. د.سعد بشیر اسکندر، المصدر السابق، ٢٠٠٧، ص١٤٢.

[3]. د.سعد بشیر اسکندر، المصدر السابق، ٢٠٠٧، ص١٤٤.



**"ناسیۆنالیزم سیستمێکی فیکرییە کە لەسەر بنچینەی بارودۆخێکی ئۆبژێکتیڤی بونی گروپێکی ئیتنیکی، نەتەوە، کە زمان و کلتوور و مێژوو و هەستی هاوبەشیان هەیە، سەرهەڵدەدات تا نرخ و بەرژەوەندیی نەتەوەکە لە بەرامبەر نرخ و بەرژەوەندیی نەتەوەیەکی دیکەدا بەرز ڕابگرێت و بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی لە ڕێگەی سیاسەتێکی نەتەوەیی و سەربەخۆوە دابین بکات، دابینکردنی ئەم سیاسەتەش دەخوازێت کە ئەو چوارچێوەی جوگرافیەی نەتەوەکەی تێدا دەژیت، کۆنترۆڵ بکرێت. واتا دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزێنێت، بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئامانجی سەرەکی ناسیۆنالیزم و هەر بزاڤێکی ناسیۆنالیستیە"**.[4]

گەر ئەو بۆچونانەی سەرەوە بکەینە پێوەر بۆ دەست نیشان کردنی کەسانی ناسیۆنالیست لە ناو کورددا، ئەوا دەکرێت بڵێین بەو پێیەی کە نۆئیل لە پێناوی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدا ڕەنج و تەقالایەکی یەکجار زۆری داوە، کەواتە ئەو گەر یەکێک لە بزوێنەرانی ناسیۆنالیستی کورد نەبێ، ئەوا بە دڵنیاییەوە یەکێکە لە هاوکارانی دەرکەوتنی سەرەتاکانی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی، نەک هەر لە سلێمانی، بەڵکو لە باکوری کوردستانیش.

کێشکە لەوەدایە بەشی زۆری ئەو کەسانەی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیان نوسیوە، بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست، ڕۆڵی ئەم ئەفسەرە ئینگلیزەیان

---

[4]. ڕەفیق سابیر، ئیمپراتۆریای *لم دەربارەی ئیسلام، خێڵ و ناسیۆنالیزم، دەزگای ڕابون، سوید*، ١٩٩٨. *ل* ٦٧-٦٨

کتێبی (**العراق في سجلات الوثائق البريطانية ١٩١٤-١٩٦٦**)دا هاتوه، له عەرەبییەوە بکەم بە کوردی:

**"له کوردستاندا هەستێکی بەهێز هەیە، دەکرێت پێی بوترێت هەستی نەتەوەیی، بەڵام وا باشە بە "عەشائیری" وەسف بکرێت. له رێگەی حەزکردن له پاراستنی زمانەکەی و داب و نەریت و دور خستنەوەی بێگانەکان، جا ئەرمەن بن یان عەرەب یاخود موسڵاوییەکان، تەعبیر له خۆی دەکات. سەیر لەوەدایە رقێکی کەمیان کە لە خانەی نەبوندایە بەرامبەر بە نەسرانییەکان یان کلدانیەکان هەیە....**

**ئەوەی لە کوردستان زۆر سەرنجی مرۆڤ رادەکێشێت، ئەوەیە کە کەشێکی پوخت کوردی هەیە و کەشێکی چالاک و تەندروست کە رێگە نادات هیچ کلتورێکی بێگانەی تێدا بچێنرێت، ٩٩%ی دانیشوانەکەی تەنها بە کوردی قسەدەکەن، جلی کوردی لەبەردەکەن، بەدەگمەن نەبێ نەکەوتونەتە ژێر کاریگەری داگیرکردن و ئیدارەی تورکەکانەوە. ئەم چوار مانگەی کە لێرە بوم، سەرقاڵی پاکتاوکردنی پاشماوەی حکومەتی تورکیا بوم لە کوردستان. فەرمانبەرانی تورک هێندە بە ئاسانی بۆی دەرچون، وەک ئەوە وابو بەری زۆر پێگەیشتوی دارێک بڕنینەوە. کاتێک ئیدارەیەکی کۆن لەناو دەبەی، لەوانەیە چاوەڕێی هەرەس هێنانی سیستمی کومەڵایەتی کۆمەڵگا بکەیت، بەڵام لێرە ئەوە رووی نەدا، ئەوەم رونکردەوە کە هۆکارەکەی ئەوەیە کورد بەو خەسڵەت و جیاکارییە نەتەوەییە**



له گەشە پێدانی ناسیۆنالیزمی کوردی، نادیدە گرتوە. له کاتێکدا مێژوو نوسی دیاری کورد دکتۆر کەمال مەزهەر بە رێزەوە باسی لێوە دەکات و بۆچونی خۆی لەسەر پێگەی مێجەر نوئێل لە ناو ویژدانی کورددا بەم جۆرە دەردەبڕێ:

"**باوەڕ ناکەم هەر روناکبیرێکی بەوێژدانی کورد یان بیانی، ئاگاداری رۆژانەکان و گەشت و یاداشت و بۆچونەکانی بەڵگەنامە نهێنیەکانی میجەر نوئێل بێت، دەربارەی پرسی کورد و دوا رۆژی کوردستان بەدڵ رێزی ئەو پیاوە نەگریت**".[1]

هەروەها لە جێگەیەکی دیکەی کتێبە گرنگەکەیدا سەبارەت بە نوئێل دەڵێ:

"**دوای ئەوەی لە (ئەرشیفی نیشتمانی لە لەندەن) رۆژانەکانی میجەر نوئێلم خوێندەوە، لە جاران زیاتر لە رادەی دڵسۆزی ئەو پیاوە بۆ کورد تێگەیشتم**".[2]

مێجەر نوئێل دوای ئەوەی لە سلێمانی جێگیر دەبێ، یاداشت نامەیەک بۆ سەروی خۆی بەرز دەکاتەوە، لە بەر گرنگی ئەو یاداشت نامەیە، بە پێویستی دەزانم هەندێ لە خاڵە گرنگەکانی وەک چۆن لە بەرگی دووەمی

---

[1]. د.کمال مەزهەر ئەحمەد، کورد و کوردستان لە بەڵگە نامە نهێنیەکانی حکومەتی بریتانیادا، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان، چاپی دوەم ٢٠٠٩، ل ١١٥.
[2]. د.کمال مەزهەر ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٩٠.

**دامەزراندنی کوردستانی گەورە بدرێت، بە بەرنامجێک ئەم کارە رێک بخات".**[1]

ئەتاتورک کە بەم گەشتەی زانیبو، هەوڵی گرتن یان کوشتنی دابو، ئەتاتۆرک لەسەر نوئێل دەڵێ:

**"تێگەیشتم ئامانجە راستەقینەکەیان بریتیە لەوەی هانی کوردەکان بدەن شۆرش هەڵگیرسێنن و هێرش بکەنە سەرمان، وەعدی ئەوەی پێدابون کوردستانی سەربەخۆیان بۆ دروست بکەن".**[2]

نوئێل لە کتێبی "یاداشتەکانی مێجەر نوئێل لە کوردستان" ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیە دەگێرێتەوە:

**"١٠ی ئەیلول، لەگەڵ هەڵهاتنی یەکەم تیشکی زێرینی شەفەقدا بەم هەواڵە خۆشە بێدار کراین کە پۆلێک سەرباز لەگەڵ هەندێک هێستر سوار و دوو رەشاشی ئۆتۆماتیک بەرەو شار کەوتونەتە رێ، مەبەستیش لە هاتنیان گرتنی ئێمەیە... بەراستی هەڵوێستێکی نالەبار و سەخت بوو، چونکە ئێمە تەنها دوو تفەنگمان لە گەڵا بو، لە بەر ئەوە پێویست بو بکەوینە فێڵ و تەلکەبازی، ئەفسەرێکی تورکی کە فەرماندەی سوارەکان بوو، دوو پیاوی ناردە لام کە خۆم بدەم بەدەستەوە، منیش پێم راگەیاندن کە بڵێین بە گەورەکەیان پێویستە بێتە ئێرە چاوم پێی**

---

1. رەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣.
2. دیڤید ماکداول، لە گوتارەکانی ئەتاتورکەوە وەری گرتوە، ل٢١٤.



**پێشکەوتوەی کە هەیەتی، لە دۆخێکدا بو کاردانەوەیەکی خێرای بۆ خۆراگری هاوبەش هەبو، بۆ رێگرتن لە غەریزە زیانبەخشەکانیان.**

کاتێک مێجەر نوئێل لە سلێمانی دور دەخرێتەوە، وازی لە هاوکاری کردنی کوردەکان نەهێنا و شوباتی ساڵی ١٩١٩ بە هاوڕێیەتی "فایەقی تاپۆ" لە سلێمانیەوە بۆ هاوکاری کردنی بنەماڵەی بەدرخانیەکان بەرەو باکوری کوردستان بەرێ دەکەوێ، دواتر لەگەڵ جەلادەت و کامەران بەدرخان دا بە شارەکانی کوردستاندا گەڕا، بڕیاربو لەو گەشتەیدا رەفیق حیلمی کە دواتر دەبێتە یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی بیری کوردایەتی، هاوەڵی بێت، بەڵام بە هۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی لە گەڵیدا بڕوات، سەبارەت بەو گەشتەی مێجەر نوئێل دەڵێ:

**"بەرنامەی نۆئیل، وەکو من ئەیزانم ئەمە بو کە چاوی بە کوردەکانی تورکیا، بە تایبەتی بە گەورە نیشتمانپەروەرەکان بکەوێت و ئەوەیان بیر بخاتەوە کە بریتانیا لە تێکەڵ بونی بە شەڕی گێتی مەبەستی ئەوە بو کە قەومە بچوکە بێ دەسەلات و ژێر دەستەکان، لە ژێر چنگی دەوڵەتە بێگانەکانی گەورەو بەهێز دەر بێنێ، حەقی ژیان و قەومیان بداتە دەست خۆیان. ئەیویست لەگەڵ ئەو گەورە نیشتمان پەروەرەی کوردا لە لایەن کوردستانەوە بدوێ، لە بیروباوەڕیان تێ بگاو ئەگەر رێبکەوێت هەوڵ بۆ**

**بكەوێت، هەتا بە درێژی باسی كێشەكان بكەین، لە پاش تۆزێک خۆی بەسەر شۆڕی هات بۆ لامان، پیاوەكانی ئێمەش گەمارۆیاندا منیش دەمانچەم لێ راكێشا لە گەڵ یەكێكی بەدرەخانیەكاندا.. ئەفسەرەكە وتی ئێمە بۆ گرتنی تۆ نەهاتوین، بەڵكو تەنها هاتوین بۆ گرتنی بەدرەخانیەكان و ئەو كوردانەی لە گەڵتانن، وتم ئەم قسەیەی تۆ مانای وایە بكەوینە جەنگ لەگەڵ یەكتر و بێن بەیەكدا.. كە ئەمەی لە من بیست ماوەیەک چوو بە خەیاڵدا لەوە نەگەیشتم هۆی گەمارۆی تفەنگەكان بو یاخود نەی ئەوێرا بچێتە ژێر ئەو داری شكستەیەوە كە ئەفسەرێكی ئینگلیزی بگرێت.."**.[1]

رۆژی ٨ی تشرینی یەكەمی ١٩٢٢ لە ژمارە (٩)ی رۆژنامەی (بانگی كوردستان)دا هەواڵی بەجێهێشتنی سلێمانی لە لایەن (میجەر نوئێل)ەوە بەم جۆرە دەنوسێ:

**"وەكیلی مەندوبی سامی عێراق جەناب میجەر نوئێل كە لە بەغدادەوە لە خنمەت حەضرەتی حوكمداری كوردستاندا هاتبو بۆ سلێمانی، شەوی جومعە ٦ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٢ لە گەڵ چەند زاتێ بە ئۆتۆمبیل چو بۆ كەركوک بزانین كەی عەوەدەت دەكا، خودا خێرمان بۆ بكا".**

لە كۆتایی هەواڵەكەدا دەردەكەوێت ترسێک هەیە لە بەجێهێشتنی نوئێل و گومان هەیە لە نەگەڕانەوەی، هەر واش دەرچو.

---

[1]. یاداشتەكانی میجەر نوئێل لە كوردستان، وەرگێڕانی حسێن ئەحمەد جاف و حسێن نێركسەجاڕی، بەغداد-١٩٨٤، ل٧٩



هەرچەندە مێجەر نوئێل فەرمانبەرێكی ئینگلیز بوو، بەڵام كاتێک شێخ مەحمود ساڵی ١٩٢٣ لە دژی ئینگلیزەكان راپەڕی، ئەو هیچ گۆڕانكاریەک لە بۆچونەكانیدا سەبارەت بە پشتگیری كردنی كورد روی نەدا، ئەوە وایكرد حاكمی سیاسی ئینگلیز لە عێراق لەوەو بەدواوە "**هیچ ئەركێكی تری لە ناوچە كوردیەكاندا كە لە قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتی ئەودا بوو پێ نەسپارد** ".[2]

---

[2]. دیڤید كۆرن، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

**مێجەر سۆن لە سلێمانی**

لە ناو ئەو فەرمانبەرە ئینگلیزانەی کە لە سلێمانیدا خزمەتیان کردوە، هیچ کامیان بە قەد "مێجەر سۆن" جەدەل و مقۆمقۆی لەسەر نییە. لە کاتێکدا کۆمەڵێک نوسەر و سیاسەتمەداری کورد بە دژە کوردی لە قەڵەم دەدەن، کۆمەڵێکی دیکە پێیان وایە لەو ماوەیەدا کە لە سلێمانی دەسەڵاتدار بوە، خزمەتی گەورەی بە کلتور و ئاوەدانکردنەوەی شارەکە کردوە.

ساڵی ١٩٠٢ وەک ژمێریاری بانگی شاهەنشاهی چوەتە ئێران و ماوەیەک لە تاران بووە، دواتر گوازراوەتەوە بۆ یەزد و لەوێ فێری فارسی دەبێ و دەست دەکات بە وەرگێڕانی چوارینەکانی خەیام بۆ زمانی ئینگلیزی. باوەڕی بە ئیسلام هێناوە و چوتە سەر مەزهەبی جەعفەری و لە موجتەهیدەکانی ئەو مەزهەبە نزیک کەوتوەتەوە و باس لەوەش دەکرێت کچی یەکێکیانی هێناوە.

ساڵی ١٩٠٦ کراوە بە بەڕێوەبەری لقی کرمانشانی بانکی شاهەنشاهی و دەستی کردوە بە فێربونی زمانی کوردی و لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگای کوردی، ساڵی ١٩٠٧ دەستی لەکارەکەی کێشاوەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ بریتانیا.

ساڵی ١٩٠٩ جارێکی دیکە لە ڕێگەی ئەستەمبولەوە گەشتێکی دیکەی بۆ میزۆپۆتامیا دەست پێکردوە و لە دەریاوە هاتوەتە بەیروت، لەوێوە بە شەمەندەفەر بە (بەعلەبەگ و حەلەب)دا خۆی دەگەیەنێتە باکوری کوردستان، لە ئۆرفە و ئامەد پیشوازیەکی گەرمی لێکراوە. دواتر لە ڕێگەی ڕوباری



دیجلەوە گەیشتوەتە موصڵ و بە ناو ئیزیدیەکاندا گەڕاوە و لەوێوە هاتوەتە هەولێر و بە ئەڵتون کۆپری و کەرکوک و ناوچەی شوان و هەمەوەند و چەمچەماڵ و بازیان دا گەڕاوە و لە مانگی ئایاری ١٩٠٩ گەیشتوەتە سلێمانی، دوای مانەوەی بۆ ماوەیەک دەچێتە هەڵەبجە و لە ماڵی وەسمان پاشای جاف بە ناوی خوازراوی "غولام حسین شیرازی" بۆ ماوەی شەش مانگ دەمێنێتەوە.

دوای گەشتەکەی بەرەوە شاری محەمەڕە دەکەوێتە ڕێ و لە کۆمپانیای نەوتی بریتانی – ئێرانی دەست بەکار دەبێ، دواتر دەکرێتە سەرپەرشتیاری چاڵە نەوتەکانی چیا سورخ لە خانەقین. دواتر دەکرێتە کۆنسوڵی فەخری بریتانیا لە قەسری شیرین، ساڵی ١٩١٣ عوسمانیەکان بەدیلی دەگرن و دەیگوازنەوە بۆ شاری مەرسین، پاش ماوەیەکی کەم ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئیشەکەی پێشوی. ساڵی ١٩١٦ دەچێتە بەسرەوە لە ئۆپراسیۆنی داگیر کردنی عێراقدا بەشداری دەکات و ماوەیەک سەرپەرشتی دەرکردنی ڕۆژنامەی (بصرة تایمس)ی پێ دەسپێرێت کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچوو، بەشی فارسی بۆ زیاد دەکات. دواتر وەکو ئەفسەری سیاسی لە خانەقین دادەمزرێت، لەو کاتەدا نیشانەکانی نەخۆشی سیلی لێ دەردەکەوێت و بۆ شەش مانگ دەنێرێت بۆ ئوسترالیا و دوای گەڕانەوەی لە ساڵی ١٩١٩ وەک حاکمی سلێمانی دەست بەکار دەبێت.

کۆرن بەم شێوەیە باس لە "ئیلی بانیستەر سۆن" دەکات:

**"پیاوێکی کورتە باڵای تێکسمڕاو بوو، درندەیی و شەڕەنگێزی بە سیمایەوە دیار بوو، ئەو دەمەی لە سلێمانی جێگیر کرا، لە کۆتایی سییەکانی تەمەنیدا بوو، ئەو کەسێکی نائاسایی بوو. لەو دەمەی خویندکاری قۆناغی ناوەندی بوو، سۆن شەیدای خۆرهەڵات بوو".**[1]

مەکداوڵ سەبارەت بە مێجەر سۆن نوسینێکی (ئەنون) بە نمونە دەهێنێتەوە کە لە ساڵی ١٩٢٣ لە (گۆڤاری ئاسیای ناوەند)دا بڵاو بوەتەوە:

**"مێجەر سۆن کە گەڕایەوە بۆ سلێمانی، بە مشتێکی ئاسنین سلێمانی بەڕێوە برد، کۆلێنالیستێکی جیاواز بو، لە نەریتی هاوکارەکانی لایدابوو، لە ناخەوە لەگەڵ کورد راستگۆ بوو، لەگەڵ مافی چارەی خۆنوسینی کوردەکاندا بوو، شکۆیەکی وای بۆ سلێمانی دروست کردبو، پێشتر بە خۆیەوە نەیدیبیو، هاوکاری دەکردن. لە ڕێگەی کارکردن لە بواری کلتوری و پەروەردەییدا، خزمەتێکی زۆری بە بوژانەوەی نەتەوەیی کورد لە سنوری سلێمانیدا کرد. هێنانی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بە زمانی کوردی، کردنەوەی قوتابخانە و دانانی پرۆگرامی خوێندن بە زمانی کوردی و دابەشکردنی کتێبی خوێندن بە زمانی کوردی بەسەر قوتابیاندا، ئەم کارانەی بونە هۆی توڕەبونی هەندێ لە سەرکردە ئیدارییەکانی بەغدا تا لە ئازاری ١٩٢١ لە کارەکەی دوریان خستەوە، بۆچونەکانی سەبارەت بە**

[1]. دیڤید کۆرن، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.



**ئۆتۆنۆمی کوردەکان، لەگەڵ سیاسەتی توانەوەی ڕەگەزپەرەستانەی بریتانیادا نەدەگونجا".**[2]

رەفیق حیلمی کە یەکێک بوە لەو کەسانەی لە نزیکەوە مێجەر سۆنی بینیوە، لەو سەردەمەدا هاتوەتە سلێمانی کە ئەو دەسەڵاتدار بوە، لە بیرەوەرییەکانیدا ددانی خێری پێدا نانێ، دەڵێ: "**سۆن دوژمنی حوکمی شێخ مەحمود بوو**"، سەبارەت بە شێوازی فەرمانڕەوایەکەشی وێنەیەکی لەم چەشنە دەکێشێ:

**"دوای ئەوەی نوئێل چووە کوردستانی تورکیا، وردە وردە ئینگلیزەکان دەستەو دائیرەیەکی هەمەجۆرەیان ڕژاندە سلێمانی. ئەمانە عەجەم و هیندی و عەرەب و ئەفغانی، گاور و جولەکەو ئەرمەنی، بە کورتی ڕەگەز و تیرە نەمابو تێدا نەبێ، دائیرەکان چ هی حاکمی سیاسی. چ هی عەسکەری و مالی گومرک و ئەوانی تر هەریەکە موعاوین یان مشاورێکی ئینگلیزی چوە سەر".**[3]

بەڵام بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە ژمارەکانی (**پێشکەوتن**)دا بڵاو کراونەتەوە، دەردەکەوێت مێجەر سۆن هەوڵی زۆری داوە پەیوەندیەکانی لەگەڵ چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی سلێمانی دا توندوتۆڵ بکات. تەنانەت بۆ هەندێ کاروباری شەرعی پرسیاری ئاراستەی مەلاکانی سلێمانی کردوە و پرسیارەکانی خۆی و وەڵامی مەلاکانی سلێمانیشی لە ژمارەکانی

[2]. دیڤید مکدول، المصدر السابق، ص ٢٥٤

[3]. رەفیق حیلمی، سەرچاوی پێشوو، ل٧٧.

ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"دا بڵاوکردوەتەوە. نەوشیروان مستەفا سەبارەت بەو سیاسەتەی مێجەر سۆن دەڵێ:

"**مێجەر سۆن پێویستی بەم فەتوای شەرعیانە نەبوە، ڕەنگە ئەوەی کردبێ بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ مەلاکانی سلێمانی کە پێشەوای دینی خەڵک بون، دامەزرێنێ**"(1)

سەبارەت بەوەی کە فەرمانبەرەکانی زیاتر ئینگلیز و هیندی بوون، لە ژمارە (35)ی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا دوای ساڵێک لە دەست بەکاربونی وەک حاکمی سیاسی، تەرتیبی حکومەتەکەی و تەنانەت ژمارە فەرمانبەرەکان و نەتەوەکانیشیان بڵاودەکاتەوە:

**(حاکمی لیوا یەک کەس، شەش حاکمی قەزا (چەمچەماڵ، حاکمی ڕانیە، حاکمی هەڵەبجە، حاکمی قەڵادزە و پشدەر، حاکمی شارباژێڕ) بیست مودیر ناحیە، 97 لە مالیە، 35 لە ڕێژی 27 گومرک 12 قازی، 8 گەورەی مالیە لە قەزاکان، 13 مەئمورمال، 108 لە ئەجزای حکومەت، 367 ظەبەطیە، 439 عەسکەر، 77 پۆلیس، 8 موهەندیس، 21 فەڕاش، بە هەموی 1349 فەرمانبەری هەمەجۆری هەبوە کە 15 ئینگلیز و 1304 کورد و 10 هیندی**

[1]. نەوشیروان مستەفا، بەدەم ڕێگاوە کوڵچنین- چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانی کوردی، کتێبی دوەم- بەرگی یەکەم، الدار العربیە للعلوم ناشرون، بیروت- لبنان، 2013، ل200



**بون، موچەی هەرهەمویان لە ساڵێکدا کردویەتە (997650) نۆسەد و نەوەد و حەوت هەزار و شەش سەد و پەنجا ڕوپیە).**[2]

لەو بەڵگەنامەیەدا دەردەکەوێت لە کۆی 1349 فەرمانبەر، ژمارەی فەرمانبەرە هیندییەکان تەنها (10) کەس بون و ئەوانەی ئینگلیزیش تەنها (15) کەس بون و، تێکڕای فەرمانبەرە کوردەکانیش 1304 کەس بوە.

کەمال مەزهەر بۆچونەکانی مێژوونوسی ناوداری عێراقی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی لە سەر مێجەر سۆن بەم جۆرە دەگێڕێتەوە: "**سۆن هاندەری کورد بووە**".[3]

لەدوای بەدیل گرتنی شێخ مەحمود و دورخستنەوەی بۆ هیندستان، بریتانییەکان لە بەغداوە بڕیارێک دەدەن، کە داهاتی سلێمانی دەبێت بچێت بۆ بەغدا و لەوێوە خەرجیەکانی سلێمانی ڕەوانە بکرێتەوە بە پێی پێویستەکانی، بەڵام مێجەر سۆن بەم بڕیارە ڕازی نابێ ودەڵێ "**ئەگەر بێتو وا ڕێکخرێت کوردستان زۆر شتی لە کیس دەچێت، قازانجی زۆر بۆ عەرەب و عێراقە.چونکە دیاربو کوردستان پارەی گەیشتن و دەسکەوتنی زیاتر بو لە دان و خەرج کردنی خۆی**"

[2]. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە 35، 22 دیسەمبەری 1920، ل 2.
[3]. د.کمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل 90.

داهاتی سلێمانی لەو کاتەدا (٣٠٧٨٩٨٠) روپیە بوە، لەکاتێکدا خەرجییەکانی تەنها (٩٩٨٦٥٠) روپیە بوە. واتە ساڵانە سلێمانی (٢٠٨٠٣٣٠) روپیەی پاشەکەوت کردوە.

یەکێک لەو کارە گرنگانەی کە مێجەر سۆن لە باشوری کوردستاندا کردویەتی، چەسپاندنی دیالەتیکی سۆرانی سلێمانی وەک زمانی رۆژنامەوانی و خوێندن و نوسین، بەکارهێنانی لە نوسراوی فەرمانگەکاندا بە شێوەیەکی فەرمی.

نەوشیروان مستەفا لەم بارەوە دەڵێ: "**لەم قۆناغەی ژیانی کوردا، لە ناو ئەو گۆڕانەی بەسەر نەخشەی سیاسی ناوچەکەدا هاتبو، چەسپاندنی زمانی کوردی گرنگیەکی زۆر گەورەی هەبوە**".[1]

محەمەد ئەمین زەکی سەبارەت بە کوردی زانینی مێجەر سۆن دەڵێ: "**بەقەدەر کوردێک، کوردی ئەزانی، لە عالمێکی کورد زیاتر شارەزای زمانەکەمان بوو**".[2]

سۆن هۆگری شاری سلێمانی و خەڵکەکەی بوە، بە ناو شاردا گەڕاوە و گوێی لێ گرتون و لە نارەزایەتییەکانیانی کۆڵیوەتەوە، جگە لەوە زۆر جار خۆی لە جیاتی ئەوان بڕیاری داوە.

1. نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٩٤.
2. محەمەد ئەمین زەکی، خلاصەیەکی تاریخی کورد وکوردستان، جلدی ئەوەل، جزمی دوەم بەغدا، ١٩٣١، ل ٢٩١.



لە ژمارە (١٢)ی رۆژی ١٥ جولای ساڵی١٩٢٠، رۆژنامەی (پێشکەوتن)دا، مێجەر سۆن فەرمانی کردوە کە لەمەولا ناوی سلێمانی وەکو خۆی دەنوسرێت (سلێمانی) و نانوسرێت (السلیمانیة)، ئەمەش دەقەکەیەتی:

**"ناوی سلێمانی لە ئێستادا لە دەفتەری رەسمی بەغداد و جێگاکانی تر (سلیمانیة) دەنوسێ. بە ئەمری والی گۆڕا ناوی رەسمی لیوا و شار لەمەولا بە (سلێمانی) ناودەبرێت و ئەنوسرێت".**

ئەنجامدانی پێشبڕکێ و تەرخانکردنی خەڵات بۆ پوختەکردنی زمانی کوردی سۆرانی؛ لەو هەنگاوانە بون کە لە رێگەیەوە سۆن هەوڵی دەدا (**کلتوری کوردی لە سلێمانی بکات بە شت، بە جەوهەرێکی نەگۆڕو دەربڕی، رۆحی هەرگیز نەگۆڕاوی نەتەوە**)یی بۆ کورد.[3]

دکتۆر کەمال مەزهەر سەبارەت بە مێجەر سۆن دوو رای جیاواز و دژ بەیەکی هەیەو، بۆچونەکەی لەم پەرەگرافەی خوارەوەدا ئاشکرا دەبێ:

**"دوای دامرکانەوەی قۆناغی یەکەمی راپەڕینەکەی شێخ مەحمود (کۆتایی بەهاری ١٩١٩) ئینگلیزەکان مێجەر سۆنیان کردە حاکمی سیاسی هەرێمی سلێمانی، بەو نیازەی زیاتر چاوی خەڵکەکەی پێ بترسێنن و زیرەکانەش دڵیان بەلای خۆیاند رابکێشێ، سۆن لە هەموو ئینگلیزەکانی ئەو سەردەمە زیاتر دەستی دەدا. کوردییەکی باشی دەزانی و چاک شارەزای کون و کەلەبەری ئەو بەشەی کوردستان بوو، وەک**

3. مەریوان وریا قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

**هەمو داگیرکەرێک ژەهر و شەکری تێکەڵ دەکرد. زۆر جار پەنای دەبردە بەر ستەم و زۆرداری، جاری واش هەبو دەستی یاریدەی بۆ دەستەیەک درێژ دەکرد، ئەمو ئەوی دەکرد. بەڵام وەک ئەوروپاییەکی پێشکەوتو بیری دەکردەوە، بۆ خۆشی کوردناسێکی گەورە بوو، بۆیە کە دامەزراندنی چاپخانەیەکی کوردی بە پێویست زانی".**[1]

**میجەر سۆن و ناسیۆنالیزمی کلتوری:**

"فریدریش ماینکە"[2]بە داهێنەری چەمکی "ناسیۆنالیزمی کلتوری" لە قەڵەم دەدرێت. ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە نەتەوە بەوە پێناسە دەکات کە خەڵکەکەی خاوەن کلتورێکی هاوبەشن، مانیکە پێی وایە دەبێ نەتەوەکان بە پێی "نەتەوە کلتورییەکان" و "نەتەوە دەوڵەتییەکان" دابەش بکەین، نەتەوە کلتورییەکان لە سەر بناغەی کلتوری هاوبەش دروست بوون، بەڵام نەتەوە دەوڵەتییەکان لە سەر بناغەی هێزی یەکخستنی مێژوویی و سیاسی هاوبەش و دەستور دروست بوون. زمان و ئەدەبیات و ئاینی هاوبەش گرنگترین و کاریگەرترین کەرەستەکانی دروستکردنی ناسیۆنالیزمی کلتورین.[3]

[1]. د.کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، دەزگای رۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی، ل ١٥٣-١٥٤.

[2]. فریدرش ماینکە Friedrich Meinecke ١٨٦٢/١٠/٢٠ – ١٩٥٤/٢/٦ مێژوو نوسێکی ئەڵمانی بوو هەڵگری بیری لیبرالیزم و دژی نازیزم بوو.

[3]. ناصر ایرانپور، چند مقاله در بارهی مفاهیم "ملت"، "حق تعیین سرنوشت:

http://www.if-id.de



مێجەر سۆن باش لەوە تێگەیشتبوو کە کۆمەڵگایەک گاڵتە بە زمانەکەی خۆی بکات و پێی وابێ نابێ پێی بنوسرێت، ناتوانێ دەوڵەت دروست بکات، بۆیە هەموو هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی لە گەڵ خۆیدا کلتوری شارستانێتی و کەرەستە شارستانیەکان و جۆری فەرمانڕەوایی نوێی لە سلێمانیدا بچەسپێنێت. ئەو بە تەنها چاپخانەی نەهێنا و بە تەنها زمانی کوردی نەکردە زمانی فەرمی، بەڵکو لە ماوەیەکی کەمدا توانی ئیدارەی شارەکە بە شێوازێکی مۆدێرن رێکبخات، لە رێگەی باش کردنی باری گوزەرانی جوتیاران و کاسبکارانەوە، توانی سیستمی کۆ کردنەوەی باج بچەسپێنێت و دەرامەتێکی زۆر بۆ حکومەتەکەی کۆ بکاتەوە و دەست بە ئاوەدانکردنەوە و رێکخستنی نەک هەر سلێمانی، بەڵکو دەوروبەرەکەشی بکات.

ئێرنست چێڵز باوەڕی وایە ژیانەوەی کلتور و زمان و داب و نەریت یەکێکە لە ئەرکەکانی بیری ناسیۆنالیزم، کە لە دوا ویستگەدا نەتەوە دروست دەکات:

**"گرایشی نەتەوەیی (Nationalism)، نەتەوە (Nation)بەرهەم دەهێنێ، نەک بە پێچەوانەوە. دەبێ دان بەوەدا بنێن کە گرایشی نەتەوەیی گەنجینەی کلتوریی یان سامانی کلتوری رابردوو بە شێوەیەکی ئینتقائی بەکاردەهێنێ و لە رەگەوە دەیگۆڕێت. زمانە مردووەکان دەژێنێتەوە و داب و نەریت دەبوژێنێتەوە، رەسەنی پاک و خەیاڵیەکان دەگەڕێنێتەوە. بەڵام ناکرێت بڵێین گرایشی نەتەوەیی داهێنانێکی ئایدۆلۆژی و دروستکراو و**

**غەوارەیە، لەوانەیە هەر دروست نەبوایە گەر ئەو بیرمەندە مەلعونە ئۆروپیانە نەبونایە کە ئەم جۆرە گرایشەیان لە ناخی گروپە سیاسیە زیندوەکاندا نەچاندایە**"(1).

سۆن بە هەموو توانایەکیەوە لەو ماوەی لە سلێمانیدا بوو، لە رێگەی کارە کلتوریی و ئیدارییەکانیەوە کاری بۆ چاندنی گرایشی نەتەوەیی دەکرد لە ناو کوردەکاندا.

لە ژمارەکانی (پێشکەوتن)دا چەندین هەواڵی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی و دەوروبەری بڵاوکراوتەوە، وەک:

- چاک کردنی رێگاوبانەکانی سورداش، دوکان، هەڵەبجە و کفری.
- رێکخستنی داهاتەکانی شارەوانی سلێمانی و کۆکردنەوەی.
- تەعمیر کردنەوەی خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی کە لە سەردەمی تورکەکاندا وێران کرابو.
- روناک کردنەوەی سەقامەکانی شار و، هێنانی مەکینەی کارەبا.
- دانانی ئەندازیار بۆ شارەوانی، بۆ ئەوەی نەخشەی شار بە شێوەی مۆدێرن دابرێژرێ.
- لە وەرزێکدا ١٠٠ تەن گەنم تەنها لە عەماری هەڵەبجە ئامادە بوە بۆ فرۆشتن.

[1] .ارنست جیلز، ماهي الامة؟ القومية مرض العصر ام خلاصه، اعداد للنشر فالح عبدالجبار، دار الساقي، ط١، ١٩٩٥،ص ٣٧.



یەکێک لە کارە دەگمەنەکانی ئەو ئەفسەرە بریتانیە بریتی بوە لە هاندانی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی لە سلێمانی و فرەچەشن کردنی جۆرەکانی. بە رادەیەک بۆ ئەوەی جوتیاران ناچار نەبن بچنە ژێر باری سەلەم و سودی توجار و ئاغاکانەوە، حکومەتی ئەو کاتەی سلێمانی (قەرزی زراعەت)ی داوەتە جوتیاران. لە ژمارە (٢١)ی رۆژنامەی (پێشکەوتن)دا هۆکاری ئەو قەرز پێدانەی روون کردوەتەوە، و دەڵێ:

" .. **حکومەت هەر ئەمەی ئەوێ و بۆ ئەمە ئەم هەموو پارەیە بڵاو ئەکاتەوە کە ئەهالی دیهات راحەت بن و باش رابوێرن و دەوڵەمەند بن و موحتاجی کەس نەبن و قەرز و سود و سەلەم نەکەن...** ".(2)

لە زۆربەی ژمارەکانی رۆژنامەی (پێشکەوتن)دا رێنمایی کشتوکاڵی لە چۆنێتی چاندنی لۆکە و توتن و جۆرەکانی دیکەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان بڵاو کراوەتەوە، لە یەکێک لە ژمارەکانیدا ئەم هەواڵە کە ریکلامە بۆ هاندانی جوتیارانی کورد بڵاو کراوەتەوە:

**"ویستی حکومەت بۆ ئەمەیە کە یاریەی زوراع بدا بۆ بەرزبونەوەیان، زوراعی میسر ئێستا لە جاران گەلێ دەوڵەمەندترن، لەم ناوەیش زوراعی باش خەریک بین، پێش زوراعی ئەوێ دەکەون، چونکە زەوی ئێرەش باش بکرێت لە هی ئەوێ خراپتر نابێ، بەشکو باشتریشی دەگەیەنێنێت".**(3)

[2]. پێشکەوتن، ژمارە ٢١، ١٦ سپتەمبەر ١٩٢٠، ل ٤.
[3]. پێشکەوتن، ژمارە ٤٩، ٣١ مارچ ١٩٢١، ل ٣.

هەمیشە ململانێیەکی توند هەبو لە نێوان شێوازی کارکردنی مێجەر سۆن و مێجەر نوئێل دا لە کوردستان، مێجەر سۆن باوەڕی وابوە کە لە ڕێگەی بوژانەوەی کلتور و بەرقەرار کردنی یاسا و ڕێکخستنی ئیدارەوە، دەکرێت کورد ئامادە بکرێت بۆ خۆبەڕێوەبردن، بەڵام مێجەر نوئێل پێی وابوە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی عەشائیریە، دەکرێت لە ڕێگەی پشتگیری کردنی سەرکردەیەکی کورد و کۆکردنەوەی خێڵەکانی دیکە لە ژێر چەتری ئەودا، دەوڵەتێکی بەهێزی کوردی دابمەزرێت و هەر ئەو سەرکردەیەش بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز لە سنوری قەڵەمڕەوی خۆیدا بپارێزێت، سۆن لە ساڵی ١٩١٩ ڕاپۆرتێک بۆ سەروی خۆی بەرز دەکاتەوە و بۆچونەکانی نوئێل شی دەکاتەوە و بەم شێوەیە بەرگری لە بۆچونەکانی خۆی دەکات:

**"زیندوو کردنەوەی سیستمی خێڵەکی ساتە وەختی تێکشکانە، بەشی زۆری خەڵکی کوردستان وازیان لە گیانی خێڵەکی هێناوە و لە ئەنجامدا لە هەندێ کاتدا دوای جەنگ، بڕێک بوژانەوەی لێ کەوتوەتەوە، ئێستا کە فەرمانبەری سیاسی (نوئێل) بۆچونەکانی شێخ مەحمودی قەبوڵ کردوە، بە هەموو توانایەکیەوە کار بۆ گەڕانەوەی گیانی خێڵەکی دەدات، هەموو ئەو سیفەتە خێڵەکیانەی کە لە کەسێکی خێڵەکیدا هەیە، خراوەتە ژێر دەستی سەرکردەیەکی خێڵەکی. بۆچونەکە وابو کە کوردستانی جنوبی دابەش بکرێت بۆ چەند ناوچەیەکی خێڵەکی و بخرێتە ژێر دەستی سەرۆک خێڵەکان. کوێخای گوندەکان گەورە کراونەتەوە و وەک سەرۆکی ئەو خێڵانە دەناسرێن کە دەمێکە لەناوچوون.. وا بڕیار بو لە ڕێگەی ئەم جۆرە سەرۆک خێڵانەوە، یاسا بەرقەرار بکرێت و دەبو ناچار بکرێن**



**تەنها دان بە شێخ مەحمودا بنێن وەک حوکمدار... ئەم دۆخە بۆ ئەندامانی خێڵەکان زۆر گونجاوە، بەڵام دەبێتە هۆی لەناوبردنی بازرگانی و شارستانێیتی و ئاسایش.."**[1]

گەر بۆ ساتێک بە چاوی مێژونوسانەوە وەک داگیرکەرێکی ئینگلیزی سەیری (نوئێل) و (سۆن) نەکەین و تەنها هەڵسەنگاندنێکی بەویژدانانە بۆ ئەو کارانە بکەین کە ئەوان لە ماوەی بونیان لە سلێمانیدا ئەنجامیان داوە؛ دەبینین کارە کۆمەڵایەتی و فیکری و ئیداری و زانستیەکانی هەردوکیان چەند کاریگەر بوون لە سەر نوێکردنەوەی بیری نەتەوەیی کورد لە سلێمانی، دواتر چۆن بونە پشتیوان و بناغەیەکی پتەو بۆ منەورەکانی شارو درێژەیان بە کارەکانیاندا، هەر لە کاری ڕۆژنامەوانییەوە بگرە تا دەگاتە داخوازی بۆ بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردی لە دەستوری عێراقدا.

جەرجیس فەتحوڵڵا سەبارە بە کاریگەری داگیرکردنی بریتانیا لەسەر بزوتنەوەی نیشتمانی کوردی و ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە گێڕاویانە، هەروەها وەک ئاماژەیەک بە ڕۆڵی مێجەر نوئێل و مێجەر سۆن لە پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردیدا دەنوسێ:

**"بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم نەتەوەیەدا ئەم بەشەی کوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن ئۆرۆپاوە بەڕێوەبرا، فەرمانبەری گەنج و دەستپاک کە هیچ کاریگەریەکی گەندەڵی و گیانی زاڵمانەیان تێدا نەبو، کوردستانیان**

---

1. دیڤید مکدول، المصدر السابق، ص ٢٥٢.

**بەڕێوە دەبرد. خەڵک تەنها فەرمانبەری تورک و فارسی بینیبو کە دز و جەردە بون، بەڵام ئەوەتا پیاوانێک فەرمانڕەواییان دەکەن کە لە وڵاتەکانی خۆیاندا لەگەڵ شیری دایکیاندا بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی گۆش کرابوون. بە ئەمانەت و دڵسۆزیانەوە لە کاتی کارکردنیاندا هەوڵیان دەدا هاوسەنگیەک راگرن لە نێوان داخوازییە سیاسییەکانی ئیمپراتۆریەتەکەیان و رازیکردنی بۆچونە مرۆڤ دۆستانەکانیان و پرەنسیپەکانی دیموکراسی...**

**بە هیچ شێوەیەک بەرتیل خۆر و واستەچی نەبون. حوکمەکانیان جیاوازی نەدەکرد لە نێوان دەوڵەمەند و گەدادا، ئاغا و جوتیار بە یەک چاو سەیردەکران، لەگەڵ خۆیاندا خەستەخانە و قوتابخانەیان هێنا، بە بێ حامیە و سەرباز فەرمانڕەواییان دەکرد، لە نەوەی نوێ کۆمەڵێک فەرمانبەر و بەڕێوەبەری بە توانایان دروست کرد. بۆ هاوکاری کردنی خۆیان لە سەرەوە چەندین فەرمانبەر و ئەفسەری دەستپاکیان دیاری کرد، بەڵام هەندێکیان لەلایەن ئەو ئاغایانەوە کە لەسەر رێگری و جەردەیی و چەوسانەوەی جوتیارەکان راهاتبون. کوژران".**[1]

[1]. جرجيس فتح الله, مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيدالله النهري, منشورات الجمل, ط1, ٢٠١٢، ص ٢٥٨



لە سەرەتای بیستەکاندا لەبەر ئەوەی بەشی زۆری کۆمەڵگای کوردی نەخوێنەوار بون، "**ژمارەی ناسیۆنالیستە رۆشنبیرەکانی کورد لە سلێمانی و ناوچە سەرەکیەکانی دیکە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەدەکرد**".[2]

ئەمە تەگەرەی لە بەردەم پرۆژە ناسیۆنالیستەکانی ئەو نوخبەیەدا دروست کرد، بەڵام لە کۆتایی بیستەکاندا و دوای ئەوەی سلێمانی بە قۆناغێکی ئابوری و سەقامگیری کۆمەڵایەتیدا تێپەڕی و، ژمارەیەکی زیاتر خوێنەوار سەریان هەڵدا. "**چیتر ناسیۆنالیزمی کوردی بە تەنها لە ئاغا و شێخە کۆنزەرڤاتیڤەکان و ئەتباعەکانیان پێک نەدەهات کە زۆر ئاسان بو بیاندەی بە گژی یەکدا، لە کۆتایی بیستەکاندا چینێکی بچوک، بەڵام رێزدار گرنگیان بە ناسنامەی ناسیۆنالیستی خۆیان دەدا**".[3]

***

[2]. ديڤيد مكدول، المصدر السابق، ص٢٧٨.
[3]. ديڤيد مكدول، المصدر السابق، ص٢٧٧.

**دەرئەنجامی ئەم بەشە:**

**یەکەم:** ئاشنا بونی رۆشنبیران و منەوەرەکانی سلێمانی بە بیری ناسیۆنالیزم، وایکرد نەوەی یەکەمی ناسیۆنالیستەکانی سلێمانی سەرهەڵبدات. نەوەی یەکەمی ناسیۆنالیزتەکانی سلێمانی بریتی بوون لەو کوردانەی کە پێشتر لە ئەستەمبولدا وەک فەرمانبەر و دیپلۆمات و ئەفسەر ژیاون، ئامانجی ئەمانە بریتی بو لەوەی کوردایەتی جێگەی خێڵ و مەزهەب بگرێتەوە، کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی نوێ رێک خاتەوە.

**دوەم:** لەو بابەتانەی کە نەوەی یەکەمی ناسیۆنالیستە کوردەکان لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردو لە رۆژنامەکانی پێشکەوتن، بانگی کوردستان، رۆژی کوردستان و ئومێدی ئیستقلال دا بڵاویان کردۆتەوە، جگە لەوەی هەوڵیانداوە ناسنامەی کوردی لە تورک و عەرەب جیا بکەنەوە، لە رێگەی نوسینەکانیانەوە خەباتیان دەکرد بۆ ناساندنی کورد وەک گروپێکی ئیتنی جیاواز و یەکخستنی ئەو پەرتەوازەییەی کە بە حوکمی مێژو و جوگرافیا بەسەر کوردا هاتبو، تێدەکۆشان بۆ دامەزراندنی قەوارەیەک لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی دیاریکراودا کە کوردستان بو.

**سێیەم:** ئەو پرەنسیپ و پێوانانەی کە بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و جیهاندا دانراوە، مەرج نییە بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە باشوری کوردستان بگونجێ، چونکە ئەو دۆخە سیاسی و کلتوری وکۆمەڵایەتی و ئابوریەی لە سلێمانیدا هەبو، زۆر جیاوازە



لە جێگەکانی دیکە و ئەو کارەکتەرانەی کە لەم ناوچەیە کاریان دەکرد، خاوەن تایبەتمەندییەک بون جیاواز لە کارەکتەری دیکە.

**چوارەم:** ناسیۆنالیزمی کوردی لە باشوری کوردستان، دەرهاویشتەی بەریەک کەوتن و هاتنە دونیای مۆدێرنە لە رێگەی ئینگلیزەکان و ئەو رۆشنبیر و منەوەرانەی کورد کە لەدەوڵەتی عوسمانیدا پێگەی سەربازی و ئیداریان هەبو. لە سەرەتادا لەرێگەی چالاکی کلتوری و سیاسیەوە بناغەکەیان بۆ دانا و دواتر تا سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی چوە پێشەوە.

**پێنجەم:** نەوەی یەکەمی ناسیۆنالیستەکانی سلێمانی هەرچەندە بە تازەیی ئاشنای کاری رۆژنامەنوسی و وتارنوسین بیون، بەڵام بەردەوام کاریان دەکرد لە سەر ئاشناکردنی خەڵک بە چەمکەکانی نەتەوە، ناسنامەی نەتەوەیی و یەکێتی نەتەوەیی و دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی و وەرگرتن و فێربونی عیلم و سەنعەت و گرنگیی پاراستنی زمان و زانینی مێژووی کۆنی کوردیان بۆ خەڵک شی دەکردەوە.

**شەشەم:** لە سەرەتای هاتنیاندا تاوەکو رێکەوتننامەی لۆزان، ئینگلیز لە رێگەی رۆژنامە و ئەفسەرەکانیەوە لە هەوڵی بوژانەوەی هەستی نەتەوەیی بوو لای کوردانی باشور، چونکە دەیویست لەو رێگەوە ئەو گیانی تورکچێتیەی کە بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا زاڵ بوو لاواز بکات و رێگە لە گەڕانەوەیان بۆ کوردستان بگرێت.

## بەشی چوارەم

## بیری ناسیۆنالیزم لە وتارە ڕۆژنامەوانیەکانی

## شێخ نوری شێخ سالح لەنێوان سالانی ۱۹۲۰- ۱۹۲٦

بەشێکی زۆر لە توێژەران و پسپۆرانی بواری مێژوو و بیری ناسیۆنالیزمی کوردی، کاتێک لە توێژینەوەکانیاندا بەدوای بەڵگە لەسەر سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەڕێن، بە زۆری پشت بە دیوانی شیعری شاعیرەکانی کورد دەبەستن. کەچی ئەو وتارە سیاسیانەی کە سیاسەتمەدار و شاعیر و نوسەرانی سیاسیی کورد لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی خۆیاندا نوسیویانە، پشت گوێ دەخەن. بۆ نمونە دکتۆر کەمال میراودەلی دەڵێ:

**"کورد لە ئاستی تیوریی نووسراودا قەت بیری نەتەوایەتی و پرۆژەی نەتەوایەتی و بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی راستەقینەی نەبووە تا ئێستا، جگە لە هەوڵەکانی شاعیرانی کورد بە پلەی یەکەم خانی و حاجی قادر، پرۆژەیەکی جددی بیری نەتەوایەتی گشتگیری گەڵاڵە نەکردووە".**[1]

بەڵام ئەم مەسەلەیە لە لای نەوشیروان مستەفا پێچەوانە دەبێتەوە، زۆر جار لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکانیدا وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی پشتی بەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە بەستوە کە هاوکات بون لەگەڵ ڕووداوەکاندا. لە پێشەکی کتێبی "سەردەمی قەڵەم و موراجەعات"دا سەبارەت بە گرنگی ئەو بابەت و هەواڵانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بونەتەوە، دەڵێ:

**"ڕۆژنامە کوردیەکانی ساڵی ۱۹۲۰– ۱۹۳۱ کە لە سلێمانی دەرچون، سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ بایەخن بۆ لێکۆڵینەوەی ڕوداوەکانی**

---

1. دکتۆر کەمال میراودەلی: نهێنیی نەتەوایەتی کورد; دارخورما نابێت بە داربەڕوو، قەندیل- یش نابێت بە قەعقاع ttp://www.wtarikurd.info

**سەردەمی ئینگلیز لە عێراق و کوردستان. هەواڵ، سەروتار، وتار، لێدوان تەنانەت هەندێ شیعریان تێدایە کە سەرچاوەی بەنرخن بۆ زانینی دەنگوباس و بیروڕای گشتی ئەوکاتە".**[1]

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پرەنسیپە، بەندەش هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئەو وتارانەوە کە (م. نوری) سالانی ١٩٢٠- ١٩٢٦ لە ڕۆژنامەکانی سلێمانیدا نوسیونی، لە دوو لایەنەوە تیشک دەخەمە سەر توانا و بەهرەمەندیی ئەو، لەو قۆناغە گرنگەی مێژووی باشوری کوردستان:

**لایەنی یەکەم:** ڕۆڵی ئەو لە کاری ڕۆژنامەوانی و توانا و شارەزایی لە نوسینی وتاری ڕۆژنامەوانی و سیاسی و ئابوریدا.

**لایەنی دوەم:** کاریگەریی وتارە سیاسییەکانی لە بوژانەوەی بیری نەتەوایەتی و چەسپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردیدا لە باشوری کوردستان.

---

[1]. نەوشیروان مستەفا، بەدەم ڕێگاوە کوڵچنین- چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانی کوردی، کتێبی دوەم- بەرگی دوەم، الدار العربیە للعلوم ناشرون، بیروت- لبنان، ٢٠١٣، ل١٧٥



**بیۆگرافی شێخ نوری شێخ ساڵح:**

کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەت لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا تەنها لە ڕێگەی خەیاڵی شاعیران و ئەو یۆتۆپیایەی کە لە هزریاندا دروستیان دەکرد، بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ دونیای مۆدێرندا جۆرێک لە بەریەک کەوتنی هەبو، ئەگینا شێخ نوری (محەمەد نوری) کوڕی شێخ ساڵح کوڕی شێخ غەنی کوڕی سەید عەبدولقادری کوڕی سەید حەسەنی کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید محەمەدی کوڕی سەید مستەفای کوڕی سەید ئیسحاقی کوڕی بابا ڕەسوڵی گەورە، لە ساداتی بەرزنجەیە. ساڵی ١٨٩٦ لە گەڕەکی دەرگەزێن لە سلێمانی لە دایک بوە. لە منداڵی لە حوجرە لای خواجە ئەفەندی و مەلا سەعیدی زەڵزڵەیی و شێخ بابا عەلی شێخ عەبدوڵڵا، نەحو و صەرف و بەلاغەی خوێندوە و تا قۆناغی جامیی بڕیوە، پاشان قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کردوە، چوەتە ڕوشدیەی عەسکەری سلێمانی و دواتر وازی لێ هێناوە.

کە باوکی لە ساڵی ١٩١٤ دەستی لە بازرگانی هەڵگرتوە شێخ نوری لەگەڵ شێخ برایمی برایدا ئەو کارەیان کردوە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کاڵایان گواستوەتەوە بۆ بەغدا و بەسرە.

زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی بە وتن و نوسین زانیون. خاوەنی کەسایەتییەکی پاک و ڕەوشت بەرزو ڕاستگۆ و کورد پەروەر بوە و بەهرەی گەورەی لە شیعر و وتاری سیاسی و وەرگێڕان و نوسینی ئۆپەرێت و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا هەبوە.

لە یەکەم خولی راستەوخۆی ئینگلیزەکاندا لە سلێمانی، سێ مانگ زیندانی کراوە. مێجەر سۆن زۆر پێی سەرسام بوە و تەنانەت وتویەتی (خۆزگە قەفەسێک دەبوم و نوریش مەلێک، ئیتر لەگەڵیدا بژیامایە، یان بمتوانیایە لەناو مێشکیەوە بمزانیایە ئەوە چۆن دروست بوە).[1]

دواتر ساڵی ١٩٢٣ جارێکی دیکە بە هۆی ئەوەی سەرنوسەری رۆژی کوردستان بوە، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەستگیر کراوە. ساڵی ١٩٢٦ جارێکی دیکە بەهۆی نوسینەکانی و بەرگری کردنیەوە لە کوردایەتی، زیندانی کراوە.

لە ١٥ی ١ی ١٩٢١ وەک کاتبی دوەمی شارەوانی سلێمانی دامەزراوە، ١٩٢١/٩/١ بوەتە کاتبی یەکەم، تا ٥ی ٩ی ١٩٢٢ لەو پۆستەدا بوە.

لە ماوەی ژیانیدا ئەم وەزیفانەی بینیون:

- ١٩٢٦/٩/١٤ تاوەکو ١٩٢٧/١/١٥ مەئموری تۆمارکردنی خاوەن پیشە و کارگەکان.
- ١٩٢٧/٤/٢ تاوەکو ١٩٣٥/٧/٣١ کاتبی دوەمی مەسرەف لە موحاسەبەی سلێمانی.
- ١٩٣٥/٨/١ تاوەکو ١٩٣٧/١٢/١٩ کاتبی مەسرەف لە خەزێنەی سلێمانی.
- ١٩٣٧/١٢/٢٥ تاوەکو ١٩٣٩/٣/٢١ کاتبی مەسرەف لە خەزێنەی هەولێر.

1. ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، بەگی یەکەم، دەزگای ئاراس،هەولێر- هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٨، ل ٩٣.



- ١٩٣٩/٣/٢٥ تاوەکو ١٩٣٩/٩/٨ کاتبی مەسرەف لە خەزێنەی سلێمانی.
- ٤ی ٩/ ١٩٤٣ تاوەکو ١٩٤٣/٩/٩ موحاسیبی تەموینی سلێمانی.
- ٣/١٦/ ١٩٤٥ تاوەکو ١٩٤٥/٨/٧ بەڕێوەبەری ناحیەی ناودەشت.
- ٨/٢٨/ ١٩٤٥تاوەکو ١٩٤٨/٦/١٢ بەڕێوەبەری ناحیەی باڵەک.
- ١٩٤٨/٦/٢٣ تاوەکو ١٩٤٩/٤/٣ بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق.
- ٤/١٢/ ١٩٤٩ تاوەکو ١٩٥١/٥/٢٦بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو.
- ١٩٥١ تاوەکو ١٩٥٢/١٢/٢ بەڕێوەبەری ناحیەی بارزان.
- ١٩٥٢/١٢/٨ تاوەکو ١٩٥٥/١/٢ بەڕێوەبەری ناحیەی وارماوە.

دواتر عومەر عەلی موتەسەڕیفی سلێمانی سێ ساڵ لە وەزیفە دوری خستۆتەوە. شێخ نوری جگە لەوەی لە شیعری کوردیدا نوێگەری کرد ، لە کاری رۆژنامەنوسیشدا جێ پەنجەی دیارە و لە رێگەی وتارە سیاسی و رۆژنامەوانییەکانیەوە، بانگەشەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردوە، بە هۆی بونی هەستێکی نەتەوەیی پاک و بێگەردەوە هەروەها بە هۆی ئاگاداری بە مێژووی گەلان و زانستەکانی سەردەمەوە، کاری کردوە بۆ تێکشکاندنی ئەو کۆت و بەندانەی کە چەندین سەدە بوو کۆمەڵگای کوردی توشی چەقبەستن کردبوو.

بەداخەوە پێش تەواو کردنی پرۆژەکانی رۆژی ٢٠ی ١٢ی ١٩٥٨ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردوە.

## هەنگاوی یەکەم:ڕۆژنامەی پێشکەوتن

**(٢٩ ئەپرڵی ١٩٢٠ بۆ ٢٧ جولای ١٩٢٢)**

سەرەتای دەرکەوتنی شێخ نوری شێخ ساڵح وەک ڕۆژنامەنوس، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی کە ڕۆژنامەی "پێشکەوتن" لە سلێمانی دەردەچو. یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "پێشکەوتن" لە ڕۆژی ٢٩ی ئەپرێلی ١٩٢٠ لە لایەن (مێجەر سۆن)ەوە[1] بڵاوکرایەوە، دوا ژمارەی کە ژمارە (١١٨)ە، لە ٢٧ی تەموزی ساڵی ١٩٢٢ دەرچوە. قەبارەی ڕۆژنامەکە (٣٤×٢١ سم) و (٤) لاپەڕە بوە، هەفتانە بە بەردەوامی بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) زمان حاڵی ئیدارەی ئینگلیز بو، (سۆن) حەزی دەکرد زمانی کوردی پێش کەوێ و ببێتە زمانی نوسین. لە پاڵ ئەوەی زمانی کوردیی کردە زمانی خوێندن و نوسین، ئاڵوگۆڕی نوسراوەکانی

1. ناوی ئیلی پانستر سون-ە لە ١٦ی ٨ی ١٨٨١ لە کنزکتنلی بریتانیا لە دایک بوە، باوکی ناوی ویلیم سۆن و دایکی ناوی ماری وسیکل بوە. لە مایسی ١٩١٩ بوە بە حاکمی سیاسی ئینگلیز لە سلێمانی.



میریی کرد بە کوردی، بە دەستی خۆی ئەلف و بێی زمانی کوردی چاپ کرد و بەسەر قوتابخانەکاندا دابەشی کردن. جگە لەوە، لە ڕێگەی ڕۆژنامەکەیەوە کاری دەکرد بۆ "**چەسپاندنی زمانی کوردی وەکو زمانی نوسینی ڕۆژنامەوانی و ڕەسمی دائیرەکانی حکومەت و هەوڵدان بۆ بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی ناقۆڵا و نائاشنای بێگانە**".[2]

یەکەم بابەتی (م. نوری) لە ژمارە (١٠)ی ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"دا بڵاوبوەوە، ئەو شیعرە لە وەسفی دەرچونی (پێشکەوتن)دا نوسراوە. دەبێ بوترێت کاتێک سۆن ڕۆژنامەی پێشکەوتنی دەرکرد، لەبەر ئەوەی یەکەمجار بوو لە سلێمانی ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەردەچوو "**بەشێکی زۆری ئەهالی ئەو جەریدەیان بە گەمە و ئەتک ناو دەبرد، مێجەر سۆن هەڕەشەی لێکرد و بە زۆر پێی دەدانە خوێندنەوە، هەتا چاویان لێ ڕاهات و فێری بوون، زمانی کوردی هیچ قاقەزی تا ئەو ڕۆژە پێ نەنوسرابوو، زبانی قسەکردنیشیان عەشیرەت بە عەشیرەت فەرقی دەکرد، قاقەزی نوسینی کوردان بە ئێرانی یان تورکی بوو، مەلا و شێخی کوردان گوتبوییان کە قسەی کوردی گرانە نایێتە نوسین، مێجەر سۆن لوغەتی کۆ کردبونەوە، قاقەز و دەفتەر و نوسراوی حکومەت بە ڕەسمی کرا بەکوردی، بەو جۆرە زبانی کوردی**

[2]. نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵ چنین: چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانی کوردی ١٨٩٨- ١٩٥٨، الدار العربیة للعلوم ناشرون، بیروت- لبنان، ٢٠١٣، ل ١٩١.

## دەرگای مەعریفەت بە دەستی تۆ کرایەوە...

دڵخۆشی شێخ نوری بە هاتنی ئەم رۆژنامە و چاپخانەیە کە تەکنەلۆژیایەکی نوێی پەیوەندی کردن بون، تەنها بۆ ئەوە نییە سەعادەتیان بۆ کورد هێناوە، بەڵکو غایەی ئەو فراوانترە لەوە، بۆ کوژانەوەی چرای جەهالەت و کرانەوە بەسەر دونیای مەعریفەتدایە. ئەو دەیزانی ئەم رۆژنامەیە و ئەم تەکنەلۆژیایە دەتوانن زمانی کوردی بە شێوەیەک ئامادە بکەن کە ببێتە زمانی بیرۆکراتی و فەرمانڕەوایی.

### مەکینەی چاپ، کاریزی عیلم و مەعریفەت:

**بندیکت ئەندرسون**[2] پێی وایە چاپخانە رۆڵی سەرەکی هەبوە لە دروست بونی ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایی و لە رێگەی چاپخانەوە زمانە لۆکاڵیەکانی ئەڵمانی، ئینگلیزی و فەرەنسی بون بە زمانی دەوڵەت و ئاین و کۆمەڵگا[3]. شێخ نوری شێخساڵح لە پێشەنگی ئەو منەوەرە کوردانەدایە کە بە ئومێدەوە دەڕوانێتە هاتنی چاپخانە بۆ سلێمانی، پێی وایە ئەنجامدانی رێنیسانس و گەشەپێدانی مەعریفەت و زانست و پێگەیشتن لە کۆمەڵگای کوردیدا لە رێگەی ئەم تەکنەلۆژیا نوێیەوە هەنگاوی گەورە دەنێ. سەرەتا بە شیعر

[2].بینیدیکت ریتچارد ئەندرسون لە ٢٦ی ئابی ١٩٣٦ لە دایک بوەولە ١٣ی دیسەمبەری ٢٠١٥ کۆچی دوایی کردوە، پسپۆری بواری مێژوو و لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی و کاروباری ئاسیا بو لە زانکۆی کورنیل-ی ئەمریکی، لە ساڵی ١٩٨٣ لە رێگەی کتێبی "Imagined Communities" کە باس لە بنچینەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم دەکات و ناوبانگی دەرکرد

[3]. بنديكت أندرسون، الجماعات المتخيلة: تأملات في أصل القومية وانتشارها، ترجمة ثائر ديب، شركة قدمس للنشر ولتوزيع، بيروت - لبنان، ط١، ٢٠٠٩، ص ٧٩.



**رووی لە فرەیی کرد، بەرە بەرە بەرز بووەوە. ئەو بزوتنەوەی سۆن و نوسینی کوردی و رۆژنامە دەرخستنە بناغەیەکی چاکی دامەزراند**"[1]

بەڵام شێخ نوری پەلەی نەکردوە دوای دەرچوونی نۆ ژمارەی رۆژنامەکە و پاش ئەوەی دڵنیا بووە لە گرنگی و ئەم رووداوە نوێیە، بەم پارچە شیعرە هاتنی چاپخانە و دەرچونی رۆژنامەکەی بە موژدەیەکی خۆش زانییوە و بە کەرەستەیەک بۆ "تەرەقی کورد"ی لە قەڵەمداوە. بۆیە دەڵێ:

**ئەم موژدە خۆشە خەو بوە، یان گوێم زڕایەوە**

**یا راستە پەردەی طەرەبە هەڵدرایەوە**

**یا نەجمی تەرقیی کوردە طلوعی کرد**

**یا نوری مەعریفەتە لە وڵاتا پژایەوە..**

**پێشکەوتن سەعادەتی کورد، هاتنت بەخێر**

**غونچەی دڵم بە بۆنی نەسیمت گەشایەوە**

**لەو ساوە من کە هاتنی تۆم بیستوە، دەڵێم**

**ئۆخەی شوکور چرای جەهالەت کوژایەوە**

**تۆی باعیسی سەعادەتی کوردە فەقیرەکان**

[1]. حوسێن حوزنی موکریانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣٤.

باس لە گرنگی ئەم تەکنەلۆژیایە دەکات لە دژایەتی کردنی دواکەوتویی و کرانەوە بە سەر جیهانی نوێی سەنعەت و زانست و هونەردا:

**وا تێ مەگەن کە مەطبەعە بێ قەدر و قیمەتە**

**کارێزی عیلم و مەعریفەتی پێ ژیایەوە**

**شوکوری خودا کە کەوتوینە ژێر سێبەری عیلم**

**(بێ) بێ بەری جەهل لق و پۆپی شکایەوە**

**بنوارە نۆرەی مەعریفەت و لەمعەی کەمال**

**بەم مەطبەعەی حکومەتە چۆن شەوقی دایەوە**[1]

لە ژمارە (٣)ی بانگی کوردستاندا (م. نوری) بە زمانی کوردی لە ژێر ناوی "ماکینەی چاپ"دا وتارێکی زۆر گرنگی سەبارەت بە چاپخانە نوسیوە. وتارەکە راستەوخۆ دەچێتە ناو مەبەستەکەیەوە و دەنوسێت:

**"ماکینەی چاپ یەکێکە لە نیشانەی تەرەقییاتی میللەت، قەومێ، میللەتێ کە واسیطەیەکی ئینتشاری و فیکرو ئیفهامی مرامی نەبێ، ئەو فیکرە، و ئەو غایەیە بێ ئەوەی بگاتە ..بێ تاثیر و عەقیم ئەمێنێتەوە، بەڵام هەر میللەتێ صاحبی مەطبعە و مالکی غەزەتەیەکی میللی خۆی بێ بۆ تەرەقی و تەعالی. میللەتەکەی هەر غایە و ئەمەلێک تەعقیب بکا، ئەتوانێ بە دەنگێکی بەرز و**

1. رۆژنامەی پێشکەوتن، ساڵی یەکەم، ژمارە ١٠، ١ جولای١٩٢٠، ل١.



**بڵند بیگەیەنێتە گوێی ئەو کەسانەی کە گوێگر و خادم و معارف میللەتن".**[2]

بێندیکت ئەندرسون سەبارەت بە گرنگیی چاپخانە لە یەکخستنی لەهجە جیاجیاکانی زمانە ئۆرۆپییەکاندا، دەڵێت:

**"ئەو کەسانەی کە بە زمانی گەلی فەرەنسی، ئینگلیزی یا ئیسپانی قسەیان دەکرد و هەستیان دەکرد لە یەکدی بە زەحمەت تێدەگەن یا قەت تێ ناگەن، توانیان لە رێگەی چاپ و کاغەزەوە لە یەکدی تێ بگەن، لەم رەوتەدا ئەو کەسانە کەم کەم توانیان لە زمانی سەدان هەزار و تەنانەت ملیۆنەها کەس کە بە زمانی تایبەتی خۆیان قسە دەکەن تێ بگەن".**[3]

ئامانجی شێخ نوریش هیچی کەمتر نەبو لەو ئەنجامگیریەی کە ئەندرسون پێی گەیشتوە، ئەو بونی چاپخانەی تەنها لەوەدا کورت نەکردوەتەوە کە لە رێگەی رۆژنامەیەکی نەتەوەییەوە گەلەکەی پێش بخات و بیکاتە دەنگێک لە ناو دەنگاندا، بەڵکو داوا دەکات ماکینەی چاپ بەدەست بێنن لە پێناوی یەکخستنی بیروباوەڕ و هەست و سۆزی نەتەوەییدا:

**"ماکینەی چاپ بۆ هەموو ئامالێکی میللی ئیجتماعی، ئیقتیصادی، جارڕەرێکی داخلی و خارجیە و بۆ تەوحیدی ئەفکار و حەیسیاتی قەوم، عامل و واسیطەیەکی زۆر موئەثیرە. جگە لەمانەش، ئاثار و ئەدەبیاتی ئەو**

2. م.نوری: ماکینەی چاپ، بانگی کوردستان، ساڵی١، ژمارە ٣، ل ٣-٤.

3. بێندیکت ئەندرسون، سەرچاوەی پێشو، ل ٧٨.

**قەومەی پێ لەچاپ ئەدرێ، کە ئەمەش حافظی عیلم و ئەدەبیاتی ئەو قەومەیە. ئەو میللەتە ئەگەر خۆیشی مونقەریض بێ، ئاثارەکەی باقی ئەبێ، تا دنیا بمینێ، ناوی ئەمێنێ، لەو ئاثارە نوسخەیەکی بفەوتێ، هەزاری ئەمێنێ".**[1]

بێنیدیکت پێیێ وایە چاپخانە ڕۆڵی گەورەی هەبوە لەوەی هەندێ لەهجەی لۆکاڵی ببن بە زمانی دەسەڵات، تەنانەت پێی وایە بەشێک لەو لەهجانەی کە بونەتە زمانی نەتەوەیی، لە ئاستی هەندێ لەهجەی دیکەدا زۆر لاوازتر بوون، بەڵام هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە ببن بە زمانی چاپ.

شێخ نوری دواتر بە کورت و پوختی باس لە مێژووی چاپ دەکات تاوەکو سەدەی پازدە، کاتێک گۆتەنبرگ چاپخانەکەی داهێناوە. باس لە کاریگەری ئەو چاپخانەیە دەکات و دێتەوە سەر مەبەستەکەی لە هێنانی چاپخانە کە "**مەنفەعەتی میللەت**"ە، دەڵێ:

**"لازمە لەطەرەف غیرەتمەندان موحتەرم وەطەنەوە بۆ هێنان و کڕینی ماکینەیەکی چاپ قصور نەکرێ. لە ئەهالی موحتەرمەی کوردستان وا ئومێد دەکەم بە ناوی مەنفەعەتی میللەتەوە هیمەت بۆ هێنانی ئەم ماکینەیە بکرێ. ئەمەیش تەکلیفێکی ئەوەندە گران نییە، لە هەمو کەس هەڵ ئەسێ بەندە بۆ ئەم ئیشە خێرە دەلالەت و تەشەبوث ئەکەم هەرکەس بە قەدەر ئیقدار و**

1. هەمان سەرچاوە.



**هیمەتی خۆی معاونت بفەرمون لە بە ناوی میللیەت و کوردییەتەوە ئیسترحام ئەکەم".**[2]

شێخ نوری دوای ئەوەی دەبێتە سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"، بۆی دەردەکەوێ ئەو چاپخانە بچکۆلەیەی کە ئینگلیزەکان هێناویانە، کۆنە و لەگەڵ پێشکەوتن و پێداویستیەکانی ئەو دەمەدا ناگونجێ، بۆیە تەماعی ئەوەی هەبوە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی پارەوە چاپخانەیەکی نوێ بهێنێتە سلێمانی، بۆ ئەوەی ئەو ئامانجانەی کە لە وتارەکەیدا باسی کردون بەدی بهێنرێن. لە ژمارە (٨)ی (ڕۆژی کوردستان)دا هەواڵێکی بڵاوکردوەتەوە، باس لەوە دەکات کە: "دەلالەت و تەوەسوطی حەضرەتی **رئیسول روئەسا شێخ عەبدولقادر ئەفەندی و سەعی و ئیقدامی مولازم عەزیز حیکمەت ئەفەندی قەزاز**" پڕۆژەیەکی هاوبەشیان هەیە بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ کڕینی چاپخانەیەکی نوێ لە پێناوی "**ئیثبات زبان و موجودییەتی میللی لە ناو میللەل و ئەقوامی سائیرەدا**"، چونکە "**ئەم میللەتە ئەگەر موتەعدد مەکینەی چاپی بو، ئەتوانێ لە هەمو نەوع عیلم و فەنی تەئلییفات یا تەرجەمە بکات و چاپ بکرێ، و لائەقەل لە هەفتەیەکدا سێ دەفعە غەزەتەی پێ دەربکا".**[3] چاپخانەکەی بۆ سێ مەبەست ویستوە:

یەکەم: سەلماندنی زمان و بونی نەتەوەی کورد لە ناو نەتەوەکانی دیکەدا؛

2. هەمان سەرچاوە.
3. ڕۆژی کوردستان، ژمارە (٨) ١٠ی کانونی یەکەمی ١٣٣٨، ل ٣.

دوەم: بۆ ئەوەی کتێبی زانستی و هونەری و وەرگێڕانی پێ چاپ بکات؛

سێیەم: هەفتەی سێ جار ڕۆژنامەکەی پێ چاپ بکات.

هەر لەو ژمارەیەدا ناوی کۆمەڵێک بەرپرسی حکومی و بازرگان و دەوڵەمەند و کاسپ و سەرۆک هۆز و عەشیرەتانەی لە ژێر ناوی "**ئەسامی ئەو زاتانەی کە بۆ هێنانی ماکینەی چاپ بەنلی غیرەتیان فەرموە**"دا بڵاوکردۆتەوە. لەبەر گرنگی ئەم مەسەلەیە بەلای شێخ نوری یەوە، لە ژمارەکانی (٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣)دا ناوی ئەو کەسانەی بەبەردەوامی چاپ کردوە و لە دوای هەمو لیستێکیش بەم جۆرە سوپاسی کردون "**بۆ هیمەت و غیرەتی ئەم زاتانە بە ناوی میللەتەوە عەرضی تەشەکورات ئەکەین**".

کۆی ئەو پارەیەی بۆ کڕینی ماکینەی چاپەکە کۆی دەکاتەوە بە پێی بەڵگە ڕەسمەیەکانی بریتانیا کە دواتر لە ژمارە (٤)ی ڕۆژنامەی ژیان لە ١١ شوباتی ١٩٢٦دا بڵاوکراوەتەوە، دەکاتە نزیکەی دە هەزار و شەسەد و چوار روپیە ونیو  و حەوت ئانە و شەست و هەشت لیرەی عوسمانی،

بەڵام بەداخەوە ڕووداوە خێراکانی ئەو کاتە، ڕێگر بوون لە بەدیهێنانی خەونەکەی.

***



**لە شاعیریەوە بۆ ڕۆژنامەنوسی:**

ڕۆژنامەی "پێشکەوتن" لە (لاپەڕە ٤ی ژمارە ٢٧)دا لە ژێر ناوی بۆ زانین، پێشبڕکێیەکی سازداوە بۆ ژورکەوتن و پێشکەوتنی زمانی کوردی، لە دەقەکەیدا هاتووە:

**"پێشکەوتن خۆی و کۆمەڵێ لەو ساوە کە حەز بە ژورکەوتن و پێشکەوتنی زمانی کوردیی خۆمان دەکات وا هەیە کە نوسینی کوردی بکرێت و بانگی ئەوانە دەکات کە حەز لە نوسین دەکەن:**

**١. بە سێ ڕەنگ پارەی داناوە بۆ کڕینی ئەم نوسینە کوردییە بۆ (١) پنجا روپیە بۆ (٢) ٣٥ روپیە بۆ (٣) بیست و پێنج روپیە.**

**٢. هەتا ڕۆژی ١٠ی نوەمبەر ١٩٢٠ ئەم نوسینانە وردەگیررێت.**[1]

لە ژمارە ٣٠ی ڕۆژنامەکەدا ئەنجامی ئەو پێشبڕکێیە بەم شێوەیە ڕاگەیێندراوە:

[1]. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢٨، ٢٨ی ئۆکتۆبەر ١٩٢٠، ل٤.

"لە ژمارە ٢٧ و ٢٨ ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ی (پێشکەوتن)دا وتبومان کە نوسینی کوردی دەکڕین، ئەوانەی کە نوسینیان خستبوە ئەم بازاڕی پێشکەوتنەوە، لە یانزە ئەم سیانەی کەوا چاپ کراوە بە باشتر بینرا، چونکە هەشتەکەی تر کە لە کتێب و بیستن وەرگیرابو، وەک ئەمانە کە هەر بە بیرا هاتوە، چاک نەبینرا، چونکە وەرگرتن وەک خۆڕێکخستن و داهێنان گران نییە ئازایی زیاتر لەوەدایە کە پیاو بە بیری خۆی ڕێکی خات، نەک لەم و لەوی وەرگرێت. ئەو سیانەی کە کڕان، یەکەمیان باسی جوت و گایە کە (م. نوری) وتویەتی، پەنجا روپیە وەردەگرێت.... جوت و گاکەی (م.نوری) چونکە بە شیعر دایناوە، دیارە ئازایی زیاترە، لەبەر ئەوە پێش دوانەکەی تر کەوت".[1]

شیعرەکە لە سی دێڕ پێک هاتوەو بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

**لە باس هەر شتێ پیا ڕاگەیشتین، ئێمە نوسیمان**

**ئیتر بابێینەوە سەر باسی جوتیاری و زەوی کێڵان**

**لە پایزدا خەریکی جوت و تۆو چەندن ئەبی، تاسەر**

**لە ماڵ خۆت ئەنویت وبێ عەزیەت ئاوی ئەدا باران**[2]

1. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ساڵی یەکەم، ژمارە ٣٠، ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠، ل٢.
2. هەمان سەرچاوە.



بەم دوو دێڕەش کۆتایی پێ دەهێنێ:

**بچێت و پێی بڵێ: ئەو توتنە باتمانی چەند ئێژی**

**بە سێ لیرەی عەجەمی کەمتری نادەم بە سەد قورحان**

**لە عەرزی وشک و ڕەق توتن پەیابێ، واشی بفرۆشن**

**کە وابێ با هەمو دەس کەینە جوتیاری و زەوی کێڵان**[3]

بە بۆچونی من دوو هۆکار هەبون بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمە پلەی یەکەم بەدەست بهێنێ. یەکەم: کوردییە پوختەکەی بو، دوەم: ناوەڕۆکەکەی کە هاندانی تێدابو بۆ گرنگیدان بە کشتوکاڵ و پشت بەستن بە بەرهەمی ناوخۆ. ڕەخنەگرانی شیعر ئەو بەرهەمەی شێخ نوری بە شیعرێکی وا نازانن کە تەنانەت شایانی ئەوە بێت بچێتە دیوانەکەیەوە،[4] لەوەشدا باشیان پێکاوە، چونکە ئەم بابەتە زیاتر لە وتار دەچێ، یەکێک لە مەرجەکانی وتاری ڕۆژنامەوانیش سادە نوسینە و دورکەوتنەوە لە مانای قوڵ و شاراوە.

جگە لە شیعرە دڵدارییەکانی کە بواری شارەزایی من نییە، دەکرێت نەختێک بە ڕامانەوە لە سەر سێ لەو بابەتە گرنگانە بوەستین کە (م. نوری) لە ژمارە جیاجیاکانی "پێشکەوتن"دا وروژاندونی و لە ڕێگەیەوە بیر و

3. هەمان سەرچاوە.
4. ئازاد عەبدولواحید، هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٦.

بۆچونەکانی خۆی بۆ رۆشنکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی خستوەتەڕوو؛ یەکەمیان هاندان بۆ خوێندن، دوەم بابەتێکی گرنگی ئابورییە، سێیەمیان بابەتێکە سەبارەت بە خوێندن بە زمانی کوردی.

**یەکەم: هاندان بۆ خوێندن:**

محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ: "**خوێندن لە سلێمانی و دەوروبەری بە تەنها لە مزگەوت و حوجرە و تەکیەکاندا بوون، بە هەوڵ و تێکۆشانی پیاوماقوڵانی سلێمانی لە سەروی هەموشیانەوە سەعید پاشای خەندان لە ساڵی ١٨٩٣ یەکەم قوتابخانەی روشدییەی عەسکەری لە سلێمانی کرایەوە، تا ساڵی ١٩١٤ بەردەوام بوو. بەڵام یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٠٠ دروستکراو و دواتر لە ساڵی ١٩٠٨ ئەعدادیی مولکییە کرایە، بەڵام لە ماوەی جەنگدا، بە هۆی داتەپینی باری دارایییەوە دەرگای ئەو قوتابخانانە داخران**".

کەچی هێشتا لە حوجرەکاندا خەڵک فێری خوێندەواری دەبون و تەنها علومی دینیان وەردەگرت، ئەحمەد خواجە لە کتێبەکەیدا دەڵێ: "**دوای سێ ساڵ لە هاتنی ئینگلیز چاکەیکیان بەرامبەر کورد رەوا نەبینی... بە مەظبەطە و بەیاننامە داوای کردنەوەی قوتابخانەیەکی سەرەتایی و یەکێکی ناوەندی ئەکرا، کە لە سلێمانیدا بکرێتەوە**" هەروەها دەڵێ: "بۆ پێشکەش کردنی مەظبەطە بە حاکمی سلێمانی مێجەر سۆن خرایە ئەستۆی من، بە پێی پێویست چومە لای کابیتان هۆڵت موعاوینی حاکمی سیاسی، وتی بزانم حاکمی سیاسی چی ئەفەرمێت رۆیشت، کە هاتەوە وتی ئەفەرمێت، داوایان



قەبوڵ نییە".[1] بەڵام پێچەوانەی ئەم قسانەی ئەحمەد خواجە کابیتان دوگڵس موعاوینی حاکمی سیاسی لە سلێمانی لە رۆژنامەی "پێشکەوتن"دا فەرمانێکی بڵاوکردوەتەوە، دەڵێ:

"**وەکو لە تەعلیماتنامەدا نوسراوە، مەکتەبی نمونەی سەعادەت دەستی کرد بە نوسین و گلدانەوەی قوتابیان، هەموو رۆژێ پێش نیوەڕۆ لە سەعات یەکەوە هەتا پێنج و پاش نیوەڕۆ لە سەعات هەشتەوە هەتا سەعات دە، هیئەتی مەکتەب لە مەکتەبا دادەنیشن و قوتابی قەید و رادەگرن. بۆ ئەمەی منداڵتان هیچ نەزان دەرنەچێت بە خۆرایی فێری خوێندن و نوسی عەرەبی فارسی ئینگلیزی کوردی گەلێ شتێ زۆر چاک بین، منداڵتان سەعاتێ زۆتر بنێرن و قەیدیان بکەن، لەم ئیشە باشە بێ بەشیان مەکەن**".[2]

لە ژمارەی دواتری هەمان رۆژنامەدا هەواڵی دروست کردنی قوتابخانەیەکی دیکە (عیرفان) بڵاوبوەتەوە. قوتابخانەی (نمونەی سەعادەت) بۆ گەڕەکەکانی گویژە و کانی ئاسکان و قوتابخانەی نمونەیی (عیرفان) بۆ گەڕەکەکانی دەرگەزێن و جولەکان و سەرشەقام و چوارباخ، لە ٢٧ی ئابی ١٩٢١ دەرگای بە رووی قوتابییەکاندا واڵا کرد.

لەوەدەچێ سەرەتای کردنەوەی ئەم مەکتەبانە لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە ناڕەزایەتی هەبوبێ، بە بیانوی ئەوەی کە لەم مەکتەبە تازانەدا علومی دینی

---

1. ئەحمەد خواجە، چیم دی، وزارة الثقافة والاعلام، چاپخانەی شفق، ١٩٦٨، ل ٧٢
2. پێشکەوتن ژمارە ١٧، ساڵی ١، ٢٥ی اوگوست ١٩٢٠، ل ٤.

کەمتر دەخوێندرێت. هەر بۆیە "رەشید زەکی" مدیر مەکتەبی نمونەی سەعادەت لە ژمارەکانی ٦٣ و ٦٤ی رۆژنامەی پێشکەوتن دا وتارێکی زۆر بەپێزی لە سەر گرنگیی مەکتەب و مەدرەسە بۆ کۆمەڵگای کوردەواری نوسیوە.

شێخ نوریش لە ژمارە (١١)ی رۆژنامەی پێشکەوتن دا شیعرێکی سەبارەت بە گرنگی مەکتەب و پەنابردن بۆ سەنعەت نوسیوە، دەڵێ:

**لە بۆ ئینشایی مەکتەب صەرفی غیرەت لازمە، زینهار**

**کە مەکتەب مایەیی ژینە، کە مەکتەب رۆحی ئینسانە**

**کە میللەت هیچ نەزانێ، زوبەزو پێشکەوتنی صەعبە**

**کە قەومێ صاحێبی صەنعەت نەبێ، وەک جیسمی بێ جانە**

**کەسێ عیلمی بێ، موستەقبەل روناک و تەئمینە**

**کەسێ صەنعەت بزانێ، دایمەن ئەو صاحێبی نانە**

..................

**وجودی فەخرە بۆ میللەت کەسێ فیکری موونەوەر بێ**

**کەسێ عیلمی نەبێ، وەک وەحشی کێو و بیابانە**

**قسەی راستت دەوێ، وەڵڵا بشمکوژن، دەیڵێم:**



**نەبونی عیلم و صەنعاتە کە میقرۆبی هەمومانە**[1]

لەم پارچە شیعرەدا دەبینین شێخ نوری دەیەوێت ئەرکی شیعر لە عیشق و دڵداری و پێداهەڵدان بە بەژن و باڵای یارەوە بگۆڕێت بۆ تێکدانی کۆن و بونیادنانی دونیایەکی نوێ. ئەو مەکتەبە بە کەرەستەیەکی تازەباو دەزانێت بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا، بانگی پەنابردن بۆ زانست و هەڵگیرساندنی شۆڕش دەکات دژ بە دواکەوتویی، داوای تەکاندنی تەپ و تۆزی خۆبەکەم زانین و کار بۆ سڕینەوەی ئاسەواری چەوسانەوە و داگیرکاری دەکات.

جێلز نەتەوایەتی دەبەستێتەوە بە زمانەوە، قوتابخانە و ناوەندە ئەکادیمیەکانیش بە هۆکارێکی گرنگ دەزانێت بۆ پێگەیاندنی زمان تاکو ببێتە پردی پەیوەندییە بیرۆکراتیەکان لەو چوارچێوە جوگرافیەی کە نەتەوەکە بۆ خۆی دەکێشێ:

**"نەتەوایەتی، واتە بڵاوکردنەوە و گشتاندنی زمان، لە رێگەی قوتابخانە و سەرپەرشتی کردنی ئەکادیمیە و مەرجەی ئەو زمانە پۆلێن کرابێت و ئامادەیی تێدا بێت پێداویستییەکانی پەیوەندی کردنی بیرۆکراتیی و تەکنەلۆژیا پڕبکاتەوە".**[2]

1. رۆژنامەی پێشکەوتن، ساڵی یەکەم، ژمارە ١١، ٨ جولای١٩٢٠، ل٤.
2. ارنست جیلز، المصدر السابق، ص ٣٨.

شێخ نوریش دەیەوێت لە رێگەی کردنەوەی مەکتەب و وەرگرتنی زانستی نوێوە، میللەت فیکری منەوەر بێت و لە دونیای مۆدێرن نزیک بکەوێتەوە.

کاپیتان دۆگلس موعاونی حاکمی سیاسی لە کاتی کردنەوەی (مەکتەبی نمونەی سەعادەت)دا جارێکی دیکە ئاگادارییەک بڵاودەکاتەوە و داوا دەکات:

**"بۆ ئەمەی منداڵتان هیچ نەزان دەرنەچێت و بە خۆڕایی فێری خوێندن و نوسینی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، کوردی گەلێ شتی زۆر چاک بێن، منداڵتان سەعاتێ زۆرتر بنێرن و قەیدیان بکەن و لەم ئیشە باشە بێ بەشیان مەکەن".**[1]

بەڵام لە کاتی کردنەوەی قوتابخانەکاندا خەڵک زۆر بە گرنگیان وەرنەگرتوە و منداڵەکانیان نەناردوەتە مەکتەب. "رشید زەکی" مودیری مەکتەبی سەعادەت لە خەڵک دەپاڕێتەوە و داوا دەکات:

**"هەرکەس دەیەوێت منداڵەکەی پاش نەکەوێ و بە سایەی خوێندنەوە گەورە بێ، باوک و دایکی و هەمو کەس وکاری خێری لێ ببینێ، سەعاتێ زوتر منداڵەکەی بێنێ بۆ مەکتەب هەتا خوێندن تەواو نەکا وازی پێ نەهێنێ.. حکومەتی فەخیمە کتێب، دەفتەر، قەڵەم، کاغەز، مەرەکەب و تەباشیریان دەداتێ و هیچیان لێ ناسێنێ. پیاوی چاک بن ئەم فرصەتە، ئەم نیعمەتە گەورەیە، ئەم خوێندنە باشە لە دەست دەر مەکەن".**[2]

م.نوری بۆ پشتیوانی کردن لە شاگردانی ئەو مەکتەبانە بە شیعرێکی پڕلەمانا بە ناوی "ئیستقبال بۆ تازە پێگەیشتوەکانە" هانی زیاتری شاگردەکان دەدات و دەڵێ:

**صبحەینێ ئەم تەجەددودە بۆ تۆیە، ئەی شەباب**

**بۆ تۆیە، ئەی ئۆمێدی وەطەن، خاییمی حەیات**

**ئەی ئافتابی فەجری ئەمل، مایەیی نەجات**

**صوبحی سەعادەتێکی عەجب پاک و بێ سەحاب**

**هەر چاوەڕوانی تۆیە، دەسا فرصەتە، شیتاب**

تا دەگاتە ئەوەی نەفرەت لە رۆژگارە تاڵەکانی رابردوو دەکات و داوای گەڕانەوەی بەهاری ژیانەوەی نیشتمان دەکات و دەڵێ:

**بەڵکو کە صرف ماضیی تاریک و هەوڵناک**

**بکوژێتەوە، خەطی لە پەڕەی دڵ بچێتەوە**

---

1. رۆژنامەی پێشکەوتن، ساڵی یەکەم، ژمارە ١٧، ١٩ ئۆگۆست١٩٢٠، ل٤.

2. رشید زەکی، مەکتەب و خوێندن، پێشکەوتن، ژمارە ١٨، ٢٦ ئۆگۆست ١٩٢٠، ل ١.

**نەختێ بەهاری عەیشی وەطەن وەختێ بێتەوە**

**شایەد خەزانی عومری بکا سینەی چاک چاک**

**بکوژێتەوە فەهمی ماضیی پڕ عەذاب**

دواتر روو لە شاگردەکانی مەکتەبەکە دەکات و، دەڵێ:

**ئێوەن بە نوری عیلم مونەووەر ئەکەن وڵات**

**ئێوەن کە خزمەتی وەطەنی مهرەبان ئەکەن**

**تەنویری فیکری عالەم و تەعلیمی شان ئەکەن**

**ئیحضاری مەعریفەت ئەکەن و فرصەتی نەجات**

**پڕ نور ئەکەن وڵات وەکو شەوقی مهتاب**[1]

وادیارە ئەم هاندان و هیوا بونەی شێخ نوری بەو قوتابییانە، کاریگەریی هەبوە لەسەریان و پەیامەکەی گەیشتوە پێیان، بۆیە لە ژمارەی دواتردا "فایەق"، یەکێک لە شاگردەکانی مەکتەبی سەعادەت[2] لە ژێر ناوی "جواب بۆ شێخ نوری"دا بەمجورە وەڵامی دەداتەوە:

1. م.نوری: استقبال بۆ تازە پێگەیشوەکانە، پێشکەوتن ژمارە ٨٢ ساڵی ٢، ١٧ نۆڤەمبەر ١٩٢١، ل ٣-٤.

2. هەمان قوتابخانەی تەشویقیە بو کە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا کرابوەوەو لە ١١ی ١ی ١٩١٩ ناوەکەی لە تەشویقیەوە گۆڕا بۆ سەعادەت.



**ئەی بولبولی حەدیقەی موڵکی هونەروەری**

**دەرحەق بە لوطفی خاصی جەنابت خەجاڵەتین**

**لەو مەدحە بێ غەشە هەمو بێ قەدر و قیمەتین..**

**شوکرت ئەکەم بە ناوی مودیر و مەعەللیمان**

**مەدحت ئەکەم بە ناوی رەفیقانی موحتەرم**

**ئەی نوری سپێدەی وەطەنی پاک موحتەشەم**

**دەرحەق بە عیلم و مەکتەب ئەتۆ هاتیە زبان**

**فیکری بڵندی تۆیە گەیشتوەتە موشتەری**[3]

**دوەم: داواکاری بۆ پێشخستنی ئابوری:**

وتاری "**توتن لە بەغدا نرخی شکاوە، لە شیرکەت زیاتر چارەی نەماوە**" لە ژمارە (٨٦)ی رۆژنامەی پێشکەوتن دا لەلایەن (جمال عیرفان)ەوە نوسراوە، باس لە هەرزان بونی نرخی توتن دەکات کە لەو کاتەدا سەرچاوەی داهاتی سلێمانی بوە. عیرفان قسە لەسەر کاریگەریی ئەم هەرزان بونە لە سەر ئابوری کوردستان دەکات، هەروەها رێگا چارەی بۆ ئەو هەرزان بونە دەخاتەڕو کە دروستکردنی شیرکەتی توتنە، دەڵێ:

3. فایەق، جواب بۆ شێخ نوری، پێشکەوتن ژمارە٨٣، ساڵی ٢، ٢٤ نۆڤەمبەر١٩٢١، ل ٢.

**"بۆ حصوڵی ئەم مەقصەدە، ئێمە ئەبێ واز لە عەقڵی سەقیمی قەدیم بهێنین، نەختێ موتەمایلی فەن و صەنعەت بین. زەمانی ئەوە نەماوە هەر لە طەبیعەت ئیستفادە بکرێ، وەکو هەمو قەومێ ئێمەش ئیستیمداد لە صەنایع و مەعاریفی حاضیرە بکەین، بۆ ئێمە موتەخەصصی زراعەتی توتن ماکینەی صاچاغ (رشتە) لازمە و شەرطی ئەعظمە ماکینەی رشتە بۆ حەیاتی ئیقتصادیەیی ئێمە رۆحێکی تازە و بە قیمەت دەبەخشێ".**[1]

بۆ ئەو مەبەستە داوای کۆکردنەوەی ١٠٠ هەزار روپیە دەکات.

شێخ نوری بە هەمان نەفەس و هەمان بۆچونی جەمال عیرفان درێژەی بەو بابەتە داوە. بۆیە بە سێ حەڵقەی بەدوای یەکدا لە ژمارەکانی (٨٧، ٨٩، ٩٠)دا بابەتێکی بە هەمان ناونیشان نوسیوەتەوە. (م. نوری) جگە پاڵپشتی لە بۆچونەکەی جەمال عرفان، بە زانیاری و ئەزمونەکانی خۆی کە ماوەیەک بازرگانی توتن بوە، باس لە موعاناتی بازرگانە کوردەکان دەکات بە دەست تاجرەکانی بەغداوە، دەڵێ:

**"داخی تەرک و سەماح منی کوشتوە، لەم خوصوصەوە بەزەیم بە توجارا دێتەوە، وەکو قائیمەم چاو پێ کەوتوە توجارێ کە قەڵەمی توتن بنیرێ بۆ بەغدا بۆ فرۆشتن، ئەو کەسەی ئەو توتنە ئەکڕێ، هەر ١٢٢**

[1]. جمال عرفان، توتن لە بەغدا نرخی شکاوە لە شرکەت زیاتر چارە نەماوە، پێشکەوتن ژمارە ٨٦، ساڵی ٢، ١٥ دیسەمبەر.١٩٢١، ل٣-٤.



**باطمانی وەر ئەگرێ بە ١٠٠ باطمان حساب ئەکات. ئەمە لە زەمانی کۆنەوە بوە بە عادەت، ناوی نراوە فەرقی عەیار".**[2]

لەو نوسیەنەدا پشتگیری لە جەمال بەگ دەکات بۆ دامەزراندنی شەریکەتی توتن و دەڵێ:

**"ئەم فیکرەیە بە نەظەرێکی حەقیقی تەماشا بکرێ، ئەزانن چەند فەوائیدی تیا هەیە، ئەوەلەن لادێیی ئیغفال ناکەین، درۆ و دەلەسەی تیا ناکەین، بۆ شکات مەحاکم ئیشغال ناکەین، سود و سەلەمی بێ شەرعی تیا ناکەین، پارەکەمان حەلاڵ ئەبێ عوشر و رەسمی حکومەتی مونتەظەم ئەدەین توتنەکەمان بە هەوەسی خۆمان ئەفرۆشین".**[3]

لە روری تەکنیکی نوسینی وتاری ئابوریی رۆژنامەنوسیەوە، ئەم بابەتەی شێخ نوری بە یەکێک لە بابەتە گرنگە پێشەنگەکانی بواری وتاری ئابوری لە قەڵەم دەدرێت، چونکە جگە لەوەی لە رێگەی خستنەروی ژمارە و روداوی راستەقینەوە باسی مەسەلەیەکی ئابوری کردوە، کە پەیوەندی راستەوخۆی بە واقعیی ژیانی توێژی بازرگانەکانەوە هەیە، ئەو وشە و زاراوانەشی بەکار هێناوە کە بازرگانەکانی ئەو سەردەمە بەکاریان هێناوە، وەک (فەرقی عەیار، **تەرک و سەماح، باطمان، سەلەم، نەفع و قازانج،**

[2]. م. نوری: توتن لە بەغدا نرخی شکاوە لە شرکەت زیاتر چارە نەماوە، پێشکەوتن ژمارە ٨٩، ساڵی ٢، ٥ جنیوەری.١٩٢٢، ل ٢.

[3]. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

**سەرمایەی عمومی)** بەکارهێنانی داتا و زاراوەی ئابوری، ئەمانە لە مەرجە سەرەتاییەکانی نوسینی بابەتی ئابورین.[1]

**سێیەم: بەرگریکردن لە خوێندن بە زمانی کوردی:**

لە ژمارە ٤٥٨ی رۆژی ٢٣ی تشرینی دوەمی ١٩٢١ی جەریدەی "العراق" دا، هەواڵێکی وا بڵاوبوەتەوە کە کاتێک موفەتیشی پەروەردەی موسڵ (حەسون ئەفەندی) هاتوەتە سلێمانی، داوای کردوە زمانی خوێندن لە سلێمانی بکرێتە عەرەبی و هەندێ کەسیش لە سلێمانی ئەو فیکرەیان پێ باش بوە، "رەسول ناجی کۆیسنجاقی" لە جیاتی "رەفیقەکانی کە ساکنی موصڵن" ئەم فیکرەیەی پێ باش نەبوە و لە لاپەڕە (١و ٢)ی ژمارە ٨٧ی رۆژنامەی "پێشکەوتن"دا بابەتێکی لە ژێر ناوی "زمانی خۆمان لە بیر نەچێ" دەنوسێ و وەڵامێکی توندی حەسون ئەفەندی و ئەوانەی پشتگیرییان لە بۆچونەکەی کردوە، دەداتەوە. دەکرێت لە رێگەی ئەم چەند دێرەی نوسینەکەی "ناجی"یەوە، لە مەغزا و مەبەستی نوسینەکەی تێبگەین:

"**ئێمە چەند رەفیقێکین کە ساکینی موصڵین و کوردیشین، تەجاوزاتی جوزئێ کە حقوق و غروری قەومیمان بشکێنێ، هیچ وەختێ قەبوڵی ناکەین، لە سایەی ئەم کەسانەی کە کورە و موتەفەکرین قەومی**

[1]. اکرم هلال، كيفية كتابة المقال الصحفي، الحوار المتمدن- العدد: ٤١٥٩ - ٢٠١٣/٧/٢٠:
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=369417



**کوردن، قەناعەتمان زۆر بەقوەتە کە شەرەف و حەیثەیەت وڵاتەکەمان لە ژێر پێی غەیرەدا ناشێلرێت و هەمیسان نەبێتە دیلی قەومێکی تر".**[2]

دواتر کەسێک بە ناوی "قەرەداغی مستەفا" لە دوو ژمارەی (٨٩ ، ٩٠)دا رەخنەی لە "رەسول ناجی" گرتوە، گوایە دژ بە خوێندنی زمانی عەرەبییە کە زمانی قورعانە و باس لەوە دەکات کە زمانی عەرەبی زمانێکی دەوڵەمەندە و فارس و تورکیش زۆر وشەی عەرەبی لە زمانەکەیاندا بەکار دەهێنن، نوسینەکەی دەکرێت لەم چەند دێڕەدا کورت بکرێتەوە:

"**ئەگەر تەدریسیات و ئیکتسابی عەرەبی مەنع بکرێت، ئەوا دەبێ یەک دەفعە قاپیی مزگەوت و مەدرەسەکانیش دابخرێت و ئاثار و شیعاری ئیسلامییەت بفەوتێنرێت و بە ناوی ئامالی مەخصوصەی کوردەوە ضەربەیەکی گەورە بە ئیسلامییەت تشکیل بکرێت، ئەمیشە حکومەتی فەخیمەی بریطانیا قەبوڵی نافەرموێت...".** [3]

شێخ نوری لە سەروتاری ژمارە (٩١)ی (پێشکەوتن)دا بابەتێکی نوسیوە بە ناوی (زبان)ەوە، زۆر بە توڕەییەوە وەڵامی قەرەداغی دەداتەوە، لە وەڵامەکەدا بە هەستێکی ناسیۆنالیستانەوە بەرگری لە رسول ناجی دەکات، بەرگری کردن لە زمانی کوردی بە گرنگتر دەزانێ تاوەکو بەرگری کردن لە گیان. دواتر بە بەڵگەوە بۆی دەسەلمێنێت کە ئاینی ئیسلام رێگر نییە لەوەی میللەتێک بە زمانی خۆی بخوێنێت. لەوەش زیاتر بۆی

[2]. پێشکەوتن ژمارە ٨٧، ساڵی دوەم، ٢٢ دیسەمبەری ١٩٢١، ل ١-٢.
[3]. پێشکەوتن، ژمارە ٨٩، ٥ جنیوەری ١٩٢٢، ل٣.

دەسەلمێنێت کە رەگەزێکی هەرە گرنگی نەتەوە، زمانە. پشتگیرییەکەی (م.نوری) بۆ رسول ناجی بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

**"لە نوسخەی ژمارە ٨٩ پێشکەوتن دا لە جواب جەناب رەسوڵ ناجیدا چاوم بە مەقالەیەک کەوت کە فیکری ئەو زاتەیان تەنقید کردوە، لەبەر ئەوە مەجبور بوم بە نوسینی ئەم مەقالەیە و مودافعەی ئەو ناتە.**

**جارێ مەقصدی رەسوڵ ناجی مەنعی تدریساتی عەرەبی نەبوە، لەبەر ئەوە کە ویستویانە لەم جوابەدا مەقصەد و غایەیەکی شەخصی ئیفهام بکرێ، فیکرەکەی ئەو ناتەیان هێناوەتە شکڵێکەوە، ئەگەر تەنفید بکرێ، حەق بێ. مع مافیە ئەو فیکرە لە نەظەری عموما فیکرێکی موصیب و بیکرە و شایانی رەدد وتەصحیح نییە.**

**بۆ ئەوەی کە حەقیقەت مەعلوم بێ، جارێ لازمە مەطلەبی ئەو ناتە بەیان بکەم.**

**بەڵێ لە نوسخەیەکی (العراق)دا کە بە تەریخی ٢٣ی تشرین ثانیی ١٩٢١ ژمارە ٤٥٨ نشر و بڵاو کرابوەوە (تەبدیلی تەدریساتی کوردیی مەکتەبەکانی سلێمانی بە عەرەبی، لە سەر تەشەبوث موفەتیشی مەنطیقەی موصڵ سەلیم حەسون ئەفندی دەردەست ئیجرایە) نوسرابو لە وەقتێک کە هاتە سلێمانی، ئەم فیکرەی بەلای بەعضێکەوە بەیان کردبو، بەباشیان زانیبوو.**



**لەبەر ئەوە جەنابی رەسوڵ ناجی بەگیش لەگەڵ هاوفیکرەکانیا تەبدیلات زمان کوردیی بە عەرەبی بەباش نەزانیوە و بەیانی نەویستنیان کردوە. ئەمجا ئەگەر دیقەت بکەین، مەعنای ئەوە نییە کە عیلمی عەرەبی کە ئەساسی دینە نەخوێنرێت و لەغو بکرێت، خەیر، جاران چۆن بوە لە ئەساسەوە چۆن بوە، هەروا ئەبێ و ئەو تەدریسانە لە مزگەوت و مەدرەسەی عیلمییەدا چۆن کراوە، هەر بکرێ، ئەتوانم بڵێم لەم مەسەلەیەدا قەطعیەن جیهەتی دیانەتی بە خەیاڵا نەهاتوە، صرف مەقصەدی موحافەظە و فیکر نەچونەوەی لیسانی میللی بوە.**

نەیارانی خوێندن بە زمانی کوردی بیانوی ئەوەیان دەهێنایەوە کە خوێندن بە کوردی دەبێتە هۆی لاواز بونی ئیسلام و داخستنی مزگەوتەکان، شێخ نوری دەیزانی ئەم بۆچونە فریودەرانەیە کاریگەری زۆری دەبێ لەسەر کوردەواری لەو سەردەمەدا، بۆیە هاوکێشەکە پێچەوانە دەکاتەوە، پێی وایە بەهێزی نەتەوە و میللەت، دەبێتە هۆی بەهێزی ئایین. بۆ سەلماندنی بۆچونەکەشی نمونەیەکی جوان و سادەش دەهێنێتەوە، دواتر بە ئامار و ئەزمونی وڵاتانی دیکەی ئیسلامی دەیسەلمێنێ کە خوێندن بە کوردی ئیسلام بەهێز دەکات نەک لاواز. تیورییە سادەکەی خۆشی بە چەند وشەیە دەخاتەڕوو "**ئینسان دائیما بۆ موحافەظەی لیسانی، زیاتر لە گیانی تێ بکوشێ. چونکە بە رۆیشتنی گیان، حەیاتی قەومیەت ناڕوا، بەڵام بە نەمانی زمان بناغەی میللەت ئەڕۆخێ**".

**لازم ناکا موحافەظەی ئەم لیسانە کە ئەمرۆ بۆ ئێمە لسانێکی رەسمییە، ببێتە باعیثی داخستنی دەرگای مزگەوت و خانەقا و تەکیە. بیلعەکس، قوامی دینی بە قەوامی میللەتەوەیە.**

**منالێکی مەکتەبی ئیبتدائی کە هێشتا زمانی باوک و دایکی بە تەواوی فێر نەبوە، موعەلمێکی – ریاضیات، جوغرافیا، تەئریخی چۆن ئەتوانێ بە زمانی ئەجنەبی تێی بگەیەنێ.**

**تەخمینەن ٦٠ ملیۆن ئیسلامی هندستان و٤٠ ملیۆنی چین و چەند ملیۆنی سائیر جێگاکانی تر، کەی تەدریساتی مەکاتیبیان کردوە بە عەرەبی؟ کە وابێ چونکە ئەساسی دینەکەیان قورئانە، ئەوانیش ئەبوایە تەحصیلیان بکردایە بە عەرەبی، خەیر وانیە، بەڵکو ئەو کتێبانەی کە عائیدە بە دین، هەمویان بە زمانی خۆیان تەرجومە کردوە.**

**بنائەن عەلیەهی ئینسان دائیما بۆ موحافەظەی لیسانی، زیاتر لە گیانی تێ بکوشێ. چونکە بە رۆیشتنی گیان، حەیاتی قەومیەت ناڕوا، بەڵام بە نەمانی زمان بناغەی مللیەت ئەڕۆخێ، ئەمە ئەمرێکی بەدیهییە."**

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بیرمەندە ئەڵمانییەکان زمان و کلتوریان بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی لە قەڵەم دا. تەنانەت فەیلەسۆفێکی وەک فێختە لای وایە: "**زمان مرۆڤ دروست دەکات، نەک مرۆڤ زمان**".[1] هەر لەو روانگەیەشەوە بوە کە (م.نوری) پێی وایە پارێزگاریکردن لە زمان گرنگترە لە گیان و بەبێ زمان میللەت بناغەی نابێ.

پێشتر شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسا پێیان وابو نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵە کەسێک کە لە ژێر سایەی سیستمێکی سیاسیدا دەژین. بەڵام ئەڵمانییەکان پێیان وابو کە خواوەند سروشتی نەتەوەکانی لە یەک جیاکردوەتەوە و هەر نەتەوەیەک خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیەتی و زمانی هاوبەش یەکێکە لەو خەسڵەتە تایبەتیانە. لەبەر ئەوەی لە رێگەی زمانەوە هەست و سۆز و هێما و پەیوندی و داستانەکان دەگوازرێنەوە، بۆیە بەشدار بون لە هەر زمانێک بەشدار بونە لە کلتوری هاوبەش.[2]

شێخ نوری لەم وتارەدا بۆ گرنگی پاراستنی زمان، نزیکترین نمونەی دەهێنێتەوە کە کلدانیەکانن. کلدانیەکان نەتەوەیەکی کۆن بون نیوان ساڵانی ٣٥٠٠-٤٣٠٠ پێش زایین لە میزۆپۆتامیادا ژیاون و رۆژگارێک خاوەن شارستانیەتیەکی گەورە بون، بەڵام بە هۆی داگیرکردنیان لە لایەن سۆمەری و ئاشوری و دواتر عەرەبەکانەوە زمانی خۆیان لە دەستداوە، کەواتە ئەو هەموو شارستانێتیە بە بێ بونی زمانێکی نەتەوەیی هیچ سودێکی نابێت:

**"ئەگەر ملاحظەیەکی تەریخی قەدیمە بکەین ئەبینین میللەتی وەکو کلدانی فینیکە کە لە مەعاریف و مەدەنیەتدا و لە صەنایع و تیجارەتدا**

---

[1].سالار سیف الدین، نگاهی به مفاهیم بنیادین میلت و ناسیوناليزم، کانون پژوهش های دەریای پارس، ل٦.

[2]. استنلی بن، ناسیوناليسم چیست؟، مترجم: عزت الله فولادوند، http://rasekhoon.net

**پایەیەکی بەرز و بڵندیان هەبوە و کۆڵێ صەنایع و موشکیلاتی فنونیان حەل کردوە، حەقیقەتەن نمونەیەکی ئیقتدار و مەدەنیەتیان لە صەفحەی زەمانەدا بەجێ هێشتوە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەمو عیلم و مەعریفەتەشدا، لە وەقتی ئینقراضیانا، ئەگەر لیسانی خۆیان موحافەظە بکردایە و لە دوای ئیستیلا لە زمانەکەی خۆیان لایان نەدایە و زمانێکی تری موکالەمە و موحاوەریان نەکردایە ئەساسی میللەت کە زمانە، لە فیکریان بچوایەوە، هیچ وەقتێ ئینقیراضیان نەئەهات، ئەمە عیبرەتێکی تەئریخیە.**

**وەیا لە پانزەهەمینی عەصری مەدەنییەتدا کە (فاتح گلیۆم) چوە بریتانیا، لەوێ ئەمری کرد کە لیسان فەرانسزی بە لیسان رەسمی بناسرێت، لەسەر ئەمە مونەوورانی ئینگلترە هەمو کۆ بونەوە بە فیداکاریەکی تەواوەوە زمانەکەی خۆیانیان موحافەظە و رێک و باش کرد قەبوڵی زمانی فەرانسزیان نەکرد و لە سایەی ئەم سەعی و فیداکارییەوە قەومیەتی خۆیانیان بە عیلم ناسی و بە واسیطەی ئەم حیساباتە عالیەوە، بون بە جیهانگیر. (دوبارە عیبرەتێکی تەئریخی).**

ساطیع حوصەری کە بە باوکی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی دادەنرێت، لە بارەی گرنگی مێژوو و زمانەوە وەک دوو پێکهێنەری نەتەوە، دەڵێ:

**"زمان و مێژوو دوو هۆکاری سەرەکین بۆ دروست بونی نەتەوە، ئەو نەتەوەیەی مێژووی خۆی لە بیر بکات، هەستی خۆی لەدەست دەدات، هەرچەندە لە ژیاندایە، بەڵام لە حاڵەتی متبوندا دەژی. لە رێگەی گەڕانەوە بۆ مێژوو، دەتوانێت جارێکی دیکە هەست و مانەوەی خۆی بەدەست بهێنێتەوە،**



**بەڵام گەر زمانەکەی لەدەست بدات، ئەوا بە تەواوەتی دەمرێت، هیچ رێگەیەک نییە بۆ گەڕانەوەی بۆ ژیان".**[1]

شێخ نوری شێخ ساڵح چەندین ساڵ پێش ئەو لە بارەی گرنگیی زمانەوە بۆ نەتەوە، دەڵێ:

**"بە تەجرەبە و دەلائیلی عەقڵییە ثابت بوە کە میللەتێ یان قەومێ هەرچەندە دوچاری ئینقیلابات و فەلاکەت ببێ، بەو شەرطەی کە زمانی خۆی موحافەظە بکا قەومییەت و میللەتی خۆشی موحافەظە ئەکا، چونکە زمان مادەی حەیات و رۆحی قەومییت و میللەتە".**[2]

خاڵێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە، ئەو ئایدیا و چالاکییانەی کە نەتەوە پەروەرەکانی نەوەی یەکەم لە سلێمانی جێ بەجێیان دەکرد، دژی ئینتمای ئاینی نەبو، بگرە هیچ کات ئاینیان بەرێگر و ناکۆک لەگەڵ بیری نەتەوەییدا نەدەبینی، تەنانەت لە هەندێ وتاردا بە یەکێک لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانییان دەزانی. لەو بارەوە شێخ نوری دەڵێ:

**"قەومییەت سێ شت تەشکیلی ئەکا: ١. ئەخلاق ٢. دیانەت ٣. زمان. بەعضێ لە فەیلەسۆف ئەڵێن رابیطەی زمان لە رابطەی دین بە قوەتترە، دەلیلیشیان ئەمەیە کە ئەگەر دوو کەس لە عەقیدەدا موتەحید و لە زمانا**

1. ساطع الحصري. نقد الفكر القومي الجزء الاول. منشورات دار الطليعة- بيروت. ط1, ١٩٦٦ .ص٣١
2. پێشکەوتن ژمارە ٩١، ساڵی دوەم، ١٩ جینیوەری ١٩٢٢، ل ١-٢.

**موختەلف بن لەگەڵ یەکتریدا هیچ وەقتێ ئولفەت پەیدا ناکەن، چونکە واسیطەی تەفاهوم لە بەینی ئەو دوو کەسەدا مەفقودە. بەڵام ئەگەر لە زمانا موتەحید و لە دیانەتا موختەلیف بن ئەو دوو کەسە بە صورەت دائیمی لە بەینیانا ئولفەت و یەکێتی پەیدا ئەبێ".**

بڕیاری بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە خوێندن و فەرمانگە حکومییەکاندا، بڕیارێکی (مێجەر سۆن) بوو، هەر لەبەر ئەوەیە شێخ نوری بە گرنگی و پێزانینەوە دەڕوانێتە ئەو بڕیارە و بەهەنگاوێکی مێژوویی دەزانێت.

**"ئێمە ئەبێ هیچ وەقتێ منەتداریی حکومەت فەخیمە فەرامۆش نەکەین کە ئەم زمانەی خۆمانی بۆ کردوین بە زمانێکی رەسمی و ئەم خزمەتە لە نەظر بەشەرییەتدا خزمەتێکی تەئریخییە، لەبەر ئەمە تا گیانمان بمێنێ، ئەم سەعادەتی زمانە لەدەست نادەین".**[1]

شێخ نوری گرنگیی زۆری بە رۆڵی زمان داوە، هەر لەبەر ئەوەیە لە زۆربەی وتارەکانیدا قسەی لەسەر زمانی کوردی کردوە و **پەیوەندیی زمانی لەلا بەهێزتر بوە لە پەیوەندی ئاین،** بگرە ئەو زمان بە کلیلی نەتەوە دەزانێت.

***

[1]. هەمان سەرچاوە، ل ٢.

**هەنگاوی دوەم:بانگی کوردستان**

**٢/ ٨/ ١٩٢٢- ١٩٢٣/٦/٨**

ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) بە دوەم ڕۆژنامە لە مێژووی سلێمانیدا دادەنرێت. بە زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی دەردەچو، مستەفا پاشا یامولکی لە پاڵ سەرۆکایەتیی جەمعییەتی کوردستاندا، کاری سەرنوسەریی ڕۆژنامەکەشی دەکرد و دەستەی نوسەرانەکەشی بریتی بون لە (ڕەفیق حیلمی، عەلی کەمال، (م.نوری) شێخ نوری شێخ ساڵح). ڕۆژنامەکە لە روی شێوە و روخسار و قەبارەوە وەکو ڕۆژنامەی پێشکەوتن بو، بەڵام لە بارەی ناوەڕۆک و خستنەڕوی بابەتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەکانەوە لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن جیاواز بو.

ژمارەی یەکەمی بانگی کوردستان لە ٢ی ٨ی ١٩٢٢دا بڵاوکراوەتەوە، ١٣ ژمارەی بەبێ وەستان لە کاتی خۆیدا لێ دەرچوە، بەڵام ژمارە ١٤ی دوای هەشت مانگ لە ٨ی ٦ی ١٩٢٣ بڵاوکراوەتەوە، لەو ژمارەیەدا هۆکاری دواکەوتنی بڵاونەکردنەوەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە **"لە تەرەف مەتبەعەدا**



**نوقسانی پەیدا بوە"**[1]، بەڵام نەوشیروان مستەفا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "**دوای ئەوەی نێوانی شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان تێک چوو، هەندێک لەوانەی کە پێشتر هاوپەیمان و هاوکاری بون، ململانێیان لەگەڵ ئینگلیز بە شەڕێکی دۆڕاو ئەزانی، وازیان لە شێخ مەحمود هێنا، لەوانە شێخ قادری حەفید "برای شێخ مەحمود" و مستەفا پاشا یامولکی...**"[2] دوای ئەوەی ئینگلیزەکان توانییان شێخ مەحمود لە سلێمانی دەرکەن و دەسەڵاتی خۆیان و عێراق بەسەر شارەکەدا بسەپێننەوە، یامولکی دەستی کردوە بە بڵاوکردنەوەی بانگی کوردستان" و ژمارە ١٤ی لە ٨ی حوزەیرانی١٩٢٢ دەرکردووە.

لە بەشە فارسییەکەیدا (م. نوری) بەم شیعرە وەسفی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان دەکات.

**استقبال و خوش آمدی بانگ کرستان**

**ای خنچە شکفتە بستان، خوش آمدی**

**ای بلبل انیس گلستان، خوش آمدی**

تا دەگاتە ئەوەی ئامانجی ڕۆژنامەکە بەم چەند بەیتە بەیان دەکات و دەڵێ:

---

1. بانگی کوردستان، ژمارە ١٤، ٨ حوزەیران ١٩٢٣، ل١.

2. نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵ چنین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانی کوردی ١٨٩٨- ١٩٥٨، الدار العربیة للعلوم ناشرون،بیروت- لبنان، ٢٠١٣، ل٣٠٥.

شێخ نوری شێخ ساڵح لە دوای ژمارە (١٣)وە هیچ پەیوەندیەکی بە ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)ەوە نەما.لە سەرەتای دەرکردنی ڕۆژنامەکە، یامولکی لەوە تێگەیشتبو کەبەشیکی زۆر لە خوێنەوارەکانی ئەو سەردەمە بە زمانەکانی تورکی و فارسی دەخوێننەوە، ئەوانەی فەرامۆش نەکردبو.بۆیە ڕۆژنامەکەی کردبو بە سێ بەشەوە: کوردی و فارسی و تورکی. تورکییەکەی سپاردبوە دەستی ڕەفیق حیلمی و بەشە فارسیەکەشی بە (م.نوری) شێخ نوری شێخ ساڵح و عەلی کەمال باپیر.

ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆڵێکی دیاری گێڕا لە بەرەو پێش بردنی هەستی نەتەوەیی و تەشەنەدان بە گیانی نیشتمان پەروەرانی ئەو سەردەمە. نوسینەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بە ڕونی بیری ناسیۆنالیزمی کوردیان پێوە دیار بو، جاچ لە ڕێگەی وتارە سیاسییەکانەوە بوبێت یان شیعری هەندێ لە شاعیرانی کورد، کە لەو کاتەدا لەسەر لاپەڕەکانی بانگی کوردستان بڵاویان دەکردەوە.

**کوردایەتی بە زمانی فارسی:**

لەوە دەچێ یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە بەشی فارسی لەم ڕۆژنامەیەدا کرابێتەوە، ئەوە بێت کە سیاسەتی دەوڵەتی ئێران لەو سەردەمەدا بەرامبەر بە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر توند بو، بۆیە بەشێک لە هۆزەکانی کوردی ئەو بەشەی کوردستان بۆ پشتیوانی کردن لە شۆڕشەکانی کورد هاتن بە هانای شێخ مەحمودەوە، جگە لەوە خودی مستەفا پاشا کەسێکی نەتەوەیی بو، دەیویست لە ڕێگەی ڕۆژنامەکەیەوە



**ای (بانگ کرُد) و ناشر افکار عالمی**

**وی باعث تعالی کرُدان، خوش آمدی**

**لب تشنه بر سراب جهالت بمرد کرد**

**ای قطره های رحمت باران، خوش آمدی**

**ای ترجمان غایه وای ناشر امل**

**وی مایەی ترقی و عمران، خوش آمدی**[1]

دوای ئەوەی مستەفا پاشا یامولکی بە تەواوەتی سلێمانی بەجێ هێشت و لە بەغدا جێگیر بو، ژمارەکانی ١٤-١ی لە ٢٨ی کانونی دوەمی ١٩٢٦ لە و ١٤-٢ی لە ١٥ی شوبات ١٩٢٦ی و ١٤-٣ی لە ١ نیسانی ١٩٢٦ دەرکرد و دوای ئەوەش پەکی کەوت. جەمال خەزنەدار هۆکاری دەرکردنی ئەو ژمارانە لە بەغدا دەگەڕێنێتەوە بۆ "دامەزراندنی حکومەتی ئەهلی لە عێراق و بڵاوکردنەوەی بڕیارەکانی عصبة الامم، کەوتوەتە خۆ بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) بۆ جاری سێیەم بە نیازی ژیانەوەی کۆمەڵەی کوردستان و هۆشیار کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لە کن ڕۆڵەکانی کورد و بتەوکردنی دۆستایەتی کورد و عەرەب"[2].

1. بانگی کوردستان، ژمارە ٣، ٢١ ئۆغستوس ١٩٢٢، ل٥.

2. جەمال خەزنەدار، ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢- ١٩٢٦، وەزارتی ڕاگەیاندن کارگێڕی گشتی ڕۆشنبیری کوردی، بەغدا ١٩٧٤، ل ٢٠.

هێرشبەرە یان بەرگریکار، ئەوان دەیانەوێت رابردوو لە خزمەتی ئێستادا بەکاربهێنن"(2)

شێخ نوری کە پێشتر بۆچونە ناسیۆنالیستیەکانی خۆی لە قاڵبی شیعر و ئەدەبیاتدا دەردەبڕی و زیاتر رۆمانسیەت بەسەریاندا زاڵ بو، لەم وتارەدا خۆی لەو شێوازە رزگار دەکات. راستە هێشتا نۆستالوژیا بە سەریدا زاڵە، بەڵام تێڕوانینە ناسیۆنالیستەکانی خۆی لە قاڵبی وتارێکی رۆژنامەوانی پڕ رەونەقدا لە رێگەی بەکارهێنانی شکۆی مێژوویی شارستانێتی ماد و پەهلەوییەکانەوە بەیان دەکات، گرێی دەداتەوە بە ئێستاوە، بیرمەندان و ئەشرافی مەملەکەت هان دەدا پەنا بۆ زانست بەرن، بۆ ئەوەی لە پێشکەوتن دوا نەکەون.

"**نەتەوەپەرەستەکان بە دوای شوێن پێی مێژووی نەتەوەکەیاندا دەگەڕێن، قسە لەسەر رووداوە گرنگەکان و شەهید و نیشتمان پەروەر و خیانەتکار و هاوپەیمان و دۆستەکانی خۆیان دەکەن**"[3]

شیخ نوری وەک ناسیۆنالیستێک درێژە پێدەری ئەو شێوازەیە کە میقداد بەدرخان لە رۆژنامەی "کوردستان"دا پەیڕەوی کردوە، پەنابردن بۆ مێژووی دێرین و هاندان بۆ خوێندن و داواکردن لە دەوڵەمەند و

[2]. دکتر علي اشرف نظري، ناسيوناليسم و هويت ايراني مطالعه موردي دوره پهلوي اول، پژوهش حقوق و سياست، نهمسال شماره ، ٢٢ ، بهار و تابستان ١٣٨٦، ص ١٤٨

[3]. رابرت اكلشان و ديگران، مقدمه‌ای بر ایدۆلوژیهای سیاسی، ترجمه محمد قائد، نشر مرکز تهران- ایران، چاپ دوم ١٣٨٥، ص ١٩٧



هۆشیاریی نەتەوەیی لەناو کوردانی ئەو دیودا بڵاوبکاتەوە. (شێخ نوری) کە فارسی زانێکی باش بو، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو بەشە زۆر گونجاو بو.

لە یەکەم ژمارەی "بانگی کوردستان"دا وتارێکی بە فارسییەکی رەوان و جوان، سەبارەت بە رۆڵی (معاریف) زانست لە پێشکەوتنی گەلاندا نوسیوە، داوا لە گەلی کورد دەکات لە رێگەی "معارف"ەوە لە نەخشەیجیهانی"موتەمەددن" و "موتەرەقی"دا جێگەی خۆیان بکەنەوە؛ ئەو دەنوسێت:

"**پس ما قوم کردان که اکنون در حالت ابتدائی هستیم و آثار تمدن و ترقیات اجداد خودمان ماد و پهلویان را گم کردایم باید پیش از همه چیز مربوطیتی به معارف پیدا نمائیم... تا که از عصر حاضر که عصر ترقیات است بی بهره نشویم و خواهشمندم که حمیتمندان وطن متحیر و اشراف مملکت در ترقیات و معارف سعی و جهد کامل نمایند تا بی نام و نشان نشویم و از حالت ابتدائی خارج و داخل زمره ملل مترقیه بشویم...**"[1]

"مێژوو کەرەستەی دەستی ناسیۆنالیستەکانە، بەکارهێنانی گرێدراوەتە خەسڵەت و جۆری ناسیۆنالیستەکە، پێشکەوتوخوازە یان موحافزکارە،

[1]. م.نوری، (......)، بانگی کوردستان،ساڵی١، ژمارە ١، ل ٥-٦.

ئەشرافەکان بۆ یارمەتیدانی هەژاران، پشت بەستن بە ئاین و فەرمودەکانی پێغەمبەر بۆ مەبەستی نەتەوایەتی.

هەر لە بەشی فارسی ژمارەی یەکەمی (بانگی کوردستان)دا، ئاگادارییەک بە زمانی فارسی بڵاوکراوەتەوە و داوا لە کوردانی کوردستان دەکات بە بابەت و هەواڵ و ئابونە یارمەتی ڕۆژنامەکە بدەن، بۆیە لە ژمارەکانی دواتردا بەرهەمی ئەو ئاگادارییە دەردەکەوێت. لە ئێران و کوردستانەوە چەندین هەواڵ و نوسینی مێژوویی بە فارسی لەلایەن نوسەرانی ئێرانەوە ڕەوانەی ڕۆژنامەکە دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕەخنە لە دوو ڕووەکان:**

لە ژمارە (٨)ی ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان"دا ڕوبەڕوی سەبکێکی نوێ لە نوسینەکانی شێخ نوری شێخ ساڵح دەبینەوە، دوای هاتنی (ئۆزدەمیر) بۆ ناوچەی ڕەواندوز، داڕودەستەکەی شێخ مەحمود بەسەر سێ هێڵدا دابەش دەبن، هێڵی لایەنگرانی تورک و هێڵی لایەنگرانی ئینگلیز و هێڵی کوردایەتی. شێخ نوری کە خۆی هێڵی کوردایەتی گرتبوەبەر، لە ڕێگەی ئەو بابەتەوە وێنەیەکی روونی ئەو کاتەمان دەخاتە بەردەست و ڕەخنەی سیاسی لە مونەورەکانی کۆمەڵگا دەگرێ کە چۆن لە شەو و ڕۆژێکدا ئامادەن سەنگەر گۆڕکێ بکەن لە نێوان تورک و ئینگلیزدا، بەبێ ئەوەی شەرم لە خۆیان بکەن.

لە سەرەتای وتارەکەیدا کە ناونیشانی نییە (م. نوری) دەڵێت:



**"زۆر پیاوی وام دیوە کە جاه و جەلالی حورمەت و عیزەتی بە حکومەتی ئینگلیسەوە بوە و هیچی تر، ئەمڕۆ لە عەلەیهی و لەهیی یەکێکی ترە. شەخصی واشم دیوە، موتەمادی دوشمنی حکومەتی تورک بوە، کەچی ئەمڕۆ برای هاوپشتیەتی، ئینسانی واشم چاو پێ کەوتوە کە صرف خادیمی میللەت بو و بۆ تەرەقی و تەعالیی قەومەکەی خۆی سەعیی کردوە و ویستویەتی کە قەومەکەی ببێ بە پیاو لە تەئریخی عالەمدا موجودییەتی ئیثبات بکا، ئەویش ناشوکری ناڵێم ئەمڕۆ نەوعێکی ترە. بێجگە لەمانە قیسمی بێ طەرەفیش لە سایەی خواوە زۆرە. ئەمە زۆر عەیبەملت کە ئێمە بیستومانە متمادی بۆ تەرەقی و تەعالی خۆی هەر سەعی کردوە حەظی لە مەحکومی نەکردوە موحاکەماتی سیاسی تەئریخ، ئەمانە زۆر چاک ئیثبات ئەکا، اللهم اصلح احوالنا".**[1]

ئەم وتارە یەکێکە لە جوانترین ڕەخنە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، بەداخەوە زۆرجار بۆ خوێندنەوەی دۆخە سیاسیەکەی سەردەمی شێخ مەحمود پەنابراوە بۆ سەرچاوەی دیکە و نەمدیوە ئەم نوسینەی شێخ نوری وەک سەرچاوەیەکی ڕاست و دروست بەکارهێنرابێت بۆ تێگەیشتن لەو کەسانەی کە لە دەوری مەلیک مەحمود کۆ ببونەوە و لە کونفەیەکونێکدا بایان دابێتەوە.

لەو قۆناغەدا شێخ نوری ویستویەتی لە ڕێگەی نوسینەکانیەوە ڕەخنە لە دواکەتویی کۆمەڵگای کوردی بگرێت، کە کەمتر ئاشنای مێژووی خۆیانن و

---

[1]. م.نوری، (...)، بانگی کوردستان، ساڵی١، ژمارە ٨، ل ٢-٣.

هەر ئەوەش مایەی دواکەوتویی و مایە پوچییانە، لە هەمان کاتدا رووی رەخنەکانیشی لە نوخبەی کوردی ئەو سەردەمە گرتوە کە لە هەلومەرجێکی وادا رێز لە خۆیان ناگرن و هەر رۆژەی لە ئاوازێک دەخوێنن.

### هەنگاوی سێیەم: ڕۆژی کوردستان

### (١٥ تشرینی یەکەم ١٩٢٢-٣ مارتی ١٩٢٣)

**لە موحەڕڕیەوە بۆ صاحێب ئیمتیاز و مودیر مەسئول**

دوای ئەوەی موستەفا پاشا یامولکی کە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەری بانگی کوردستان بوو لە کابینەی حکومەتەکەی شێخ مەحموددا بوو بە وەزیری موعاریف، لە سەرنوسەری و خاوەن ئیمتیازی ئیستعفای دا و ڕۆژنامەیەکی دیکەی فەرمی بەناوی (ڕۆژی کوردستان) لە ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ لە شاری سلێمانی بڵاوکرایەوە.

ئەم ڕۆژنامەیە زمانی حاڵی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بوو، کە دوای گەڕانەوەی لە هیندستان دایمەزراندبوو. ئەم ڕۆژنامەیە بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکانی بڵاودەکردەوە، ئەگەر سەیرێکی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامە بکەین، دەبینین باسی زۆربەی لایەنەکانی ژیانی تاکەکانی کردووە، تەنانەت شیکردنەوەی بۆ پیتی پەتی کوردی کردووە و گرنگیی بە زمانی کوردی داوە، کۆمەڵێ شیعری جوانی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە. خەتی ئایدیۆلۆژیی (ڕۆژی کوردستان) خەتێکی نەتەوەیی بوو، داکۆکیی لە



مافەکانی گەلی کورد دەکرد و دژی لکاندنی کوردستانی جنوبی بوو بە عێراقی عەرەبییەوە. ئەدمۆنز لە کتێبەکەیدا سەبارەت بەم ڕۆژنامەیە دەڵێ: **"بۆ تێگەیشتن لە کێشەی کورد بەو شێوەیەی کە ناسیۆنالیستەکانی سلێمانی دەیانویست، باشترین سەرچاوە گواستنەوەی بەشێک لەو وتارانەیە کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستاندا بڵاو بوەتەوە"**[1]

شێخ نوری شێخ ساڵح کە پێشتر قودەرت و توانا ڕۆژنامەنوسییەکەی بەتەواوەتی دەرکەوتبو، لە لایەن شێخ مەحمودەوە بە فەرمانێکی شاهانە کرا بە خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان. شاعیر (عەلی کەمال باپیر) وەک (موحەڕڕیر) نووسەر لە گەڵیدا دەست بەکاربوو. لە ژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا نووسرابوو (**سیاسی، ئەدەبی، ئیجتماعی**)یە، هەفتەی جارێک دەردەچێ.

بەشی زۆری نوسەر و شاعیر و سیاسەتمەدارەکانی ئەو سەردەمە لە دەوری ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"دا کۆبونەوە، مەیدانی نوسین بڵاوکردنەوە بەرفراوانتر بوو بۆیان تا لە ڕێگەیەوە بیر و بۆچون و ئاراستە فیکریەکانیان بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری مێژوویی بخەنەڕوو.

ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان" ڕۆڵی سەرەکیی هەبو لە کۆکردنەوەی پشتیوانی خەڵکدا بۆ حکومەتەکەی شێخ مەحمودی مەلیک و جۆشدانی

---

1. سیسیل جی. ئەدمۆنز، کردها ترک ها عرب ها، ترجمە ابراهیم یونسی، چاپ اول ١٣٦٧ ایران- تهران، ص ٣٢٢.

گیانی نەتەوەیی و نیشتمانی، درێژەی بە پەیامی هۆشیاری و تەنویر کردنی خەڵک بۆ خوێندن و زانست و سەنعەت دەدا، کە رۆژنامەکانی پێش خۆی دەستیان پێ کردبو.

ئەم پۆستە نوێیەی (م.نوری) هاوکات بو لەگەڵ ئەو دابەش بونە قورسەی کە لە کوردستاندا لە نێوان لایەنگرانی ئینگلیز و تورکەکان "جلخوارەکان"دا دروست بو، دەوروبەرەکەی شێخ مەحمودیشی گرتبوەوە. بەڵام گەر تەماشایەکی ئەو نوسینانە بکەین کە خودی شێخ نوری نوسیونی، بۆمان دەردەکەوێت هەم رۆژنامەی "رۆژی کوردستان" هەم سەرنوسەرەکەشی بەرژەوەندی نەتەوەییان لا گرنگتر بوە بەلای هیچ بەرەیەکداخۆیان ساغ نەکردوەتەوە، هەوڵەکانی زیاتر بۆ سەربەخۆیی و بەئاگاهێنانەوەو پشت بەخۆبەستن بوە، کاری بۆ تێک شکاندنی نائومێدی کردوە. ئەو (١٥) ژمارەیە جگە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەیاننامە فەرمییەکانی (مەلیک مەحمودی یەکەم)، سەروتار و بابەتی سیاسی و دیپلۆماسی و کۆمەڵایەتیشی بڵاوکردوەتەوە، بەڵام هەر هەمووی بە تامی سیاسی.[1]

[1]. جەمال خەزنەدار، رۆژی کوردستان ١٩٢٢- ١٩٢٣، وەزارتی راگەیاندن کارگێری گشتی رۆشنبیری کوردی، بەغدا ١٩٧٣، ل ١١.



**لە شاعیریەوە بۆ ناسیۆنالیزمی رۆمانتیک::**

رۆمانتیکی ناسیۆنالیزم، ناسیۆنالیزمی ئۆرگانیک، ناسیۆنالیزمی شوناسگەرا، جۆرێکە لە ناسیۆنالیزم کە دەیەوێت دەوڵەتەکەی خۆی لە سەر بناغەی یەکخستنی ئۆرگانیانەی لایەنگرانی دروست بکات. ئەم مەسەلەیە گرێدراوەتە شێوەی بەکارهێنانی زبان و نەژاد و ئاین و داب ونەریتی نەتەوەیەک، لە ئەنجامی یەکخستن و گونجاندنی ئەو فاکتەرانەی باس کران، یەکێتی نەتەوەیی دروست دەبێت و یەکێتی نەتەوەیش شوناسی نەتەوە دروست دەکات، "**جەخت کردنەوە لە سەر رەگەزەکانی زبان، دین و نەژاد دەبێتە هۆی دروست بونی ناسیۆنالیزمێک کە پێی دەوترێت، ناسیۆنالیزمی رۆمانتیک**".[2]

ژان ژاک رۆسو و یوهان گوتفرید ڤن هردر، لە پێشەنگەکانی خاوەنی ئایدیای "ناسیۆنالیزمی رۆمانتیک"ن، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ناسیونالیزمی رۆمانتیک وەک جۆرێک لە ئایدیا، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە سەر رووداوە سیاسییەکان، ئەوانەی باوەڕیان بەم جۆرە ناسیۆنالیزمە هەبوو پێیان وابوو (دەوڵەت- نەتەوە) لە سەر بناغەی زمان و کلتوری یەککگرتوو دادەمەزرێت و بۆ گەیشتن بە رزگاری نیشتمانی لە ژێر دەستی داگیرکەران، دەبێ جەخت لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی بکرێتەوە.

[2]. قربان عباسی، ناسیونالیسم رمانتیک یا خودفریبی، سایتی فرهنگ امروز: http://farhangemrooz.com

- **سەروتار:** وتەیەکی خێرای ئیقناعییە و خاوەنەکەی دەبێ ئاسۆی زانیاریەکانی بەرفران بن، رابردو ببەستێتەوە بە ئێستا و ئایندەوە، سیاسی و ناسیاسی، لۆژیک و سۆز، دیار و نادیار پێکەوە گرێی بدات.
- **سەروتار:** دەبێت هاوکات بێت لەگەڵ هەواڵەکان و گرێدراو بێت بە رووداوەکانی واقعیی ئێستاوە.[1]

سەرەڕای کەم ئەزمونی لە کاری رۆژنامەوانیدا و نەبونی سەرمەشق لەو بوارەدا، بەڵام ئەم سەروتارەی شێخ نوری، هەموو ئەو پێوەرانەی سەرەوەی رەچاوکردوە. جگە لەوە توانیویەتی رەچاوی سێ مەرجی (پێشەکی، مەبەست و کۆتایی) بکات، کە لە لایەن "ئیجلال خەلیفە"وە[2] دیاری کراوە بۆ نوسینی سەروتار. (م. نوری) بەشی زۆری پێشەنگەکانی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی، لە ناویاندا شێخ نوری، هەوڵیانداوە لە رێگەی سەر لە نوێ خوێندنەوەی مێژووی کورد و دەرخستنی لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەو مێژووەوە، ئەو هەستی خۆ بەکەم زانینە کە باڵی بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا کێشابو، بسڕنەوە. بەشی زۆری پاڵەوانە مێژووییەکانی کورد لە وتارەکاندا حزوریان هەیە و هەندێ جاریش باس لەوە دەکەن کە هەلومەرجی دەرکەوتنی پاڵەوانی هاوشێوەی ئەوان بۆ کورد رەخساوە، ئەمەش بە

1. د. جان كرم، مدخل الى لغة الإعلام، دار الجيل لطباعة والنشر، بيروت - لبنان ط٢، ص 106.
2. د. اجلال خليفة. اتجاهات حديثة في فن التحرير الصحفي، مكتبة الانجلو المصرية ، ج.م.ع- القاهرة،١٩٨، ص ١٠٨-١٠٩.



ناسیۆنالیزمی رۆمانتیک، سەردەمانێک لە لای شاعیرەکانی کوردیش وەک هێزێکی بەرگری لە بەرامبەر هێرشی داگیرکەران و بەرزکردنەوەی هۆشیاری و هەستی نەتەوەیی بەکار هاتوە. شێخ نوری لە سەرەتای کاری رۆژنامەوانیدا، لە رێگەی وتارەکانیەوە ناسیۆنالیزمی رۆمانتیکی گواستەوە بۆ ناو ئەم ژانرە کاریگەرە نوێیەوە.

لە ژمارە (٢)ی رۆژنامەکەدا سەروتارێکی حەماسی لە ژێر ناوی "**مەتانەت وثەباتی قەومی کورد**"دا نوسیوە و لە پانۆرامایەکی کورتدا مێژووی کورد و ناودارەکانی دەخاتەڕوو، دواتر دەیبەستێتەوە بەو واقعیە مێژووییەوە کە لەو سەردەمەدا بەرقەرار بوە بۆ سەعادەت و تەرەقی کورد، مەلیک مەحمود بە درێژە پێدەری سەروەرانی کورد دەزانێت. ئەمە یەکەمین سەروتاری (م. نوری)یە لە رۆژنامەی رۆژی کوردستاندا، جگە لەوەی ئەزمونێکی نوێیە لە رۆژنامەنوسیی کوردیدا، بۆ خودی ئەویش هەنگاوێکی تازە بوە لە کاری رۆژنامەوانیدا.

سەرەتا دەبێ بڵێین گەر سەروتارەکە بە پێوەرەکانی ئێستای نوسینی سەروتار هەڵسەنگێنین، ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرنوسەر تا رادەیەکی زۆر لە کارەکەیدا سەرکەوتو بوە. "**جان کەرم**" لە کتێبەکەیدا خەسڵەتەکانی سەروتاری بەم شێوەیە دیاری کردوە:

- سەروتار بابەتێکی سەرپێیی نیە، دەبێ پتەو و هاوسەنگ بێت لە خستنەڕوی بابەتەکە و شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆی.

یەکێک لە توانا هەرە دیارەکانی ئەو رۆژنامەنوسەی کورد لە قەڵەم دەدرێت لە بواری رۆژنامەنوسیدا.

سەروتارەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

**"قەومی کورد قەریبی چوار هەزار ساڵ لە پێش میلاددا لە شەرقی دیجلە، یەعنی لە موقیعی حاضیرەدا هەر بوە و زۆر دەفعەش ئیثپاتی موجودییەتی میللی خۆی کردوە.**

**١٨ عەسر لە پێش میلاددا بە موجودیەتێکی زۆر و ئینتظامێکی فەوقەلعادە کلدانستانی ئیشغال و چەند عەصرێک بە کەمالی دەید ئەو جێگایانەیان ئیدارە و لەوێدا ئاثاری مەدەنییەتیان تەئسیسی کردوە، لە پاشا لە طرەف ئاثورییەکانەوە بە هجومێکی ظاڵمانە ئەو جێگایانەیان لێ سندراوەتەوە و مەوقعی خۆشیان ئیشغال کراوە.**

**لە دوای ئەمە چەند عەصرێک لە ژێر ئیدارەی موناوەبەی ئاثورییەکان و کلدانییەکانا ماوەتەوە و کەتوەتە دەست ئێران و لە پاش چەند عەصرێکی تریش کەوتۆتە دەست یۆنان، یەعنی ئەسکەندەر واریثی لە پاشا، رۆما و لە دوای ئەو تیکرار ئێران و لە ظهوری ئیسلامییەتدا کەوتۆتە دەست ئیسلام و لە زەمانی عەباسییەکاندا هۆلاکۆ و قەرەقویونلی و ئالی جەزایر و تورک.**

یەکێک لەو گرفتانەی کە لەو سەردەمەدا کورد پێوەی دەیناڵاند، جەهلی سیاسی بەشێک لە نوخبەکانی کورد بو بە ناسنامەی نەتەوەیی و مێژووی



خۆیان، کەڵک وەرگرتن لەو کلتورە لە پێناوی بوژانەوەی هەستی نەتەوەیی. بەڵام (م.نوری) بۆ گەیشتن بە مەبەستەکەی، لە زۆربەی وتارە سیاسیەکانیدا کەڵکی لەو پاشخانە مێژوویی و زانستی و کلتورییەی خۆی وەردەگرت بۆ هۆشیارکردنەوەی رۆڵەکانی نەتەوەکەی و پێدانی راوێژ و رێنمایی بە ئەولیائی ئومور. لە پەرەگرافی دوەمدا بە ورەیەکی بەرزەوە باس لەوە دەکات کە سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییەی وا بەسەر نەتەوەی کورددا هاتوە، کەچی هێشتا بونی خۆی پاراستوە:

**لەگەڵ ئەم هەموو ئینقیلابە تەئریخییەدا کە لە ژێر پێی ئۆردووی جیهانگیرانی شەرق وغەربدا پەرێشان بوون، کە ئەگەر ئەم موهاجەماتە دایمیە بەسەر حکومەتێکی موعەظەمەدا بهاتایە، وەکو رۆمای شەرق، نە لیسان و نە ناوی لە روی کائیناتدا نەئەما. قەومی نەجیبی کورد مەوجودیەتی ماییە و لیسانی میللیەیی خۆی موحافەظە کرد و لە هەموو فرصەتێک بیلا ئیستیفادە ئیدیعای حەق ژیان و ئازادیی خۆی کردوە و قەهرمانی زۆر ناودار و حوکمداری زۆر فەعال و عالیی جەنابیان بوە، وەکو صلاح الدین و کەریم خانی زەند و سائیرە.**

کارکردن بۆ زیندو راگرتنی بیری نەتەوەیی، دەبێ هەڵگری دوو رەگەز بێت، رەگەزی هزرێکی رەخنە گرانەی شیکاری؛ لەگەڵ رەگەزی هەست و سۆز. بە یەکگرتنی ئەو دوو رەگەزە خەباتی نەتەوەیی دەبوژێنێتەوە و پێشی دەخات. شێخ نوری دوای ئەوەی لە سەرەوە بە لۆژیکی عەقڵ و ئاوەزا قسە لەگەڵ خوێنەرانیدا دەکات، لە پەرەگرافی کۆتایی سەروتارەکەدا هەوڵ

دەدات هەست و سۆزی پەیامەوەرگرەکانی بجوڵێنێ و پێیان دەڵێ (مەلیک مەحمودی ئەوەڵ) درێژە پێدەری قارەمانان و ناودارانی کورد دەبێ، ئەو کار بۆ ئەوە دەکات مەشروعیەت بدات بە دەسەڵاتەکەی شێخ مەحمود، داوا دەکات پشتیوانی لێ بکرێت.

**عەلەل خوصوص ئەمە چەند ساڵێکە جەنابی حەضرەتی مەلیکی کوردستان یعنی (مەلیک مەحمود ئەوەل) بۆ سەعادەت و تەرەقیی ئەم میللەتە هەمو نەوعە فیداکارییەکی ئیختیار کرد، تا ئەمجارە بە ئامالی خۆی کە سەعادەت و تەرەقیی ئەم وەطەن و میللەتەیە نائیل بوو و ئەم میللەتەش لە سایەی هیمەتی وەطەن پەروەرانەی موشار ئیلەیهیەوە بە رۆژی سعادەت و ئازادیی خۆی گەیشت. هەر بمێنێ مەلیکی کوردستان."**[1]

**بانگی پشت بەخۆ بەستن:**

لە ژماری (٥)ی رۆژنامەی "رۆژی کوردستان"دا شێخ نوری سەروتارێکی دیکەی بە ناوی (**مجادەلەی حەیات**)ەوە لە سەر یاسای مانەوە بۆ بونەوەرە شیاوەکان (نظرية التطور و البقاء للأصلح)ی (داروین) دەنوسێ، شێخ نوری شێخ ساڵح لە ژێر کاریگەری ئەو تێورییەدا کۆمەڵگای کوردی وەک بونەوەرێکی سروشتی لە قەڵەم داوە و پێی وایە ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی وەک هەر بونەوەرێکی سروشتی دەبێ لە پێناوی ژیان و

1. م.نوری، رۆژی کوردستان، ساڵی (١)، ژمارە٢، ٢٣ تشرين الثانی ١٣٣٨، ل ١.



مانەوەدا تێ بکۆشێت و بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بە هێز و خۆ رێکخستنەوە هەیە.

لە سەرەتای دەرکەوتنی فەلسەفەی (سروشتی داروین)ەوە بەشیکی زۆر لە بیرمەندانی ناسیۆنالیزم ئەم فەلسەفەیان وەک دروشم و ئایدۆلۆژیا بەکار هێنا بۆ سەلماندنی بۆچونەکانیان، بە تایبەتی بیرمەندە ناسیۆنالیستەکانی ئەڵمانیا.

شێخ نوری بە پێیەی ئاشنایی ئەو تێوریانە بووە زیاد لە جارێک لە وتارەکانیدا کەڵکیان لێ وەر دەگرێ، لەم وتارەدا دوای خستنەڕووی کورتەیەکی تێوریەکە دێتە سەر کۆمەڵگای کوردی و بە چەند وشەیەک باس لە کەم و کورتییەکانی خۆمان دەکات کە تا ئێستاش بەپێی یاساکە نەجوڵاوینەتەوە. بۆ تۆمەتبار نەکردنیشی بە دەرچوون لە ئاین، بە هێنانەوەی ئایەتێک لە (قورئان) پاڵپشت بۆ بۆچونەکەی دەهێنێتەوە و داوا دەکات لەمەولا ئێمەش بە پێی ئەو یاسایە و ئەو ئایەتە بجوڵێینەوە، بۆ ئەوەی نەفەوتێین.

**"سیلسیلەی عضویات ئەگەر لە دونیادا تدقیق و تەتەبوع بکرێ، ئەبینرێ کە هەموو حەیوانات، نەباتات طابیعی قانونێکی (لا یتغیر)ن بەو قانونە تکامل و یا روو ئەکەنە ئینقیراض. ئەجناس و ئەنواعیی حەیوانیە و نەباتییە، هەر بەم قانونە فیطریە ئەژی هەر ئەم قانونە سەوقی تەکامولی ئەکا و هەر بە ئیلجائات ئەم قانونە ضەرورییە لە صەحنەی کائینات دەر ئەهاوێژرێ. ئەو نەوع و جینسانەی کە لەگەڵ ئیجاباتی ئەم قانونەدا**

**تەوافوق نەکا بە زڵلەیەکی بێ و ئەمانی طەبیعی گێژ ئەبێ و ئەکەوێتە بیرێکی ئیضمیحلالەوە، کەوابێ ژیان لەم موجادەلەیەدا ئیحرازی ظەفەریەت و غالیبەتە....**

نوسینی ئەو پێشەکییە بۆ ئەوەیە کە بڵێ کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش لەو هاوکێشەیە بەدەر نییە، هەر کۆمەڵگایەک لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەمدا خۆی نەگونجێنێ، فەوتان چاوەڕێی دەکات.

**هەیئەتی ئیجتیماعییەی بەشەریش، ئەگەر لەگەڵ ئیحتیاجاتی ئەو عەصرەدا کە تیا ئەژی، تەوفیقی حەرەکەت نەکا، وردەوردە ئەداتە باریکی و بنێسی و قوەتی تەناقوص ئەکا و نیهایەت مەحو ئەبێتەوە...**

لە کۆتاییدا دێتە سەر کۆمەڵگای کوردی و رەخنەی لێ دەگرێت، کە خۆی بەرپرسە لە هەموو هەڵە و کەم و کوڕییەکان، کەواتە با هەر خۆشی خۆی بگۆڕێ، بۆ ئەم مەبەستەشی ئایەتێکی قورئانی دەهێنێتەوە.

**تا ئێستا خەطا وەکوو لە خۆمانەوە بووە، تەعمیریش با لە خۆمانەوە بێ، خودای تەبارەک وە تەعالا هاییەکی حەقیقییە، ئەفەرمێت (*إن الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم* ) یەعنی قەومێک خۆی سەجییەی خۆی تێک نەدا، خواش سعادەتیان تێک نادا"[1]**

[1]. م. نوری، مجادلەی حەیات، رۆژی کوردستان ژمارە ٥، ساڵی ١، ل١-٢.



لەو پرەنسیپانەی کە پسپۆران دایان ناوە بۆ نوسینی سەروتار ئەوەیە کە "**دەبێ وتارنوس پاشخانێکی پتەوی فیکری و مەعریفی لەسەر بابەتەکەی هەبێ**"[2] ئەم سەروتارەی (م.نوری) ئەوە دەردەخات کە ئەو پاشخانەی هەیە، شارەزاییەکی باشی هەبوە لە زانستەکانی سەردەم و ئەو شارەزایەکەشی وەک بەڵگە و لۆژیک بۆ بەهێز کردنی بیرورا و بۆچونەکەی لە وتارەکەیدا بەکار هێناوە، ئەوە مەرجێکی سەرەکی نوسینی وتاری سەرکەوتوە.

**خاوەن شێوازی رۆژنامەوانی تایبەت**

پسپۆرانی بواری راگەیاندن پێیان وایە: نوسەری وتاری رۆژنامەوانی دەبێ خاوەنی ستایلی تایبەتی خۆی بێت، خوێنەر هەر کە بابەتێک دەخوێنێتەوە بەبێ ئەوەی ناوەکەی لەسەر بێت، بە ستایلەکەیدا بیناسێتەوە، (د. شەرەف)[3] سێ رەگەزی دەست نیشان کردوە بۆ جیاکردنەوەی ستایلی نوسەرێک لە یەکێکی دیکە:

**یەکەم**: بەکارهێنانی هەندێ دەستەواژەی دیاریکراو کە جیای بکاتەوە لە هی خەڵکی دیکە.

**دوەم**: گرتنەبەری شێوازێکی تایبەت لە ریزبەند کردنی ئەو دەستەواژانەدا.

**سێیەم**: چارەسەرکردنی بابەتەکەی بە شێوەیەکی تایبەت بە خودی نوسەرەکە.

[2]. نبيل الحداد، في كتابة الصحفية، الاردن – اربد، ٢٠٠٢ ص ٢١٨

[3]. عبدالعزيز شرف, المصدر السابق، ص٢٤.

بە بەراورد کردنی تێکڕای ئەو وتار و سەروتارانەی کە (م.نوری) نوسیونی، بۆمان دەردەکەوێت، سەرەڕای ئەو ئەزمونە کەمەی کە هەیبوە، شێخ نوری خاوەن ستایلێکی تایبەت بە خۆی بوە لە نوسینی وتاری رۆژنامەوانیدا. بەکارهێنانی وشەگەلی وەک "**قەومی نەجیبی کورد، فەن و صەنعەت، حقوقی مەشروعە**" کە زۆرجار لە وتارەکانیدا بۆ مەبەست و بۆنەی جیاجیا دوبارە دەبێتەوە بە زۆری لە وتارەکانی ئەمدا بەدی دەکرێت. بە پێچەوانەی نوسەرەکانی دیکەوە کە هەردەم کوردیان وەک داماو و بچوک و ژێردەستە پیشان داوە، ئەم بە خاوەن رابردوی زێڕین و داهاتوی گەش وێنای کورد و کوردستانی کردوە.

خاڵی دیکەی ستایلی تایبەتی (م.نوری) ئەوەیە کە هەمیشە کۆتایی بابەتەکانی بە گەشبینی کۆتایی دێت و بە چاویلکەی تاریک نەیڕوانیوەتە ئایندە. هەرچەندە ئەو گەشبینییە وای نەکردوە کە لە سێ ئاستدا رەخنە لە کۆمەڵگای کوردی نەگرێت.ئاستی (زەمامدارانی ئومور) کە زیاتر مەبەستی لە مەلیک مەحمود بوە، ئاستی نوخبەی روناکبیرو موونەوەرەکان، ئاستی خەڵکی سادە بە هەمو چین و توێژەکانیەوە:

"**ئێمە بۆچی هەمو شتێک لە حکومەت داوا بکەین، ئێمە بۆچی و بە چ حەقێک هەمو ئوموری خوصوصیی خۆمان بهاوێنە سەر شانی حکومەت؟ بۆچی نازانین هەروەکو حکومەت وەظیفەی مەخصوصی خۆی هەیە، میللەتیش عاید بە خۆی وەظیفەی موهیمی خۆی هەیە؛ هەروەکو لە وەظایفی ئەساسی حکومەتە کە حقوقمان، وەطەنمان لە تەجاوزات خارجییە**



**موحافەظە بکات و لە ناومانا رەفاهیەتی حەیاتیە و سعادەتی اجتماعیە تەئمین بفەرموێ.**

شێخ نوری لە رێگەی وتارەکانیەوە هەوڵی دەدا هۆشیاری سیاسی خەڵک و بەشداری کردنیان لە کایە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئیداری و سیاسیەکاندا فراوان بکات، چونکە دەیزانی لەو رێگەیەوە دەتوانێت سیستمی گشتی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ئیداری و ئابوری ساز بکرێت، داوای دەکرد هەمو ئەرکەکان نەخرێتە سەر شانی دەوڵەت و کۆمەڵیش بە ئەرکەکانی خۆی هەستێ:

"**ئێمەیش مەجبورین کە ئەسبابی بەرز کردنەوەی سەوییەی ئیدراک و مەعاریفی خۆمان پەیدا بکەین و پیاوی صاحێب ئیدراک و هۆش پێ بگەیەنین، هیچ وەقتێ نابێ تەکلیف لە حکومەت بکەین کە فیکرمان تەنویر بکات، چونکە ئەمە وەظیفەی میللەتە**"

کۆمەڵگای کوردی لەدوای هاتنی ئینگلیزەکانەوە توشی شۆک هاتبو، لە نێوان دوو بەرداشدا گیری خواردبو: لە لایەک کۆمەڵێک لە کەسایەتیە کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسیەکان کاریان دەکرد بۆ مانەوەی ئەو سیستمی خێڵەکیەی کە پشتاوپشت بۆیان مابوەوە، لەولاشەوە نوخبەیەکی منەوەر کاریان دەکرد بۆ دروستکردنی دەوڵەتێک کە هاوڵاتیانی بە ناسنامەی نەتەوەیی بناسرێنەوە، نەک خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵەکانیان، شێخ نوری ئەم خواستەی شێوازێکی مۆدێرن لە خۆ دەگرێت و کۆمەڵی مەدەنی وەک ترۆپکی پێشکەوتن دەخاتە ڕو، ئەو بۆ دەرباز کردنی کۆمەڵگای کوردی لە

کۆمەڵگایەکی خێڵەکییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی، داوای دامەزراندنی (**جەمعییەتی عومومییە**) دەکات. مەبەست **لە جمعیەتی عمومیە** کۆمپانیا و ڕێکخراوی پیشەیی و سەندیکایی جۆراوجۆرە. ئەم کارە بە هەنگاوێکی گرنگ دەزانێت بۆ پێشخستنی بوارەکانی زانست و پیشەسازی، دەڵێ:

**مەثەلەن، بۆ هێنانە وجودی جمعیەتی عومومییە، بۆ تەئسیسی مەکتەب صەنایع و بۆ ئەمثالی ئەمانە، نابێ تەکلیف بکەین کە حکومەت بۆمان بکات. ئەمانە لازمە میللەت بیانهێنێتە وجود. پیاوە کوردەکانمان فیکر بکەنەوە تەوحیدی مەساعی بکەن، ئەسبابی تەرەقی احضار بفەرمون. ئەمڕۆ ئێمە لە هەمو شتێ زیاتر موحتاجی مەعاریف و صەنایعین. ئەم دوو چرای سەعادەتە بە تەنها دەستێک هەڵناگیرسێ. لەناو ئەو قەومانەدا کە تەرەقیان کردوە، هەر جێگایەک بچی زۆر شوعبەی تەوحیدی مەساعی ئەبینی، هەر ئەو شوعبانەیە کە فیکر تەنویر ئەکا و سەعادەت دەهێنێتە وجود. چی ئەبێ ئەرباب حەمییەت گرد بینەوە، بۆ ئەم خوصوصە فیکر بکەنەوە هەمو یەک وجود سەعی بکەن، وەظیفەی خۆیان بزانن، وەظیفەکانی خۆشیان نەخەنە سەرشانی حکومەت بۆ تەئسیسی جەمعییەتی عومومییە، بۆ ئیجادی مەکتەبی صەنایع صەرفی غیرەت و مەقدەرەت بفەرمون و لە صەحنەی تەئیریخدا ناویان بە ئەبەدی بمێنێتەوە و نایل رەحمەتی نەصلی ئاتی بین."**[1]

[1]. رۆژی کردستان ژمارە ١٢، ١٠ شباط ١٩٢٢، ل ١.



**لە قانونی سروشتییەوە بۆ قانونی فیزیاو ماتماتیک:**

(م.نوری) لە هەمو ئەو وتارانەی کە لەو قۆناغەدا نوسیونی، پشتی بە زانست و مەعریفەت بەستوە، لەو سەروتارەی کە لە ژمارە (٤)ی "رۆژی کوردستان"دا بە ناوی (**میللەت**) نوسیویەتی، پشتی بە یاسای ماتماتیک بەستوە بۆ بەهێزکردنی بۆچونەکانی و گرێی داوەتەوە ئامانجە سەرەکییەکەی کە یەکێتی و یەک ڕیزیی کوردە؛ ئەم وتارە دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخ و دابەش بونە سیاسیەیە کە لەو سەردەمەدا لە ئەنجامی هاتنی (ئۆزدەمیر)ەوە خەریک بو تۆی دووبەرەکی دەکەوتە نێوان دەوروبەری مەلیکی کوردستان. شێخ نوری بۆ ئەوەی ئەو دووبەرەکیە روو نەدات، ئەم سەروتارەی نوسیوە و تێیدا دەڵێ:

**"میللەت لە جەمعییەت و جەمعیەتیش لە ئیجتماعی چەند فەردێک تەشەکولی کردوە. کە وابێ فەرد هەتا زیندوو و فەعال بێ، هەتا بە تەربیەتێکی ئەصیل تەربیە و پەروەردە کرابێ، ئەو جەمعییەتەی کە تەشکیلی ئەکا، ئەوەندە رەصین و ئەوەندە پایەدار ئەبێ و لەو نسبەتەیشدا ئاشاری تەرەقی و تەکامول نیشان ئەدا.**

**ئەفرادی جوێ جوێ ئەگەر هەریەکێ بە قوەتێ تەلەقی بکرێت، ئاثاری و قوەت و عەظەمەتی ئەو هەیئەتە عومومییە کە نشانی ئەدا، بیلطەبع موتەناسبە بەو مەحصەلەیە کە لە شیددەت و تەرکی ئەو قوەتانە هاتبێتە وجود.**

ئیرنیست رینان (١٨٢٣-١٨٩٢) نوسەر و مێژوونوس و رۆژهەڵاتناسی فەرەنسی و ئەندامی ئەکادیمیای زانستی فەرەنسیە لە وەڵامی پرسیاری "میللەت چییە؟" ساڵی ١٨٨٢ لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس دەڵێ:

**"میللەت بریتیە لە گردبونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانێک کە بەرژەوەندی و سودی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە. ئەم گردبوەنەوەیە بە هەست و سۆزەوە قوربانی و فیداکاری دەکات و ئامادەیی ئەوەشی تێدایە لەو پێناوەدا قوربانی دیکە ببەخشێ. هەموو میللەتێک خاوەنی رابردوویە و لە رێگەی واقعیەتی هەست پێکراوەوە دەیبەستێتەوە بە ئێستای خۆیەوە، بونی میللەت گرێ دراوە بە رای گشتی بەردەوامەوە، وەک چۆن ژیان و بونی تاکەکان نیشانەن بۆ بوونیان لە ژیان، میللەتەکانیش نەمر نین، لە هەلومەرجێکدا دروست دەبن، دەکرێ لە هەلومەرجێکی دیکەدا لەناو بچن".**[1]

شێخ نوری وەک کەسێک کە ئاگاداری هەموو ئەو تیۆری و باسانە بێت لەسەر مەسەلەی نەتەوە، لەم نوسینەدا باس لەوە دەکات میللەتێک گەر بیەوێت بمێنێ و بەردەوام بێت، دەبێ تاکەکانی یەک بگرن و لە رێگەی فیداکاری و یەکخستنی هێزەکانیانەوە کار بۆ **"مەنافعیی عومومییە موتەحید غیرەت و هەمو بۆ ئەم رۆژە موقەددەسە بۆ ئەم غایە موعیەنە سەعی بکەین":**

**فەنی میکانیک، حیکمەتی طەبیعیە بۆ ئێمە وای ئیثپات ئەکا کە شیددەتی دوو قوەت، ئەگەر لەگەڵ صفردا مساوی بێت، مەحصەلەش سفرە.**

---
[1]. جیلانی لبیب، ملت چیست؟ معیار های فرهنگی : ملت، http://www.vatandar.at/index%20labib22.html



**وە ئەگەر چەند قوەتێک لە عەینی جیهەتا تەئەثیر بکەنە نەقطەیەک شیددەتی مەحصلەکەی موساویی شیددەتی قوەتی مەجموعەکە ئەبێ.**

**ئەم قانونە ریاضیەیەش لە گەل ئیجتماعییدا تەطبیق بکرێ، عەینەن بەم نەوعە ئەبێ.**

**میللەتێک کە فەعالیاتی ظاهیرەی ئیجتماعی، ئەخلاقیی چەند فەردێک تەشکیلی بکا، قوەتێک، مەحەصەلەیەک تەولید ئەکا کە موساوی قودرەتی فیکرییە و بەدەنییەی ئەو مەجموعە ئەبێ.**

**ئەم فەردانە وەکو عەرضمان کردن، ئەگەر زیندو لە حاڵ فەعالییەتدا موتەوەجیهی غایەیەکی موعەیيەن بن و ئیبرازی فەعالیەت بکەن، میللەتیش بێ ئەوەی سڵ بکاتەوە لە ساحەی تەرەقیاتدا بە هەنگاوی زۆر خێرا پێش ئەکەوێ.**

**خۆ ئەگەر فەردەکان یەکێکی قوەتی موساویی صفر بێ، یەکێکی تەئەثیر بکاتە نقطەیەک یەکێکی عەکسی تەئثیر بکا، یەعنی هەریەکێ نەوعە ئامالێک طەرزە غایەیەک، تەعقیب بکەن، ئەو میللەتە ئەکەوێتە حاڵی عەطالەتەوە و هیچ حەرەکەتێکی پێ ناکرێ. ئەو میللەتە خوانەخواستە نزول بکاتە ئەم دەرەکەیەوە زۆر زەحمەتە بە هیچ مەقصودێک بگات.....**

**بنائەن عەلەیهی، لەسەر هەموو ئەفرادی ئەم قەومە نەجیبە فەرض و ئەلزەمە کە بۆ مەنافعیی عومومییە موتەحید غیرەت و هەمو بۆ ئەم رۆژە موقەددەسە بۆ ئەم غایە موعیەنە سەعی بکەین".**

له سەرەتای بابەتەکەوە دەردەکەوێت نوسەر پرۆژەیەکی پێیە کە ناسیۆنالیزم تەنها له هیوا و ئاواتدا قەتیس ناکات، بەڵکو دەیەوێت ببێت بە ئایدۆلۆژیا و سیستمێکی وێنا بۆ کراوی ریالیستیانە؛ تاکو له ڕێگەی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە بونیادی نیشتمانێک بنرێت. ئەو کە خۆی لە سەردەمی پێش ئۆرگانیزەدا دەژی، دەیەوێت رچەشکێنی بکات بۆ ئۆرگانیزە کردنی کۆمەڵگای کوردی بە مەبەستی گەیشتن بەو سیستمە سیاسی و ئیدارییەی کە وڵاتانی خاوەن ناو پێی گەیشتون.

وتارەکە بۆ جوڵاندنی هەست و سۆز و هەڵچون نییە، چونکە دەزانێت ئەوانەی کە ئەم پەیامەیان ئاراستە دەکات، لە هەستو سۆز خاڵین، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێگەی شیکردنەوەی قوڵی ڕووداوەکانەوە بە لۆژیکی بیرکاری و بە شێوەیەکی عەقڵانی تێیان گەیەنێت ملی ڕێگەیەکیان گرتوە ئەنجامەکەی بە زیان بۆ کورد تەواو دەبێ.

ئەوەش نیشانەی هۆشیاری و بەتوانایی (م. نوری)یە لە دیاریکردنی جۆری ئەو ستایلەدا بەکاری دەهێنێ بۆ قەناعەت پێ کردنی بەرامبەرەکەی.

**شێخ نوری و "پاتریوتیزم" نیشتمان پەرەستی:**

"پاتریوت" یا نیشتمان پەرەست بە کەسێک دەگوترێت کە شانازی بە وڵات و نیشتمانەکەی خۆیەوە دەکات، خۆی بە بەشێک لەو دەزانێت و بونی خۆی تەرخان دەکات بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی.



له پێشەکی ئەو وتارەیدا بە ناوی " **فەلاکەت و محکومیەت چۆن تەعمیر ئەکرێ؟**" شێخ نوری باس لەوە دەکات مرۆڤ کە توشی شکست هات، نابێ دۆش دادەمێنێ و دەست و پێی خۆی ون کات، گەلانی دیکەش بەم دۆخەی کوردستاندا تێپەڕییون و لە ڕێگەی نیشتمان پەروەرەکانیانەوە توانیویانە هەستنەوە، ئەو هەمیشە لە شکستدا بە دوای سەرکەوتندا گەڕاوە:

**مەزیات عەلیە و ئەخلاقیەی ئینسان وەقتێک دوچاری فەلاکەت بێ مەعلوم دەکات، ئینسانێک فەلاکەت، بەڵا و موسیبەتی دیبێت، بە هەمو نەوع لە دەوری سکون و سەعاتەدا مالکی ئیقتدار و مەزیەت خصوصی دەبێت. میللەتیش وەکو ئەشخاص وەهایە، دەورەی فەلاکەت، دەورەی فتوحات، دەورەی تەکاملی هەیە، ئەگەر میللەتێک دوچاری نەکبەت و فەلاکەت بوبێ و بۆ تەصحیحی ئەسبابی سەعی کردبێ، ئەو میللەتە ئارەزوی عەزم و مەجوبیەت و ئیستقلالیەتی هەیە، نەکبەت و فەلاکەتێک کە لەبیر بچێتەوە، زیاد دەکات و کۆتی موجەب دەبێت.**

شێخ نوری هەمیشە لە وتارەکانیدا ویستویەتی ئەزمونی ئەو گەلانە بۆ خوێنەرەکانی بگوازێتەوە کە لە بە هۆی داگیرکاری و جەنگەوە وڵاتەکەیان لە دواکەوتوویی و تاریکیدا ژیاون و دواتر توانیویانە لە شکستەکانیاندا سەرکەوتن بدۆزنەوە و لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوویان دابخەن و بە زانست و کاری بەردەوام شارستانیەت بونیاد بنێن. بۆ ئەم مەبەستەش ئەڵمانیا وەک نمونەیەکی بەرچاو دەهێنێتەوە، کە ناپلیۆن ویستویەتی لە ڕێگەی زەبرو

زەنگەوە زەلیل و مل کەچیان بکات، بەڵام هەرگیز نەیتوانی هەستی نیشتمان پەروەرییان لە ناخدا دەرکات:

**میللەتێک بۆ فەلاکەت بوبێ، حەقانیەت و عەدالەت صەبورانە تەحەمول دەکات، بەڵام ئەم صەبر و تەحوموله ناخاتە دەرەجەی نیللەت و مەسکەنەت. هەروەکو ئاگرێک لە ژێر خۆڵا بسوتێ. وەقتێک کە فورسەت بینرا ئەم ئاگرە گڕی زیاد بکات و دوشمن مەحو بکاتەوە. گەلێ میللەتی فەلاکەت دیدە کە لە دوایدا صاحیبی قوەت و موەفەقیەت بوبن، تەئریخ نوسیویەتی.**

**مەثەلەن: لە تاریخی ١٨٠٦دا حکومەتی فەرانسە کە ناپلیۆن حوکمداری بوو، حکومەتی پروسە (ئەڵمان) مەغلوب دەکات و ناپلیۆن بە ئەنواع تەکالیف و تەحرکاتی جەبرییە، ئەڵمان مەحو دەکاتەوە، بەڵام هەر حسی حمیەتی وەطەنیەیان، مەحو ناکاتەوە.**

بەڵام ئەم هەستانەوە پیاوی خۆی دەوێت، شێخ نوری باس لە سێ لەو کەسانە دەکات کە رۆڵیان هەبوو لە رێنسانی ئەڵمانیادا، (**شتاین، هاردن برغ، شارنهروست**) کە هەریەکەیان ئەرکی بوژانەوەی کەرتێکی لە کەرتەکانی فەرمانڕەواییان پێ سپێراوە. بەم جۆرە لە ماوەیەکی کورتدا ئەو ئەڵمانیایەی کە زەلیلی دەستی فەرەنسا بوو، دەگۆڕێن بۆ یەکێک لە وڵاتە دەوڵەمەند و پێشکەوتوەکان:



**میللەتێکی فەلاکەت دیدە کە صاحبی ٣ چوار وەطەن پەروەر بێت، ئیستقبال تامین دەکاتەوە. وەکو ئەم زاتانە کە حکومەتی پروسەیان تامین کرد. لە زەمانی ئەم فەلاکەتەدا و لە راس کاردا (شتاین) مالیە (هاردن برغ) ژەندرمەی ئیصلاح کرد، (شارنهروست) تەعلیم وتەربیە، ئوردوی دەر عوهدە گرت. لەولاشەوە شاعیران، ئەدیبان و وەطەن پەروەرانی فیکری میللەتیان تەنویر کرد، حسی وەطەنیان زیاد کرد و لە تاریخی (١٨١٢ - ١٨١٣) ئەڵمان حوریەت و ئیستقلالیەتی خۆی ئیسترداد کردەوە و لە پاش ئەمەش لە تاریخی (١٨٧٠)دا لە پرنس بسمارق ئیعلانی حەرب دەکات، فەرانسە مەغلوب دەکرێن و حکومەت ئەڵمان کە دە ملیۆن نەفوس دەبێت، بالغی شەست ملیۆن و ئیمپراطۆر و لق دەبێ. عەصرێک لەمەو پێش پروسیە کە لە ژێر حوکمی فەرەنسەدا بو، ئیمڕۆ صاحبی صنایع و معاریف و توجارەت و ئوردویەکی بە قوەت و ثەروەتێکی زۆر بووە.**

**لە تاریخی ١٨٨١دا تەعروضی روسیە بۆ سەر ژاپۆن و لە تەئریخی ١٩٠٤دا ئیعلانی حەربی ژاپۆن و موەفەقیەت بونی.**

م. نوری لە وتارەکانیدا بە دوو شێوە باسی لە مێژووی گەلان کردوە، بۆ ئەوەی کورد وانەی لێ وەرگرێت، یەکەمیان مێژووی ئەو گەلانەی کە گرنگی بە زمان و کلتوری خۆیان نادەن و دواجار دەبنە بەشێک لە مێژوو، دوەمیان مێژووی ئەو گەلانەی کە لە خاک و خۆڵەوە هەڵدەستنەوە و بە زانست و یەکگرتوویییەوە دەبنە پێشەنگی گەلان. ئەو داوا لە گەلی کورد دەکات سود لە هەردوو ئەزمونەکە وەرگرێت و تەسلیمی ئەمری واقع نەبێت:

**ئیمرۆ ئێمەش لەم دەرسانە عیبرەت وەرگرین، بە یەئس و کدورە خۆمان مەحو نەکینەوە و عاقیبەتمان روناک بکەینەوە، مەعاریف ئیصلاح بکەین، ئورد و تەنسیق و تەقویە بکەین، هەمو سەعی و کۆشش تەحصیلمان بۆ ئومێدی ئیستقبال، بۆ تەئمین ئیستقلالیەت بێت، چونکە نەتیجەی تەعمیری فەلاکەت دەورێکی موشەعشەع و موعەظەم پەیدا دەکات.** [(1)]

شێخ نوری دەیوست لە رێگەی ئاشنا کردنی کورد بە مێژوو و کلتوری گەلانەوە، هۆشیاری نەتەوەیی بڵاو بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو دۆخە نالەبار و دواکەوتوویەی کە تێدا دەژین و لە ئەنجامی کەڵەکەبونی مێژوویەکی چەند سەد ساڵەی داگیرکاری نیشتمانەکەیانەوە دروست بووە، بگورێت بۆ هەڵسانەوە و ژیانەوە. لەم وتارەدا شێخ نوری جەختی لەسەر رۆڵی تاکی کورد و لە چارەنوسی نەتەوەییدا کردوەتەوە و تەمەنای کردوە لە کوردستانیشدا چەند تاکێکی نیشتمان پەروەری وەکو ئەوانەی ئەڵمانیا هەڵکەوێت، بۆ یەکخستنی سوپا و ریفۆرم کردن لە پەروەردە و خوێندن و پێشخستنی پیشەسازی و ئەرکی شاعیر و ئەدیب و رۆشنبیرە نیشتمان پەروەرەکانیشی بەوە دیاری کردوە کە بیری خەڵک تەنویر بکەنەوە.

***

[1]. رۆژی کوردستان ژمارە ١٣ ، ١٧ شباط ١٩٢٢، ل ١-٢.





سەروتار جگە لەوەی دەربڕی بیروڕای رۆژنامەکەیە، لە هەمان کاتدا سەلیقە و توانای نوسەرەکەشی دەردەخات، زۆرجار نوسەری سەروتار کۆمێنتێکی سیاسی لە سەر روداوێکی گرنگی رۆژ دەکاتە سەروتار، لە ژمارە (٦)ی "رۆژی کوردستان"دا، شێخ نوری سەروتارێکی بە ناوی (**ویلایەتی موصل لە لۆزاندا**)[2] نوسیوەو لە جیاتی مەلیکی کوردستان، روی دەمی دەکاتە مەجلیسی لۆزان. وتارەکە بە نوێترین هەواڵ سەبارەت بە ویلایەتی موصڵ دەست پێ دەکات:

**"لەم رۆژانەدا لە بەینی مورەخەصی تورک و عەرەبدا لەسەر ویلایەتی موصڵ مونازەعە و موناقەشە جەریان ئەکا و دیسان لە مەجلسی لۆزاندا مومەثلێک بە ناوی ئاثوری و نەستوری لە ویلایەتی موصڵ دا ئیدعای حکومەتێکی موستەقیلە ئەکا.**

تا ئێرە سەروتارەکە جگە لە هەواڵێکی ئاسایی ئەو کاتە هیچی تری تێدا نیە. شێخ نوری بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاگا بێت لەو رووداوە، هەواڵەکە

[2]. پەیمانی لۆزان ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣ لە کۆنگرەیەکی ناوچەی لۆزان لە سویسرا بەسترا، مەبەست لەم کۆنگرەیە باسکردنی کێشەکانی نێوان تورکیا و یۆنان و بەستنی رێککەوتنێکی نوێی ئاشتی بو لەگەڵ تورکیای کەمالی، بۆ ئەوەی پەیمانی لۆزان شوێنی پەیمانی سیڤەر بگرێتەوە، ئەو پەیمانەی کە نە تورکیای کەمالی و نە هاوپەیمانان ناوەڕۆکیان جێ بەجێ کردبو، لەم کۆنگرەیەدا گەلێک بابەتی تایبەت بە کێشە ناوچەیی و سیاسیەکان و چارەسەر کردنی کێشەی موسڵ خرانە بەر باس و گفتوگۆ. کۆنگرەی لۆزان کە پەیمانی لۆزانی لێ کەوتەوە، زەبرێکی کاریگەری لە مەسەلەی کورد و کێشە رەواکەی دا و نەیهێشت ئاوات و داخوازییەکانی کورد بەپێی پەیمانی سیڤەر بێتە دی.

وەک خۆی و بێ ئەوەی رای خۆی تێدا بێت، دەگوازێتەوە، بەڵام بڕگەی دوەم لە رێگەی وروژاندنی پرسیارێکەوە خوێنەر روبەڕوی هەڵوێست وەرگرتن دەکات:

**"ویلایەتی موصڵ کە بە ئیعتباری عموم کوردن، بە ناوی میللەتەوە مودافەعە یا غەصبی ئەم ویلایەتە بۆچی لە طەرەف ئەقوام سائیرە طەڵەب ئەکرێ؟**

وەڵامەکە زۆر دوا ناخات و خۆی بە رستەیەکی گاڵتەجاڕانە کە بۆنی رەخنەیەکی گەورەی لێ دەێت بۆ کاربەدەستانی ئەو کاتە، خوێنەر تێ دەگەیەنێت کە هۆکارەکەی خۆمانین، چونکە:

**ئێمەی غافڵ و عاطل و بە وەطەنی خۆمان بێگانە طەبیعیە عالەمیش چاوی لە وەطەن و موڵکمان بڕیوە.**

ئەوەش دەخاتە روو هیچ بیانویەک نییە، کە ئێستا بە بەرچاوی دونیاوە لێرە خەریکی دروستکردنی دەوڵەتین، کەچی لەولاوە نەتەوەکانی دیکە خەریکی دابەش کردنی نیشتمانەکەمانن:

**هەتا دوێنێ مەعذورەتێکی وەلەو نامەعقولیش بێ بۆمان، فەقط ئەمڕۆ علی ملای الناس خەریکی تەئسیسی حکومەتین و خەریکین لە بەینی ئەقوامدا ئیثباتی موجودیەت بکەین. نابێ گەورە و بچوک بەرامبەر حقوقی مەشروعەی خۆمان ئەوەندە لاقەید بین.**



لە بەشی زۆری ئەو وتارە رۆژنامەوانیانەدا کە لەو قۆناغەدا نوسیونی، شێخ نوری وەکو هاوڕێکانی دیکەی لیوان لێوە لە ئومێد و هیوای گەورە، بەڵام زۆر ناخایەنێت کە دەبینێ کاربەدەستانی کورد کەمتەرخەمن، ئەم گەشبینیە تەم و مژاویی دەبێ، سەرەتاکانی رەخنە و گلەیی لە وتارەکانیدا دەردەکەون، بە تایبەتی ئەو کاتانەی دەبینێ (**زیمامداران ئومور**) لە مەسەلەی ویلایەتی موصڵ دا بێ ئاگان و مێش میوانیان نییە:

**تورک، عەرەب یا ئاثوری حەقی دەعوایان لە ویلایەتی موصڵ دا موجودییەتێکی قەلیلی قەومییە، یەعنی نە تورک، نە عەرەب لە مەدا مەدافەعەی نەفس وەطەنی خۆیان نییە، بیلعەکس حیرصی جاە وەیا وەفاە قیسمێکی قەلیلی جینسی خۆیان طەڵەب ئەکەن، ئەگەر مەجلیسی ئەقوام ئەم نەوعە موطاڵەبانە مەشروع بزانێ، ئایا مودافعێکی حقوقی کورد لە طەرف ئێمەوە واقیع ببێ، چۆنی تەلەقی ئەکا؟ ئێمە ناتوانین جوابی ئەمە بدەینەوە، چونکە دەرحەق بە مقەڕەراتی کوردستان لە فیکر مەجلسی لۆزان بێ خەبەرین، یەعنی ئەو حوکومەتانەی کە مورەخەصیان ناردوەتە لۆزان، لە پرۆژەیاندا حکومەتەوە یا قەومیەتێکیان بۆ کورد تەصەور کردوە یان نا؟ موحافەظەی ئەقەلیات تەشمیلی کورد ئەکا یا نا؟**

**ئەڵبەتە خەیر، چونکە ئەم موناقەشانە لە میللەت زیاتر لە سەر ئەراضیەکە کە لە بەینی تورک و عەرەبدا تەرجیحەن لازمە بە کامیان تەسلیم بکرێ.**

پێبهێنێت. لەوەش زیاتر، زۆر جار رووی وتارەکەی لە کاربەدەستانی ئینگلیز بو، بە تایبەت ئەو وتارانەی کە تایبەت بون بە خواستە ناسیۆنالیستیەکانی کورد. مەکداوڵ لە سەر ئەو گومانانەی کە ناسیۆنالیستە کوردەکان سەبارەت بە پەیمانی لۆزان لایان دروست بوە، دەڵێ: "**دیارە گومانی ناسیۆنالیستە کوردەکان راست و دروست بوو، چونکە بریتانیەکان حەزیان دەکرد هیچ ئاماژەیەک بۆ کوردستانی سەربەخۆ نەکرێت لەو پەیمانەدا، بەڵام ئەو ماددانەیان لا پەسەند بو کە تایبەت بون بە ئۆتۆنۆمی**".[1]

لە هەمان وتاردا لەم برگەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە شێخ نوری شێخ ساڵح بێ پێچ و پەنا داوای (کوردستانێکی موستەقیل) دەکات:

"**طەڵەبی ئێمەش لە مەجلیسی لۆزان موحافەظەی ئەقەلیات نییە، مودافەعەی حەقی حەیات میللەتێکی گەورەی سەربەخۆی صاحێب وەطەنە؛ ناتەن دائیر بە تەشکیلی حکومەتێکی کوردییە، وەقتی خۆی لە سەر موناکەرەیەک کە لە طەرەف کورد عەلی پاشا زادە نامیق بەگەوە بە مەجلیسی سەن ریمۆ تەقدیم کرابو، لە مەجلیسی مەنکوردا دورو درێژ ئیستیقلالیەتی کوردستان مەوضوعی بەحث کرابو. مەعل ئەسف لەبەر ئەوەی کە طالع صڵح عمومی موساعیدەی نەکرد و لەو مەجلیسەدا صوڵح تەقەڕوری نەکرد، لەبەر ئەوە مەسەلەی کوردستانیش مەسکوت عەنهو مایەوە، ئەمجارە لە مەجلیسی لۆزان ئومێد وا دەکەین کە کوردستانێکی**

1. دیڤید مکدول، المصدر السابق، ص ٢٢٨.



نوسەر رەخنەی توند لە خودی کورد دەگرێت کە خۆیان ناکەن بە ساحیبی نیشتمانەکەیان و دیسانەوە (**زەمامدارانی ئومور و ئیدارەی**) کوردستان دەخاتە بەر بەرپرسیارێتی و میللەتی کوردیش لە مەترسییەکانی بەئاگا دێنێتەوە:

**بەحتی موحافەظەی ئەقەلیاتیش دائیر بە حکومەتێکی نەسطورییە ناوی کورد مەعەل تەئەسف هەر ئەوە مەوضوعیی بەحث نییە. دیارە مەجلیسی لۆزان لەمەدا حەقیەتی، چونکە لە سەر ماڵێکی بێ صاحیب و بێ کەس شەڕ بکرێ، دیارە زەرە و نەفعی ئەو ماڵە تەصەور ناکرێ، ئەگەر لە بەینی مونازیعیندا ئیتلاف حاصڵ ببێ مەسئەلە حەل ئەکرێ. ئەم نوقطەیە زۆر بە ئەهمیەت ئەخەینە بەر نەظەری زیمامداران ئومور و ئیدارەمان و ئەم فرصەتە بە ئەهەمیەتە عەرضی میللەتی کورد ئەکەین.**

**ئەمڕۆکە صوڵح خەریکی تەقەڕوڕە و میللەتی کوردیش بۆ تەئسیسی حکومەتێک لەگەڵ حکومەتی بریتانیادا خەریکی موناکەرەیە، لازمە ئەم نوقطەی حەیاتیە زۆر بە وضوح حەل و فەصڵ بکرێ، تاوەکو بە خۆڕایی تەفرە نەخۆین گوللە بە سێبەر و خەیاڵەوە نەنێین."**

سەرچاوەی زۆربەی وتارەکانی شێخ نوری، یا ئەزمونە شەخسیەکانی خۆی بون، یان ئەو زانیارییانەی کە کۆی دەکردنەوە، یاخود ئەو راستییانە بون کە بە چاوی خۆی دەیبینین. ئەو سەرچاوانەی لە جێگەی خۆیدا و بۆ ئەو مەبەستەی کە دەیویست، لە وتارەکانیدا بەکاری دەهێنان. جگە لەوەی خۆی وەک حەقیقەتێکی پەتی دەیبینین، دەیویست خوێنەرەکانیشی قەناعەت

**موستەقیل لە داخلی حودودێکی جوغرافی و طەبیعیدا بۆمان تەشکیل بکا و هەمو نەوعە حقوقی مەشروعە و حەقی حەیاتیمان بداتێ.**

بەشێکی زۆر لەوانەی کە لە بارودۆخی لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ - ١٩٢٥ی کوردستان کۆڵیوەتەوە، رۆژنامەی (رۆژی کوردستان) وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی ناسیۆنالیستە کوردەکان و زمانحاڵی حکومەتەکەی شێخ مەحمود زانیوە، نوسەرەکانیشی بە تایبەت (م. نوری) یان بە هەڵگری بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لە قەڵەم داوە. دەیڤید مەکداوڵ بە ئاماژە بەو سەروتارەی سەرەوە دەنوسێ "**محەمەد نوری بە زمانێکی نەتەوەیی یەکلاکەرەوە دەنوسێت**"[1]دواتریش بڕگەی کۆتایی سەروتارەکە لە کتێبەکەیدا بڵاو دەکاتەوە، ئەدمۆندز-یش بەشێک لەو سەروتارە وەک نمونە بۆ هەستی ناسیۆنالیستی لای کوردەکانی سلێمانی دەهێنێتەوە. (البیاتی)یش دەڵێ "**شێخ نوری شێخ ساڵح زۆربەی بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی رۆژنامەی "رۆژی کوردستانی" دەنوسی**"[2]هەروەها لە جێگەیەکی دیکەدا دەنوسێ "**رۆژنامەی رۆژی کوردستان ئاوێنەی خستنەڕوی سیاسەتەکانی شێخ مەحمود و بیروڕا سیاسی و فیکرییەکانی بوە و رۆڵی هەبوە لە بەرز کردنەوەی ئاستی ورەی کوردیدا لە سلێمانی و تۆمارێکی بەڵگەنامەیی**

[1]. دیڤید مکدول، المصدر السابق، ص ٢٤٧.

[2]. عبدرحمن ادریس صالح البیاتی، الشیخ محمود الحفید البرزنجی و نفوذ البریطانی فی کردستان العراق حتی عام ١٩٢٥، بنکە ژین، ٢٠٠٧، ص٢٤١.



**قۆناغی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمودی حەفید بوە لە نێوان ١٩٢٢-١٩٢٣**"دا.[3]

بە پێشوەچونی رەوتی رووداوەکان، رۆژنامەکە و خودی (م.نوری) زمانیان توندتر و رەخنە ئامێزتر دەبێ، هەم لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، هەم لە مونەوەر و سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمە و هەمیش لە دەسەلاتدارانی کورد کە ئەو بە"زیمامدارانی ئومور"ی ناوبردون.

لە سەر وتارێکدا بە ناوی "**داوای حقوقی مشروعە**"وە جارێکی دیکە باسی لە بونی کورد لە جوگرافیایەکی بەرفراواندا بە ناوی کوردستانەوە دەکات و بیریان دەخاتەوە کە سنوری کوردستان تەنها سلێمانی نییە، دەڵێ:

**تەئریخەن ثابیت و موستەغنی بەیانە کە ملت کورد قەومێکی زور قەدیم و صاحێب عەنعەناتیکی میللی و موحیطێکی طەبیعیە. کوردستان- ئەم کەلیمەیە کە ئینسانی خوێندەوار تەلەفوظی ئەکا، بەس ئەم مەنطقەی سلێمانییە تا موحیطێکی جوغرافی واسیع و میللەتێکی کوردی کومەڵ موتەحیدی دێتە بەرچاو کە حدودی طەبیعیەی ئەم موڵکە و ناوی ئەم میللەتە لە جوغرافیادا دیار و لە خەریطەی کائیناتدا مەوقیعێکی موهیمی ئیشغال کردبێ.**

[3]. سەرچاوەی پیشوو، ل ٢٤٦.

له بڕگەی دوەمی سەروتارەکەیدا ئەوە دەخاتەڕو کە کورد جگە له سەربەخۆیی خۆی، بە هیچ ڕازی نابێ، چونکە تازە تێگەیشتوە لەوەی کە ئەم سەردەمە سەردەمی نەتەوەکانە:

**ئامالّی ئەم موحیطە لە بەرئەوەی کە دینەن، عیرقەن، ئەخلاقەن ئیسلام و کوردن، هیچ فەردێ لە ئەفرادی ئەم قەومە ئارەزوی غەیری حورییەت و ئیستقلالیەتی خوی مەیلی، تەبەعییەت و حاکیمیەتی هیچ قەومێکی تر ناکا، چونکە ئەمڕۆ عەصر میللییەتە موقدەراتی هەمو میللەتێ لە پێش چاوە و حقوقی هەمو قەومێ کە قەومیەتی خۆی ئیدراک و ئیفهام کردبێ موحافەظە ئەکرێ.**

وتارەکەی شێخ نوری پاڕانەوە و خواهیشتی تێدا نییە، بەڵکو دەیسەلمێنێت کە کورد سەرەڕای ئەو هەمو هێرش و داگیرکارییانەی کراوەتە سەری، زمانی خۆی کە پێکهێنەری سەرەکیی نەتەوەیە، پاراستوە، کەواتە مافی خۆیەتی سەربەخۆ بێت. ترۆپکی وتاری ناسیۆنالیزمی لەم پەرەگرافەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**ئێمە ئەم ئارەزوە ئەم دعوایەی خومانمان بیلفیعل ئیثبات کردوە. قەومی کورد کە لە صحنە کائیناتدا ١٨ عصر پیش میلاد لە موقع حاضرەی خویدا ئیثبات مەوجودیەتی لە ژێر پێی میللەلی موتەعددەدا ئینقلاب و موهاجەماتی ئەقوام شەرقییە و غەربییەدا تا ئەمڕۆ موحافەظەی لیسانی و میللیەتی خۆی کردوە، لەم عەصری موحافەظەی میللیەت و حقوقی ئەقوامەدا حەقی مەشروعی چۆن غەصب بکرێ؟**



(م. نوری) له ڕێگەی بەکارهێنانی ڕووداوە مێژووییەکان، زانست و شیکاری لۆژیکیانەوە بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی، توانیی هونەری نوسینی وتار لە قاڵبە ئەدەبییەکەیەوە بگوازێتەوە بۆ قاڵبە ڕۆژنامەوانیەکەی، هۆکاری ئەم قەڵەمبازەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەشە کراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەی، کە بۆ یەکەم جار لە پارچەیەکی کوردستاندا دروست بوبو. گەر تەماشای بڕگەی دوەمی ئەم وتارە بکەین بۆمان ڕون دەبێتەوە. کە ئەو پێشەکیەی سەبارەت بە مێژووی کورد، بۆ ئەوەیە کە بیسەلمێنێت ئەم نەتەوەیە لە کونە دارەوە نەهاتوە، تا هەر کەسێک هەڵسێت و بەشی بخوات:

**بێ خواهیش و ڕەضا موڵکێک لە باو و باپیرمانەوە، نەسڵەن بەعد نەسڵ بۆ بەطنی حاضیرە ئیرثەن ئینتیقالّی کردبێ و ئەم مودەعایەش عیرق، جنسیەت، لیسان، موحیط، تەئریخ بە شەهاداتی موتەعیددە ئیثباتی بکا، باوەڕ ناکەم دائیرەی طاپۆی ویجدانی هیچ دەوڵەتێکی دراوسێمان سەنەدی خاقانیی ئەم موڵکە بۆ خوی ببڕی و موعامەلەی فەراغییەی بە فضولی ئیجرا بکا، یا هیچ دەماغی ئەم خەوە ببینێ و بیهێنێتە دی.**

**هەر مودەعیەک کە لە شەخصێکی ئاخر ئیدیعائێکی ناحەق بکا، ئەگەر ئەو مودەعییە خۆی بە شکات لێکراوێکی گەڕ پێکراو فەرض و تەلەقی بکا، لە بەر ئەوە کە دەرەجەی تەئثور و تەئەسوفی گەرپێکراوی بە دەرەجەیەک لێ مەعلوم ئەبێ، باوەڕ ناکەم هیچ دڵیان بهێنێ بچنە سەر بەشی خەلقی تر و گەڕوگۆڕی ناحەق بەکەس بکەن، چونکە ئەمە بە**

**کوردی ئاش بگیری پێ ئەڵێن، هەڵکوتانە سەرماڵی خەڵق و تالان کردن چۆن ئەبێ؟!**

**مەفهومی (من قَتل قُتل) قیاسی مەنطیقی زور قبوڵ ئەکا، کەسێ بیەوێ ضەربە لە حەیاتی کەسێک بدا، خۆشی ئەبێ ئینتیظاری ضەربەی حەیات بکا و (قس علی هذا).**

لە راستیدا ناتوانین شێخ نوری شێخ ساڵح بە تیۆریزانی بیری نەتەوەیی دابنێین، بەڵکو ئەو هەمیشە وەک رۆژنامەنوسێک بیر و بۆچونە نەتەوەییەکانی خۆی لە چوارچێوەی کۆمەڵێک بابەتی رۆژنامەوانیدا خستوەتە ڕو. بەڵام ناتوانین نکۆڵی لەوەش بکەین کە ئەو یەکێکە لە دامەزرێنەرەکانی بیری کوردایەتی لە باشوری کوردستاندا. ئەو کاتێک باس لە قەومی کورد دەکات پێی وایە هەمویان ئامادەی هەمو فیداکاریەکن لە پێناوی گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانیان، بەڵام وەک هەمیشە بە گومانەوە لە "**زیمامدارانی ئومور**" دەڕوانێت و ترسی ئەوەی هەیە دەستبەرداری ماف و خاکی کوردستان بن:

**بنیائەن عەلیهی قەومی کورد بۆ موحافەظەی حقوقی مەشروعە و مودافعەی حدودی طەبیعیە و صیانەتی شەرفی موقدەسەی میللیەی خۆی، هەمو ئان و زەمانێ حاضری هەمو فیداکارییێکە و تا لە دەستی بێ، قصور ناکا. ئیسترحامیش لە حکومتی حاضیرە و زیمامدارانی ئومور ئەوەیە کە مەیدانی ئەوە نەدرێ کەس بەشمان بخوا و بێ ئەوەی صەرفی نەظەر لە**



**بستێ ئەراضیی کوردستان بکرێ، تەحدیدی حدودێکی طەبیعی کوردستانمان بۆ بکا.**

**هەر پایەدار بێ مودافیعی وەطەن. هەر بمینێ حەضرەتی مەلیکی کوردستان حەضرتی ملیکی مەحمود ئەوەل".**(1)

، (م.نوری) هەست دەکات نەیتوانیوە هەموو مەبەستەکەی لە چوارچێوەی ئەو واتارەدا بگەیەنێت، بۆیە دوابەدوای ئەم سەروتارە شیعرێکی فارسی خۆی بڵاوکردوەتەوە و رەخنەیەکی توند دەگرێ لە (**دهای قوم کورد**)، کە مەبەستی شێخ مەحمودە، بەبێ ئەوەی ناوی بهێنێ لە مەترسییەکانی ئایندەی ئاگادار دەکاتەوە. "**بڕیاربەدەستەکان و دەسەڵاتداران دەبێ بەزمانی خۆیان قسەیان لە گەڵدا بکەی و ڕووداوە سیاسیەکانیان بە رادەی تێگەیشتنی خۆیان بۆ روون بکریتەوە و تێیان بگەیەنرێت گۆڕانکارییە سەرەکیەکان بەرەو کوێ دەچن**"[1] شێخ نوری بەم شیعرە رەخنە لە شێخ مەحمود دەگرێ و کە مانەوەی لە چوار دیواری ماڵەکەی و نەرم و نیانی تاکەی بەردەوام دەبێ:

**ئەی دهای قوم کرد، این خواب غفلت تابەکی**

**اختیار مسکنت اظهار ذلت تابەکی..**

دیسانەوە ناوی (**نگهبان وطن**)ی لێ دەنێ و پێی دەڵێ:

---

[1]. مارتین ڤان در ستین، و آخران، الاستشراف والابتكار والاستراتيجية، ترجمة صباح صديق الدملوجي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت- لبنان، ٢٠٠٩، ص ٤٠٥

**ای نگهبان وطن، بیدار و صاحب حزم باش**

**از سیاست واقف و دل سخت و صاحب عزم باش**

**در حضر پیوسته کار، آرای وقت رزم باش**

**تا شود محفوظ خاک پاک کردستان ما**

لە جێگەیەکی دیکەدا ڕەخنە لە دەسەڵاتدارانی کورد و نوخبەی ئەو کاتە دەگرێتەوە کە دەست لە دووبەرەکی و نیفاق هەڵگرن:

**ای سرافرازان ملت، بگذرید از این نفاق**

**واصل مقصود گشتن، حاصل است از اتفاق**

**نیست کمتر از صلاح الدین اگر باشد وفاق**

**سرور والا نسب مەحمود عالیشان ما**[1]

**شەڕە وتار لەگەڵ نەیارانی کورد:**

لە سەرەتای ساڵانی بیستەوە بەشێک لە ڕۆژنامە عەرەبیەکانی عێراق کە ئینگلیزەکان دەریان دەکرد، زۆر بەتوندی دژایەتی خواستە نەتەوەییەکانی کوردیان دەکرد و بگرە گاڵتەیان بە کلتور و داب و نەریت و زمانی کوردی دەکرد، بگرە هەڕەشەی ئەوەشیان لە کورد دەکرد کە چارەنوسیان زۆر

[1]. ڕۆژی کردستان ژمارە ٨ ، ١٠ کانونی دوەمی ١٩٢٢، ل ٢.



ڕەشتر دەبێ لە چارەنوسی ئەرمەنیەکان بە دەستی تورکەکانەوە.[2] ئەگەرچی ئەو ڕۆژنامانە بە پارەی ئینگلیزەکان و بە بەرچاوی ئەوانەوە دەردەچون، بەڵام لە ئاستی ئەو پەلامار و هەڕەشە و سوکایەتی کردنەدا گوێی خۆیان لێ کەڕ دەکرد.

(م. نوری) بەشێک لە سەروتارەکانی خۆی بۆ وەڵامی ئەو دەنگە عێراقییانە تەرخان کردبو، کە لە ڕۆژنامە عێراقیەکاندا و بە فیتی "مس بێڵ" دژ بە نەتەوەی کورد دەنوسران و بانگەشەی بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە دەکرد و زۆرجاریش ڕۆژنامەی (نەجمة)[3] کە تورکخوازەکان لە کەرکوک بەسەریدا زاڵ بوبون، ئەو بابەتەی جارێکی دیکە بڵاوی دەکردنەوە. شێخ نوری لە سەروتارێکدا بە ناوی **"قسەی حەق ڕەد ئەکرێتەوە"**دا وەڵامێکی توندی ئەو جۆرە بیرکرنەوەیە دەداتەوە. لە نامەیەکدا کە بۆ گیوی موکریانیی ناردوە، ئاماژە بەم وتارە دەدات و دەڵێ **"لە نامەکەدا مەقالەیەکی سیاسیی تیایە کە وەختی خۆی جوابی غەزەتەی (نەجمە) کە لە کەرکوک دەردەچو داومەتەوە. مەعەل ئەسف قسمی ئەوەڵ کە لە غەزەتەکەدایە کە نەمدۆزیوەتەوە، حەقیقی جوابێکی موهیمە. وەختی خۆی**

[2]. کمال رؤوف محمد، المصدر السابق، ص ١٤٥

[3]. النجمة هەفتەنامەیک بو ئینگلیزەکان لە دوای داگیرکردنی کەرکوک لە ساڵی ١٩١٨ دەریان دەکرد، ژمارە یەکی بە زمانی عەرەبی لە ١٥ی١٢ی ١٩١٨ دەرچو، دواتر ئەلف و لامی عەرەبیەکەی لادراو بو بە نجمة و بە زمانی تورکمانی بابەتی بڵاو دەکردەوە، سەعدی ئەفەندی کە لایەنگری تورکەکان بو سەرنوسەری بوو تاوەکو ١٥ی ١٠ی ١٩٢٦ بەردەوام بو٢٤٢ ژمارەی لێ دەرچو، بەدژایەتی کردنی کورد ناوبانگی دەرکردبو.

**لەسەر تورکچێتی شەڕە وتاری زۆرم کردوە. هیچی پارەیەکی نەکرد**"[1] لە سەرەتای وتارەکەیدا بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاگا بێت، لە چوار خاڵدا مەغزای ئەو وتارانە بەم شێوەیە دەخاتەڕو:

**"هەرچەندە تێ ئەفیکرم و ورد ئەبمەوە لە غەزەتەی دراوسێکانماندا مەعەل تەئەصف تەصادفی وتاری هیچ موحەڕڕێڕێکی حەق و حەقیقەت پەرستێکم نەکردوە کە بێ طرەفانە بنوسێ و حەقیقەت ئیهمال نەکا.**

**بیلعەکس ئەوەی کە حەق و حەقانییەت بێ، چاوی لێ ئەقوچێنن، هەرچە بادا باد ستونی غەزەتە رەش ئەکەنەوە، صرف بۆ تەمەتوعی ناتییە، یا بۆ تەعقیبی غایە و ئامالێکی واهییە، ئەیانەوێ موحیط، عیرق، لیسان، راستی مەوجودیەتی کوردستان بە خۆرایی ئیهمال و پایەماڵ بکەن و لەم عەصری بەخشایشی حقوقەدا ئەم میللەتە قەدیمە بە قصە بێ بەش و مەحروم بکەن، کە ئەمەش وا ئەزانم زۆر موشکیلە، چونکە تەئریخ، جوغرافیا بەو خاصییەتانەی کە لەسەرەوە وتمان، کورد و کوردستانی لە میلیەلی موحیطی سائیرە جیا کردوەتەوە، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا بەو رەنگەی کە عەرضتان ئەکەم، ئیهمالی حەقیقەت ئەکرێ:**

**١- (لە غەزەتەیەکی نەجمەدا کە تەئریخی ٥ی کانون ثانیی ٢٣٩) بو دیم ئیقتباسی لە غەزەتەی (العراقە)وە کردبو لە ویلایەتی (موصڵ)دا کوردستانی بە تەنها بە سلێمانی داوەتە قەڵەم.**

[1]. ئازاد عەبدول واحد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠٥.



**٢- وتویەتی لە ویلایەتی (موصڵ)دا ٦٠٠٠٠ نەفوس عەرەبی تێدایە وجنوبی موصڵیش کامیلەن عەرەبە.**

**٣- ئەو تورکمانانەی لە ویلایەتی (موصڵ)دان، زۆر کەمن، عەلاقەیان بە کورد و کوردستانەوە نییە، بەڵکو کوردەکانیش ئەصڵەن تورکن.**

**٤- سلێمانی کە ئەڵێن بەیعەتی بە مەلیک فەیصەڵ نەکردوە، تەکذیبی ئەکەن.**

دواتر لە جیاتی هەموو کورد وەڵامی هەر چوار خاڵەکە بە چوار خاڵی پڕ لە زانیاری راستی مێژوویی و جوگرافی و بەڵگەدار دەداتەوە، لە وەڵامەکەدا بە ئاشکرا بیری نەتەوەیی و دووربینانەی (م. نوری) دەردەکەوێت، وەک شارەزایەکی بست بەبستی ویلایەتی موسڵ زانیاری دەداتە ئەو کەسانەی کە مودەعین بە سەر خاکی کوردستانەوە:

**ئێمە، یەعنی هەمو میللەتی کورد، بە هەمو مەوجودیەتمانەوە ئەم بەیانە هەڵبەستراوە کە ئەسنادی لە بەعضێ پیاوی گەورە و صاحێب ویجدان ئەدەن، بە کوللی رەد ئەکەینەوە:**

**١- لە ویلایەتی (موصڵ)دا کوردستان کە بە تەنها سلێمانی دراوەتە قەڵەم، وا نیە و بالعکس غەیری قەصەبە، مولحاقاتی، موصڵ کامیلەن کورد و کوردستانە. عەقرە، زاخۆ، بارزان، عەمادیە، ئەربیل، کەرکوک، کفری و سائیرە ئەمانە و عەشایری ئەطرافیان چین و بە چ زبانێک قصە ئەکەن.**

٢- غیری قەصەبەی موصڵ کە لە چاو ئەم ئەم ویلایەتەدا ئەقەلیەت تەشکیل ئەکا، هیچ مەوقیعێکی تر شک نابەم کە کورد نەبێ و غییری و حوڕڕیەت و ئیستیقلالیەتی خۆی ئارەزوی تەبەعیەتی هیچ قەومێکی تر بکا.

٣- ئەو تورکانەی کە لە ویلایەتی (موصڵ)دا ساکینن و بە تورک ناوبراون، عیرقەن ئەخلاقەن، طبیعەتەن، کورد و داخیلی خەریطەی کوردستانن، لەبەر ئەوەی کە عیلاقەو مەربوطییەتی موحیطەیان لە گەڵ کوردستاندا هیچ قوەتێ جیایان ناکاتەوە.

٤- لە وەقتی خۆیدا بۆ تابعییەت و عەدەم تابعیەت سلێمانی بە عێراق لە سەر ئەوراقی مەطبوع، رەسمەن لە طەرەف حکومەتی فەخیمەی بریتانیاوە لە هەمو ئەفراد ئەمالی پرسیار کرا، هیچ کەس ئەم بەیعەتەی لا باش نەبو. لەپاشا بۆ ئەم موختاریەتە دوو ساڵ موڵەت بە سلێمانی درا، دیسان لە پاش ئەم موددەتە هەر لامان باش نەبو و ئەم کەیفیەتە لە حکومەتی عێراق مەعلومە زۆر تەعجب ئەکەم ئەو موحەڕڕیرانە چۆن تەکذیبی حەقیقەت و قەڵەمیان ئەم نەوعە شتانە ئەنوسێ.

بەشی کۆتایی سەروتارەکەشی تەرخان کردوە بۆ هۆکارەکانی هەبونی نەتەوەی دیکە و زمانی دیکە لەو بەشەی کوردستان، کە پێدەشت و دور لە شاخن و بە بەڵگەی مێژوویی هۆکاری بونی ئەو تێکەڵاویە لە زماندا دەخاتەڕو:

لە ویلایەتی موصڵ کە لیسان تەعەددودی پەیدا کردوە، واسیطەی ئەمەیە:



تەئریخەن ثابیتە کە ئەم موحیطە کوردستانە، بە واسیطەی هوجومی غەرب بۆ شەرق و شەرق بۆ غەرب موتەمادیەن مەمەڕ و مەعبەری ئۆردوی ئەقوامی شەرق و غەرب بوە و طولی موددەت لێرەدا ماونەتەوە لە مودەتی ئیقامەتیاندا بیلطەبع ئیختلاطیان لەگەڵ کوردەکاندا کردوە.

ئەوانەی کە ساکینی دەشت و ئەراضیەکی موسەطەح بون، لەبەر ئەوەی کە زیاتر لە مەسکونی شاخەکان ئیختیلاطیان لەگەڵ کراوە، بە مروروری زەمەن زبانیان تێکەڵاوی یەکتر بوە فەقەط ئەوانەی کە لە شاخ و داخدا مەسکونن تا ئەمڕۆ موحافەظەی زبانی خۆیان کردوە.

عەرەبیش کە قیسمەن لە کوردستاندا موکالەمەی پێ ئەکرێ، ئەسبابی چییە؟ مەعلومە لە ظهوری ئیسلامییەتەیدا تەعصوب دیانەت لە ناو ئیسلامدا چەند زۆر بو.

لەگەڵ ئەوەشدا مەرکەزی خەلافەتی عەباسیەکانیش بەغدا بو، کە لەگەڵ کوردستاندا موناسەبەتێکی زۆری ئیقتصادی و موحیطیان هەیە، بەم رەنگە زمانی عەرەبی و تورکی لە بەغداوە، نازانم لە کوێوە، وردە وردە سیرایەتی کردوەتە کوردستان، وە ئیللا ئەتوانم بڵێم، لە شەرقی دیجلەوە هەتا ئاراس بە ئیعتباری ئەساس کورد و کوردستانە.

کە وابو بۆ ویجدانی ئەو موحەڕڕیرە، ئەو صاحێب مەعلوماتە، موتەئەسیفم کە موقابلی بەداهەتم خیلافی حەقیقەت قەڵەم بێنێتە سەر کاغەز.

**ئێمە میللیەتمان ئیدراک و ئیفهام کردوە، لەبەر ئەوە موحافەظەی ئەم حەقە مەشروعە هەر ئەکەین، خیلافی حەق بەیانات ئەگەر ببینین رەدی ئەکەینەوە و ئەم حەقە لە حکومەتی فەخیمەی بریتانیا داوای دەکەین"**

راستە رۆژنامەی رۆژی کوردستان زمانی حاڵی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بو، بەڵام کەمترین روخساری پڕوپاگەندەیی پێوە دیار بو، تەنانەت لەو شەڕە وتارانەشیدا کە شێخ نوری لەگەڵ نەیارانی کورددا لە رۆژنامەکانی سەر بە بریتانیا و تورکیا، دەیکرد زۆر بابەتیانە وەڵامی دەدانەوە، هەمیشە داوای لە بریتانیەکان دەکرد راستگۆ بن لەگەڵ ئەو بەڵێنانەی کە لە سەرەتای هاتنیاندا بە کورد و شێخ مەحمودیان دابوون.

## سلێمانی لە ئازادیەوە بۆ فەلاکەتێکی دیکە:

(لە فەلاکەت عیبرەت)،[1]ئەمە دوایین وتاری رۆژنامەوانی (شێخ نوری)یە لە رۆژنامەی (رۆژی کوردستان)، سەرەتای وتارەکەی وەک وتارەکانی دیکەی تێروانینی رەخنەگرانەی هەیە بۆ ئێستا و بە تورەییەوە رابردووی پڕ لە نەهامەتی بیری نەتەوەکەی دەخاتەوە و پێیان دەڵێ گەر کار بۆ ئایندەیەکی گەش نەکەن، داهاتوتان لەو نەگبەتیەی کە تێدا ژیاون خراپتر دەژین. بەڵام گەر خۆڕاگر و هەوڵ بدەن، بێ گومان سەربەست و بەختیار دەژین:

**قەومێ، میلەتێ لە فەلاکەت ماضی مەتیەنە نەبێ بۆ ئیستقبالی خۆی سەعی نەکا، یەعنی لە حاڵی عەطاڵتا بێ، ئەو قەومە ئەو میللەتە، وەکو ماضی خۆی بە نذلەت، بە ئەسارەت رابوارد، حال و ئیستقبالیش هەروا نا، بەڵکو زۆر خراپتر رائەبورێ، بەڵام شەخصێ کە ئەمڕۆ بۆ تامینی صوبحەینێ سەعی و ثەباتی کرد، بێ شوبە لە ئاتیا مەسعود و بەختیار ئەژی.**

[1]. م. نوری، لە فەلاکەت عیبرەت، رۆژی کوردستان، ژمارە (١٤)، ٢٤ شوباتی ١٣٣٨.



بۆ وەبیر هێنانەوە تەنها نەهامەتیەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و رووداوەکانی دوای ئەو جەنگە دەخاتەڕوو کە چەند قورس و گران کەوتوە لەسەر خەڵک، پێی وایە دوای ئەو هەموو نەهامەتی و نەگبەتیە میللەت بە ئاگا هاتوەتەوە و چیتر رازی نابێ بە ژێر دەستەیی و داگیرکراوەیی بژی و ئازادی کردوەتە ئامانج:

**قەومی کورد لە بیدایەتی حەربی عومیەوە هەتا ئێستا، فەوقی تەصەور دوچاری ئەنواعی موشکیلاتی عەظیم و فەلاکەت بووە. ئەم فەلاکەتانەش هیچی خۆی بەسەر خۆیا نەیهێناوە، بیلعەکس ئیشتراکی فەلاکەتی ئەغیارمان کردوە و لە نەتیجەی ئەو فەلاکەتە، ئەبەدەن ئیستفادەمان نەکردوە. دووبارە لە ژێر ئیستبدادی ئەم و ئەودا بەشمان هەر پلیشانەوە بوو. بیلتەبع میللەت لەم مەحکومیەتە ئەڵبەتە ئینتباهی بۆ حاصڵ بووە، یەعنی میللەتی کورد تازە ئیشتراکی فەلاکەتی هیچ میللەتێکی تر ناکا. ئەگەر بیکا بۆ سەعادەتی خۆی یەک وجود و موتەحید بە هەموو قوەتیەوە سەعی و ئیقدام ئەکا و ئیتر غەیری حورییەت و ئازادی میللی خۆی نەبێ، ئیختیاری نیلەت و مەسکەنەت وتەبەعیەتی هیچ قەومێکی تر ناکا.**

ئەم وتارەی شێخ نوری هاوکاتە لە گەڵ تێکچونی نێوان ئینگلیزەکان و شێخ مەحمود و پاشەکشەی ئینگلیز لە سلێمانی. سێ رۆژ پێش نوسینی ئەم وتارە واتە لە ٢١ شوباتی ١٩٢٣ ئینگلیزەکان بروسکەیەکیان بۆ شێخ مەحمود کردوە کە دەبێ بچێت بۆ بەغداد، هەڕەشەی ئەوەشیان لێ کردوە

شێخ نوری لە جیاتی بەشەریەت و نەوەی سەردەمی خۆی رەجا لە ئینگلیزەکان دەکات و پێیان دەڵێ:

**ئێمە ناتەن بۆ سەعادەتی نەسڵی ئاتی، حەیاتی حاضرەمان بە نەبوە داوەتە قەڵەم، کەوابوو بە ناوی بەشەریەتەوە رەجا ئەکەین ئەم میللەتە مەظڵومە سەوقی فەنا نەکرێ، حەقێکی ژیانیش بە ئێمەس بدەن- ئێمەش لازمەی دۆستایەتی چی بێ، مەعەل ئیفتیخار بە جێی ئەهێنین، لە ئاشنایەتیمان ئیستفادە ئەکرێ.**

رۆژی بڵاوبونەوەی رۆژنامەکە واتە ١٩٢٣/٢/٢٤ فڕۆکەکانی بریتانیا بڵاوکراوەیەکیان بە سەر سلێمانیدا بەردایەوە و لەکارلادانی شێخ مەحمودیان راگەیاند، بەڵام شێخ مەحمود ملکەچ نەبوو، فڕۆکەکانی ئینگلیزیش لە ٢ ئازاری ١٩٢٣ دەستیان کرد بە بۆمبارانی سلێمانی، بە هۆی زیان لێکەوتنی خەڵک، شێخ مەحمود بە ناچاری لە ١٩٢٣/٣/٤ سلێمانی چۆڵ کرد.

❊❊❊



گەر نەچێت لە کار لای دەدەن و بۆمبارانی سلێمانی دەکەن. جگە لەوە لە لۆزان مەسەلەی ولایەتی موصڵ بەو شێوەیە دەچووە پێش کە ئینگلیزەکان دەیانویست. بۆیە جۆرێک لە بێ ئومێدی لە لای شێخ نوری سەری هەڵداوە بەوەی کە ئینگلیز نایەوێت لە چوارچێوەی عێراقدا دەوڵەتێک بۆ کورد دروست بکات، لە کۆتایی وتارەکەیدا ئینگلیزەکان بە (زەمامدارانی کائینات) ناو دەبات و داوایان لێ دەکات کە بەشی کورد نەخورێت و رێگە بە رشتنی خوێنی کورد نەدرێت، دواتر دەرکەوت بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز لە گەڵ خواستە نەتەوەییەکانی ئەودا بە دوو ئاراستەی پێچەوانە دەچن، ئەوەی ئەو پێشبینی کردبوو کە (خوێن رشتنی ئەم قەومە مەظڵومە) بوو، بۆ زیاتر لە سەد ساڵ بەردەوام بوو:

**ئومێد ئەکەین زەمامدارانی کائیناتیش حەقی ژیانمان بدەنێ و مەیدان بە خوێن رشتنی ئەم قەومە مەظڵومە نەدەن، ئێمەش وەکو ئەملا و ئەولامان مەسروور بکەن. چونکە ئێمەش وەکو میللەل سائیرە صاحیبی موحیط، زبان و تەریخین. ئێمەش عەنعەناتێکمان هەیە و بەشەرین. تەعەجب لە ویجدانی ئەو گەورەیە ئەکەم کە لەسەری حەی ئێمە شەڕ ناکەن، بیلعەکس ئەیانەوێ هەر کەس بۆ خۆی ئەم میللەتە مەحکوم و زەبونی ظوڵم و ئیستبدادی خۆی بکا. خۆ نازانن ئەم میللەتەش بۆ ئەوەی کە حورییەت و ئیستقلالیەتی خۆی موحافەظە بکا، ئەنواعی فیداکاری ئیختیار و لە هیچ ئیقداماتێک دوا ناکەوێ، ئیمرار وەقت و زەمان بەسە...**

**دابڕانێکی کاتی:**

دوای ئەوەی شێخ مەحمود سلێمانی بەجێ دەهێڵێت، ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"یش دادەخرێت. بەڵام لە ئەشکەوتی جاسەنە ڕۆژنامەی "بانگی حەق" دەردەکات، بانگی حەق لە لایەن (قەرارگاهی عمومیی ئۆردووی کوردستان) دەری کردوە و کەس سەرنوسەر و نوسەری نەبوە و ڕێنوێنی و بڕیارەکانی شێخ مەحمودی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

لەسەر هەڵوێستی سیاسی و جۆری کارکردنی شێخ نوری لە بواری ڕۆژنامەوانیدا، لەم قۆناغەدا. قسەی لەسەر نەکراوە،

بەڵام دەکرێت لە ڕێگەی ئەو ڕەخنە و گازەندانەی کە پێشتر لە روناکبیرە دوو ڕوەکان و زەمامدارانی ئمور گەردونی، ئەوە هەڵەنجێنین، کە شێخ نوری لەم قۆناغەدا نە خۆی بەلای لایەنگرانی ئینگلیزدا ساغ کردوتەوە، تا بچێت بۆ کەرکوک و بەغداد، وەک ئەوەی مستەفا پاشا و شێخ قادری حەفید وایان کرد. نە لە گەڵ شێخ مەحمودیدا چوەتە جاسەنە، کە ئەو کاتە جلخوارەکان و لایەنگرانی تورک دەورەیان دابوو. بۆیە پێ دەچێت لە سلێمانیدا بە مەخفی مابێتەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێین بەشێک لەو ئەفسەر و فەرمانبەرانەی کە لە گەڵ شێخ مەحمودیدا چوونە جاسەنە، کە بینیان تورکەکان کۆنتۆڵی دۆخەکەیان کردوە، گەڕانەوە و خۆیان ڕادەستی ئینگلیز کرد.



وەک لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمان کرد، شێخ مەحمود دوای ماوەیەک دابڕان و جەنگی پارتیزانی، جارێکی دیکە بەسەرکەوتوویی گەڕایەوە سلێمانی. بە گەڕانەوەی دەستی کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی نوێ بە ناوی (ئومیدی ئیستقلال). لە ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هیچ یەک لە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەشدا، شێخ نوری جگە لەو شیعرە بەرز و جوانەی کە دەبێتە دروشمی ڕۆژنامەکە هیچ وتارێکی نەنووسیوە:

**خودایە بەسیە ئیتر، لابرێ دەیجووری ئیزمحیلال،**

**تلووعی پێ بکەی خورشیدی ڕۆژی پاکی ئیستقبال**

**لەگەڵ خولیایی هیجرەت، بەسەرچوو عومری شیرینم**

**دەسا نۆبەی ویساڵە ئاە.. ئەی ئومیدی ئیستقلال**

ئەم دروشمە لە ژمارە (١-١٠) لە لاپەڕە یەک و لە خوار لۆگۆی ڕۆژنامەکەوە دانراوە، بەڵام لە ژمارە (١١)ەوە بە بێ هیچ ڕونکردنەوەیەک دیار نامێنێت.

هەوڵێکی زۆرمدا بۆ ئەوەی بزانم بۆ شێخ نوری کە لە وتارە ڕۆژنامەوانی و شیعرەکانیدا هەمیشە ئومێد، ورە بەرزی و ئایندە بینی هەست پێ دەکرێت، بۆ لەو ماوەیەدا دەستبەرداری کاری نوسین بووە؟ بەڵام نە خۆی و نە هاوچەرخەکانی هیچ زانیارییەک لەو بارەوە ناخەنەڕوو.

**هەنگاوی چوارەم: ڕۆژنامەی ژیانەوە**

**(١٨ی ئابی ١٩٢٤ – ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٢٦)**

ڕۆژی (١٨)ی ئابی ساڵی ١٩٢٤، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) لە سلێمانی دەرچو. ژیانەوە بڵاوکراوەیەکی هەفتانەی ئەدەبی بو، لە چاپخانەی شارەوانی چاپ دەکرا و دوای "**تێگەیشتنی ڕاستی**" و "**پێشکەوتن**" بە سێیەم ڕۆژنامە دادەنرێت، کە گوزارشتی لە سیاسەتی ئینگلیزەکان دەکرد لە باشوری کوردستان و، تا ناوەڕاستی مانگی کانونی دوەمی ساڵی ١٩٢٦ پەنجاوشەش ژمارەی لێ دەرچو، ئەگەرچی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) ڕۆژنامەیەکی ڕەسمیی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە بو، بەڵام ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبو لە پێشخستنی ژیانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی ناوچەکەدا و بەشێکی زۆر لەو نووسەرانەی کە پێشتر لە ڕۆژنامەکانی پێشکەوتن و بانگی کوردستان و



ڕۆژی کوردستاندا بابەتیان دەنوسی، لەم ڕۆژنامەیەشدا بەرهەمیان بڵاو دەکردەوە.

**هێرش بۆ سەر (جلخوارەکان):**

دوای ئەوەی ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢٥ چارەنوسی ویلایەتی موسڵ لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بە تەواوەتی ساغ بووە و خرایە سەر عێراق، هاوکاریی نێوان هەردو وڵاتی بریتانیا و عێراق بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر زیادی کرد. بزوتنەوەی شێخ مەحمود لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥- ١٩٣١دا لە شێوەی خەباتی پارتیزانیدا دەستی پێ کرد.

لەولاشەوە تورکەکان هەر بە تەمای گەڕانەوەی ویلایەتی موسڵ بون و کەڵکەڵەی داگیرکردنەوەی هێشتا بەری نەدابون. شێخ نوری شێخ ساڵح کە ڕقێکی زۆری لە تورکەکان بو، هەروەها وەک لە لاپەڕەکانی پێشوتردا ئاماژەمان پێدا. سەروتاری ژمارە (٦)ی ڕۆژی کوردستاندا بە ناوی (**ویلایەتی موصل لە لۆزاندا**) ڕەخنەی لە (**زیمامدارانی ئومور**)ی کوردستان گرتبو، کە ئاگایان لەوە نیە ماڵەکەیان دابەش دەکرێ، دوای سێ ساڵ لەو مەترسیەی کە خستبویەڕو بۆ لەدەستدانی کوردستان، جارێکی دیکە هەمان نەفەسی جاران، بەڵام بە ئەزمونێکی نوێوە درێژەی بە نوسینی بابەتە سیاسییەکانی خۆی دەدا، لە سەروتارێکدا بە ناوی "**تورک و کورد-گورگ و مەڕ**"[1] دژایەتیی خۆی بۆگەڕانەوەی تورکەکان دەردەبڕێ و لە ڕێگەی

---

[1]. م.نوری، تورک و کورد– گورگ و مەڕ، ژیانەوە، ژمارە٩، ٢مارت ١٩٢٥، ل ١-٢.

خستنەڕوی مێژووی داگیرکردنی سلێمانی لە لایەن تورکەکانەوە خوێنەری بابەتەکەی بۆ لای مەسەلەیەکی گرنگی رۆژ رادەکێشێت، کە مەرامی گەڕانەوەی تورکەکانە بۆ سلێمانی ودەڵێ:

**"لە رۆژێکەوە کە حکومەتی تورک حقوقی حوکمداریی بابانەکان و قەومیەتی کوردە مەظلومەکانی غەصب و ئیستیلا، کردوە هەتا تەخلییەی تورکەکان، غەیرئەز خصومەت و فەلاکەت، ئەسبابێکی تەرەقی و سەعادەتیان بۆ ئەم قەومە مظلومە ئیظهار نەکرد. بیلعەکس دائیمەن سەعی و جەهدیان بۆ ئەوە کرد کە یەکێ لەم میللەتە مییلییەتی خۆی تەرک نەکا، شایەد کردبێتی، فەورەن نەفی یان ئیعدام کراوە. بە هەمو صورەتێ مەفکورەی مییلیەتی لەم قەومەدا ئیمحا کردبوو. ئەتوانم بڵێم هەتا حەربی عمومی و ئیحتیلال سلێمانی، هیچ فەردێک لە ئەفرادی ئەم میللەتە، حەتا هیچ مونەووەر و تەحصیل دیدەیەک عیرقەن و لیسانەن، عیرق و میللەت و قەومییەتی خۆی لە تورکەکان تەفریق نەکردوە، یا کردویەتی، لەبەر ظوڵم و ئیستبداد معلومە یان تەجاهولی کردویەتی.**

لە پاش خستنەڕووی ئەو سەرەتا مێژوویيە، پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێت "**عەجەبا ئەو تورکانە کە دوبارە ئارەزوی ئیستیلای ئەم قەومە ئەکەنەوە؟!**". وروژاندنی ئەم پرسیارە بۆ مەبەستێکی گرنگە کە سەرتاپای وتارەکەی بۆ تەرخان کراوە.



**ئایا مەظلەمەی (سەفەر بەرلک)[1] یان لە فیکر چوەتەوە کە چیان بەسەر ئەم میللەتە هێنا؟ فەرضەن ئەوانیش لە بیریان نەمابێ، هیچ فەردێک لە ئەفراد ئەم میللەتە، مەنبەحە و قەصابخانەکەی بەردەرکی قشڵەی لە فیکر چوەتەوە؟ دیواری ئەنباری جبەخانە کە ئێستا کون کونی ئەو گوللانەیە کە لە سەر دڵی کورد و ئەرمەنیەکان دەرچوە و دیوارەکانی کردوە بە بێژنگ، ئەو ئاثارە هەر ماوە، سورایی خوێنی جەرگ و دڵی کوردەکان بە دیوارەکەوە هەر ماوە و نەفەرت لە ظوڵمایان ئەکا.**

**هەروا ئەزانین دوێنێیە کە ئەرخەوان و داری قەبرستانەکەی گردی سەیوان و داری بەیداغی سەر قەبر و مەرقەدی پیاو چاکەکانمانیان بڕی، بە کۆڵ هێنایانەوە و سوتاندیان مەنظارەی ئەو قەبرە مقەدەسیە کە نمونەیەکی جەنت بو کردیان بە جەهەنم. بێ شبهە رۆح ئەو کوردە مردوانە کە ئەم ظڵمەیان دیوە حتمەننفرەت لە تورک حەتا لە هاتنی ئەم دوو ٣ ئەعضای لیژنەیە ئەکا.**

تشرینی یەکەمی ١٩١٨ کاتێک ئینگلیزەکان دێنە سلێمانی، ژمارەی دانیشتوانەکەی کە پێشتر بیست هەزار کەس بو، کەم بوەتەوە بۆ دوو هەزارو پێنج سەد کەس.

---

[1]. سەفەر بەرلک وشەیەکی تورکی عوسمانیە و مانای راگواستنی بە کۆمەڵ دەگەیەنێت ین رەش بگیری (نەفیر العام) دەگەیەنێت، لێرەدا بەمانای بردنی گەنجان و پیاوان هاتوە بۆ جەنگی جیهانی یەکەم. جینوسایدی ئەرمەنەکانیش بە هەمان ناو هاتوە.

**هەروا لە بیرمانە کە لە برسانا باوک ئەولاد و جگەرگۆشەکەی خۆی سەر ئەبڕی و ئەیکوڵان و ئەیخوارد. هەموو دیومانە کە لە ناوەڕاست بازاڕدا لەسەر لاکی کەرێکی تۆپیو کە لە بەینی خۆماندا تەقسیمی بکەین، چ شەڕ و هەرایەک وقوعی ئەبوو. گۆشت سەگ و پشیلە.. و ئاردەدار دەست هەموو کەس نەئەکەوت.**

بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەو بڕگەیەی سەرەوە سەبارەت بە مردوخواردن لە سلێمانی، مەکداوڵ لە کتێبەکەیدا دەڵێ: "**بەیانیان تەرمەکان لە بازاڕ کۆدەکرانەوە، لە هەندێ حاڵەتدا خەڵکەکە لاشەی منداڵە مردوەکانیان دەخوارد**".[1]

**هەروەها لە بیرمانە کە عەسکەرە تورکەکان لە چایخانە چاییان ئەخواردەوە لە دوکانەکان شەکرو چایی و ماڵەزیمەیان کامیلەن ئەکڕی. لە پاشا بانقەنۆطێکی لیرەیی کە بە روپیە و نیوێک ئەچو، دەریان ئەهێنا و ئەیانداو داوای باقیشیان ئەکردەوە. ناچار چایچییەکە، دوکاندارەکە ڕاضی ئەبو کە هەرچیەکی پێ فرۆشتوە، بە خۆڕایی بیداتێ بۆ خۆی. ئەتوانم بڵێم بۆ خەرجیی بازاڕیان بانقەنوطێک بەشی قۆڵ ئوردیەکی ئەکرد (ماشەڵڵا پارەی جاران چەند بەبەرەکەت بو)... هەر ئەو بانقەنۆطە کە بە لیرەی ئاڵتون بە ئێمەیان ئەگۆڕیەوە، خۆیان لە جیاتی هیچ تەکالیفێکی حکومەتی قبوڵیان نەئەکردەوە.**

1. دیڤید مکدول، المصدر السابق، ص ١٤٨.



بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بیر و بۆچونانەی کە داوای گەڕانەوەی تورکەکان دەکەن، شێخ نوری کاریگەرییەکانی داگیرکاریی تورک و شێوەی حوکمڕانییان لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی کۆمەڵگا بە نمونە دەهێنێتەوە، دیمەنێکی کاریگەری دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

**هێشتا لە بیرمانە کە عائیلەیەکی عەفیف دە پازدە بیست کەسی کە واسیطەی مەعیشەتیان ٣ چوار کەس بو بیلا ئیستثنا هەر چواری گەلە ئەکردن و بە سەوقییات ڕەوانەی قەفقاسی ئەکردن. لەوێ یان لە ژێر بەفرا ئەخنکان، یان ئەکوژران یا لە برسانا ئەمردن و ئەم دە پازە ژنە موحتەرەمە و مەعصومانە بە... ضەرورەت و پەرێشانی سەوقی ئەنواع ئیشی نامەشروعی ئەکردن.**

دواتر جارێکی دیکە هەموو ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە باسی کردون، گرێ دەداتەوە بە مەرامەکانی تورکەکان بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان و جارێکی دیکە کارە نەگریس و دژ بە کوردەکانی تورک بیری خوێنەر دەخاتەوە و دەڵێ:

**هیچ نەبێ مام تورک ئەبو ئینتظاری ئەم نەسڵە حاضیرە کوردەی بکردایە، ئەم ظوڵم و ئیستبدادەی ئەوانی هێشتا لە بیر نەچوەتەوە.**

**هیچ نەبێ با خوێنی برا کوژراوەکانمان لە دیوارەکانی قشڵە و سەرا بچوایەوە.**

**هیچ نەبێ با ئێسقان و مێشک بە کەللە شکاو و پژاوی ئیعدام کراوەکانمان بڕزایە.**

**هیچ نەبێ با ئینگلیز تۆزێ تەنقییەیەکی مەعیدەمانی لە گۆشتی سەگ و پشیلە و بەنی ئادەم بکردایە.**

**هیچ نەبێ با دەرەجەی ثەروەت و ئیقتصادمان ضربەی بانقەنۆطەکانی ئەوانی لە فیکر بچوایەوە.**

**هیچ نەبێ با ئەو هەزار چاوەی کە صاحێی ئیعدام کراوە یا کوژراوە، یا لە برساندا مردوە، تەعمیرمان بکردایە.**

**هیچ نەبێ با دارئەرخەوانەکانی مەقبەرە و سەر شەخصەکانمان لە پاش بڕین و سوتاندنەکەی ئەوان، نەختێ نەشونمای بکردایەوە.**

**ئەنجا دوبارە خەیاڵی کوشتن و بڕین و خنمەتکاریی کوردە فەقیرە مەظلومەکانی بکەوتایەوە سەر.**

لە دوای هاتنەوەی شێخ مەحمود لە ئەسارەت، ململانێی لایەنگرانی ئینگلیز و تورکخوازەکان و کەسە نەتەوەییەکان، گەیشتە ترۆپک، لایەنگرانی تورک بە هۆی شل کردنی گوریسەکەیانەوە لە لایەن شێخ مەحمودەوە، بە ئاشکرا بانگەشەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورکیان دەکرد بۆ کوردستان. شێخ نوری بە توندی وەڵامیان دەداتەوە، دەڵێ:



**جلخوارەکان ئەیانوت تورکەکان عاقڵ بون. مەعەل تەئەسوف ئەگەر عاقڵ بونایە، نەدەبو تا چەند عصرێکی تریش روویان بهاتایە ناوی کوردەکان بەرن (خوا بتانگرێ بۆ درۆتان).**

**خولاصە، لە بەر ئەم مەظالیمانە کە هێشتا لەبەر چاوما گوم نەبوە، دائیمەن بۆ یەکتری بە حیکایەت ئەیگێڕینەوە. هیچ فەردێک لە ئەفرادی قەومی کورد دەفعەیەکی تر ئارەزوی ئەو ظوڵم وئیستبدادەی مام تورک ناکاتەوە.**

**ئینجا لیژنەی وەفدی موحتەرم عوصبەتول ئومەمیش لەبەرئەوەی تیمثالی عەدالت و حامیی بەشەرییەت و ئەقوامی مەضلومەیە، وا ئومێد ئەکەین کە ئەم هاوار و فریادەی ئێمە بە مەعروضاتێکی تەماشا و (رانێکی مەڕ، تەسلیم بە شوانێکی گورگ نەکاتەوە) نامانەوێ، نامانەوێ".**

***

## هەنگاوی پێنجەم: ڕۆژنامەی ژیان

ڕۆژنامەی (**ژیان**) غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی بو، هەفتەی جارێک لە سلێمانی دەردەچو، درێژکراوەی ڕۆژنامەی (**ژیانەوە**)ی پێش خۆی بو. یەکەم ژمارەی لە ١٩٢٦/١/٢١ دا و، دوا ژمارەشی کە (٥٥٣)یە لە ١٩٣٨/٣/١٠ دەرچو. ژمارەی لاپەڕەکانی بە گشتی (٤) لاپەڕەی ڕەش و سپی بە قەوارەی (٢٠×٣١ سم) بە دیالێکتی کرمانجی خوارو (سۆرانی) و بە ئەلفوبێی کوردی لە عەرەبی و ئارامی داهێنراو، لە چاپخانەی شارەوانی چاپ دەکرا.

لە ماوەی ١٢ ساڵی دەرچونیدا چەند کەسێک بەڕێوەیان بردوە؛ ئەگەرچی هەمویان لە چوارچێوەی بەرنامە و سیاسەتێکی دیاریکراوی کاردا کۆ کراونەتەوە، بەهرە و تایبەتکاریی هەریەکەیانی بەروونی پێوە دیارن



بەڕێوەبەرەکانیشی بە پێی مێژوو بریتی بون لە: ژمارە ١-٨١ جەمیل صائیب و محەمەد ئەدیب عەزیز، ژمارە ٨٢-٢٥٩ عەلی عیرفان، لە ژمارە ٢٦٠-٣٢٠ حسێن نازم بەگ، لە ژمارە ٣٢١-٥٥٣ پیرمێرد.[1]

ڕۆژنامەی (ژیان) کە بە ناوی شارەوانی سلێمانیەوە دەردەچو، سەبارەت بە هۆی گۆڕینی ناوەکەی جەمیل صائیب لە وتارێکدا کە لە ژمارە (٢)دا بڵاوبوەتەوە دەڵێ:

**"نیسان هەر لەبەر ئەوەی موقەدەرات و ئیستیقبالمان ساغ نەبوبوەوە، دەورەی ژیانەوەش بۆ ئێمە ئەبو بە بەرزەخێکی ژین و مردن، هەروەها غەزەتەکەمان میثالێکی ئەم وەطەنیە، یاخود سینەمایەکە کە موقەددرات و مەوجودیەتمان پەرە پەرە نیشان ئەدا، صورەتی حەقیقیەی پێدەرئەخرا وحەقیقەت مەعزور بو و پەیامی ئەخیر کە موژدەی مانەوەی وەطەنە خۆشەویستەکەمانی گەیاند، ڕۆحێکی تازەی دا و سەعادەتێکی ئەبەدیی بەخشی بۆمان، بەو موناسەبەتەوە غەزەتەی ژیانەوەش کەوتە دەورەیەکی تازە و گەشایەوە بۆ ئەوەی بون و ژیانمان تەمثیل بکا، ناوی نرا ژیان"**[2]

دیارە مەبەستی قۆناغی نوێی دۆخی سیاسی کوردستان و سلێمانییە کە بە فەرمی لکێنرا بەعێراقەوە.

---

[1]. ڕۆژنامەی ژیان، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢ ل ٥.

[2]. ڕۆژنامەی ژیان، ، هەمان سەرچاوە، ل٥

گرنگترین کارێک کە لە بواری ئەدەبیدا کردبێتی لەم قۆناغەدا، ئەو (٢٥) ئەڵقەیەیە کە لە سەر ئەدەبی کوردی نوسیویەتی، ئەمەیان لە پسپۆری و شارەزایی من دورە و بەجێی دەهێڵم بۆ ئەو کەسانەی شارەزان لەو بوارەدا. هەرچەندە ژمارەی بابەتە سیاسییەکانی (م.نوری) لەم قۆناغەدا کەمن، بەڵام پێویست و لە جێگەی خۆیدا بون و دەکرێت لە رووی مێژووییەوە گرنگییەکی زۆریان هەبێت، بە تایبەتی ئەو دوو ئەڵقەیەی لە وەڵامی موحرریری رۆژنامەی "نجمە"ی کەرکوکیدا نوسیویەتی، چونکە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە کەرکوکەوە هەیە، کە تا ئێستاش کێشەی سەرەکی و ستراتیژی گەلی کوردە.

**(م.نوری) و کەرکوک**

لە ژمارەی رۆژی ٢ی تەموزی غەزەتەی (نەجمە)دا، کە رۆژنامەیەک بوە لە کەرکوک دەرچوە (ئاماژەی بە ژمارە و ساڵی نوسینەکە نەکردوە)، سەروتارێک لە وەڵامی بابەتێکدا کە لە کۆواری "زاری کرمانجی"ی رەواندوزدا دەرچوە، نوسراوە تێیدا پەلاماری کوردی تێدا دراوە و کەرکوکی بە شارێکی تورکی ناساندوە. بەڵام (م.نوری) کە ئەم سەروتارەی خوێندوەتەوە، خۆی پێ ڕانەگیراوە و وەڵامێکی توندی غەزەتەکەی داوەتەوە.

لەسەرەتادا دەڵێ:



**"ئێمە لێرەدا ئیجاب ناکا دائیر بە زاری کرمانجی تەطویلی مەقال بکەین، مەقصدمان لە نوقاطی موختەلیفەوە تەشکیلی جوابە بۆ موحەڕریری موحتەرەمی غەزەتەی نەجمە، چونکە ئەم تەعرروض و تەنقیدە، ئەگەر عائیدی شەخصییات بوایە، حەتا ئەگەر تەعەڕروضی شەخصی خۆشم بوایە، عەفوم ئەکرد. فەقەط هەدەفی تیری تەنقیداتی موحەڕری موحتەرمی وەطەن و میللەتمە، بینائەن عەلەیهی لە عەفو نەکردن مەعذورم".** [1]

ئەوەی لەو پێشەکیەدا دەر دەکەوێت ئەوەیە، پاڵنەری سەرەکی بۆ نوسینی ئەم وتارە، هەستی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەرییە، کە هەمیشە لە وتارە سیاسیەکانی شێخ نوریدا حزوری هەیە. لە دوای ئەوە بە چەند وشەیەکی پڕ مانا، دێتە سەر خستنەڕوی پەیامی موحەڕریرە تورکەکەی "نەجمە" و خوێنەری خۆی لە مەرامی ئەو بەئاگا دێنێتەوە:

**"گوایا تەئریخی ئەصڵی کرکوک کە مەعلومە موحەڕریری زاری کرمانجی خەطەئەن و یا قەصدەن کەرکوکی بە کوردستان عەدد کردوە، لە سەر ئەمە موحەڕریری موحتەرەم نەجمە دەفەرموێ ئێمە کورد نین.."**

وەڵامەکەی خۆشی بۆ ئەو ئیدعیایەی موحەڕریرە تورکەکە بە خستنەڕوی نەخشەی جوگرافیی ناوچەکە و پێگەی کورد و عەرەب و

---

[1]. رۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢٦، ٢٩ تموز ١٩٢٦، ل ١

تورکمانەکان لەو نەخشەیە و هۆکارەکانی بونی تورکمان لەم بەینەدا دەخاتەڕو:

**"جارێ ئەگەر وەضعیەتی جوگرافی تەماشا بکرێ، زۆر جوان دەرئەکەوێ بە تەشکیلاتی جوگرافی سێ ناحیەی تەبیعی بەرچاو ئەکەوێ، لای جنوبی کە ویلایەتی بەصرە و بەغداد تەشکیل ئەکات، شتێکی ساکارە ئەمڕۆ صرف عەرەب و ئەقوامی سامی تیا دانیشتوە. قیسمی شیمالی شەرقیەکەی کە عیبارەتە لە ویلایەتی موصڵ، هەموی بان و ریزە شاخە، تابیعی تەشکیلاتێکی ئەصڵی و طەبیعییە. لێرەدا ئەحواڵ پێشوی هەرچیەک بوبێ، ئەمڕۆ قەومی کورد بە ئەکثەریەت عەظیمە تیا دانیشتوە".**

ئەمجا (م.نوری) بەراوردێک دەکات لە نێوان هەردوو ناوچە کوردنشین و عەرەب نشینەکەدا و قەبارەی تورک لەو هاوکێشەیەدا و ئەو هۆکارانەی کە وایان کردوە ئەو تورکانە لەوێ هەبن:

**"ئەم دوو ناحیەی طەبیعییە وەکو جنسیەتی میلییان لە یەک ناچێ، نە هەوا، نە ئیقلیم، نە جنسی ئەراضیشیان لە یەک ناچێ. لە موجادەلاتی سیاسیەی دەولیدا تەحەقوقی کرد کە لەم ناحیە عاریضەدارەدا، لە ناو ئەم ئەکثەرییەتە عەظیمەی کوردا، میقدارێکی کەم کورد دانیشتوە. بۆ ئەم وەضعییەتە حاڵ لە دوو خاڵی نییە، یان هەموی سەکەنەی کەرکوک ئەصلەکەی تورکە، لە پاشا عونصوری کورد غەلەبەیان سەندوە و تەکریدی کردون، یان هەموی کورد بوە و ئەم چەند ماڵە تورکە لە دەورەی**



**شەوکەتی دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ موحافەظەی لە مەناطیقی کوردستان عیراق لە تەعروضاتی ئیران لە سەر خوطوطی رەجعەتی مەنازلی عەسکەری تەئسیس کراوە و قەطەعاتی تورکی تیا دانراوە، بەمروری زەمان ئەم عەسکەرانە سلاحیان فرێداوە تێکەڵاوی ئەهالی بوون. ئێستا نەوەی ئەوانەیە کە صرف لە شارەکاندا ماونەوە ئەگەر دەورەی تورک موحافەظەی زبانەکەی نەکردنایە، ئێستە ئەم تۆزەش موجود نە ئەبو و موحەڕڕیرێکی وا لە کەرکوک دەست نەئەکەوت بێ وەکالەت نامە ئیدیعای تورکیەتی عەشائیر و قەبائیلی داودە، طالەبانی، شوان، شێخ بزێنی، زەنگەنە، جەباری، لەیلانی، هەمەوەند و سائیر قورا و دێهاتی کەرکوک بکا"**

شێخ نوری بۆ ئەوەی موحەڕڕیری نەجمە بە تەواوەتی بخاتە گۆشەیەکی تەسکەوە، دێت باسی ناوکەرکوک و گەڕەکانی بۆ دەکات و شارەزایانە دەیخاتە بەردەم ئەمری واقیع و دەڵێ:

**"ئەمێنێتەوە نەفس شاری کەرکوک، عەجەبا چەند مەحەللەی بە تورکی و چەندی بە کوردی قصە ئەکات، جارێ موحەڕڕیری موحتەرەم تەحریری نفوس و تەفریقی جنس و ئیقلیم بکات، ئەنجا لە مەحاکیمی تەئریخ و جغرافیادا ئیدیعای تورکیەت سەکنەی خاریج و عەشایرەکان بکات.**

**سەبەبی بە تەشکیلات سیاسیەتی ئەمە و پێش، میللەتی کورد لە زبانی ئەدەبی و میللییەتیی خۆی مەحروم کرابو، فەقەط تا ئەمڕۆ موحافەظەی ئەصلیەتی خۆی کردوە. دوبارە لە سایەی دەوڵەت موعەظەمەی**

**بریطانیاوە، ئەم حەقە سەندرایەوە و مەعاهدات مەتین بناغەی دارێژراوە، تەرەقی تابیعی قانون تەکامول تەدریجیە، عەجەلەمان چییە؟ .. میللەت مەوجودە، یەک دوو موحەڕڕیری تورکی کەرکوکی ناتوانن لە عەصری بیستەمدا، لە پاش وریا بونەوە، جەبر لە تەئریخ و جغرافیا بکەن و سەدی نەوەد دانیشتوی لیوای کەرکوک بکەن بە تورک".**

لەو بڕگەیەدا دەردەکەوێت کە شێخ نوری لە ژێر کاریگەری بڕیارەکەی کۆمەڵی نەتەوەکان "عصبة الامم"دا کە لە ١٩٢٦/٦/٥ عێراق و تورکیا و بریتانیا لەسەری ڕێک کەوتن کە ویلایەتی موسڵ لکێندرا بە عێراقەوە، بۆ پاراستنی مافەکانی کورد ئەو قسانەی کردوە. بە پێی ئەو بڕیارە حکومەتی بریتانیا و عێراق ڕێک کەوتن زمانی کوردی زمانی فەرمی دەبێ و فەرمانبەرەکانیش لە کوردستان کورد دەبن.

شێخ نوری دان بەوەدا دەنێت کورد بە هۆی داگیرکراوی نیشتمانەکەیەوە، ماوەیەکی دورودرێژە لە پێشکەوتن دابڕاوە، بەڵام ڕەگەزی خۆی پاراستوە و بە پێی تیوریی (**قانون تەکامول تەدریجی** چارلز داروین و مالتوس)[1] بێت، ئیتر کاتی ئەوە هاتوە پێشکەوتن و بوژانەوە بە خۆیەوە ببینێت و هیچ پەلەشی لێ ناکات و تازە مێژوو بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، تا کوردێک لە کەرکوک مابێ کەرکوک موڵکی کورد دەبێت.

---

[1]. ئەم تیوریە هاوبەشەی داریون و مالتوس پێی وایە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە بەرزبونەیی پلە بە پلەی هەنەسی زیاد دەکات (واتە 1، 2، 4، 8، 16، 32، 64 و ...) کۆمەڵگاکان زیاد دەبن، هێندە زیاد دەبن ڕۆژێک دێت مرۆڤ جێگەیەک نادۆزێتەوە تێدا بوەستێ. بەڵام جەنگ و نەخۆشی ئەو هاوسەنگیە دەپارێزێت.



**"ئێمە ئەمرۆ لە عیراقدا دو عونصوری ئەناسین، کە غالیب و صاحێب وەطەنین، "عەرەب و کورد" جوزئییاتەکانی تر بە موقەتەضیاتی دەساتیری تەئریخییە، ئەبێ لەم دو هەیئەتەدا حەل و هەضم بین، ئەمەش قانونیکی طەبیعیە. بینائەن عەلەیهی ئیمتیازاتی کە لە عوصبەدا بەسایەی بریتانیای عوظماوە بۆ قەومی کورد تەثبیت بوە، بەرەبەرە هەمو حوقوقی و مەنافیعی بۆ میللتی کورد تەئمین کردوە، ساحەت طبقی ئەم ئیمتیازاتە شەرق و شیمالی دیجلەیە، کەرکوکی تیا ئیستیثنا نەکراوە.**

لەو سەردەمەدا بەڕێوەبردنی فەرمانگەکانی کەرکوک بە دەستی نوخبەی ئەریستوکراسی[2]تورکمانەوە بوە، شێخ نوری هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی بەشی زۆری میللەتی کورد وریایی و هۆشیارییان نەبوە، بەڵام ئەمە بە کاتی دەزانێت، چونکە پێی وایە بە هۆی بڵاوبونەوەی مەکتەب و خوێندەوارییەوە، کوردەکان هەستی نەتەوەییان لا دروست دەبێت و بە مێژووی دێرینی باب و باپیرانیان ئاشنا دەبن و ڕێگە بەکەس نادەن کوردستانەکەیان بە موڵکی خۆیان بزانێت.

**حوکمی و نفوزی ئەرسطوقراسی کرکوک لەبەر وریا نەبونەوەی ئەکثریەتی عەظیمەی میللەتکە موئەقەتەن حوکمی جارییە. فەقەط معاریف لەمەودوا کە نوری مەعیرەفەت و میللتی بڵاوکردەوە، عونصورەکان**

---

[2]. ئەریستوکراسی بە مانای ئەو نوخبەیە دێت کە شارەزایی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی حکومەتن. دیارە لەو سەردەمەدا تورمانەکانی کەرکوک بە هۆی هاوڕەگەزییان لە گەڵ تورکەکاندا، بەشی زۆری کاروباری بەڕێوەبەردنی فەرمانگەکانی کەرکوکیان بەدەستەوە بوو.

**ئەجدادی خۆیان بێتەوە بیر، ئەو حەلە بە تەشەبوثێکی بچوک ناویان نامێنێ و ئەم ئیدعا باطیلانە لە صەحائیفی تەئریخ کورستاندا کەم ئەبێ.**

**لە خوصوص گوشادی مەکتێبێکی دار ئەلموعەلەمینی کوردییەوە بۆ کورستانی عیراقی موحرڕیری موحتەرەم نەجمە ئەبێ چ حەقی موداخلەیەکی بێ، عەجەبا لە هیچ لایەکەوە بۆ ئەمانە تەوکیل کراوە؟**

**ئەم ئیدعاییە وەلەو نابەمەوسیم بێ، داوا هەر ئەکرێ، هەرچەند حاڵەن ئینقادیش نەکرێ بۆ خاطیری رێگای طەلەب و دعوا پیدا بێ، لە ئێستاکەوە قصە لێ کردنی وەظیفەی مونەووەرانی کوردە، زاتەن بو ئیمەش داوا کراوە.**

لە کۆتایی وتارەکەیدا شێخ نوری رەدی ئەو ئامارانە دەکاتەوە کە نوسەرەکەی نەجمە سەبارەت بە دانیشتوانی هەولێر و سلێمانی خستونیەتە روو، داوای لێ دەکات چاوێک بە ئامارەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا بخشێنێتەوە بۆ ئەوەی هەڵەکانی راست بکاتەوە.

**لە خوصوص ئیستانتستیقێ (ئامار) کە موحەرڕیری موحتەرەم نەجمە بۆ نفوس لیوای هەولێر و سلێمانی کردویەتی، تەماشای جوغرافیاکان و ئیستانتستیقێ پاش حەربی عمومی بکات تێ ئەگات کە چند خەطای کردوە و ئێمەیش تێ گەیشتوین کە بە حیسێک ئەوەندە کەمی داوەتە دەم، فەقەط ئیضاحاتی سەرەوە کە ئیثباتی ئەکثەرییەتی موطلەقەی کورد ئەکا لە مەناطقیی شەرقی شمالی و شیمالی دیجلەدا، جوابە بو خەطاکەی ئەو.**



**ئەمجا موجود هەر چەندێ بێ، تەئثیر ناکاتە نیسبەتی میئەویی سکانەکانی.**

**ئێمە ئیدیعامان نییە کەس بکەین بە کورد، مەقصەدمان ئەوەیە کە نەتایجی حاصلەی ئیستقبال بخەینە پیش چاوی موحرڕیری موحتەرەم بەشکو بە جیدیی تەدقیقات بفرموی، زوو بۆ نەفی بە کەمالی ئیطمئنان دەماغی خوی ماندو نەکات، جارێ جواب ئەوەندەیە.**

**بێ ئومێدی:**

بێ ئومێدی حاڵەتێکی دەرونییە و لە کاتی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکاندا بەرۆکی تاک یان کۆمەڵگا بە گشتی دەگرێت، بێ ئومێدی دەرهاویشتەی نەهاتنەدی خەون و خەیاڵ و حەزو ئارەزووەکانی تاکە.

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە مرۆڤەکان هەمیشە بیر لە ئەگەرە پۆزەتیڤەکان دەکەنەوە، نەک نێگەتیڤەکان. لە لایەکی دیکەوە هەندێ لە زانایانی دەروناسی پێیان وایە بیرکردنەوەی پۆزەتیڤانە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی لەسەر رەفتاری مرۆڤ دەبێت و دەرئەنجامەکەشی باشتر دەبێت و پێی دەڵێن "Pygmalion effect". ئەم زاراوەش لە شانۆنامەیەکی جۆرج برنادشۆ وەرگیراوە بە ناوی "پیگمالیون". لەم دۆخەدا کەسەکان قەناعەت بەتوانا پۆزەتیڤەکانی خۆیان دەهێنن و لە سەر بناغەی ئەو قەناعەتەشەوە کارە پۆزەتیڤەکانی خۆیان دەکەن و چاوەڕێی سەرکەوتنیش دەکەن. شێخ نوری لە دوای دەست بەکاربونی وەک رۆژنامەنوس و نوسەر، هیوا و

ئارەزوو و ئاواتێکی زۆری هەبوو بەوەی لەو هەلومەرجەی کە بۆ کورد ڕەخساوە، کوردستانەکەی سەربەخۆ دەبێت، لەسەر دەستی منەوەر و زەمامدارانی ئمور، سەنعەت و مەعریفەت و پێشکەوتن باڵ بە سەر وڵاتدا دەکێشێ. بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٢٦ بۆی دەردەکەوێت زەمامدارانی ئموری کوردستان، نەیانتوانی کەڵک لەو هەلەی کە لە دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هاتنی ئینگلیز بۆی ڕەخساوە وەرگرن، توشی بێ ئومێدی سیاسی دەبێ، ئەم نا ئومێدیەش لە دوای لکاندنی باشوری کوردستان بە عێراقەوە لە ٥ حوزەیرانی ١٩٢٦ دەگاتە لوتکە.

***



**ساڵی ١٩٢٦**[1]

ئەی ساڵی جیهان دیدە، ئەیا سەحنەی میحنەت

ئەی ساڵی گوزەشتە، سەنەی ماتەمی ئومەت

ئەی سەحنەی گریان و فیغان، شیوەن و نیلەت

جەلادی جگەر ئاهەنی، بێ شەفەقەت و ڕیقەت

ئەی ناظری سەد مێشکی پژێنراوی بە قیمەت

ئەی ساڵی گوزەشتە جگەرت لەت لەتی غەم بێ

نەت بینمەوە، مەسکەنت شاری عەدەم بێ

***

سەیریکە چەند لاشەی لاوی وەطەنت دی

خۆت وردبەرەوە چەند سەری جیاو چەند بەدەنت دی

چەند خانەی وێران و دڵی پڕ میحنەتت دی

چەند ناڵەی ژن، لاشەی چەند بێ کفنت دی

برسی و ڕەش و ڕووت غەم زەدە، چەند شۆخ و شەنگت دی

---

1. ژیان ژمارە ٤٩، ٦کانونی یەکەمی ١٩٢٧، ل ١.

ئەی ساڵی گوزەشتە جگەرت لەت لەتی غەم بێ

نەت بینمەوە، مەسکەنت شاری عەدەم بێ

***

تێ فیکرە کە ئەم سێسەد و شەست رۆژە گەورە

هەر ثانیەیەکی غەم و ئالام و فتورە

رۆیشتنەکەت تا بەقەدەم عەیب و قصورە

بەم خوێنە رژاوانە  بەم شور ولەشورە

صەفحەی تەریخی جیهان ماتەم و سورە

ئەی ساڵی گوزەشتە جگەرت لەت لەتی غەم بێ

نەت بینمەوە، مەسکەنت شاری عەدەم بێ

***

ئەم ظوڵمە کە دی میللەت، ئەم کوردە لە تورکان

نەیدیوە زەمانە چ لە ئینس و چ کە شەیطان

دەعوای حەقی میللەت و گۆشەی زیندان

پاڕانەوە بۆ ژین وتەنافی مل و خنکان



هاواری وەطەن کردن کوژران و فرێدان

ئەی ساڵی گوزەشتە جگەرت لەت لەتی غەم بێ

نەت بینمەوە، مەسکەنت شاری عەدەم بێ

***

رۆیشتی لە دوای تۆ جگەری پارە پارە ما

ملیوێنێ عەیال و ژنی ئاوارە بەجێ ما

چەند عائیلەی بێکەس و بێ چارە بەجێ ما

زنجیر و کەلەپچە وپەتی سێدارە بەجێ ما

ملیارێ دڵی خەستە و غەم خوارە بەجێ ما

ئەی ساڵی گوزەشتە جگەرت لەت لەتی غەم بێ

نەت بینمەوە، مەسکەنت شاری عەدەم بێ

***

ئەی ساڵی جەدید هاتنی تۆ دور بێ لە ئافات

تۆش وەک خەلەفت ئەو بە جەزا تۆ بە موکافات

خێر بێ قەدەمی تۆ، بەتەلافی هەموو مافات

شەرطم ئەمەیە تا دەمی مەحشەر بە مەقامات

ئەم شیعرە بکەم بە تەمەنا و موناجات

ئەی ساڵی گونەشتە جگەرت لەت لەتی غەم بێ

نەت بینمەوە، مەسکەنت شاری عەدەم بێ

***



**دەکرێت خەسڵەتەکانی بابەتەرۆژنامەوانیەکانی شێخ نوری شێخ ساڵح لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:**

١. شێخ نوری بۆ وشیارکردنەوە و بوژانەوەی هەستی ناسیۆنالیزم لەلای پەیام وەرگرەکانی، کاری لەسەر چەمکەکانی مێژووی نەتەوەیی کورد، یەکخستنی توانا سیاسیەکان و زیندوێتی زمانی کوردی و مەسەلە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان، باشکردنی دۆخی ئابوری کردوەو وتاری رۆژنامەوانی لەسەر هەمو ئەو چەمکانە نوسیوە.

٢. تاوەکو دەرکەوتنی رۆژنامەی پێشکەوتن، نوسین لە سنوری سلێمانیدا نوسینی وتار وەک جۆرێک لە هونەری سەربەخۆیی ئەدەبی سەری هەڵنەدابو، پێشکەوتن ئەم جۆرە لە هونەری نوسینەی لەگەڵ خۆیدا هێنایە شارەوە، هەر لە سەرەتاوە ناوەڕۆکی بابەتەکان زیاتر سیاسی و کۆمەڵایەتی بون، بەڵام بە تێپەڕبونی کات ئاسۆی ناوەڕۆکەکانیان بەرفراوانتر بو و بابەتە ئابوری و پەروەردەیی و رووداوە مێژووی و کاتییەکانی گرتەوە. هەروەها ستایلە سەرەتاییەکانیشی پەرەیان سەند و تا دەهات شێوازی مۆدێرنی رۆژنامەوانی بەسەریاندا زاڵ دەبو. ئەم جۆرە نوسینانە، پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بەو ئازادیەوە هەبو کە جارجارە بۆیان دەڕەخسا.

٣. نوسینەکانی شێخ نوری لەو قۆناغەدا بەوە لە نوسینی هاوڕێکانی جیا دەکرێنەوە کە بە شێویەکی ورد جەختی لەسەر ئەو بابەتە

کردوەتەوە، کە دەیەوێت قسەی لەسەر بکات و زمانی نوسینەکەشی رووی لە خەڵک، رۆشنبیران و دەسەڵاتداران (ئەولیائی ئومور) بوە.

٤. نوسینەکانی کورت و پوختە و هەوڵی نەداوە لە هەموو لایەنەکانی بابەتەکە بدات و وشەکان بۆ خزمەتی گەیاندنی ئەو بۆچونە تەرخان کراون کە دەیەوێت بیگەیەنێت، هاوسەنگی و پەیوەندی هەیە لە نێوان بڕگەیەک و بڕگەیەکی دیکەدا و تا مەبەستەکەی نەگەیشتوە پەرەگرافەکەی تەواو نەکردوە، هەر لەبەر ئەوەشە درێژیی بڕگەیەک لە یەکێکی دیکە جیاوزاە.

٥. وەک چۆن "**شیعرەکانی ئاوێنەی باڵانومای سەردەمێکی ناسکی میللەتی کوردن و روداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمەی نوسیوەتەوە**"[1]، ئاواش ناوەڕۆکی بابەتەکانی فرەچەشنن و پەیوەندیی بە ئەزمونی شەخسیی خۆی و رووداوەکانی ئەو سەردەمەوە هەیە کە تێیدا ژیاوە و توانیویەتی رابردوو ببەستێتەوە بە ئێستا و ئێستاش بکات بە خاڵی وەرچەرخان بۆ ئایندەو داهاتوو.

---

[1]. ئازاد عەبدولواحید، سەرچاوەی پێشوو ل١٥١.



## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردی:


١. بیرەوەریەکانی کابتن لاین لەمەڕ رووداوەکانی باشوری کوردستان، وەرگێڕانی یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٧، کورد عەرەب بریتانیەکان

٢. جەمال خەزنەدار، رۆژی کوردستان ١٩٢٢- ١٩٢٣، وەزارتی راگەیاندن کارگێڕی گشتی رۆشنبیری کوردی، بەغدا ١٩٧٣.

٣. جەمال خەزنەدار، رۆژی کوردستان ١٩٢٢- ١٩٢٦، وەزارتی راگەیاندن کارگێڕی گشتی رۆشنبیری کوردی، بەغدا ١٩٧٤.

٤. دیڤید کۆرن، ئەو دوو پیاوەی کوردیان لکان بە عێراقەوە، وەرگێڕانی ئاوات عەبدوڵلا، ناوەندی چاپ و راگەیاندنی خاک، ٢٠٠٧

٥. رۆژنامەی ژیان، ئامادەکردنی رەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢.

٦. رەفیق حیلمی، یاداشت، بەشی یەکەم، مطبعەی معارف، بغداد- ١٩٥٦.

٧. رەفیق سابیر، ئیمپراتۆریای لم دەربارەی ئیسلام، خێڵ و ناسیۆنالیزم، دەزگای رابون، سوید، ١٩٩٨.

٨. سێر ئارنۆڵد ویڵسن، شۆڕشەکانی عێراق لە ماوەی داگیرکردنی بەریتانیا بۆ عێراق و کوردستان، وەرگێڕانی سەرمەد ئەحمەد، هەولێر، دەزگای موکریان، ٢٠١٢.

٩. عەتا قەرەداخی، ستراتیژ و کەسێتی نەتەوەی کورد، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری مرۆڤایەتی، سلێمانی، ١٩٩٨.

١٠. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردی سلێمانی و بەغدا لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە ٩، سلێمانی، ٢٠٠٠.

١١. کمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی شوێنی لە رۆژنامەگەری کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٨.

١٢. کمال مەزهەر ئەحمەد، کورد و کوردستان لە بەڵگە نامەکانی نهێنیەکانی حکومەتی بریتانیادا، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان، چاپی دوەم ٢٠٠٩.

١٣. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دوەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەلێر٢٠٠١.

١٤. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، دەزگای رۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی.

١٥. جرجيس فتح الله, مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيدلله النهري, منشورات الجمل, ط1, ٢٠١٢.

١٦. حوسێن حوزنی موکریانی سەرجەم بەرهەمی، بەرگی دووەم، مێژووی دوو ساڵەی کوردستانی جنوبی، ژۆناڵ سێزاڵ، دقتۆر ج.م. لیزدەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، هەرێمی کوردستان، چاپی دووەم ٢٠١١.

١٧. مارتن ڤان بروینسێن و ئەوانی دیکە، وەرگێڕانی وریا رەحمانی، ناسیۆنالیزمی کورد لە روانگەی رۆژئاوا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٢ .

١٨. محەمەد مەلا کەریم، بیری کۆمەڵایەتی و سیاسی پیرەمێرد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، کوردستان- هەولێر.

١٩. مەریوان وریا قانع، ناسیۆنالیزم و سەفەر، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند، ٢٠٠٥.

٢٠. محەمەد ئەمین زەکی، خلاصەیەکی تاریخی کورد وکوردستان، جلدی ئەوەل، جزمی دوەم بەغدا، ١٩٣١.

٢١. نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم رێگاوە گوڵ چنین: چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی رۆژنامەوانی کوردی ١٨٩٨- ١٩٥٨، کتێبی دوەم- بەرگی یەکەم، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت- لبنان، ٢٠١٣.

٢٢. نەوشیروان مستەفا، بەدەم رێگاوە کوڵچنین- چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی رۆژنامەوانی کوردی، کتێبی دوەم- بەرگی دوەم، الدار العربيه للعلوم ناشرون، بيروت- لبنان، ٢٠١٣.

٢٣. یاداشتەکانی میجەر نوئێل لە کوردستان، وەرگێڕانی حسێن ئەحمەد جاف و حسێن نێرکسەجاڕی، بەغداد-١٩٨٤.

٢٤. ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، بەگی یەکەم، دەزگای ئاراسهەولێر- هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٨.

٢٥. ئەحمەد خواجە، چیم دی، وزارة الثقافة والاعلام، چاپخانەی شفق، ١٩٦٨.


**سەرچاوەی عەرەبی:**


١. إجلال خليفة اتجاهات حديثة في فن التحرير الصحفي، مكتبة الانجلو المصرية ، جمع- القاهرة،١٩٨٠.

٢. احمد قاضى، خلاصه تاريخ كردستان، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

٣. ارشاك سافرستان، الكرد والكردستان، ترجمة احمد خليل، منشوراة عفرين نيت، ٢٠٠٥.

٤. ارنست جيلز، ماهي الامة؟ القومية مرض العصر ام خلاصه، اعداد للنشر فالح عبدالجبار، دار الساقي، ط١، ١٩٩٥.

٥. بنديكت أندرسون، الجماعات المتخيلة: تأملات في أصل القومية وانتشارها، ترجمة ثائر ديب، شركة قدمس للنشر والتوزيع، بيروت - لبنان، ط١، ٢٠٠٩.

٦. جان كرم، مدخل إلى لغة الإعلام، دار الجيل لطباعة والنشر، بيروت - ط٢.

٧. ديڤيد مكدول، تاريخ الأكراد الحديث، ترجمة راج آل محمد، دار الفارابى، بيروت لبنان،٢٠٠٤.

٨. روجر اوين، مواقف القوميين العرب خلال الفتره الكولونياليه في العراق فى العشرينات والثلاثينات، القومية مرض العصر ام خلاصه، اعداد للنشر فالح عبدالجبار، دار الساقي، ط١، ١٩٩٥.

٩. ساطع الحصري نقد الفكر القومي الجزء الاول، منشورات دار الطليعة- بيروت, ط١, ١٩٦٦ .

١٠. سي جي ادموندز, كرد و ترک و عرب، سياسة ورحلات وبحوث عن شمال الشرقي من العراق، ترجمة جرجيس فتح الله, مطبعة التاخي.

١١. سعد بشير اسكندر، من التخطيط الى التجزئة - سياسة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان، بنكەی ژین- السليمانية،٢٠٠٧.

١٢. عبدالرحمن ادريس صالح البياتي, الشيخ محمود الحفيد البرزنجي, بنكەی ژين، السليمانية- ٢٠٠٧.

١٣. الفدى لرش، العراق في سجلات الوثائق البريطانية ١٩١٤-١٩٦٦، ترجمة كاظم سعدالدين، المجلد الثانى.



١٤. كمال رؤوف محمد، باقة دراسات كردية، منشورات اراس، اربيل، ٢٠٠٦.

١٥. محمود الدرة، القضية الكردية، دار الطلية – بيروت، ١٩٦٦ .

١٦. م.س.لازاريف، الامبريالية والمسالة الكردية، ترجمة د. عبدي حاجي، دار موكرياني للبحوث والنشر، اربيل،١٩١٢.

١٧. مارتين ڤان در ستين، و آخران، الاستشراف والابتكار والاستراتيجية، ترجمة صباح صديق الدملوجى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت- لبنان، ٢٠٠٩.

١٨. نبيل الحداد، فى كتابة الصحفية، الاردن – اربد، ٢٠٠٢.

١٩. نديم البيطار، من التجزئة إلى الوحدة، مركز دراسات الوحدة العربية.

٢٠. وليد حمدي، الكرد والكردستان في الوثائق البريطانية دراسة تاريخية وثائقية، مطابع سجل العرب،١٩٩٢.

٢١. وديع جويده، الحركة القومية الكردية نشاتها وتطورها، دار الفاربى، بيروت- لبنان، ٢٠١٣.

٢٢. روبرت اولسون، تاريخ الكفاح القومي الكردي ١٨٨٠-١٩٢٥، ترجمة احمد محمود الخليل، دار اراس- فارابى، اربيل، ٢٠١٣

**سەرچاوەی فارسی:**

١. داريوش آشوری ، دانشنامه ی سیاسی ، انتشارات مرواريد ، ١٣٨١.

٢. علي اشرف نظري، ناسيوناليسم و هويت ايراني مطالعه موردي دوره پهلوي اول، پژوهش حقوق و سياست، سال نهم، شماره، ٢٢ ، بهار و تابستان ١٣٨٦ .

٣. سالار سيف الدين، نگاهی به مفاهيم بنيادين ميلت و ناسيوناليزم، کانون پژوهش های دەريای پارس.

٤. سيسيل جى ئەدمۆنز، كردها ترك ها عرب ها، ترجمه ابراهيم يونسى، چاپ اول ١٣٦٧ ايران- تهران.

٥. مارتين بالمر و جان سولوموز، ترجمه پرويز دلير پورو سيد محمد كمال سروريان، مطالعات قومى و نژادى در قرن بيستم، پژوهشكده مطالعات راهبردى غير انتفاعى، ١٣٨١.

٦. رابرت اكلشان و ديگران، مقدمەاى بر ايدۆلوژيهاى سياسى، ترجمه محمد قائد، نشر مركز تهران- ايران، چاپ دوم ١٣٨٥.

**رۆژنامەو گۆڤارەكان:**

١. بانگى كوردستان، ژمارە ١٤، ٨ حوزەيران ١٩٢٣.

٢. بانگى كوردستان، ژمارە ٣، ٢١ ئۆغستوس ١٩٢٢.

٣. پێشكەوتن ژمارە ١٧، ساڵى ١، ٢٥ى اوگوست ١٩٢٠.

٤. پێشكەوتن ژمارە ٨٧، ساڵى دوەم، ٢٢ ديسەمبەرى ١٩٢١.

٥. پێشكەوتن ژمارە ٩١، ساڵى دوەم، ١٩ جينيوەرى ١٩٢٢.

٦. پێشكەوتن، ژمارە ٨٩، ٥ جنيوەرى ١٩٢٢.

٧. پێشكەوتن، ساڵى يەكەم، ژمارە ١١، ٨ جولاى١٩٢٠.

٨. پێشكەوتن، ساڵى يەكەم، ژمارە ١٧، ١٩ ئۆگۆست١٩٢٠.

٩.پێشكەوتن، ساڵى يەكەم، ژمارە ٢٨، ٢٨ى ئۆكتۆبەر ١٩٢٠.

١٠. پێشكەوتن، ساڵى يەكەم، ژمارە ٣٠، ١٨ى نۆڤەمبەرى ١٩٢٠.



١١. جمال عرفان، توتن لە بەغدا نرخى شكاوە لە شركەت زياتر چارە نەماوە، پێشكەوتن ژمارە ٨٦، ساڵى ٢، ١٥ ديسەمبەر ١٩٢١.

١٢. حسين نازم، هاوار لە دەست ئەخلاق بدگويان و مزوران، اميد استقلال، ١٥ كانونى دوم ١٩٢٣، ژمارە١٤.

١٣. رشيد زەكى، مەكتەب و خوێندن، پێشكەوتن، ژمارە ١٨، ٢٦ ئۆگۆست ١٩٢٠.

١٤. رۆژنامەى ژيان، ژمارە ٢٦، ٢٩ تموز ١٩٢٦.

١٥. رۆژنامەى پێشكەوتن، ژمارە ٣٥، ٢٢ ديسەمبەرى ١٩٢٠.

١٦. رۆژنامەى پێشكەوتن، ساڵى يەكەم، ژمارە ١٠، ١ جولاى١٩٢٠..

١٧. رۆژى كردستان ژمارە ١٢، ١٠ شباط ١٩٢٢.

١٨. رۆژى كردستان ژمارە ٨ ، ١٠ كانونى دوەمى ١٩٢٢.

١٩. رۆژى كوردستان، ژمارە (٨) ١٠ى كانونى يەكەمى ١٣٣٨.

٢٠. رەفيق حيلمى، حكومەت ميليە فائيدەى چيە؟ اميد استقلال،١٥ تشرينى دوەم ١٩٢٣، ژمارە ٩.

٢١. زێوەر، كوردستان ماڵى كوردانە، رۆژى كوردستان، ژمارە ٩، ١٧ كانون دوەم ١٩٢٣.

٢٢. عارف صائب، يەک بون، رۆژى كوردستان ژمارە ٦، ٢٧ كانونى اول ١٣٣٨.

٢٣. فايەق، جواب بۆ شێخ نورى، پێشكەوتن ژمارە٨٣، ساڵى ٢، ٢٤ نۆڤەمبەر١٩٢١.

٢٤. كورد لە نامەكانى ميس بێلدا، وەرگێڕانى محەمەد حەمە ساڵح تۆفيق، كوردستانى نوێ ژمارە .

٢٥. کـورد له نامەکانی مـیـس بـێـڵدا، وەرگێڕانی مـحـەمـەد حـەمـە سـاڵـح تـۆفـیـق، کوردستانی نوێ.

٢٦. م نوری، مجادلەی حەیات، رۆژی کوردستان ژمارە ٥، ساڵی ١.

٢٧. م. نوری، توتن له بەغدا نرخی شکاوه له شرکەت زیاتر چارە نەماوە، پێشکەوتن ژمارە ٨٩، ساڵی ٢، ٥ جنیوەری ١٩٢٢.

٢٨. م.نوری: استقبال بۆ تازە پێگەیشوەکانە، پێشکەوتن ژمارە ٨٢ ساڵی ٢، ١٧ نۆڤەمبەر ١٩٢١.

٢٩. م.نوری، تورک و کورد– گورگ و مەڕ، ژیانەوە، ژمارە٩، ٢مارت ١٩٢٥.

٣٠. م.نوری، رۆژی کوردستان، ساڵی (١)، ژمارە٢، ٢٣ تشرين الثانی ١٣٣٨.

٣١. م.نوری: ماکینەی چاپ، بانگی کوردستان، ساڵی١، ژمارە ٣.

٣٢. م.نوری، بانگی کوردستان، ساڵی١، ژمارە ١.

٣٣. م.نوری، بانگی کوردستان، ساڵی١، ژمارە ٨.

٣٤. م.نوری، رۆژی کوردستان، ژمارە ١٣، ١٧ شباط ١٩٢٢.

٣٥. مستەفا پاشا یامولکی، بانگ کردستان ژمارە ٣، ٢١ ئابی ١٩٢٢

٣٦. مستەفا پاشا یامولکی، بانگ کردستان ژمارە ٣، ٢١ ئابی ١٩٢٢.




**سەرچاوەی ئینتەرنێتی:**


١. استنلی بن، ناسیونالیسم چیست؟، مترجم: عزت الله فولادوند: http://rasekhoon.net

٢. اكرم هلال، كيفية كتابة المقال الصحفي، الحوار المتمدن- العدد: http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=369417

٣. شەعبان مزیری، رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی له ساڵانی (1918-1919)، وەرگێڕانی ئەسعەد جەباری، http://knweorg/Direjeaspx?Jimare=6342&Cor=9&Besh=Araste

٤. کەمال میراودەلی: نهێنیی نەتەوایەتی کورد; دارخورما نابێت به داربەڕوو، قەندیل- یش نابێت به قەعقاع ttp://wwwwtarikurd.info

٥. فؤاد حمه خورشيد، ميجر نوئيل: لورانس الكورد المجهول، الحوار المتمدن-العدد: 4525 - 27/7/2014.

٦. هدایت جان، ناسیونالیسم کردی و دیگران- گفتوگو با دکتر عباس ولی، استاد علوم سیاسی در استانبول: https://rojpresswordpresscom/2010/11/13/kurdish-nationalism-and-others/

٧. قربان عباسی، ناسیونالیسم رمانتیک یا خودفریبی، سایتی فرهنگ امروز: http://farhangemrooz.com

٨. ناصر ایرانپور، چند مقاله در بارەی مفاهیم "ملت"، "حق تعیین سرنوشت:

http://www.if-id.de/New/images/stories/2012/Chand%20maghaleh%20darbareyeh%20mellat,...pdf

٩. جیلانی لبیب، ملت چیست؟ معیار های فرهنگی : ملت،

http://www.vatandar.at/index%20labib22.html



# پاشكۆی وتارەكان

**یەکەم: بابەتاکانی رۆژنامەی پێشکەوتن:**

**ئەم موژدە خۆشە خەو بوە، یان گوێم زڕایەوە**

**یا راستە پەردەی طەرەبە هەڵدرایەوە**

**یا نەجمی تەرقیی کوردە طلوعی کرد**

**یا نوری مەعریفەتە لە وڵاتا پڕژایەوە**

**تاکە نەدا لە عەیبەوە هاتوە، وتی بڵێ**

**پێشکەوتنە لە مەملەکەتا دەنگی دایەوە**

**پێشکەوتن سەعادەتی کورد، هاتنت بەخێر**

**غونچەی دڵم بە بۆنی نەسیمت گەشایەوە**

**لەو ساوە من کە هاتنی تۆم بیستوە، دەڵێم**

**ئۆخەی شوکور چرای جەهالەت کوژایەوە**

**تۆی باعیسی سەعادەتی کوردە فەقیرەکان**

**دەرگای مەعریفەت بە دەستی تۆ کرایەوە**

**میعادی سەعیە، فورصەتە سا وەختی صەنعەتە**



**فیشاڵ و تڕ زلی بەسە، ئیتر بڕایەوە**

**بادەست بکەین بە صەنعەت و تەحصیلی مەعریفە**

**با زوو بگەینە پێشەوە، بەشمان نەماوە**

**وا تێ مەگەن کە مەطبەعە بێ قەدر و قیمەتە**

**کارێزی عیلم و مەعریفەتی پێ ژیایەوە**

**شوکوری خودا کە کەوتوینە ژێر سێبەری عیلم**

**(بی) بێ بەری جەهل لق و پۆپی شکایەوە**

**بنوارە نۆرەی مەعریفەت و لەمعەی کەمال**

**بەم مەطبەعەی حکومەتە چۆن شەوقی دایەوە**

رۆژنامەی پێشکەوتن، ساڵی یەکەم، ژمارە ١٠، ١ جولای١٩٢٠، ل١.

**توتن لە بەغدا نرخی شکاوە لە شیرکەت زیاتر چارە نەماوە**

داخی تەرک و سەماح منی کوشتوە. لەم خسوسەوە بەزەیم بە توجارا دێتەوە. وەکو قائیمە چاوم پێکەوتوە توجارێ کە قەڵەمێ توتن بنێری بۆ بەغدا بۆ فرۆشتن ئەو کەسەی ئەو توتنە ئەکڕێ هەر سەدو بیست و دوو باتمانی وەر ئەگرێ بە سەد باتمانی حساب ئەکا.

ئەمە لە زەمانی کۆنەوە بە عادەت ناوی نراوە فەرقی عەیار، دووبارە هەر لەو قەڵەمە توتنە چەند بار بێ لە هەر فەردەیەک پێنج حۆققە لە مەجموعی توتنەکە تەنزیل ئەکرێ و ناوی ئەنێن (تەرک). دیسان هەر لەو قەڵەمە و هەر لە دە بارێ چوار حۆققە تا باتمانێکی تری ناهێننە حسابەوە، بەمەشیان ئەڵێن (سەماح برانی) لە پاش ئەمانەش ئەو قەڵەمە توتنە ئەکرێ بیست بار بێ، پێنج تا حەوت باتمانی تریشی لێ تەرک ئەکەن. بەم موبارەکەش ئەڵێن (ئیکرامیە).

فو کانی مان نەوت، ئەمە هیچ قەیناکە. جا خوا بمانپارێزێ لە (دبة) یەعنی کرو کور.

عند الحساب ئەو قەڵەمە توتنە ئەگەر ٣٦٦ باتمان بێ، لە پاش ئەم هەمو تەنزیلات و تەبدیلاتە دوو سەدو سی باتمانی بۆ تیجارە قوڕ بەسەرەکە دێتە حسابەوە، ئەمجا پارەی ئەم ٢٣٠ باتمانە ئەگەر ڕەزای بێ یا نەبێ بۆ مدەی حەوت مانگ ئەیدرێتێ و ئەگەر زۆر پارەی لازم بێ و وەکیلەکەشی مساعەدەیەکی زۆری بکا هەر لە سەدی دوو نیوی لێ تەنزیل ئەکاو حەق الساعي خۆی سەدو دوو نیو دەلاڵی سەدی دوو نیوی لێ هەڵدەگرێ و پارەیەکی بۆ ئەنێرێ. ئەمجا ئەو کابرایە کە توتنەکە بۆ مدەی حەوت مانگ پێی فرۆشراوە ئەگەر لە مدەی ئەو حەوت مانگەدا نابوت بێو یا شتێکی بەسەرا بێ ئەو پارەیە کە وەکیلەکەی بۆی ناردوە ئەبێ بۆی ڕەد بکاتەوە، عند الموازنە مەحسوڵ



سەعی ساڵێکی هاتوەتە سەر هیچ، یەعنی ساڵێک عەزیەت و مرارەت بکێشی و پارە سەرف بکا و توتن بکڕێ و دایگرێ و ڕەسمی لێ بدا، بینێری بۆ بەغداد لەوێ بۆی بکەن بە حوشتر.

بەڵام شیرکەت لەم هەمو ڕەزالەتە، زەرەرە، ئەزیەتە، هیچی بۆ نەمایەوە. دورو مەحفوزە، نە تەرکی هەیە نە سەماحی هەیە نە فوکانی هەیە نە برانی هەیە دە بەشی نیە.

ئەو توتنە کە لێرە کێشات و ناردت، هەر ئەوەو لەسەر ئەو وەزنە لە تەرەف کۆمپانیاوە ئەفرۆشرێ وەکو وتمان ئەدرێ بە شتی تر، ئەو وەختە هەر سەرمایەدارێ کە حسسەی لەو کۆمپانیایەدا هەیە مقابیلی پارەی خۆی لەو جنسە ئەشیایانە کە لە بەغداوە هاتوە نەفع و قازانج وەرئەگرێ و ئەگەر زیاد داوا بکا بە قازانجێکی کەم ئەیدرێتێ هەتا زەمان توتنی ساڵی ئایندە بەم نەوعە ئەم کۆمپانیایە لێرەوە توتن بۆ بەغدا سەوق و، لەوێوە متمادیا ئەشیا جەلب ئەکا، ئەم سەرمایە عمومی‌یە ساڵ دوانزەی مانگ لە مابەین سلێمانی و بەغدادا هاتوچۆ ئەکا. هەر لیرەیەک بلا مبالەغە لە لە عالەم تیجارەت و تەداولدا ساڵی شەش حەوت دەفعە بەغدا زیارەت ئەکا، با لەمە زیاتر لەسەری نەڕۆم، ئەم فکرە کە خرایە مەوقیع فیعل و تەدبیقەوە لق و پۆپی زۆری بۆ ئیختیراع ئەکرێ. ئەمجا سەد هەزار روپیەکە ئەدەین بە جەمال بەگ یا

ئەویش بە ماکینەی رشتەکەی و سەنعەتێکی زیاتر لەمە بە کوۆمپانیاکەمان بدا.

ئەم فکرە بە نەزەرێکی حەقیقی تەماشا بکرێ. ئەزانن چەند فەرائیدی تیا هەیە، ئەوەلەن لادێی ئیغفال ناکەین، درۆو دەلەسەی تیا ناکەین. بۆ شکات محاکەم ئیشغال ناکەین. سود و سەلمی بێ شەرعی تیا ناکەین، پارەکەمان حەلاڵ ئەبێ، عەشر و رەسمی حکومەتی مونتەزیم ئەدەین، توتنەکەمان بە هەوەسی خۆمان ئەفرۆشرێ.

پێشکەوتن ژمارە ٨٩ - ٥ جەنەوەری ١٩٢٢

**توتن لە بەغدا نرخی شکاوە لە شرکەت زیاتر چارە نەماوە**

داخی تەرک و سەماح منی کوشتوە، لەم خوصوصەوە بەزەیم بە توجارا دێتەوە، وەکو قائیمەم چاو پێ کەوتوە توجارێ کە قەڵەمی توتن بنیرێ بۆ بەغدا بۆ فرۆشتن، ئەو کەسەی ئەو توتنە ئەکڕێ، هەر ١٢٢ باطمانی وەر ئەگرێ بە ١٠٠ باطمان حساب ئەکات. ئەمە لە زەمانی کۆنەوە بوە بە عادەت، ناوی نراوە فەرقی عەیار.

"ئەم فیکرەیە بە نەظەرێکی حەقیقی تەماشا بکرێ، ئەزانن چەند فەوائیدی تیا هەیە، ئەوەلەن لادێیی ئیغفال ناکەین، درۆ و دەلەسەی تیا ناکەین، بۆ شکات مەحاکم ئیشغال ناکەین، سود و سەلەمی بێ شەرعی



تیا ناکەین، پارەکەمان حەلاڵ ئەبێ عوشر و رەسمی حکومەتی مونتەظەم ئەدەین توتنەکەمان بە هەوەسی خۆمان ئەفرۆشین.

م. نوری: توتن لە بەغدا نرخی شکاوە لە شرکەت زیاتر چارە نەماوە، پێشکەوتن ژمارە ٨٩، ساڵی ٢، ٥ جنیوەری.١٩٢٢، ل ٢.

**زبان**

لە نوسخەی ژمارە ٨٩ پێشکەوتن دا لە جواب جەناب رەسوڵ ناجیدا چاوم بە مەقالەیەک کەوت کە فیکری ئەو زاتەیان تەنقید کردوە، لەبەر ئەوە مەجبور بوم بە نوسینی ئەم مەقالەیە و مودافعەی ئەو ذاتە.

جارێ مەقصدی رەسوڵ ناجی مەنعی تدریساتی عەرەبی نەبوە، لەبەر ئەوە کە ویستویانە لەم جوابەدا مەقصەد و غایەیەکی شەخصی ئیفهام بکرێ، فیکرەکەی ئەو ذاتەیان هێناوەتە شکڵێکەوە، ئەگەر تەنفید بکرێ، حەق بێ. مع مافیە ئەو فیکرە لە نەظەری عموما فیکرێکی موصیب و بیکرە و شایانی رەدد وتەصحیح نییە.

بۆ ئەوەی کە حەقیقەت مەعلوم بێ، جارێ لازمە مەطلەبی ئەو ذاتە بەیان بکەم.

بەڵێ لە نوسخەیەکی (العراق)دا کە بە تەریخی ٢٣ی تشرین ثانیی ١٩٢١ ژمارە ٤٥٨ نشر و بڵاو کرابوەوە (تەبدیلی تەدریساتی کوردیی

مەکتەبەکانی سلێمانی بە عەرەبی، لە سەر تەشەبوث موفەتیشی مەنطیقەی موصڵ سەلیم حەسون ئەفندی دەردەست ئیجرایە) نوسرابو لە وەقتێک کە هاتە سلێمانی، ئەم فیکرەی بەلای بەعضێکەوە بەیان کردبو، بەباشیان زانیبوو.

لەبەر ئەوە جەنابی رەسوڵ ناجی بەگیش لەگەڵ هاوفیکرەکانیا تەبدیلات زمان کوردیی بە عەرەبی بەباش نەزانیوە و بەیانی نەویستنیان کردوە. ئەمجا ئەگەر دیقەت بکەین، مەعنای ئەوە نییە کە عیلمی عەرەبی کە ئەساسی دینە نەخوێنرێت و لەغو بکرێت، خەیر، جاران چۆن بوە لە ئەساسەوە چۆن بوە، هەروا ئەبێ و ئەو تەدریسانە لە مزگەوت و مەدرەسەی عیلمییەدا چۆن کراوە، هەر بکرێ، ئەتوانم بڵێم لەم مەسەلەیەدا قەطعیەن جیهەتی دیانەتی بە خەیاڵا نەهاتوە، صرف مەقصەدی موحافەظە و فیکر نەچونەوەی لیسانی میللی بوە.

"ئینسان دائیما بۆ موحافەظەی لیسانی، زیاتر لە گیانی تێ بکوشێ، چونکە بە رۆیشتنی گیان، حەیاتی قەومیەت ناڕوا، بەڵام بە نەمانی زمان بناغەی ملليەت ئەڕۆخێ ."

لازم ناکا موحافەظەی ئەم لیسانە کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە لسانێکی رەسمییە، ببێتە باعیثی داخستنی دەرگای مزگەوت و خانەقا و تەکیە. بیلعەکس، قوامی دینی بە قەوامی میللەتەوەیە.



مناڵێکی مەکتەبی ئیبتدائی کە هێشتا زمانی باوک و دایکی بە تەواوی فێر نەبوە، موعەلمێکی – ریاضیات، جوغرافیا، تەئریخی چۆن ئەتوانێ بە زمانی ئەجنەبی تێی بگەیەنێ.

تەخمینەن ٦٠ ملیۆن ئیسلامی هندستان و٤٠ ملیۆنی چین و چەند ملیۆنی سائیر جێگاکانی تر، کەی تەدریساتی مەکاتیبیان کردوە بە عەرەبی؟ کە وابێ چونکە ئەساسی دینەکەیان قورئانە، ئەوانیش ئەبوایە تەحصیلیان بکردایە بە عەرەبی، خەیر وانیە، بەڵکو ئەو کتێبانەی کە عائیدە بە دین، هەمویان بە زمانی خۆیان تەرجومە کردوە.

بنائەن عەلیەهی ئینسان دائیما بۆ موحافەظەی لیسانی، زیاتر لە گیانی تێ بکوشێ. چونکە بە رۆیشتنی گیان، حەیاتی قەومیەت ناڕوا، بەڵام بە نەمانی زمان بناغەی ملليەت ئەڕۆخێ، ئەمە ئەمرێکی بەدیهییە".

ئەگەر ملاحظەیەکی تەریخی قەدیمە بکەین ئەبینین میللەتی وەکو کلدانی فینیکە کە لە مەعاریف و مەدەنیەتدا و لە صەنایع و تیجارەتدا پایەیەکی بەرز و بڵندیان هەبوە و کۆڵێ صەنایع و موشکیلاتی فنونیان حەل کردوە، حەقیقەتەن نمونەیەکی ئیقتدار و مەدەنیەتیان لە صەفحەی زەمانەدا بەجێ هێشتوە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەمو عیلم و مەعریفەتەشدا، لە وەقتی ئینقراضیانا، ئەگەر لیسانی خۆیان موحافەظە

بکردایە و لە دوای ئیستیلا لە زمانەکەی خۆیان لایان نەدایە و زمانێکی تری موکالەمە و موحاوەریان نەکردایە ئەساسی میللەت کە زمانە، لە فیکریان بچوایەوە، هیچ وەقتێ ئینقیراضیان نەئەهات، ئەمە عیبرەتێکی تەئریخیە.

وەیا لە پانزەهەمینی عەصری مەدەنییەتدا کە (فاتح گلیۆم) چوە بریتانیا، لەوێ ئەمری کرد کە لیسان فەرانسزی بە لیسان رەسمی بناسرێت، لەسەر ئەمە مونەوورانی ئینگلترە هەمو کۆ بونەوە بە فیداکاریەکی تەواوەوە زمانەکەی خۆیانیان موحافەظە و رێک و باش کرد قەبوڵی زمانی فەرانسزیان نەکرد و لە سایەی ئەم سەعی و فیداکارییەوە قەومیەتی خۆیانیان بە عیلم ناسی و بە واسیطەی ئەم حیساباتە عالیەوە، بون بە جیهانگیر. (دوبارە عیبرەتێکی تەئریخی.(

بە تەجرەبە و دەلائیلی عەقڵییە ثابت بوە کە میللەتێ یان قەومێ هەرچەندە دوچاری ئینقیلابات و فەلاکەت بێ، بەو شەرطەی کە زمانی خۆی موحافەظە بکا قەومییەت و میللەتی خۆشی موحافەظە ئەکا، چونکە زمان مادەی حەیات و رۆحی قەومییت و میللەتە.

قەومییەت سێ شت تەشکیلی ئەکا: ١. ئەخلاق ٢. دیانەت ٣. زمان. بەعضێ لە فەیلەسۆف ئەڵێن رابیطەی زمان لە رابطەی دین بە قوەتترە، دەلیلیشیان ئەمەیە کە ئەگەر دوو کەس لە عەقیدەدا موتەحید و لە زمانا



موختەلف بن لەگەڵ یەکتریدا هیچ وەقتێ ئولفەت پەیدا ناکەن، چونکە واسیطەی تەفاهوم لە بەینی ئەو دوو کەسەدا مەفقودە. بەڵام ئەگەر لە زمانا موتەحید و لە دیانەتا موختەلیف بن ئەو دوو کەسە بە صورەت دائیمی لە بەینیانا ئولفەت و یەکێتی پەیدا ئەبێ."

ئێمە ئەبێ هیچ وەقتێ منەتداریی حکومەت فەخیمە فەرامۆش نەکەین کە ئەم زمانەی خۆمانی بۆ کردوین بە زمانێکی رەسمی و ئەم خزمەتە لە نەظر بەشەرییەتدا خزمەتێکی تەئریخییە، لەبەر ئەمە تا گیانمان بمێنێ، ئەم سەعادەتی زمانە لەدەست نادەین."

پێشکەوتن ژمارە ٩١، ساڵی دوەم، ١٩ جینیوەری ١٩٢٢، ل ١-٢.

**دوەم: بابەتەکانی رۆژنامەی بانگی کوردستان:**

هەرچەندە ورد ئەبمەوە و تێ ئەفکرم و گوێ ئەگرم، نە ئەبینم و نەئەبیستم شەخصێ چ جاهل و چ عالیم بە حیساباتێکی مەتین میللی موحسن بێ. فەرضەن بشبێ، سەبەب بوە کە ئەم حیساباتە ئەساسێکی موحکەم و رسوخێکی مەتینی نییە. بە جوزئێ ئینقلابێکی موەقەتی مەعکوس و موبەدەل ئەبێ (طەبەقەی عەوام)، مەعلومە کە ئەم طەبەقەیە بە هەموو وەقت و زەمانێ تابع جەرەیانێکی طەبیعین، یەعنی حکومەتێکی بە شدەت بوبێ بۆ ئەوەی کە ئەشقیائو دزو جەردە ضەربە لە کەسابەتیان نەدا لە صورەت دائیمیا دوعای موەفەقیەت ئەو

حکومەتەی کردوە، لە عەین حاڵدا ئەگەر ئەو حکومەتە تەوری مقابل بە خارج نفوذی تەزین کردبێ ئەو وەقتە غیبەتی حکومەت و دوعای موەفەقیەتی ئەو کە کراوە کە کاروانی تا خەصەڵاحیە رەوانە کردوە، ئەمانە حەقیانە (طەبەقەی منەوەر)، بۆ ئەم طەبەقەیە زۆر تەعەجب ئەکەم کە هەریەکێ بە نیسبەت خۆیەوە کەم وزۆر لە پێنج ساڵەوە هەتا دوانزە ساڵ لە عیلمیەی حەربیە لە حقوق تەحصیلیان دیوە، لە تەشکیلات حکومات با خەبەر و بە حسیات میللیە متحسس و دەماغێکی مساعد و تەربیە دیدەیان بۆ موحاکەماتی سیاسی و ئیقتصادی و ئیجتماعی و وەضعیەتی عەسکەری هەر حکومەتێ هەیە، لە گەڵ ئەمەشدا فکرێ کە ئەمڕۆ بۆ خۆیان قەرار ئەدەن صبحەینێ لە بیریان ئەچێتەوە هاوفکرێکی دوێنێیان بۆ قسە کردن کە ئەچێتە تەنیشتیەوە کە تەماشا ئەکا فکرەکەی دوێنێی نەماوە کزی جێماوی چی – فکری ئەمڕۆی لە گەڵ هی دوێنێیدا (ئاسمان و رێسمانە) کورە تۆ کابراکەی دوێنێ نیت، نەوەڵا بیلا ئەو نیم، ئەم قورِ بەسەرەش هەڵدەسێ ئەڕوا و ئەڵێ قەیناکا با من درۆزن بم.

زۆر پیاوی وام دیوە کە جاهو جەلالی حورمەت و عیزەتی بە حکومەتی ئینگلیزەوە بوە و هیچی تر، ئەمڕۆ لە عەلیهی ئەولا لای یەکێکی ترە. شەخصی واشم دیوە عمادی دوشمنی حکومەت تورک بوە، کەچی ئەمڕۆ برای هاوپشتیەتی، ئینسانی واشم چاو پێکەوتوە کە



صرف خادیمی میللەت بوە بۆ تەرەقی و تەعالی قەومەکەی خۆی سەعی کردوە ویستویەتی کە قەمەکەی ببێ بە پیاو لە تاریخی عالەمدا موجودیەتی ئیثبات بکا ئەویش ناشوکری ناڵێم ئەمڕۆ نەوعێکی ترە. بێجگە لەمانە قیسمێ بێ طەرەفیش لە سایەی خواوە زۆرە. ئەمە زۆر عەیبە میللت کە ئێمە بیستومانە متمادی بۆ تەرەقی و تەعالی خۆی هەر سەعی کردوە حەظی لە مەحکومی نەکردوە محاکاماتی تاریخی ئەمانە زۆر چاک ئیثپات ئەکا، "الهم اصلح احوالنا".

م. نوری، (...)، بانگی کوردستان، ساڵی١، ژمارە ٨، ل ٢-٣.

**(وتار بە فارسی)**

به تجارب متعدده و به تاریخ عالم ثابت است که یگانه واسطه ترقیات بشر، تعالی میلت مربوطیت و محبت معارف است. جای انکار نیست که هر قوم متمدنی و هر ملت مترقی که در کائنات موجودیتی را اثبات و در خریطه عالم جای بلندی را اشغال کرداند بی رهنمایی معارف و بی مربوطیت علم خطوه انداز ساحه ترقیات نگشتهاند، ملت بی معارف جسد بی روح را ماند. علم عامل موثر قوم است، معارف نتیجه تکامل بشر است.

اگر تاریخ عالم را ملاحظه نمایم، میبینیم که ملل متعدده مانند عبرانی، پونت، هینیت، و امثال اینها بسبب اینکه متمایل معارف

نبوده‌اند سوای اینکه خذمت بشریت را نکرداند محافظه موجودیت و میلیت خودشان نیز نتوانسته‌اند کرد. بواسطه انقلابات جزئی نام و نشانشان در صحیفه عالم محو وکان لم یکن گشته.

لیکن قوم فینیکیه و آثور و کلدانی چون مربوط و متمایل معارف بوده‌اند، اگر چه بواسطه مهاجماتی متمادی شرق و غرب محو شده‌اند، باز به سبب اختراعات و کشفیات مهمه، عالم بشریت را بالخصوص عموم اوروپا را مدیون و شکران خود کرده‌اند.

پس ما قوم کردان که اکنون در حالت ابتدائی هستیم و آثار تمدن و ترقیات اجداد خودمان ماد و پهلویان را گم کردایم باید پیش از همه چیز مربوطیتی به معارف پیدا نمائیم. چون حصول نعمت کمال بی زحمات و گرسنگی محال است. سیرابی زلال بی وسیله تشنه لبی خیال است، هلال تا از خود تهی نگردیه، به بدر کامل نرسید. حباب در یک نفس تشنه‌گی استعداد دریا کی بهم میرسند. آینه باندک پروازی اسمانرا لقمه میگرداند، ظرفهای خالی قابلیت پر کردن است. بنا بر این ماهم هر چند از معارف دور و محروم گشته‌ایم، در علم و معرفت قابل ترقی داریم. نهال یکساله ثمری ندارد، ولی چون مظهر خدمت شد عائله را به حالت رفا می رساند. بنا علیه نخستین تشبثی ما تزید معارف و تعلیم ابنای وطن است. تا که از عصر حاضر که عصر ترقیات است بی بهره نشویم و خواهشمندم که حمیتمندان وطن



متحیر و اشراف مملکت در ترقیات و معارف سعی و جهد کامل نمایند تا بی نام و نشان نشویم و از حالت ابتدائی خارج و داخل زمره ملل مترقیه بشویم و در خریطه عالم موجودیتی ابراز و در کائنات نمایشی اظهار نمایم، چون در عالم و معارف اثپات موجودیتی نمودیم هیچ شبهه نیست که شمال و جنوب را که به خود مثال و بزبان محیط خود را به زبان رسمی اعلان و نایل آمال مقدسه میگردیم

سلیمانی: م. نوری، بانگ کرستان، ژماره (١) ٢ ئابی ١٩٢٢، ل٣-٤.

**سێیەم: باتەتەکانی رۆژنامەی رۆژی کوردستان:**

**مەتانەت و ثبات قوم کورد**

"قەومی کورد قەریبی چوار هەزار ساڵ لە پێش میلاددا لە شەرقی دیجلە، یەعنی لە موقیعی حاضیرەدا هەر بوە و زۆر دەفعەش ئیثپاتی موجودییەتی میللی خۆی کردوە.

١٨ عەسر لە پێش میلاددا بە موجودیەتێکی زۆر و ئینتظامێکی فەوقەلعادە کلدانستانی ئیشغال و چەند عەصرێک بە کەمالی دەید ئەو جێگایانەیان ئیدارە و لەوێدا ئاثاری مەدەنییەتیان تەئسیسی کردوە، لە پاشا لە طرەف ئاثورییەکانەوە بە هجومێکی ظاڵمانە ئەو جێگایانەیان لێ سندراوەتەوە و مەوقعی خۆشیان ئیشغال کراوە.

لە دوای ئەمە چەند عەصرێک لە ژێر ئیدارەی موناوەبەی ئاثورییەکان و کلدانییەکانا ماوەتەوە و کەتوەتە دەست ئێران و لە پاش چەند عەصرێکی تریش کەوتۆتە دەست یۆنان، یەعنی ئەسکەندەر واریثی لە پاشا، رۆما و لە دوای ئەو تیکرار ئێران و لە ظهوری ئیسلامییەتدا کەوتۆتە دەست ئیسلام و لە زەمانی عەباسییەکاندا هۆلاکۆ و قەرەقویونلی و ئالی جەزایر و تورک.

لەگەڵ ئەم هەموو ئینقیلابە تەئریخییەدا کە لە ژێر پێی ئۆردووی جیهانگیرانی شەرق وغەربدا پەرێشان بوون، کە ئەگەر ئەم موهاجەماتە دایمیە بەسەر حکومەتێکی موعەظەمەدا بهاتایە، وەکو رۆمای شەرق، نە لیسان و نە ناوی لە روی کائیناتدا نەئەما. قەومی نەجیبی کورد مەوجودیەتی مادییە و لیسانی میللیەیی خۆی موحافەظە کرد و لە هەموو فرصەتێک بیلا ئیستیفادە ئیدیعای حەق ژیان و ئازادیی خۆی کردوە و قەهرمانی زۆر ناودار و حوکمداری زۆر فەعال و عالیی جەنابیان بوە، وەکو صلاح الدین و کەریم خانی زەند و سائیرە.

عەلەل خوصوص ئەمە چەند ساڵێکە جەنابی حەضرەتی مەلیکی کوردستان یعنی (مەلیک مەحمود ئەوەل) بۆ سەعادەت و تەرەقیی ئەم میللەتە هەمو نەوعە فیداکارییەکی ئیختیار کرد، تا ئەمجارە بە ئامالی خۆی کە سەعادەت و تەرەقیی ئەم وەطەن و میللەتەیە نائیل بوو و ئەم میللەتەش لە سایەی هیمەتی وەطەن پەروەرانەی موشار ئیلەیهیەوە بە



ڕۆژی سعادەت و ئازادیی خۆی گەیشت. هەر بمێنێ مەلیکی کوردستان..

م.نوری رۆژی کوردستان، ساڵی (١)، ژمارە (٢)، ٢٣ تشرین الثانی ١٣٣٨، ل ١.

**مجادەلەی حەیات**

"سیلسیلەی عضویات ئەگەر لە دونیادا تدقیق و تەتەبوع بکرێ، ئەبینرێ کە هەموو حەیوانات، نەباتات طابیعی قانونێکی (لا یتغیر)ن بەو قانونە تکامل و یا روو ئەکەنە ئینقیراض. ئەجناس و ئەنواعیی حەیوانیە و نەباتییە، هەر بەم قانونە فیطریە ئەژی هەر ئەم قانونە سەوقی تەکامولی ئەکا و هەر بە ئیلجائات ئەم قانونە ضەرورییە لە صەحنەی کائینات دەر ئەهاوێژرێ. ئەو نەوع و جینسانەی کە لەگەڵ ئیجاباتی ئەم قانونەدا تەوافوق نەکا بە زللەیەکی بێ و ئەمانی طەبیعی گێژ ئەبێ و ئەکەوێتە بیرێکی ئیضمیحلالەوە، کەوابێ ژیان لەم موجادەلەیەدا ئیحرازی ظەفەریەت و غالیبەتە....

هەیئەتی ئیجتیماعییەی بەشەریش، ئەگەر لەگەڵ ئیحتیاجاتی ئەو عەصرەدا کە تیا ئەژی، تەوفیقی حەرەکەت نەکا، وردەوردە ئەداتە باریکی و بنێسی و قوەتی تەناقوص ئەکا و نیهایەت مەحو ئەبێتەوە...

تا ئێستا خەطا وەکوو لە خۆمانەوە بووە، تەعمیریش با لە خۆمانەوە بێ، خودای تەبارەک وە تەعالا هادییەکی حەقیقییە، ئەفەرمێت (إن الله لا یغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بأنفسهم ) یەعنی قەومێک خۆی سەجییەی خۆی تێک نەدا، خواش سعادەتیان تێک نادا"

م. نوری، مجادلەی حەیات، رۆژی کوردستان ژمارە ٥، ساڵی ١، ل١-٢.

## ولایەتی موصڵ لە لۆزاندا

"لەم رۆژانەدا لە بەینی مورەخەصی تورک و عەرەبدا لەسەر ویلایەتی موصڵ مونازەعە و موناقەشە جەریان ئەکا و دیسان لە مەجلسی لۆزاندا مومەثلێک بە ناوی ئاثوری و نەستوری لە ویلایەتی موصڵ دا ئیدعای حکومەتێکی موستەقیلە ئەکا.

"ویلایەتی موصڵ کە بە ئیعتباری عموم کوردن، بە ناوی میللەتەوە مودافەعە یا غەصبی ئەم ویلایەتە بۆچی لە طەرەف ئەقوام سائیرە طەڵەب ئەکرێ؟

ئێمەی غافڵ و عاطل و بە وەطەنی خۆمان بێگانە طەبیعیە عالەمیش چاوی لە وەطەن و موڵکمان بڕیوە.

هەتا دوێنێ مەعذورەتێکی وەلەو نامەعقولیش بێ بۆمان، فەقط ئەمڕۆ علی ملای الناس خەریکی تەئسیسی حکومەتین و خەریکین لە



بەینی ئەقوامدا ئیثباتی موجودیەت بکەین. نابێ گەورە و بچوک بەرامبەر حقوقی مەشروعەی خۆمان ئەوەندە لاقەید بین.

تورک، عەرەب یا ئاثوری حەقی دەعوایان لە ویلایەتی موصڵ دا موجودییەتێکی قەلیلی قەومییە، یەعنی نە تورک، نە عەرەب لە مەدا مەدافەعەی نەفس وەطەنی خۆیان نییە، بیلعەکس حیرصی جاە وەیا وەفاە قیسمێکی قەلیلی جینسی خۆیان طەڵەب ئەکەن، ئەگەر مەجلیسی ئەقوام ئەم نەوعە موطاڵەبانە مەشروع بزانێ، ئایا مودافعێکی حقوقی کورد لە طەرف ئێمەوە واقیع ببێ، چۆنی تەلەقی ئەکا؟ ئێمە ناتوانین جوابی ئەمە بدەینەوە، چونکە دەرحەق بە مقەڕەراتی کوردستان لە فیکر مەجلسی لۆزان بێ خەبەرین، یەعنی ئەو حوکومەتانەی کە مورەخەصیان ناردوەتە لۆزان، لە پرۆژەیاندا حکومەتەوە یا قەومیەتێکیان بۆ کورد تەصەور کردوە یان نا؟ موحافەظەی ئەقەلیات تەشمیلی کورد ئەکا یا نا؟

ئەڵبەتە خەیر، چونکە ئەم موناقەشانە لە میللەت زیاتر لە سەر ئەراضیەکە کە لە بەینی تورک و عەرەبدا تەرجیحەن لازمە بە کامیان تەسلیم بکرێ.

بەحثی موحافەظەی ئەقەلیاتیش دائیر بە حکومەتێکی نەسطورییە ناوی کورد مەعەل تەئەسف هەر ئەوە مەوضوعیی بەحث نییە. دیارە

مەجلیسی لۆزان لەمەدا حەقیەتی، چونکە لە سەر ماڵێکی بێ صاحیب و بێ کەس شەڕ بکرێ، دیارە زەرە و نەفعی ئەو ماڵە تەصەور ناکرێ، ئەگەر لە بەینی مونازیعیندا ئیتلاف حاصڵ بێ مەسئەلە حەل ئەکرێ. ئەم نوقطەیە زۆر بە ئەهمیەت ئەخەینە بەر نەظەری زیمامداران ئومور و ئیدارەمان و ئەم فرصەتە بە ئەهەمیەتە عەرضی میللەتی کورد ئەکەین.

ئەمڕۆکە صوڵح خەریکی تەقەڕوڕە و میللەتی کوردیش بۆ تەئسیسی حکومەتێک لەگەڵ حکومەتی بریتانیادا خەریکی موذاکەرەیە، لازمە ئەم نوقطەی حەیاتیە زۆر بە وضوح حەل و فەصڵ بکرێ، تاوەکو بە خۆڕایی تەفرە نەخۆین گولله بە سێبەر و خەیاڵەوە نەنێین".

"طەڵەبی ئێمەش لە مەجلیسی لۆزان موحافەظەی ئەقەلیات نییە، مودافەعەی حەقی حەیات میللەتێکی گەورەی سەربەخۆی صاحێب وەطەنە؛ ذاتەن دائیر بە تەشکیلی حکومەتێکی کوردییە، وەقتی خۆی لە سەر موذاکەرەیەک کە لە طەرەف کورد عەلی پاشا زادە نامیق بەگەوە بە مەجلیسی سەن ریمۆ تەقدیم کرابو، لە مەجلیسی مەذکوردا دورو درێژ ئیستیقلالیەتی کوردستان مەوضوعی بەحث کرابو. مەعل ئەسف لەبەر ئەوەی کە طالع صڵح عومومی موساعیدەی نەکرد و لەو مەجلیسەدا صوڵح تەقەڕوری نەکرد، لەبەر ئەوە مەسەلەی کوردستانیش مەسکوت عەنهو مایەوە، ئەمجارە لە مەجلیسی لۆزان ئومێد وا دەکەین کە



کوردستانێکی موستەقیل لە داخلی حودودێکی جوغرافی و طەبیعیدا بۆمان تەشکیل بکا و هەمو نەوعە حقوقی مەشروعە و حەقی حەیاتیمان بداتێ.

م.نوری، رۆژی کوردستان، ژمارە (٦) ٢٧ کانونی یەکەمی ١٩٢٢

**داوای حقوقی مەشروعە**

تەئریخەن ثابیت و موستەغنی بەیانە کە ملت کورد قەومێکی زور قەدیم و صاحێب عەنعەناتیکی میللی و موحیطێکی طەبیعیە. کوردستان- ئەم کەلیمەیە کە ئینسانی خوێندەوار تەلەفوظی ئەکا، بەس ئەم مەنطقەی سلێمانییە تا موحیطێکی جوغرافی واسیع و میللەتێکی کوردی کومەڵ موتەحیدی دێتە بەرچاو کە حدودی طەبیعیەی ئەم موڵکە و ناوی ئەم میللەتە لە جوغرافیادا دیار و لە خەریطەی کائناتدا مەوقیعێکی موهیمی ئیشغال کردبێ.

ئاماڵی ئەم موحیطە لە بەرئەوەی کە دینەن، عیرقەن، ئەخلاقەن ئیسلام و کوردن، هیچ فەردێ لە ئەفرادی ئەم قەومە ئارەزوی غەیری حوڕییەت و ئیستقلالیەتی خوی مەیلی، تەبەعییەت و حاکیمیەتی هیچ قەومێکی تر ناکا، چونکە ئەمڕۆ عەصر میللییەتە موقدەراتی هەمو میللەتێ لە پێش چاوە و حقوقی هەمو قەومێ کە قەومیەتی خۆی ئیدراک و ئیفهام کردبێ موحافەظە ئەکرێ .

ئێمە ئەم ئارەزوە ئەم دعوایەی خومانمان بیلفیعل ئیثبات کردوە. قەومی کورد کە لە صحنە کائناتدا ١٨ عصر پیش میلاد لە موقع حاضرەی خویدا ئیثبات مەوجودیەتی لە ژێر پێی میللەلی موتەعددەدا ئینقلاب و موهاجەماتی ئەقوام شەرقییە و غەربییەدا تا ئەمرۆ موحافەظەی لیسانی و میللیەتی خۆی کردوە، لەم عەصری موحافەظەی میللیەت و حقوقی ئەقوامەدا حەقی مەشروعی چۆن غەصب بکرێ؟

بێ خواهیش و رەضا موڵکێک لە باو و باپیرمانەوە، نەسڵەن بەعد نەسڵ بۆ بەطنی حاضیرە ئیرثەن ئینتیقاڵی کردبێ و ئەم موددەعایەش عیرق، جنسیەت، لیسان، موحیط، تەئریخ بە شەهاداتی موتەعیددە ئیثباتی بکا، باوەڕ ناکەم دائیرەی طاپۆی ویجدانی هیچ دەوڵەتێکی دراوسێمان سەنەدی خاقانیی ئەم موڵکە بۆ خوی ببڕی و موعامەلەی فەراغییەی بە فضولی ئیجرا بکا، یا هیچ دەماغی ئەم خەوە ببینێ و بیهێنێتە دی.

هەر مودەعیەک کە لە شەخصێکی ئاخر ئیدیعایێکی ناحەق بکا، ئەگەر ئەو مودەعییە خۆی بە شکات لێکراوێکی گەڕ پێکراو فەرض و تەلەقی بکا، لە بەر ئەوە کە دەرەجەی تەئەثور و تەئەسوفی گەرپێکراوی بە دەرەجەیەک لێ مەعلوم ئەبێ، باوەڕ ناکەم هیچ دڵیان بهینێ بچنە سەر بەشی خەلقی تر و گەڕوگۆڕی ناحەق بەکەس بکەن،



چونکە ئەمە بە کوردی ئاش بگیری پێ ئەڵێن، هەڵکوتانە سەر ماڵی خەڵق و تاڵان کردن چۆن ئەبی؟!

مەفهومی (من قَتل قُتل) قیاسی مەنطیقی زور قبوڵ ئەکا، کەسێ بیەوێ ضەربە لە حەیاتی کەسێک بدا، خۆشی ئەبێ ئینتیظاری ضەربەی حەیات بکا و (قس علی هذا).

بنیائەن عەلیهی قەومی کورد بۆ موحافەظەی حقوقی مەشروعە و مودافعەی حدودی طەبیعیە و صیانەتی شەرفی موقدەسەی میللیەی خۆی، هەمو ئان و زەمانێ حاضری هەمو فیداکارییێکە و تا لە دەستی بێ، قصور ناکا. ئیسترحامیش لە حکومتی حاضیرە و زیمامدارانی ئومور ئەوەیە کە مەیدانی ئەوە نەدرێ کەس بەشمان بخوا و بێ ئەوەی صەرفی نەظەر لە بستێ ئەراضیی کوردستان بکرێ، تەحدیدی حدودێکی طەبیعی کوردستانمان بۆ بکا .

هەر پایەدار بێ مودافیعی وەطەن. هەر بمینێ حەضرەتی مەلیکی کوردستان حەضرتی ملیکی مەحمود ئەوەل.

م.نوری، رۆژی کوردستان، ژمارە (٨) ١٠ کانونی دوەمی ١٩٢٣

**قسەی حەق ڕەد ئەکرێتەوە**

"هەرچەندە تێ ئەفیکرم و ورد ئەبمەوە لە غەزەتەی دراوسێکانماندا مەعەل تەئەصف تەصادفی وتاری هیچ موحەڕڕیڕێکی حەق و حەقیقەت پەرستێکم نەکردوە کە بێ طرەفانە بنوسێ و حەقیقەت ئیهمال نەکا.

بیلعەکس ئەوەی کە حەق و حەقانییەت بێ، چاوی لێ ئەقوچێنن، هەرچە بادا باد ستونی غەزەتە رەش ئەکەنەوە، صرف بۆ تەمەتوعی ذاتییە، یا بۆ تەعقیبی غایە و ئامالێکی واهییە، ئەیانەوێ موحیط، عیرق، لیسان، ڕاستی مەوجودیەتی کوردستان بە خۆرایی ئیهمال و پایەماڵ بکەن و لەم عەصری بەخشایشی حقوقەدا ئەم میللەتە قەدیمە بە قصە بێ بەش و مەحروم بکەن، کە ئەمەش وا ئەزانم زۆر موشکیلە، چونکە تەئریخ، جوغرافیا بەو خاصییەتانەی کە لەسەرەوە وتمان، کورد و کوردستانی لە میلیەلی موحیطی سائیرە جیا کردوەتەوە، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا بەو رەنگەی کە عەرصتان ئەکەم، ئیهمالی حەقیقەت ئەکرێ:

١) -لە غەزەتەیەکی نەجمەدا کە تەئریخی ٥ی کانون ثانیی ٢٣٩) بو دیم ئیقتباسی لە غەزەتەی (العراقە)وە کردبو لە ویلایەتی (موصڵ)دا کوردستانی بە تەنها بە سلێمانی داوەتە قەڵەم.

٢ -وتویەتی لە ویلایەتی (موصڵ)دا ٦٠٠٠٠ نەفوس عەرەبی تێدایە وجنوبی موصڵیش کامیلەن عەرەبە.



٣ -ئەو تورکمانانەی لە ویلایەتی (موصڵ)دان، زۆر کەمن، عەلاقەیان بە کورد و کوردستانەوە نییە، بەڵکو کوردەکانیش ئەصڵەن تورکن.

٤ -سلێمانی کە ئەڵێن بەیعەتی بە مەلیک فەیصەڵ نەکردوە، تەکذیبی ئەکەن.

ئێمە، یەعنی هەمو میللەتی کورد، بە هەمو مەوجودیەتمانەوە ئەم بەیانە هەڵبەستراوە کە ئەسنادی لە بەعضێ پیاوی گەورە و صاحێب ویجدان ئەدەن، بە کوللی ڕەد ئەکەینەوە:

١ -لە ویلایەتی (موصڵ)دا کوردستان کە بە تەنها سلێمانی دراوەتە قەڵەم، وا نیە و بالعکس غەیری قەصەبە، مولحاقاتی، موصڵ کامیلەن کورد و کوردستانە. عەقرە، زاخۆ، بارزان، عەمادیە، ئەربیل، کەرکوک، کفری و سائیرە ئەمانە و عەشایری ئەطرافیان چین و بە چ زبانێک قصە ئەکەن.

٢ -غیری قەصەبەی موصڵ کە لە چاو ئەم ئەم ویلایەتەدا ئەقەلیەت تەشکیل ئەکا، هیچ مەوقیعێکی تر شک نابەم کە کورد نەبێ و غییری و حوڕڕیەت و ئیستیقلالیەتی خۆی ئارەزوی تەبەعیەتی هیچ قەومێکی تر بکا.

٣ -ئەو تورکانەی کە لە ویلایەتی (موصڵ)دا ساکینن و بە تورک ناوبراون، عیرقەن ئەخلاقەن، طبیعەتەن، کورد و داخیلی خەریطەی کوردستانن، لەبەر ئەوەی کە عیلاقەو مەربوطییەتی موحیطەیان لە گەڵ کوردستاندا هیچ قوەتێ جیایان ناکاتەوە.

٤ -لە وەقتی خۆیدا بۆ تابعییەت و عەدەم تابعیەت سلێمانی بە عێراق لە سەر ئەوراقی مەطبوع، رەسمەن لە طەرەف حکومەتی فەخیمەی بریتانیاوە لە هەمو ئەفراد ئەمالی پرسیار کرا، هیچ کەس ئەم بەیعەتەی لا باش نەبو. لەپاشا بۆ ئەم موختاریەتە دوو ساڵ موڵەت بە سلێمانی درا، دیسان لە پاش ئەم موددەتە هەر لامان باش نەبو و ئەم کەیفیەتە لە حکومەتی عێراق مەعلومە زۆر تەعەجوب ئەکەم ئەو موحەرڕیرانە چۆن تەکذیبی حەقیقەت و قەڵەمیان ئەم نەوعە شتانە ئەنوسێ.

لە ویلایەتی موصڵ کە لیسانی تەعەدودی پەیدا کردوە، واسیطەی ئەمەیە:

تەئریخەن ثابیتە کە ئەم موحیطە کوردستانە، بە واسیطەی هوجومی غەرب بۆ شەرق و شەرق بۆ غەرب موتەمادیەن مەمەڕ و مەعبەری ئۆردوی ئەقوامی شەرق و غەرب بوە و طولی موددەت لێرەدا



ماونەتەوە لە مودەتی ئیقامەتیاندا بیلطەبع ئیختلاطیان لەگەڵ کوردەکاندا کردوە.

ئەوانەی کە ساکینی دەشت و ئەراضیەکی موسەطەح بون، لەبەر ئەوەی کە زیاتر لە مەسکونی شاخەکان ئیختیلاطیان لەگەڵ کراوە، بە مروروری زەمەن زبانیان تێکەڵاوی یەکتر بوە فەقەط ئەوانەی کە لە شاخ و داخدا مەسکونن تا ئەمڕۆ موحافەظەی زبانی خۆیان کردوە.

عەرەبیش کە قیسمەن لە کوردستاندا موکالەمەی پێ ئەکرێ، ئەسبابی چییە؟ مەعلومە لە ظهوری ئیسلامییتەیدا تەعصوب دیانەت لە ناو ئیسلامدا چەند زۆر بو.

لەگەڵ ئەوەشدا مەرکەزی خەلافەتی عەباسیەکانیش بەغدا بو، کە لەگەڵ کوردستاندا موناسەبەتێکی زۆری ئیقتصادی و موحیطیان هەیە، بەم رەنگە زمانی عەرەبی و تورکی لە بەغداوە، نازانم لە کوێوە، وردە وردە سیرایەتی کردوەتە کوردستان، وە ئیللا ئەتوانم بڵێم، لە شەرقی دیجلەوە هەتا ئاراس بە ئیعتباری ئەساس کورد و کوردستانە.

کە وابو بۆ ویجدانی ئەو موحەرڕیرە، ئەو صاحێب مەعلوماتە، موتەئەسیفم کە موقابلی بەداهەتم خیلافی حەقیقەت قەڵەم بێنێتە سەر کاغەز.

ئێمە میللیەتمان ئیدراک و ئیفهام کردوە، لەبەر ئەوە موحافەظەی ئەم حەقە مەشروعە هەر ئەکەین، خیلافی حەق بەیانات ئەگەر ببینین ڕەدی ئەکەینەوە و ئەم حەقە لە حکومەتی فەخیمەی بریتانیا داوای دەکەین".

ڕۆژی کوردستان ژمارە ١٠ ، ٢٤ کنونی دوەمی ١٩٢٣، ل ١-٢.

**حکومەت و میللەت**

ئەی قەومی نەجیبی کورد:

"ئێمە بۆچی هەمو شتێک لە حکومەت داوا بکەین، ئێمە بۆچی و بە چ حەقێک هەمو ئوموری خوصوصیی خۆمان بهاوێنە سەر شانی حکومەت؟ بۆچی نازانین هەروەکو حکومەت وەظیفەی مەخوصوصی خۆی هەیە، میللەتیش عاید بە خۆی وەظیفەی موهیمی خۆی هەیە؛ هەروەکو لە وەظایفی ئەساسی حکومەتە کە حقوقمان، وەطەنمان لە تەجاوزات خارجییە موحافەظە بکات و لە ناومانا ڕەفاهیەتی حەیاتیە و سعادەتی اجتماعیە تەئمین بفەرموێ.

"ئێمەیش مەجبورین کە ئەسبابی بەرز کردنەوەی سەوییەی ئیدراک و مەعاریفی خۆمان پەیدا بکەین و پیاوی صاحێب ئیدراک و هۆش پێ بگەیەنین، هیچ وەقتێ نابێ تەکلیف لە حکومەت بکەین کە فیکرمان تەنویر بکات، چونکە ئەمە وەظیفەی میللەتە"



مەثەلەن، بۆ هێنانە وجودی جمعیەتی عمومییە، بۆ تەئسیسی مەکتەب صەنایع و بۆ ئەمثالی ئەمانە، نابێ تەکلیف بکەین کە حکومەت بۆمان بکات. ئەمانە لازمە میللەت بیانهێنێتە وجود. پیاوە کوردەکانمان فیکر بکەنەوە تەوحیدی مەساعی بکەن، ئەسبابی تەرەقی احضار بفەرمون. ئەمرۆ ئێمە لە هەمو شتێ زیاتر موحتاجی مەعاریف و صەنایعین. ئەم دوو چرای سەعادەتە بە تەنها دەستێک هەڵناگیرسێ. لەناو ئەو قەومانەدا کە تەرەقیان کردوە، هەر جێگایەک بچی زۆر شوعبەی تەوحیدی مەساعی ئەبینی، هەر ئەو شوعبانەیە کە فیکر تەنویر ئەکا و سەعادەت دەهێنێتە وجود. چی ئەبێ ئەرباب حەمییەت گرد بینەوە، بۆ ئەم خوصوصە فیکر بکەنەوە هەمو یەک وجود سەعی بکەن، وەظیفەی خۆیان بزانن، وەظیفەکانی خۆشیان نەخەنە سەرشانی حکومەت بۆ تەئسیسی جەمعییەتی عمومییە، بۆ ئیجادی مەکتەبی صەنایع صەرفی غیرەت و مەقدەرەت بفەرمون و لە صەحنەی تەئیریخدا ناویان بە ئەبەدی بمێنێتەوە و نایل ڕەحمەتی نەصلی ئاتی بین.

ڕۆژی کردستان ژمارە ١٢ ، ١٠ شباط ١٩٢٢، ل ١.

**فەلاکەت و محکومیەت چۆن تەعمیر ئەکرێ؟**

مەزیات عەلیە و ئەخلاقیەی ئینسان وەقتێک دوچاری فەلاکەت بێ مەعلوم دەکات، ئینسانێک فەلاکەت، بەڵا و موسیبەتی دیبێت، بە هەمو نەوع لە دەور سکون و سەعاتەدا مالکی ئیقتدار و مەزیەت خصوصی

دەبێت. میللەتیش وەکو ئەشخاص وەهایە، دەورەی فەلاکەت، دەورەی فتوحات، دەورەی تەکاملی هەیە، ئەگەر میللەتێک کە دوچاری نەکبەت و فەلاکەت بوبێ و بۆ تەصحیحی ئەسبابی سەعی کردبێ، ئەو میللەتە ئارەزوی عەزم و و مەجودیەت و ئیستقلالیەتی هەیە، نەکبەت و فەلاکەتێک کە لەبیر بچێتەوە، زیاد دەکات و کۆتی موجەب دەبێت.

میللەتێک بۆ فەلاکەت بوبێ، حەقانیەت و عەدالەت صبورانە تەحەمول دەکات، بەڵام ئەم صەبر و تەحومول ناخاتە دەرەجەی نیلەت و مەسکەنەت. هەروەکو ئاگرێک لە ژێر خۆڵا بسوتێ. وەقتێک کە فورسەت بینرا ئەم ئاگرە گڕی زیاد بکات و دوشمن مەحو بکاتەوە. گەلێ میللەتی فەلاکەت دیدە کە لە دوایدا صاحیبی قوەت و موەفەقیەت بوبن، تەئریخ نوسیویەتی.

مەثەلەن: لە تاریخی ١٨٠٦دا حکومەتی فەرانسە کە ناپلیۆن حوکمداری بوو، حکومەتی پروسە (ئەڵمان) مەغلوب دەکات و ناپلیۆن بە ئەنواع تەکالیف و تەحرکاتی جەبرییە، ئەڵمان مەحو دەکاتەوە، بەڵام هەر حسی حمیەتی وەطەنیەیان، مەحو ناکاتەوە.

میللەتێکی فەلاکەت دیدە کە صاحبی ٣ چوار وەطەن پەروەر بێت، ئیستقبال تامین دەکاتەوە. وەکو ئەم زاتانە کە حکومەتی پروسەیان تامین کرد. لە زەمانی ئەم فەلاکەتەدا و لە راس کاردا (شتاین) مالیە



(هاردن برغ) ژەندرمەی ئیصڵاح کرد، (شارنهروست) تەعلیم وتەربیە، ئوردی دەر عوهدە گرت. لەولاشەوە شاعیران، ئەدیبان و وەطەن پەروەرانی فیکری میللەتیان تەنویر کرد، حسی وەطەنیان زیاد کرد و لە تاریخی (١٨١٢ - ١٨١٣) ئەڵمان حوریەت و ئستقلالیەتی خۆی ئیسترداد کردەوە و لە پاش ئەمەش لە تاریخی (١٨٧٠)دا لە پرنس بسمارق ئیعلانی حەرب دەکات، فەرانسە مەغلوب دەکرێن و حکومەت ئەڵمان کە دە ملیۆن نەفوس دەبێت، بالغی شەست ملیۆن و ئیمپراطۆر و لق دەبێ. عەصرێک لەمە پێش پروسیە کە لە ژێر حوکمی فەرەنسەدا بو، ئیمڕۆ صاحبی صنایع و معاریف و توجارەت و ئوردویەکی بە قوەت و ثەروەتێکی زۆر بووە.

لە تاریخی ١٨٨١دا تەعروضی روسیە بۆ سەر ژاپۆن و لە تەئریخی ١٩٠٤دا ئیعلانی حەربی ژاپۆن و موەفەقیەت بونی.

ئیمڕۆ ئێمەش لەم دەرسانە عیبرەت وەرگرین، بە یەئس و کدورە خۆمان مەحو نەکینەوە و عاقیبەتمان روناک بکەینەوە، مەعاریف ئیصڵاح بکەین، ئورد و تەنسیق و تەقویە بکەین، هەمو سەعی و کۆشش تەحصیلمان بۆ ئومێدی ئیستقبال، بۆ تەئمین ئیستقلالیەت بێت، چونکە نەتیجەی تەعمیری فەلاکەت دەورێکی موشەعشەع و موعەظەم پەیدا دەکات.

رۆژی کردستان ژمارە ١٣ ، ١٧ شباط ١٩٢٣، ل ١-٢.

**له فەلاکەت عیبرەت**

قەومێ، میلەتێ لە فەلاکەت ماضی مەتیەنە نەبێ بۆ ئیستقبالی خۆی سەعی نەکا، یەعنی لە حاڵی عەطاڵتا بێ، ئەو قەومە ئەو میللەتە، وەکو ماضی خۆی بە نذلەت، بە ئەسارەت رابوارد، حال و ئیستقبالیش هەروا نا، بەڵکو زۆر خراپتر رائەبورێ، بەڵام شەخصێ کە ئەمڕۆ بۆ تامینی صوبحەینێ سەعی و ثەباتی کرد، بێ شوبە لە ئاتیا مەسعود و بەختیار ئەژی.

قەومی کورد لە بیدایەتی حەربی عومیەوە هەتا ئێستا، فەوقی تەصەور دوچاری ئەنواعی موشکیلاتی عەظیم و فەلاکەت بووە. ئەم فەلاکەتانەش هیچی خۆی بەسەر خۆیا نەیهێناوە، بیلعەکس ئیشتراکی فەلاکەتی ئەغیارمان کردوە و لە نەتیجەی ئەو فەلاکەتە، ئەبەدەن ئیستفادەمان نەکردوە. دووبارە لە ژێر ئیستبدادی ئەم و ئەودا بەشمان هەر پلیشانەوە بوو. بیلتەبع میللەت لەم مەحکومیەتە ئەڵبەتە ئینتباهی بۆ حاصڵ بووە، یەعنی میللەتی کورد تازە ئیشتراکی فەلاکەتی هیچ میللەتێکی تر ناکا. ئەگەر بیکا بۆ سەعادەتی خۆی یەک وجود و موتەحید بە هەموو قوەتیەوە سەعی و ئیقدام ئەکا و ئیتر غەیری حورپییەت و ئازادی میللی خۆی نەبێ، ئیختیاری نذیلەت و مەسکەنەت وتەبەعیەتی هیچ قەومێکی تر ناکا.



ئومێد ئەکەین زەمامدارانی کائیناتیش حەقی ژیانمان بدەنێ و مەیدان بە خوێن رشتنی ئەم قەومە مەظڵومە نەدەن، ئێمەش وەکو ئەملا و ئەولامان مەسرورر بکەن. چونکە ئێمەش وەکو میللەل سائیرە صاحیبی موحیط، زبان و تەریخین. ئێمەش عەنعەناتێکمان هەیە و بەشەرین. تەعەجب لە ویجدانی ئەو گەورەیە ئەکەم کە لەسەری حەی ئێمە شەڕ ناکەن، بیلعەکس ئەیانەوێ هەر کەس بۆ خۆی ئەم میللەتە مەحکوم و زەبونی ظوڵم و ئیستبدادی خۆی بکا. خۆ نازانن ئەم میللەتەش بۆ ئەوەی کە حورپییەت و ئیستقلالیەتی خۆی موحافەظە بکا، ئەنواعی فیداکاری ئیختیار و لە هیچ ئیقداماتێک دوا ناکەوێ، ئیمرار وەقت و زەمان بەسە...

ئێمە ناتەن بۆ سەعادەتی نەسڵی ئاتی، حەیاتی حاضرەمان بە نەبوە داوەتە قەڵەم، کەوابوو بە ناوی بەشەریەتەوە رەجا ئەکەین ئەم میللەتە مەظڵومە سەوقی فەنا نەکرێ، حەقێکی ژیانیش بە ئێمەس بدەن- ئێمەش لازمەی دۆستایەتی چی بێ، مەعەل ئیفتیخار بە جێی ئەهێنین، لە ئاشنایەتیمان ئیستفادە ئەکرێ.

م. نوری، له فەلاکەت عیبرەت، رۆژی کوردستان، ژمارە (١٤)، ٢٤ شوباتی ١٩٢٣.

**چوارەم: بابەتەکانی رۆژنامەی ژیانەوە:**

**تورک و کورد –گورگ و مەڕ**

"لە رۆژێکەوە کە حکومەتی تورک حقوقی حوکمداریی بابانەکان و قەومیەتی کوردە مەظلومەکانی غەصب و ئیستیلا کردوە، هەتا تەخلییەی تورکەکان، غەیرئەز خصومەت و فەلاکەت، ئەسبابێکی تەرەقی و سەعادەتیان بۆ ئەم قەومە مظلومە ئیظهار نەکرد. بیلعەکس دائیمەن سەعی و جەهدیان بۆ ئەوە کرد کە یەکێ لەم میللەتە میللییەتی خۆی تەرک نەکا، شایەد کردبێتی، فەورەن نەفی یان ئیعدام کراوە. بە هەمو صورەتێ مەفکورەی میلیەتی لەم قەومەدا ئیمحا کردبوو. ئەتوانم بڵێم هەتا حەربی عومومی و ئیحتیلال سلێمانی، هیچ فەردێک لە ئەفرادی ئەم میللەتە، حەتا هیچ مونەووەر و تەحصیل دیدەیەک عیرقەن و لیسانەن، عیرق و میللەت و قەومییەتی خۆی لە تورکەکان تەفریق نەکردوە، یا کردویەتی، لەبەر ظوڵم و ئیستبداد معلومە یان تەجاهولی کردویەتی.

عەجبا ئەو تورکانە کە دوبارە ئارەزوی ئیستیلای ئەم قەومە ئەکەنەوە؟!

ئایا مەظلەمەی (سەفەر بەرلک) یان لە فیکر چوەتەوە کە چیان بەسەر ئەم میللەتە هێنا؟ فەرضەن ئەوانیش لە بیریان نەمابێ، هیچ فەردێک لە ئەفراد ئەم میللەتە، مەذبەحە و قەصابخانەکەی بەردەرکی



قشڵەی لە فیکر چوەتەوە؟ دیواری ئەنباری جبەخانە کە ئێستا کون کونی ئەو گوللانەیە کە لە سەر دڵی کورد و ئەرمەنەیەکان دەرچوە و دیوارەکانی کردوە بە بێژنگ، ئەو ئاثارە هەر ماوە، سورایی خوێنی جەرگ و دڵی کوردەکان بە دیوارەکەوە هەر ماوە و نەفەرت لە ظوڵمایان ئەکا.

هەروا ئەزانین دوێنێیە کە ئەرخەوان و داری قەبرستانەکەی گردی سەیوان و داری بەیداغی سەر قەبر و مەرقەدی پیاو چاکەکانمانیان بڕی، بە کۆڵ هێنایانەوە و سوتاندیان مەنظەرەی ئەو قەبرە مقەدەسیە کە نمونەیەکی جەنت بو کردیان بە جەهەنم. بێ شبهە رۆح ئەو کوردە مردوانە کە ئەم ظڵمەیان دیوە حتمەننفرەت لە تورک حەتا لە هاتنی ئەم دوو ٣ ئەعضای لیژنەیە ئەکا.

هەروا لە بیرمانە کە لە برسانا باوک ئەولاد و جگەرگۆشەکەی خۆی سەر ئەبڕی و ئەیکوڵان و ئەیخوارد. هەموو دیومانە کە لە ناوەڕاست بازاڕدا لەسەر لاکی کەرێکی تۆپیو کە لە بەینی خۆماندا تەقسیمی بکەین، چ شەڕ و هەرایەک وقوعی ئەبوو. گۆشتی سەگ و پشیلە.. و ئاردەدار دەست هەموو کەس نە ئەکەوت.

هەروەها لە بیرمانە کە عەسکەرە تورکەکان لە چایخانە چاییان ئەخواردەوە لە دوکانەکان شەکرو چایی و ماڵەزیمەیان کامیلەن ئەکڕی.

له پاشا بانقەنۆطێکی لیرەیی کە بە روپیە و نیوێک ئەچو، دەریان ئەهێنا و ئەیانداو داوای باقیشیان ئەکردەوە. ناچار چایچییەکە، دوکاندارەکە راضی ئەبو کە هەرچیەکی پێ فرۆشتوە، بە خۆڕایی بیداتێ بۆ خۆی. ئەتوانم بڵێم بۆ خەرجیی بازاڕیان بانقەنوطێک بەشی قۆڵ ئوردیەکی ئەکرد (ماشەڵڵا پارەی جاران چەند بەبەرەکەت بو)... هەر ئەو بانقەنۆطە کە بە لیرەی ئاڵتون بە ئێمەیان ئەگۆڕیەوە، خۆیان لە جیاتی هیچ تەکالیفێکی حکومەتی قبوڵیان نەئەکردەوە.

هێشتا لە بیرمانە کە عائیلەیەکی عەفیف دە پازدە بیست کەسی کە واسیطەی مەعیشەتیان ٣ چوار کەس بو بیلا ئیستثنا هەر چواری گەلە ئەکردن و بە سەوقییات رەوانەی قەفقاسی ئەکردن. لەوێ یان لە ژێر بەفرا ئەخنکان، یان ئەکوژران یا لە برسانا ئەمردن و ئەم دە پازە ژنە موحتەرمە و مەعصومانە بە... ضەرورەت و پەرێشانی سەوقی ئەنواع ئیشی نامەشروعی ئەکردن.

هیچ نەبێ مام تورک ئەبو ئینتظاری ئەم نەسڵە حاضیرە کوردەی بکردایە، ئەم ظوڵم و ئیستبدادەی ئەوانی هێشتا لە بیر نەچوەتەوە.

هیچ نەبێ با خوێنی برا کوژراوەکانمان لە دیوارەکانی قشڵە و سەرا بچوایەوە.



هیچ نەبێ با ئێسقان و مێشک بە کەللە شکاو و پژاوی ئیعدام کراوەکانمان بڕژایە.

هیچ نەبێ با ئینگلیز تۆزێ تەنقییەیەکی مەعیدەمانی لە گۆشتی سەگ و پشیلە و بەنی ئادەم بکردایە.

هیچ نەبێ با دەرەجەی ثەروەت و ئیقتصادمان ضربەی بانقەنۆطەکانی ئەوانی لە فیکر بچوایەوە.

هیچ نەبێ با ئەو هەزار چاوەی کە صاحێبی ئیعدام کراوە یا کوژراوە، یا لە برساندا مردوە، تەعمیرمان بکردایە.

هیچ نەبێ با دارئەرخەوانەکانی مەقبەرە و سەر شەخصەکانمان لە پاش بڕین و سوتاندنەکەی ئەوان، نەختێ نەشونمای بکردایەوە.

ئەنجا دوبارە خەیاڵی کوشتن و بڕین و خنمەتکاریی کوردە فەقیرە مەظلومەکانی بکەوتایەوە سەر.

جلخوارەکان ئەیانوت تورکەکان عاقڵ بون. مەعەل تەئەسوف ئەگەر عاقڵ بونایە، نەدەبو تا چەند عصرێکی تریش روویان بهاتایە ناوی کوردەکان بەرن (خوا بتانگرێ بۆ درۆتان).

خولاصە، لە بەر ئەم مەظالیمانە کە هێشتا لەبەر چاوما گوم نەبوە، دائیمەن بۆ یەکتری بە حیکایەت ئەیگێڕینەوە. هیچ فەردێک لە ئەفرادی

قەومی کورد دەفعەیەکی تر ئارەزوی ئەو ظولم وئیستبدادەی مام تورک ناکاتەوە.

ئینجا لیژنەی وەفدی موحتەرم عوصبەتول ئومەمیش لەبەرئەوەی تیمثالی عەدالت و حامیی بەشەرییەت و ئەقوامی مەضلومەیە، وا ئومێد ئەکەین کە ئەم هاوار و فریادەی ئێمە بە مەعروضاتێکی تەماشا و (رانێکی مەڕ، تەسلیم بە شوانێکی گورگ نەکاتەوە) نامانەوێ، نامانەوێ"

٣مارت ١٩٢٥ (ژیانەوە) ژمارە١٩



## پێنجەم: بابەتەکانی رۆژنامەی ژیان:

### سەعی فەردێک میللەتێک ئیحیا ئەکاتەوە

عەلائەل ئەکثر عومران و سەعادەتی میللەتێک نەتیجەی هیمەت و کۆششی بەعضێ ئەفرادی فەعال و غیرەتمەندی ئەو قەومەیە. ئەم هەمو ئەثری مەدەنیەتە، ئەم هەمو ئیختراعاتە خولاصە ئەم هەمو عەوامی تەرەقی و تەعالیە، ئەثری چەند فەردێکی مەحدودە کە بەعضێ تەصادوف و یا ئیلاجلاتی طەبیعی و قوەت و فورصەتی پێ بەخشیون بۆ بینینی عەمەلێکی خێر بۆ قەومەکەیان.

لەم چەند رۆژانەدا بە کەمالی سرورەوە بیستمان کە لە سایەی نەشاط و هیمەتی ئیش بەدەستەکان، بیلخاصە، مەئموری ئەوقافی کەرکوکەوە، رەسمی ئیفتیتاحی کولیەی ئەوقافی کەرکوک ئیجرا کراوە، بە حەسب دراوسێتیەوە موتەشەبثین و عاملینی ئەم تەشەبوثە خێرە تەقدیر و تەثیمنی تەرەقی ئەم موئەسەسە علمیە ئەکەین. حەقیقەتەن گوشادی ئەم کولیەیە دەلیلە بۆ فاتیحەی عەهدێکی پڕ نور و مەعریفەت. چونکو ئەم بینا موبارەکە لە پێش هەموو شتێکا باوەشی سەفقەتی بۆ منالانی بێ ثەروەت و ئیقتدار کردوەتەوە و عادەتەن ئەبێتە پەنا و مەلجەئێکی عیرفان بۆ هەتیوانی فەقیر و کەساس.

طەبیعی ئاملی ئەم کولییەیە ئاثارێکی وا بە قیمەت  بە جێ ئەهێڵێ کە ئیلائەل ئەبەد تەقدیری و تەقدیس بکرێ، خودا لە بەر ئەم نەوعە ئەفعالی خەیرییە موەففەقی کات.

هەموو ئەیزانین کە سلێمانی ئێمەش حەوت ساڵە لە ئینقلاباتایە، بە نەوعێک کە ثەروەتێکی عمومی عالە حاڵ ئیفلاسەوە، هەرچەندە بە واسیطەی کاربەدەستەکانمانەوە خاتیمە بەو ئەحواڵە هێنراوە، فەقەط لە بێ ثەروەتی و بێ ئیدارەیی ئەغلەبی ئەبەوەینی مناڵەکانمان مناڵەکانیان ئەنێرنە دارتاشی، حەلەوا فرۆشتن ، حاصڵی ئیشێکی وای پێ ئەکەن کە نە لە حاڵ و نە لە ئیستقبالا خۆی و ئەبەوەین و وەطەن و میللی ئیستفادەی لێ ناکا.

ئەگەر لێرەشا کولیەیەکی وا بکرێتەوە، ئەم نەوعە مناڵانەمان لەم بەڵایانە نەجاتیان ئەبێ، بە واسیتەی ئەم موئەسسەسەوە ئەبنە عوضوێکی فەعال بۆ خۆیان و وەطەن و میللەتەکەیان.

ئومێدمان وایە کاربەدەستەکان هەر وەکو لە ئەکثەر خوصوصیاتی ترا بۆ تەرەقی و تەرفیهی لیواکەمان سەعیان فەرمووە، لە فورسەتێکا بع ئەم نوقتەیەش بەذلی هیمەت بفرموون و ئایندەیەکی ئەبەدی عیلمی بۆ خۆیان بەجێ بهێنن.

ژیان، ژمارە ٨٥، ١١ تشرینی یەکەمی ١٩٢٧. ل ١.



## ساڵی ١٩٢٦

ئەی ساڵی جیهان دیدە، ئەیا صەحنەی میحنەت

ئەی ساڵی گوذەشتە، سەنەی ماتەمی ئومەت

ئەی صەحنەی گریان و فیغان، شیوەن و نیلەت

جەلادی جگەر ئاهەنی، بێ شەفەقەت و ریقەت

ئەی ناظری سەد مێشکی پژێنراوی بە قیمەت

ئەی ساڵی گوذەشتە جگەرت لەت لەتی غەم بێ

نەت بینمەوە، مەسکەنت شاری عەدەم بێ

***

سەیریکە چەند لاشەی لاوی وەطەنت دی

خۆت وردبەرەوە چەند سەری جیاو چەند بەدەنت دی

چەند خانەی وێران و دڵی پڕ میحنەتت دی

چەند ناڵەی ژن، لاشەی چەند بێ کفنت دی

برسی و رەش و رووت غەم زەدە، چەند شۆخ و شەنگت دی

ئەی ساڵی گونەشتە جگەرت لەت لەتی غەم بێ

نەت بینمەوە، مەسکەنت شاری عەدەم بێ

❊❊❊

تێ فیکرە کە ئەم سێسەد و شەست رۆژە گەورە

هەر ثانیەیەکی غەم و ئالام و فتورە

رۆیشتنەکەت تا بەقەدەم عەیب و قصورە

بەم خوێنە رژاوانە  بەم شور و لەشورە

صەفحەی تەریخی جیهان ماتەم و سورە

ئەی ساڵی گونەشتە جگەرت لەت لەتی غەم بێ

نەت بینمەوە، مەسکەنت شاری عەدەم بێ

❊❊❊

ئەم ظوڵمە کە دی میللەت ئەم کوردە لە تورکان

نەیدیوە زەمانە چ لە ئینس و چ کە شەیطان

دەعوای حەقی میللەت و گۆشەی زیندان



پاڕانەوە بۆ ژین وتەنافی مل و خنکان

هاواری وەطەن کردن کوژران و فڕێدان

ئەی ساڵی گونەشتە جگەرت لەت لەتی غەم بێ

نەت بینمەوە، مەسکەنت شاری عەدەم بێ

❊❊❊

رۆیشتی لە دوای تۆ جگەری پارە پارە ما

ملیوێنێ عەیال و ژنی ئاوارە بەجێ ما

چەند عائیلەی بێکەس و بێ چارە بەجێ ما

زنجیر و کەلەپچە وپەتی سێدارە بەجێ ما

ملیارێ دڵی خەستە و غەم خوارە بەجێ ما

ئەی ساڵی گونەشتە جگەرت لەت لەتی غەم بێ

نەت بینمەوە، مەسکەنت شاری عەدەم بێ

❊❊❊

ئەی ساڵی جەدید هاتنی تۆ دور بێ لە ئافات

تۆش وەک خەلەفت ئەو بە جەزا تۆ بە موکافات

خێر بێ قەدەمی تۆ، بەتەلافی هەموو مافات

شەرطم ئەمەیە تا دەمی مەحشەر بە مەقامات

ئەم شیعرە بکەم بە تەمەنا و موناجات

ئەی سالْی گوزەشتە جگەرت لەت لەتی غەم بێ

نەت بینمەوە، مەسکەنت شاری عەدەم بێ

❊❊❊

ژیان ژمارە ٤٩، ٦کانونی یەکەمی ١٩٢٧




سوپاس و پێزانین:

*پڕبەدڵ سوپاسی هاوڕێی بەڕێزم جەماوەر ئەحمەد بەڕێوەبەری نوسراودانی وشە دەکەم کە لە نوسینی ئەم کتێبەدا بەدابین کردنی سەرچاوەی پێویست هاوکاری زۆری کردم.*




م. نوری (شێخ نوری شێخ ساڵح)





شێخ نوری شێخ ساڵح



Major Edward William Charles Noel

**مێجەر نوئیل**






**مێجەر سۆن**





**مەلیک مەحمودی ئەوەل**






**ئارنۆلد ویلسون حاکمی سیاسی عێراق**




**مستەفا پاشا یامولکی**





**شێخ نوری شێخ سالح لەکاتی لاویدا**



**مێجەر سۆن و  عەبە زیرەکی بەرگ دروو**





« پێشکوتن »

بو هموشو یێك
بە٣ مانك یك
بەشش مانك دو
سالێك چوار روپیە دەدا
اعلان ڕ ایشیکی خوی
لە برە داوایدادەنوسریت

# پێشکوتن

هفتە یێك دەنوسری

( سال ١ ژمارە ١ )   روژ پنجشمبە   ١١ شعبان ١٣٣٨   ٢٩ اپریل ١٩٢٠ )

— لەهمو ماك یك باشتر ماکنة چاپە —

پاش طوفان مینیالی نصتەوە هروا الین . ایمەیش بو یسریو دلین داهینرویة میش .

حکومت خریکی چاك کردنی ریکاکا —

ژمارده (٦) ١٩ کانون ثانی ١٩١٨ سی شمه ٦ ربیع ثانی ١٣٣٦ سال یکم

# تی کەیشتن راستی

بو ناو مملکت بودەرەوە
روپیه روپیه
بو ١٠٠ ژمارده ٦ ٨
بو ٥٠ ژمارده ٣ ٤
قیمتی هر ژماردەیی آنه یکه

مخابرەله کەل ادارەخانه روژنامه
دبی بکری ژمارده ١٢٨ / ٩
نوسینه‌یی که موافق مسلکمان
بی دینوسین اکرنەبی نایکەرینەوه
هر هفته دوجار دەردچی : له بغداد

روزنامەیکی سیاسی واجتماعی وخادمی یك بون وسربتی کردانه

بقیهٔ نطق لوید جورج

دولتان مرکزی هیشتا بی دنکن . وهر چند حکومتان محارب وبی طرف، دیانبزوینن لم شره جیان ددی بیانی نا کن ، وخبریان بایه ندا که درحق بیاجیکه فکریان چیه . اوی له اخبار مهمهٔ شروط صلح دفامریتوه امه یه که : المانیا له داوا کردنی مستمره کانی خوی واز ناهینی . له امەش وادرا کوی که فکر ادارەی خو بخوی اقوام هیچ دمیئیتوه . چونکه له لفظ (بی ضم ملك وبی پاداش حرب) معنای اداره خو بخوی وسربست ماوه اقوام نافامریتوه . دولتان مرکزی دبی تی بکن که تا حقیقت عصر حاضر تواوو زورچاك تزانن درکای صلح کردنوه هیچ ممکن نیه . وقت معاهدهٔ (ویانه) روبی دزمانیکی زوردی بسردانیپربو . امرو ایمه نا توانین پاری بمستقبل (اوروپا) و (مدنیت) بکین ومقدرات سیاسیه او بمعاهدانی که نتیجهٔ مناکرانیکی کورتی ، پر فیل وظلم وخرمنیشی محافظەی او پادشاه یا او امته بی بسپیرین ، اوروپای تازه دبی له سر اساسیکی محکمی حق وعدالت بنابکری که مستقبلی له پریشانی محفوظ بی . معاهدەی صلحی که امضا کننده کانی بو احترام شرطه کانی همو فداکاری که لازمه اختیاری نکن البته لوکاغذه بقیمترنابی که له سری دنوسری .

له برامه امرو اول طلب انکلتره ومتفقکانی کراندن استقلال نواو (بلجیکه) یە سیاسی واقتصادیه وبژاردن او ضررانه که بشاره کانی کیشت . ام ضمانه لپاداش حرب سال ١٨٧١ ناکا که بانغوامی ورکیرا ولەش مقصد مان اوه نیه که پاداش حرب له دولتی بستینین وبیکی لری بدین . بلکو ایمه دمانەوی اوکسانه بکرین که کوته اساس قوانین اوروپا وحق تعویض ضرردانی بجی بینین . چونکی بی ام دوانه صلح حقیق ممکن نابی .

طلب دوم : کراندنوەی (صربیه) و (قره طاغ) واراضیٔ (فرانسه) و (رومانیا) و (ایتالیا) یه چونکی اول شرطی آشتی لم جیکانه لشکر کیشانوەیه وپاداش ضرر دانوەیه .

ایمه له سرامه ین که هتاماوین دست فرانسەی دیموقرات بکرین وحق اوخراپیانه بکین که له سالی ١٨٧١ به فرانسزکان کیشت چونکی دو مملکت لو جوی کرایه ده وبی آرزوی خلقه کی باپمپراتوری المانیا درا وله برام غدره (اوروپا) نیوعصر بی اسایش ما .

امه محققه که تا هر کسی بمطلبی خوی نکا امور عالم له سر محورخوی ناکری وکس آشتی وراحتیکی عمومی بچاوی نا کری . له مه خراپترچیه که دولتی بزرور لشکر موقت خوی حق اقوامی تربخته ژیر پی .

تی که یشتن راستی

کسانی که معاهدەی (ویانه) یان امضا کرد همو وکلای پادشاهان بون . مرخص امت نبون . وله برامه او قرارانه که درا همو مغایر آرزوی اقوام وعناصر بو بویه زمانیکی دریژ راحت اوروپای سلب کرد . بلی او طرزه ادارەی قدیمه که له پیش سالی ١٧٨٩ بو تواو اعاده نکرایەوه . تنها چوار مملکت المان وحکومت (پاپا) نبی شاره کان المانیا و (ونديك) و (جنوه) وحکومات کلیسا همو حال اصلی محافظه نکرد . وبسر حکومتان تردابش کران .





# روژکوردستان

صاحب امتیاز ومدیرمسئول
م . نوری

محرر
علی کمال

اعلانات بدیریك
٣ آنه ده سیتریت

بدل آبونه
٣ مانك یك ٦ مانك دو
سالیکی چوار روپیه‌یه

همو شتیك مراجعت
به مدیرمسئول اکری

بوخارج اجرت بوسطه
علاوه دەکری

تأریخ انتشار
١٥ تشرین ثانی ١٩٢٢
سلیمانی
سیاسی ، ادبی ، اجتماعی ، غزتەیکی رسمی یه
هفتهٔ جاریك دردچی

نسخهٔ به آنه یك نسخهٔ به آنه یك

سال ١ ژماره ١ [ چوارشمه ] ٢٥ ربیع‌الاول ١٣٤١ ١٥ تشرین ثانی ١٩٢٢

بانکی کوردستان — روژ کوردستان

صاحب امتیاز غزتهٔ بانکی کوردستان جناب حاجی مصطفی پاشا ابر مشغلت وظیفهٔ رسمیه استعفای کرد .

انتشاری ام غزتەیه لواقعا بو کورد و کوردستان فالیکی خیربو یعنی بانك کوردستان نتیجەی روژ بو .

ابر استعفای مومی الیه امتیاز و ادارهٔ غزتهٔ روژ کوردستان با ارادهٔ حضرت جلالت ملك کوردستان دام شوکته بم ناوەوه تودیعی بنده کرا .

بلی نتیجهٔ بانکی که بو طلوع فجریکی استقبال ادری روژه .

او بانگه بانکی بو که بو صبحیکی سعادت افزا ام روژه روزیکه که له الحمد قوم نجیب کورد له سایهٔ همت و اقدامات خدا پسندانهٔ ملوکانەوه نایل سعادت و استقلالیت خوی بو .

خدا ام روژ و روژ کردستان له همو ملتی کورد مبارك بکا .

مدیر مسئول
م . نوری

غزتهٔ العراق له نسخهٔ ٧٣٨ دا بەعنوانی « منشور حزب الحر العراقی » و له ٧٤٣ دا بەعنوانی « مجلس ادارهٔ کردستان » چند شتیکی نوسیبو کوته برچاومان کویا حزب حر عراق طلب محافظهٔ همو حقوق و حدود طبیعیەی عراق له حکومتی خویان کردوه . کردستانیش به ناوی لوای سلیمانی داخل کردوه چونکه مربوطیت تجارت و اقتصادیاتی له کل بغداد زوره . و هم مجلس رؤسای کردستانی به ناوی مجلس ادارهٔ کردستان داوەته قلم . ام مطالعاته که لم غزته دا درمیان کراوه راستی جای تعجب و تأسفه چونکه به خیالی هیچ اربابی وجدانیکدا نابی که شخصیکی منور امنده له حق و حد خارج بی . ایمه هیچ امیدمان نه اەکرد که دراوسی یکی محترم خومان پی له همو حقوق و مناسبات هزار سالهٔ ام دو حکومت و ملته بنی له جیاتی — واسطهٔ مبارکبابی و ترویج آمال و افکارمان تجاوز حدود و حقوقمان بکات . او کسانه که ام نوعه قصانه اەکن بی شبهه دشمن وطن و ملت عربیه و حضرت جلالت ملك

صاحب امتیاز ومدیر مسئول
مصطفی پاشا

محرر کوردی و فارسی
علی کمال و م. نوری

بو همو شتێك مراجعت
به صاحب امتیاز اکری

محرر تورکی
رفیق حلمی

بو خارج بدل آبونه‌ی
٣ مانگی دو ٦ مانگی چوار
سالیکی ٨ روپیه‌یه
اعلانات به دو دیر
٥ آنه ده‌ینریت

# بانگ کردستان

(زمان کورزو دم رابوردو ایستا پالوان علمه)
(سلاح دسته صنعت بارقهٔ تیغ . سنان علمه)

نسخه‌یکی به ٢ آنه

علمی ، اجتماعی ، ادبی ، غزته‌یکی حر و سربست ملی یه
هفتهٔ جاریك دردچی

٢ آغستوس
١٩٢٢

سال ١     ژماره ١     [ چوارشمه ]     ٨ ذی الحجه ١٣٤٠     ٢ آغستوس ١٩٢٢

## جژنه قربانه

تقرب و حلول ام جژن قربان مبارکه که بو همو ملت اسلام موجب فیض ورحمته بانك کردستان بواسطهٔ ام روژه مبارکه‌وه بو همو افراد جمعیت و بو اهل کردستان له یزدان پاك تمنا و نیاز نجات ومسعدت و عرض جژنه پیروزی دکات .

بانگ کردستان

اول روژ جژن قربان پاش نویژی جژن اعضایان دائمی جمعیت کردستان له مال جناب حاجی مصطفی پاشادا اجتماع د کن . بو جژنه پیروزی الکل یکتر لو وخته‌دا تشریف فرمون همو افراد جمعیت کوردستان رجا کین .

∴

## جمعیت کردستانه

لسر مراجعتی جناب سعادتمآب حاجی مصطفی پاشای میرلوای ارکان حرب متقاعد و لسر مأذونیت و مساعدهٔ رسمی حکومت سیاسیهٔ سلیمانی له طرف بعضی ارباب حمیت و افاضل و منورانه‌وه قرار درا که له سلیمانی جمعیتیکی کورد تشکل بکا . بو امه چند روژی لوپیش اسامی علما و مشایخ و اشراف و سائر منوران و اهل کسبه به ترتیب حروف هجا داخل دفتر کرا و روژی جمعه ٢١ تموز ٩٢٢ پاش نویژی نیوه‌رو له منزلوت سید حسن مفتی‌دا کرد بونه‌وه . له طرف جناب مصطفی پاشاوه نطقیکی افتتاحی دایر به مقصد وغایهٔ ام اجتماعه خوینرایه‌وه سامعین که بیستیان غایهٔ ام فکره بو ترقی و تعالی ملت و وطنه به کمال افتخار قبولیان فرمو .

بلاو کردنه‌وهٔ ام فکره‌یش بەواسطهٔ ام غزته‌یه‌وه‌یه که حکومت امتیازی داوه به جناب مصطفی پاشا و ایستا هفتهٔ جاریك دردچی . امید وایه انشاالله بواسطهٔ همت ارباب حمیته‌وه ترقی بکات ذاتاً همو شتیك ورده ورده زیاد اکات .





بو همو شتیك مخابرات بناوی
چاپخانه‌وه اکری

اعلانات
به دیریك ٣ انه ده‌سینریت

تاریخ انتشار
١٨ اغستوس ١٩٢٤ سلیمانی
نسخه‌ی به آنه‌یکه

# ژیانه‌وه

ام غزته‌یه غزته‌یکی حکومتیه
هفتهٔ جاریك دردچی

بدل ابونه
به ٣ مانك روپیه و نیویك
به شش مانك ٣ روپیه
به سالیکی شش روپیه‌یه
له ٣ مانك کمتر ابونه قید ناکری
بو خارج اجرت پوسطه
علاوه ده‌کری
نسخه‌ی به آنه‌یکه

سال ١     زماره ١     ( دوشنبه )     ١٧ محرم ١٣٤٣     ١٨ اغستوس ١٩٢٤

لبر بعضی خصوصات ناوی غزته‌کان تبدیل کرد به مناسبت احوال و ماجرایك که بسری هاتوه عنوان « ژیانه‌وه » مان بمناسب زانی چونکه حقیقتاً انتشار م جاره ژیانه‌وه یه . امید اکین که له‌لاین همو کسیکه‌وه مظهر قبول بی و انشاالله و تعالی بی و قدم بو همو افراد ام ملته به خیر و سعادت ابی .

---

## ژیانه‌وه

چاو بکه‌نه‌وه بروانن ام ملته مظلومه ام چنکه ژویه ام توزه کورده چی دی وچی به سرهات و توشی چی بو امه اگر زریف ورد بکرینه‌وه همو له تی نکیشتن و نه‌زانینه‌وه بو همو له روی أوه‌وه بو که اوی ایشی اکرد هر هول و تقه‌لای نفسی خوی بو هر وای نفسی نفسی بو کس بو کسی تر هولیکی نه‌أدا آخری نتیجهٔ امه کیشته درجه‌یك که‌وکو درختی وکو گیایك که بی آو بی تی نه‌وه و هالاوی کرم بسریا بچی هموی هل پروزی هل قرچی تریك وشك بون بی وامان لی هاتوه . ایستا که‌وا خوا رحمی کرد . دروی خیرمان لی کراوه‌ته‌وه و ریکای روناکان پی نشان دراوه امجار فرصته وخت به قیمته ساقور بانه نورهٔ هول و تقلایه وختی تی کوشینه بهمو لایك هول بدین ام درختە ام گیایه هل پروزاوه بژینه‌وه زندو ببته‌وه لمودوا هر کسه به قدر زانین و توانین خوی اگر هول ندا و تی نه کوشی له‌دست اروا له کیس اچی دیسانه‌وه پارچه پارچه مکونه‌وه هر یکه شوین کلاویکی لار نکه‌وی اگر ورد بینه‌وه تی کیشتین که‌دنیا چه باسه ام قصه پر و پوچانه ام خیالانه همو خاوه همو قوربسری ومال ویرانیهٔ همو بی نتیجه یه له‌آخریدا به‌زه به‌ره‌وای لی‌بت بجاری همو محو ابیته‌وه .

امجاره‌یش عرضتان اه‌کم بو خاطری خوا همو چاومان هیه تجربه‌مان دیوه بس شوین کلاوی لار بکه‌وین همو یك بگرین و چیمان بو چاکه هول بو اوه بدین دیسانه‌وه عرضتان اه‌کم چیمان بو چاکه بو اوه هول بدین بجاری تی بکوشین واز لبر و اوبر بهینین أوی خرابه بومان له خومانی دور بخینه‌وه و خومانی لی لادین به همو هیز و قوت خومان پلامار شتی چاك بدین بلکو انشاالله بژینه‌وه سر بکه‌وینه‌وه و زندو بینه‌وه .

---

هر کس داوا کر آبونه‌یه لطفاً بومان بنوسی تاکو قید بکری هر نوعه مقاله‌یك که له لاین هر کسیکه‌وه بی